# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٦ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. سالْح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.

گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.

ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک

* دیزاین: هەرێم عوسمان

* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:

Web: journal.ka.gov.krd

* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd

* مۆبایل: 009647508375575

## پێڕست

ڕۆڵی شێخ نووری شێخ ساڵح لە پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی ......................................................... ١٣
د. مەجید ساڵح عەزیز
سیمیۆلۆژیای وشە لە شیعرەکانی ئەحمەد محەمەد دا ...............................................................................٣١
زارا عەبدوڵڵا مەحمود، پ. صافیە محەمەد ئەحمەد
ناسنامە لە فەلسەفەی باروخ دی سپینۆزادا .................................................................................................٤٩
کارزان حەمە علی جعفر، پ. د. مسلم حسن محمد
کۆمەڵناسی میدیایی لای پییەر بۆردیۆ: تێڕوانینێک بۆ ڕۆڵی هەژموونی سیمبولی لە دیاریکردنی وێنەی کۆمەڵایەتیدا ..........................................................................................................................................٦٣
هێمن ئەمین جەلال شوانی، د. عەمار نجم الدین هواس
تیمای عیشق لە شیعرە کوردییەکانی عەلی حەریریدا ..........................................................................٨٢
د. سەیوان محەمەد تاهیر
پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی(عەتا محەمەد)دا ......................................................................١٠١
پ.ی.م. ناهیدە حسێن عبدالرحمن، پ.د. فوئاد ڕەشید احمد
ڕەهەندی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا (یاریی زمانی) بە نموونە. ...............................................١١٧
فؤاد صالح رشید
ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە "خولێک بۆ فێربونی گریان" ی قوبادی جەلیزادەدا ...............................١٤٠
د. نعمە قرەنی اسماعیل
ڕۆلێ گیرەکێن ڕێزمانی د دیارکرنا پۆلێن ڤەکرییێن ئاخڤتنێدا، د ئاخڤتنا خەلکێ دهۆکێدا ..............١٦٠
کردستان کمال محمد، پ. ە. د. دیمەن عەبدوللا عومەر
المصادر الصليبية المعاصرة، مصدرا لحصار إنطاكية وسقوطها أثناء الحملة الصليبية الأولى ......١٨٠
آرين عبد الله عمر، أ.م.د. سيبان حسن علي
الشخصيات والمتخيل الإيكولوجي السردي في راويتي (تشيبكو) و(طفوليا) لصلاح بن عياد ........١٩٧
أز د. سامى ناجى سوادى، عبدالله محمد ابراهيم

# ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیدا

١. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، توێژینەوەی ڕەسەن بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، مێژوو، فەرهەنگی کوردی و باسی بەراوردکارانەی ئەو بوارانەی بەشێکیان لە بارەی کورد و کوردستانەوەیە، بڵاو دەکاتەوە.

٢. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی گرنگی بەو توێژینەوانەش دەدات، کە سەر بە شێوازی نێوبوارەکانی توێژینەوەن ( Interdisciplinary)..

٣. توێژینەوەی نێردراو دەبێت بەرهەمی زانستیی نووسەر /نووسەران بێت و لە نووسین و ئامادەکردنیدا بنەماکانی ئاکاری زانستی ڕەچاو کرابێت.

٤. نابێت توێژینەوەکە لە هیچ گۆڤارێکی ناوەوە یان دەرەوەی وڵات، یان لە کۆمەڵە توێژینەوەی کۆنفرانسێکدا بڵاو کرابێتەوە. نابێت تا کۆتایی هەڵسەنگاندن و ڕاگەیاندنی بڕیاری بڵاوکردنەوە بۆ هیچ گۆڤارێکی تر بنێردرێت.

٥. بەرپرسیاریی هەر توێژینەوەیەک لە ئەستۆی نووسەر/نووسەرانی توێژینەوەکەدایە و توێژینەوەکە دەربڕی بۆچوونی نووسەر /نووسەرانە نەک گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی.

٦. توێژینەوە کوردییەکان دەبێت بەپێی ڕێنووسی کوردی ددانپێدانراوی ئەکادیمیای کوردی بن، گەر پێویست بێت گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی بە توێژینەوەکاندا دەچێتەوە، بەبێ گۆڕینی ناوەڕۆکەکەی.

٧. دەبێت توێژینەوەکان لەم بەشانە (بەم تایبەتمەندییانە) پێک هاتبێت: پوختە بە زمانی نووسینی توێژینەوەکە دەنووسرێت و لە ١٥٠ وشە کەمتر و لە ٢٠٠ وشە زیاتر نەبێت، بەپێی پێوەری پوختە نووسین. وشە سەرەکییەکان ٥ وشە بن. پێشەکی (ناساندنی بابەت، گریمانە و پرسیاری توێژینەوە، پێشینەی توێژینەوەی ( Review article (و ...) هەبێت، ئینجا بەشەکانی شیکاری و لێکدانەوە، ئەنجام و سەرچاوەکان.

٨. دەبێت هەموو توێژینەوەیەک لەبارەی بابەتێکی نوێوە بێت و پێشینەی توێژینەوەی ( Review article ) لەگەڵ بێت. ئەم پێشینەیەش تایبەت بێت بە پێداچوونەوەی ڕابردووی بابەتی توێژینەوە لە ڕوانگەیەکی نوێوە. نابێت کۆن و نوێ تێکەڵ بکرێت، دەبێت هەم سەرچاوە تیۆرییەکان نوێ بن، هەم ئەو سەرچاوانەش کە لەبارەی ماتریاڵ یان بابەتە دیرۆکییەکانەوەن.

٩. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی توێژینەوە لە (٧٠٠٠) وشە زیاتر وەرناگرێت.

١٠. پێویستە توێژەر پوختەی توێژینەوەکەی بە دوو زمانی دیکە جگە لە زمانی نووسینی توێژینەوەکەی، بنووسێت.

١١. هەر باس و بابەتێک لەبارەی ساغکردنەوەی (پەیدۆزی، تحقیق)ی دەستنووسەکانەوە بێت، پێویستە

پەیڕەوی بەگوێرەی بنەما زانستییە کارپێکراوەکانی ئەو بوارە بکرێت، هەروەها چەند لاپەڕەیەکی لەبەرگیراو و زانیاری تەواوی سەبارەت بە دەستنووسەکە و شوێنی هەڵگرتنی بخرێتە ڕوو.

١٢. دەبێت توێژەر توێژینەوەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسێت:

یەکەم: بۆ توێژینەوەکان بە زمانی کوردی:

- ناونیشانی سەرەکی بە فۆنتی (Unikurd Goran) ، قەبارەی (١٦) بێت.
- ناونیشانی ناوەوە بە فۆنتی (Unikurd Goran) ، قەبارەی (١٤) بێت.
- ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی بە فۆنتی (Unikurd Goran) ، قەبارەی (١٣) بێت.
- پەراوێزەکان بە فۆنتی (Unikurd Goran) ، قەبارەی (١٢) بێت.
- پوختە بە زمانی کوردی بە فۆنتی (Unikurd Goran) ، قەبارەی (١٣) بێت.
- وشە بە پیتی لاتینی لە نێو دەقەکەدا بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٢) بێت.

دووەم: بۆ توێژینەوەکان بە زمانی عەرەبی:

- ناونیشانی سەرەکی بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٦) بێت.
- ناونیشانی ناوەوە بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٤) بێت و تۆخ /بۆڵد کرابێت.
- ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٣) بێت.
- پەراوێزەکان بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٢) بێت.
- پوختە بە زمانی عەرەبی بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٣) بێت.
- وشە بە پیتی لاتینی لە نێو دەقەکەدا بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٢) بێت.

سێیەم: بۆ توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

- ناونیشانی سەرەکی بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٦) بێت.
- ناونیشانی ناوەوە بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٢) بێت و تۆخ /بۆڵد کرابێت.
- ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٢) بێت.
- پەراوێزەکان بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٠) بێت.
- پوختە بە زمانی ئینگلیزی بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١٢) بێت.
- وشە بە پیتی لاتینی لە نێو دەقەکەدا بە فۆنتی (Time New Roman) ، قەبارەی (١١) بێت.

١٣. هاوواتای لاتینی وشەکان لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا دەنووسرێن. ناونیشان و زاراوە دیاریکراوەکان، کە نووسەر بە پێویستیان دەزانێت شێوەی دەربڕینی دروستیان لە توێژینەوەکەدا هەبێت، بەرانبەری لاتینیان لە پەراوێزدا دادەنرێن. واتە هەموو وشە و زاراوەیەک بەپیتی لاتینی دەبێت لە پەراوێزی لاپەڕە بنووسرێن نەک لەناو دەقدا.

١٤. لە ناردنی توێژینەوەدا نابێت هیچ جۆرە ناونیشانێکی نووسەر، وەکوو (ناو، ناونیشان، ئیمەیڵ، ژمارەی تەلەفۆن و ...) هەبێت. زانیاری لەبارەی نووسەر یان نووسەرانەوە دەبێت لە لاپەڕەیەکدا بەجیا لەگەڵ توێژینەوەکە بنێردرێت. هەموو زانیارییەکی لەبارەی توێژینەوەکە و توێژەرەکەیەوە تێدا بێت، وەک: ناوی سیانی، ناونیشان، ئاستی خوێندن و پلەی زانستی، ناونیشانی توێژینەوەی نێردراو، ناونیشانی ئیمەیڵ،

پەیوەندیی ڕێکخراوەیی نووسەر یان نووسەران (ناوی زانکۆ و کۆلێژ و بەش و ...)، ناونیشانی تەواوی پۆست و کۆدی پۆستی ئەگەر هەبێت) و ژمارەی تەلەفۆنی تێدابێت.

١٥. ناوی سەرچاوەی دەقی وەرگیراو لەنێو دەقی توێژینەوە بەم شێوەیە دەنووسرێت: (پاشناو یان ناوی سێیەمی نووسەر، ساڵی چاپ: لاپەڕە /لاپەڕەکان)، وەک (گەردی ١٩٩٥: ٢٥). تۆمارکردنی سەرچاوە بە زمانێکی تر (جگە لە کوردی و عەرەبی) هەر بەم شێوازە دەبێت.

١٦. هێنانەوەی نموونە لە قورئانی پیرۆز بە شێوەی (سوورەت: ژمارەی ئایەت) لەنێو کەواندا دەنووسرێت، وەک: (الرحمن:٢٠).

١٧. ئەگەر دەقی وەرگیراو لە سەرچاوەیەک، لە سێ دێڕ زیاتر بوو، لە دەقی نووسەر جیا دەکرێتەوە و لە دوو لاوە بە یەک سانتیمەتری بچووکتر دادەنرێت.

١٨. سەرچاوەکان لە کۆتاییی توێژینەوەکەوە دەبن، بەپێی ڕیزبەندیی ئەلفبێی پاشناو /ناوی سێیەمی نووسەر /نووسەران بێت و بە شێوازی Bibliography: American Psychological Association "APA" ڕیز بکرێن. واتە دەبێت بەپێیی پێڕەوی بیبلۆگرافیای ئەمریکایی بێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

– کتێب: پاشناو /ناوی سێیەمی نووسەر/نووسەران، ناو (ساڵی چاپ لەنێوان دوو کەوانەدا) ، ناونیشانی کتێب (بە ئیتالیک) ، ناوی وەرگێڕ یان ساغکەرەوە، شوێنی چاپ، ناوی بڵاوکەرەوە، ژمارەی چاپ.

– توێژینەوە: پاشناو/ناوی سێیەمی نووسەر/نووسەران، ناو (ساڵی چاپ لەنێوان دوو کەوانەدا) ، ناونیشانی توێژینەوە (بە ئیتالیک) ، خول، ساڵ، ژمارە (لە دوای یەک) ، ژمارەی لاپەرەکانی توێژینەوە.

– کۆمەڵە توێژینەوە: پاشناو /ناوی سێیەمی نووسەر/نووسەران، ناو (ساڵی چاپ لەنێوان دوو کەوانەدا) ، ناونیشانی کۆمەڵە توێژینەوە (بە ئیتالیک) ، ناوی نووسەر، کۆکەرەوە، شوێنی چاپ: ناوی بڵاوکەرەوە، ژمارەی لاپەڕەکانی توێژینەوەکە.

– ماڵپەڕی ئینتەرنێت: پاشناو/ناوی سێیەمی نووسەر/نووسەران، ناو (ساڵی چاپ لەنێوان دوو کەوانەدا) ، (ڕێککەوتی دانانی توێژینەوەکە لەسەر ماڵپەڕەکە لەنێوان دوو کەوانە) ، ناونیشانی توێژینەوەکە (بە ئیتالیک) ، (لینکی توێژینەوەکە) ، ڕێککەوتی سەیرکردنی.

– سەرچاوەکان: بەپێی زمانەکان لێک جیا دەکرێنەوە بەم ڕیزبەندییە: بە کوردی، بە عەرەبی، بە فارسی، بە ئینگلیزی.

١٩. ناونیشانی بەشە جۆربەجۆرەکانی توێژینەوەکە وەک (پێشەکی، پێشینەی توێژینەوە، بنەمای تیۆری و شیکاری و لێکدانەوە و... بەپێی ژمارە دەبێت، بۆ ئەمەش سوود لە ژمارەدانانی خۆکارییانەی بەرنامەی وۆرد وەردەگیرێت، هەموو ناونیشانێکی سەرەکی و ناسەرەکی بەپێی بەش و پار و وەچەپار ژمارەیان بۆ دادەنرێت، بەم شێوەیە: ١-١، ١-٢، ١-٣، ١-٤، ١-٤-١،١-٤-٢، ١-٤-٣، ١-٤-٤ و ...).

٢٠. نیشانەکانی خاڵبەندی لە چەشنی: خاڵ، بۆری خاڵدار، جووتخاڵ، نیشانەی پرسیار، نیشانەی سەرسوڕمان و... دەبێت بلکێن بە وشەی پێش خۆیانەوە بە یەک نێوان لە وشەی دوای خۆیان جیا دەکرێنەوە، وشەی نێوان دوو کەوانە بێ نێوان دادەنرێت، وەک: (ئەدەبیات)، خاڵی دوای کەوانە ڕاستەوخۆ، بێ نێوان لە دوای کەوانە دادەنرێت، وەک: (گەردی٢٥:١٩٩٥).

٢١. هەموو دەقێکی وەرگیراو لە هەر جۆرە سەرچاوەیەکەیەوە، هەر چەندێک بێت، دەبێت لەنێوان دوو جووت کەوانەدا بن و بەم شێوازە دابنرێن: (........). سەرچاوەش کە لە ناوی پاشناو /ناوی سێیەمی نووسەر ساڵ و لاپەڕە) پێک دێت، دەبێت ڕاستەوخۆ لەدوای ئەم جووت کەوانەیەوە دابنرێت، بەڵام لەنێوان دوو کەوانەی ئاسایی وەک: (.......)، (گەردی١٩٩٥: ٢٥).

٢٢. توێژینەوە پێش ناردنی بۆ هەڵسەنگاندن لەلایەن سەرنووسەر و بەڕێوبەری نووسینەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، ئەگەر لەگەڵ ئەم ڕێنماییانەدا بگونجێت، دەنێردێت بۆ هەڵسەنگاندن، بە پێچەوانەوە دەنێردرێتەوە بۆ توێژەر بۆ چاککردن و ناردنەوەی لەماوەیەکی کەمدا، یان ڕەت دەکرێتەوە.

٢٣. لەگەڵ ناردنی توێژینەوە بەڵێننامەیەک لە لاپەڕەیەکی سەربەخۆدا لەلایەن توێژەرەوە دەنووسرێت، کە ئەم توێژینەوەیە زانستییە و هیچی وەرگیراو نییە و دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەکادیمیای کوردی و هەرێمی کوردستان نییە.

٢٤. دوابەدوای پەسەندکردنی هەر توێژینەوەیەک لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی پسپۆڕەوە، توێژەر دانەیەک لە نووسراوی پەسەندکردنی توێژینەوەکەی لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە بە واژۆی سەرنووسەر پێ دەدرێت. لەدوای ئەوە توێژەر نابێت توێژینەوەکەی پێشکەش بە هیچ لایەنێکی دیکە بکات، بەبێ نووسراوێکی ڕەزامەندی لەلایەن سەرنووسەری گۆڤارەوە.

٢٥. چۆنیەتی ڕیزکردنی باس و بابەتەکان پەیوەندی بە ڕێبازی بابەتبەندی گۆڤارەکەوە هەیە نەک بابەت و بایەخی توێژینەوەکان، یاخود پلە و پایەی زانستی توێژەرە.

٢٦. هەر توێژینەوەیەک کە ڕەزامەندی لە سەر بڵاوکردنەوەی نەدرێت، بۆ خاوەنەکەی ناگەڕێندرێتەوە.

٢٧. توێژەر لە نووسینی توێژینەوەکەیدا، دەبێت هەم ڕەچاوی ئاکاری توێژینەوەی زانستی و هەم ئاکاری بڵاوکردنەوە بکات.

# شروط النشر في مجلة الأكاديمية الكوردية

١- مجلة الأكاديمية الكوردية، مجلة علمية فصلية، تنشر البحوث الأصيلة باللغات الثلاث (الكردية، العربية و الانكليزية) في حقول اللغة، الادب، التاريخ، الثقافة الكوردية، و بحوث مقارنة في مجالات بعضها تخص الكورد و كوردستان.

٢- تهتم المجلة بالبحوث التي تنتمي الى اسلوب البحوث البينية Interdisciplinary .

٣- يجب ان يكون البحث المرسل انتاج علمي للباحث/ الباحثين مع مراعاة أسس المنهجية العلمية المتعارف عليها في كتابة البحوث.

٤- ان لا يكون البحث منشورا في اية مجلة صادرة داخل او خارج البلد، او ضمن مجموعة بحوث مقدمة في مؤتمر ما، وأن لا يرسل الى اية مجلة قبل الانتهاء من عملية التقييم و إصدار القرار بقبول النشر.

٥- تقع مسؤولية البحث على عاتق الباحث/ الباحثين، والبحث في الأساس تعبير عن وجهة نظر الباحث/ الباحثين وليست وجهة نظر مجلة الأكاديمية الكوردية.

٦- على البحوث الكوردية مراعاة الإملاء الكوردي المتبع في الأكاديمية الكوردية، قد تقوم الأكاديمية الكردية بمراجعة البحوث عند الضرورة من دون تعديل المضمون.

٧- ينبغي مراعاة الخصوصيات الآتية عند كتابة البحث: (ملخص البحث باللغة التي كتبت بها، بحيث لا يقل عن ١٥٠ كلمة و لا يزيد عن ٢٠٠ كلمة، الكلمات المفاتيح تتكون من ٥ كلمة، المقدمة، تعريف الموضوع، الفرضية و اسئلة البحث، مقال المراجعة أو تقييم البحوث السابقة Review article، التحليل، النتائج و قائمة المصادر).

٨- ان يتناول البحث موضوعا جديدا وأن تسبقه دراسة تقييم البحوث السابقة Review article ، ان تكون الدراسة الاستقصائية مراجعة أوليات موضوع البحث من زاوية حديثة، بحيث ان لا تختلط القديم بالحديث، ينبغي ان تكون المراجع النظرية مراجع حديثة، كذلك المراجع التي تتناول الموضوع الرئيس.

٩- لا تستلم مجلة الأكاديمية الكوردية البحوث التي تزيد عن (٧٠٠٠) كلمة.

١٠- على الباحث تقديم ملخص البحث بلغتين اخريتين فضلا عن لغة كتابة البحث.

١١- الموضوعات المتعلقة بتحقيق المخطوطات، ينبغي مراعاة الأسس العلمية المتبعة في هذا المجال، وأن ترفق صفحات مستنسخة من المخطوطة و معلومات عنها و مكان حفظها.

١٢- على الباحث كتابة بحثه بالشكل الآتي:

أولا: للبحوث الكوردية:

- ان يكون العنوان الرئيسي بخط Unikurd Goranو بحجم ١٦.
- ان يكون العنوان الفرعي بخط Unikurd Goran و بحجم ١٤.

- ان يكون المتن بخط Unikurd Goran و بحجم ١٣.
- ان تكون الهوامش بخط Unikurd Goran و بحجم ١٢.
- ان يكون الملخص الكوردي بخط Unikurd Goran و بحجم ١٣.
- ان تكون الكلمات بالحروف اللاتينية داخل المتن بخط Time New Roman و بحجم ١٢.

ثانيا: للبحوث العربية:

- ان يكون العنوان الرئيسي بخط Time New Roman و بحجم ٢٠.
- ان يكون العنوان الفرعي بخط Time New Roman و بحجم ١٣.
- ان يكون المتن بخط Time New Roman و بحجم ١٣.
- ان تكون الهوامش بخط Time New Roman و بحجم ١١.
- ان يكون الملخص العربي بخط Time New Roman و بحجم ١٣.
- ان تكون الكلمات بالحروف اللاتينية داخل المتن بخط Time New Roman و بحجم ١١.

ثالثا: للبحوث الانكليزية:

- ان يكون العنوان الرئيسي بخط Time New Roman و بحجم ١٦.
- ان يكون العنوان الفرعي بخط Time New Roman و بحجم ١٢ بولد.
- ان يكون المتن بخط Time New Roman و بحجم ١٢.
- ان تكون الهوامش بخط Time New Roman و بحجم ١٠.
- ان يكون الملخص الانكليزي بخط Time New Roman و بحجم ١٢.
- ان تكون الكلمات بالحروف اللاتينية داخل المتن بخط Time New Roman و بحجم ١١.

١٣- تكتب المرادف اللاتيني للكلمات في هامش الصفحة، يوضع المقابل اللاتيني للعناوين والمصطلحات المحددة التي يرى الكاتب ضرورة ابرازها، في الهامش، اي ينبغي وضع جميع الكلمات والمصطلحات باللغة اللاتينية في الهامش وليس في المتن.

١٤- يجب ان لا يذكر المعلومات و التفاصيل عن الكاتب في البحث، بل على الباحث كتابة المعلومات في صفحة اخرى على حدة، (مثلا : الإسم الثلاثي، العنوان، البريد الالكتروني، رقم الهاتف، الدرجة العلمية، اسم الجامعة و الكلية و القسم، ...) و ان ترسل مرفقة مع البحث.

١٥- يكتب مصدر النص المقتبس في المتن بالشكل الآتي: (اسم الجد او اللقب، سنة الطبع، الصفحة). مثال (الوردي، ١٩٨٥، ٥٤)، تثبيت المصادر بجميع اللغات تكون على النحو المذكور.

١٦- تكتب الشواهد من القرآن الكريم بالشكل الآتي: (السورة: رقم الآية) داخل قوسين، مثال: (الرحمن: ٢٠).

١٧- اذا ازداد النص المقتبس من ثلاثة سطور، يبعد عن نص الباحث و يوضع في الجانبين بأصغر من سنتيمتر واحد.

١٨- توضع قائمة المراجع و المصادر في نهاية البحث، وفقا لتسلسل اسم الجد أو اللقب على هيئة APA، أي وفقا للطريقة الأمريكية التي هي اكثر شيوعا، على النحو الآتي:

- الكتب: اسم جد الكاتب او اسم العائلة او لقبه، الاسم الاول و الثاني، (سنة الطبع بين قوسين)، عنوان الكتاب،

اسم المترجم أو المحقق، مكان الطبع، اسم الناشر، رقم الطبعة.

- البحوث: اسم جد الكاتب او اسم العائلة او لقبه، الاسم الاول و الثاني، (سنة الطبع بين قوسين)، عنوان البحث، الدورة و السنة و العدد (متسلسلا)، رقم الصفحة.

- مجموعة بحوث: اسم جد الكاتب او لقبه، الاسم الاول و الثاني، (سنة الطبع بين قوسين)، عنوان المجموعة، اسم الكاتب، المعد، مكان الطبع، اسم الناشر، رقم الصفحة.

- المواقع الالكترونية: اسم جد الكاتب او لقبه، الاسم الاول و الثاني، (سنة الطبع بين قوسين)، (تاريخ نشر البحث في الموقع بين قوسين)، عنوان البحث، (رابط البحث)، تاريخ مشاهدة البحث.

- قائمة المصادر و المراجع: يتم تسلسلها وفقا للغات على النحو الآتي: اللغة الكردية، اللغة العربية، اللغة الفارسية، اللغة الانكليزية.

١٩- توضع العناوين الفرعية (المقدمة، البحوث السابقة، الأساس النظري و عناوين التحليل) حسب الأرقام المبرمجة وفق صيغة برنامج Word، يتم ترقيم جميع العناوين الرئيسية و الفرعية و عناوين المباحث و فروع المباحث على النحو الآتي: (١-١، ١-٢، ١-٣، ١-٤، ١-٤-١، ١-٤-٢، ١-٤-٣، ١-٤-٤....الخ).

٢٠- يجب ان تلصق علامات الترقيم (النقطة، النقطتان، الفاصلة-الفارزة، علامة الاستفهام، علامة التعجب، علامة الشرطة، علامة التنصيص او المزدوجين) بالكلمة السابقة لها، و يوضع فراغ واحد مع الكلمة التي تأتي بعدها، توضع الكلمات بين قوسين من دون فراغ، مثلا (الأدب)، توضع النقاط داخل الاقواس من دون فراغ، مثلا (الوردي ١٩٩٥:٢٥).

٢١- يوضع النص المقتبس، من أي مصدر كان، بين مزدوجين، على النحو الآتي: (........)، ويذكر اسم المصدر (اسم جد الباحث او لقبه و سنة الطبع والصفحة) بعد المزدوجين مباشرة و بين قوسين، هكذا (الوردي١٩٩٥:٢٥).

٢٢- يتم تقييم البحث من قبل رئيس التحرير ومدير التحرير قبل إرساله الى التقييم في حقل الإختصاص، اذا توافق مع هذه الشروط حينذاك يرسل الى التقييم، اذا لم يتوافق مع الشروط، فيعاد الى الباحث من اجل التعديل وإعادته في اسرع وقت ممكن، أو يرفض.

٢٣- يرسل الباحث، مرفقا مع بحثه وفي ورقة خاصة على حدة، تعهد خاص بأن بحثه هو بحث علمي غير مستل، وليس ضد مصالح الأكاديمية الكوردية أو إقليم كوردستان.

٢٤- بعد قبول البحث من قبل المقيمين المختصين، يرسل كتاب قبول النشر الى الباحث من قبل هيئة تحرير المجلة و بإمضاء رئيس التحرير، بعد ذلك لايحق للباحث إرسال بحثه الى اية جهة اخرى الا بموافقة رئيس تحرير المجلة.

٢٥- يكون ترتيب البحوث للنشر وفق منهج المجلة و طريقتها في النشر، وليس وفق الموضوعات او أهمية البحث أو درجة الباحث العلمية.

٢٦- لا يعاد البحث المرفوض الى الباحث.

٢٧- على الباحث مراعاة اخلاق البحث العلمي و شروط النشر.

ئەکادیمیای کوردی

KURDISH ACADEMY

وەرگرتن ٢٠٢٥/١٠/٨
پەسەندکردن ٢٠٢٥/١٢/٨

# ڕۆڵی شێخ نووری شێخ ساڵح لە پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی سەروتارەکانی "رۆژی کوردستان" (١٥ تشرینی یەکەم ١٩٢٢-٣ مارتی ١٩٢٣)

د. مەجید ساڵح عەزیز
m.salihaziz@gmail.com

پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە باس لە رۆڵی شێخ نووری شێخ ساڵح لە ڕۆژنامەگەریی کوردی و گەشەپێدانی بیری نەتەوەیی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەکات. تیشک دەخاتە سەر ناوەڕۆکی ئەو سەروتارانەی کە لە ڕۆژنامەی "رۆژی کوردستان" دا نووسیونی، توێژینەوەکە دەریدەخات کە شێخ نووری ڕۆژنامەگەریی وەک پلاتفۆرمێک بەکارهێناوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی. توێژینەوەکە لەسێ تەوەرەدا هزری شێخ نووری شیکردۆتەوە: نەتەوەیی ڕۆمانسی، داروینیزمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەت و خەڵک. لە تەوەری یەکەمدا تیشک دەخرێتە سەر گرنگدانی شێخ نووری بە زمان، مێژوو و میراتی هاوبەش لە بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی. لە تەوەری دووەمدا ئەوە خراوەتەڕوو کە چۆن ئەو لەرێگەی تیۆری داروینیزمی کۆمەڵایەتیەوە خەباتی بۆ مانەوەی کورد کردووە لەسەر گۆڕەپانی ململانێکاندا، لە تەوەری سێیەمدا شێخ نووری باس لە پەیوەندی نێوان حکومەت و گەل دەکات. توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو سەروتارانەی شێخ نووری نووسیونی وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگ تەماشا بکرێین کە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی کورد لەو ماوەیەدا و دیدگای پێشکەوتنخوازانەی ئەو بۆ داهاتووی نەتەوەی کورد دەردەخات.

کلیلەوشە: بیری نەتەوەیی، رۆژی کوردستان، نەتەوەسازی، داروینزمی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆیی.

## پێشەکی

بەشێکی زۆر لە توێژەران و پسپۆرانی بواری مێژوو و بیری نەتەوەیی کوردی، کاتێک لە توێژینەوەکانیاندا بەدوای بەڵگە لەسەر سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کوردی دەگەڕێن، بە زۆری پشت بە دیوانی شیعری شاعیرەکانی کورد دەبەستن. کەچی ئەو وتارە سیاسیانەی کە سیاسەتمەدار و شاعیر و نووسەرانی سیاسیی کورد لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیاندا نووسیویانە، پشتگوێ دەخەن. بەڵام ئەم مەسەلەیە لە لای نەوشیروان مستەفا پێچەوانە دەبێتەوە، زۆرجار لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانیدا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتی بەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە بەستووە کە هاوکات بوون لەگەڵ ڕووداوەکاندا.

لە پێشەکی کتێبی "سەردەمی قەڵەم و موراجەعات"دا سەبارەت بە گرنگی ئەو بابەت و هەواڵانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە، نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: "ڕۆژنامە کوردییەکانی ساڵی ١٩٢٠–١٩٣١ کە لە سلێمانی دەرچوون، سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخن بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی ئینگلیز لە عێراق و کوردستان. هەواڵ، سەروتار، وتار، لێدوان تەنانەت هەندێ شیعریان تێدایە کە سەرچاوەی بەنرخن بۆ زانینی دەنگوباس و بیروڕای گشتی ئەوکاتە." (ئەمین، ٢٠١٣: ١٧)

لەنێو ئەو قەڵەمە بەرچاوانەدا کە شوێنەوارێکی ئاشکرایان لەم بوارەدا لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بەجێهێشتووە، ناوی شێخ نووری شێخ ساڵح وەک یەکێک لە ستوونەکانی بیری نەتەوەیی کوردی و دەنگێکی نیشتیمانی ئاشکرا لە بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی پەراوێز خستن و نکۆڵی کردن دەرکەوێت. شێخ نووری لە سەروتارەکانی کە لە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"دا – لە قۆناغێکی هەستیار لە مێژووی کوردایەتیدا نووسینونی – هەوڵی بڵاوکردنەوەی نیشتمانپەروەری، یەکریزی کورد، پاراستنی زمان و مێژوو، و داواکردنی مافە سیاسییەکانی نەتەوەیی کورد دەدات. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بیری نەتەوەیی لای شێخ نووری لە ڕێگەی شیکاری ناوەڕۆک بۆ ئەو سەروتارانەی کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستاندا نووسیونی دەربخات و پەیوەندی ئەوان بە کۆتەکستی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی ئەوەی تێیدا نووسراون بخاتەڕوو.

بەکورتی پێشتر هیچ توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە. تەنیا لە دیوانەکەی شێخ نووری شێخ ساڵحدا کە ئازاد عەبدولواحید ئامادەی کردووە، هەندێک لێکدانەوەی سەرەتایی بۆ شیعرە سیاسییەکانی کراوە، بەڵام بەبێ بەکارهێنان و ئاماژەدان بە مێتودی لێکۆڵینەوەی زانستی. لەگەڵ گرنگیی ڕۆڵی بەرچاوی شێخ نووری شێخ ساڵح لە ڕۆژنامەوانی کوردییە سەرەتاییەکاندا، بەڵام ئەو توێژینەوە ئەکادیمییانەی کە بیرکردنەوەی نەتەوەیی و شێوازی ڕۆژنامەوانی ئەویان تاوتوێ کردووە هێشتا زۆر سنووردارە، و تا ئێستا توێژینەوەیەکی شیکاری تەواو نەکراوە، کە ڕاستەوخۆ پشت بە ئەرشیڤی وتارەکانی ئەو لە "ڕۆژی کوردستان"دا ببەستێت.

ئەو پرسیارانەی لەم توێژینەوەیە دەبێ وەڵام بدرێنەوە بریتین لە: ئاستی بیرکردنەوەی نەتەوەیی کوردی چین لە نووسراوەکانی شێخ نووری شێخ ساڵحدا؟ چۆنێتی دەربڕی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕیرەوی قۆناغی ١٩٢٢-١٩٢٣دا؟ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چین کە لە وتارەکانیدا تیشک خراوەتە سەریان؟ چۆن وتارەکانی کارلێکیان

کردوە لەگەڵ ڕووداوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی دەوروبەری کێشەی کوردایەتی لەو ماوەیەدا؟
ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەش ئەمانەن: دۆکیمێنت کردنی وتارەکانی شێخ نووری لە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"دا لە ماوەی ١٩٢٢-١٩٢٣دا. شیکردنی ناوەڕۆکی ئەم وتارانە بۆ ئاشکراکردنی بنەماکانی بیری نەتەوەیی کوردی لەو سەردەمەدا. خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان نووسراوەکانی و ڕێڕەوی مێژوویی و سیاسی ئەو قۆناغە. بەشداری کردن لە پڕکردنەوەی بۆشایی توێژینەوە لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردی سەرەتایی. لە ڕووی گرنگیی زانستییەوە بایەخدان بە دەوڵەمەندکردنی توێژینەوە مێژوویی و ڕاگەیاندنەکان سەبارەت بە ڕۆژنامەوانی کوردی و بیرکردنەوەی نەتەوەیی. لە ڕووی کردەکییەوە: گرنگی بابەتەکە لە ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە شێوەپێدانی هۆشیاری نەتەوەیی کوردی و ڕاستاندن ئامادەیی ناسنامەی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەردەکەوێ ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی ڕێبازی تیۆری مێژوویی و شیکاری گوتارەوە نووسراوە، لەگەڵ بەکارهێنانی شیکاری جۆری لە ناوەڕۆک.

سەرچاوەکانی زانیاری ئەم توێژینەوەیە بریتین لە : ژمارە ڕەسەنەکانی ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان" (١٩٢٢-١٩٢٣). کتێب و یادداشتەکان کە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردییان تاوتوێ کردووە. توێژینەوە مێژووییەکان سەبارەت بە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا.

## یەکەم: ژیانی شێخ نووری شێخ ساڵح و بایوگرافیای تێکۆشانی.

شێخ نووری، 'محەمەد نووری' کوڕی شێخ ساڵح کوڕی شێخ غەنی کوڕی سەید عەبدولقادر کوڕی سەید حەسەن، کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید محەمەد کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئیسحاق کوڕی بابا ڕەسوڵی گەورە، ساڵی ١٨٩٦ لە گەڕەکی دەرگەزێن لە سلێمانی لە دایک بووە. لە منداڵی لە حوجرە لای خواجە ئەفەندی و مەلا سەعیدی زەڵزەڵەیی و شێخ بابا عەلی شێخ عەبدوڵڵا، نەحو و صەرف و بەلاغەی خوێندوە و تا قۆناغی موستەعیدی بڕیوە. پاشان قووتابخانەی سەرەتایی تەواو کردووە و چووەتە ڕوشدیەی عەسکەری سلێمانی و دواتر وازی لێهێناوە. (عەبدولواحید، ٢٠٠٨:٨٠-٨١).

شێخ غەنی باپیری بە کاروباری بازرگانییەوە خەریکبووە، ماڵاتی هەبووە و خەریکی سەلەم و تووتن کڕین و فرۆشتن بووە. ژنی بۆ هەرسێ کوڕەکەی هێناوە و هەریەکێکیانی لە خانوویکی سەربەخۆدا نیشتەجێ کردووە. شێخ ساڵحی باوکی شێخ نووری، بە پیشەی بازرگانییەوە خەریک بووە. یەکەم جار لە وڵاتی ئێرانەوە کەلوپەلی دەهێنا و لە سلێمانیەوە کەلوپەلی دەبردەوە ئەوێ. لە ساڵی ١٩١٢ وازی لە هاتوچۆی دەرەوەی عێراق هێناوە.. شێخ نووری لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە دەکەوێتە بەر زەحمەتی پەیداکردنی نان، بەڵام لەم کارەیدا زۆر سەرکەوتوونەبووە و وازی لێهێناوە. (عەبدولواحید، هەمان:٨٢)

شێخ نووری زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی بە باشی زانیوە پێی نووسیون و ماوەیەکیش بەرپرسی بەشی فارسی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان بووە. خاوەنی کەسایەتییەکی پاک و ڕەوشت بەرزو ڕاستگۆ و کوردپەروەربووە و بەهرەی گەورەی لە شیعر و وتاری سیاسی و وەرگێران و نووسینی ئۆپەرێت و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا هەبووە.

شێخ نووری چالاکوانێکی ڕۆشنبیری و

ڕۆژنامەوانی دیار بووە، ڕۆژنامەوانیی و شیعر و ئەدەبی وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی بیروڕا نەتەوەییەکانی و پشتگیری دۆزی کورد بەکارهێناوە.

دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، لە سلێمانی یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی بووە، جگە شیعر، چەندین بابەتی جۆراوجۆری تێدا نووسیوە. هەروەها یەکێک بووە لە نووسەرە پێشەنگەکان بابەتی ئابووری نووسیوە و جەختی لەسەر گرنگی پەرەپێدانی ئابووری ناوخۆیی بۆ بەهێزکردنی سەربەخۆیی کوردستان کردووەتەوە. ساڵی ١٩٢٢ بەرپرسی بەشی فارسی بووە لە ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) کە لەلایەن جەمعییەتی کوردستانەوە دەرچووە و مستەفا پاشا یامولکی سەرنووسەری بووە، لەو ڕۆژنامەیەدا چەندین وتاری بە زمانی فارسی نووسیوە.

شێخ نووری لە سەردەمی گۆڕانکارییە گەورەکانی کوردستاندا ژیاوە، هەر بۆیە لە زۆربەی قۆناغەکاندا چی بە وتار و چی بەکردار بەشداری تێدا کردوە و لە دژی ڕژێمە سەرکوتکارەکان تێکۆشاوە. لە ڕووی شێوە و باوەڕۆکەوە ڕەوتە ئەدەبیە جیهانییەکانی وەک ڕەمزی و واقیعی کاریگەری هەبووە لەسەری. بەداخەوە پێش تەواوکردنی پرۆژەکانی لە١٢٠ \ ١٢\ ١٩٥٨ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

## بەشی دووەم: سەرچاوەکانی هۆشیاری نەتەوەیی لای شێخ نووری شێخ ساڵح

شێخ نووری شێخ ساڵح، بەڕێکەوت نەهاتووەتە ناو جیهانی ئەدەب وخوێندنەوە، خۆی دەڵێ سەرەتاکانی ئاشنابوونی بە شیعر و ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و بەردەوام چاودێری کردووە: "لە منداڵیمەوە فکرم ئیشتغاڵی لەگەڵ ئەدەبیاتابووە، بە تەتەبوعات شارەزایم هەیە..." (م.نوری، ١٩٢٦، ژ ٢٠، ١: ) لە پێش یەکەمین جەنگی جیهانیدا بەهۆی بازرگانیکردنەوە سەردانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەغدادی کردووە، ە هۆی زانینی زمانی تورکی و فارسییەوە ئاگاداری لە ئەدەبیاتی نووسراوی تورک و فارس هەبووە. ئەوانەش زەمینەیەکی گونجاویان بۆ بەرزی ئاستی هۆشیاری ڕەخساندوە.

خوێنەری وتار و شیعرەکانی هەست بەوە دەکات لە نووسینەکانییەوە مەعریفەیەکی قووڵی سیاسی و ئەدەبی هەیە، دەزانێ ئەدەب دەکرێ سیاسی بێت و لە هۆشیاری نەتەوەیدا ڕۆڵی کاریگەر ببینێ، هەر ئەوەش وایکردووە هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوە سیاسییە گرنگەکانی سەردەمی خۆیدا، بەرەوپێش بچێت و زۆر ڕاستگۆیانە وەک دیکۆمێنتێکی مێژوویی، ڕاستییەکانی ئەو قۆناغەی تێدا ژیاوە تۆماربکات.

## دووەم: ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان" و بارودۆخی دەرچوونی

پاش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە مەنفا و دامەزراندنی کابینەی دووەم لە ساڵی ١٩٢٢، مستەفا پاشا یامولکی، کە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری (بانگی کوردستان) بوو، بوو بە وەزیری موعاریف، ڕۆژنامەکەی داخرا و شێخ مەحمود لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ بڕیاریدا ڕۆژنامەیەکی فەرمی بەناوی (ڕۆژی کوردستان) لە شاری سلێمانی بڵاوبکاتەوە و جێگەی بانگی کوردستان بگرێتەوە..

ئەم ڕۆژنامەیە زمانی حاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوو، ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانی بڵاودەکردەوە، ژمارە یەکی ڕۆژنامەکە لە ١٥ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دەرچوو، دواژمارەشی کە ژمارە ١٥یە لە ٣

مارسی ١٩٢٣ دەرچوو.

شێخ نووری شێخ ساڵح، کە پێشتر قوودەرت و توانا ڕۆژنامەنووسییەکەی بەتەواوەتی دەرکەوتبوو، لەلایەن شێخ مەحمودەوە بە فەرمانێکی شاهانە کرا بەخاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان. شاعیر عەلی کەمال باپیر وەک موحەڕیر نووسەر لەگەڵیدا دەست بەکاربوو. لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نووسرابوو (سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی)یە، هەفتەی جارێک دەردەچێ.

ئەم پۆستە نوێیەی شێخ نووری هاوکات بوو لەگەڵ ئەو دابەشبوونە قوورسەی کە لە کوردستاندا لە نێوان لایەنگرانی ئینگلیز و تورکەکان "جلخوارەکان"دا دروست بوو، دەوروبەرەکەی شێخ مەحمودیشی گرتبووەوە. بەڵام گەر تەماشایەکی ئەو نووسینانە بکەین کە خودی شێخ نووری نووسیونی، بۆمان دەردەکەوێت هەم ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان هەم سەرنووسەرەکەشی بەرژەوەندی نەتەوەییان لاگرنگتربووە؛ بەلای هیچ بەرەیەکدا خۆیان ساغ نەکردووەتەوە، هەوڵەکانی زیاتر بۆ سەربەخۆیی و بەئاگاهێنانەوە و پشت بەخۆبەستن بووە، کاری بۆ تێکشکاندنی نائومێدی کردووە. ئەو (١٥) ژمارەیە، جگە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەیاننامە فەرمییەکانی مەلیک مەحمودی یەکەم، سەروتار و بابەتی سیاسی و دیپلۆماسی و کۆمەڵایەتیشی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام هەر هەمووی بە تامی سیاسی. (خەزنەدار، ١٩٧٣: ١١)

بەشی زۆری نووسەر و شاعیر و سیاسەتمەدارەکانی ئەو سەردەمە لە دەوری ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"دا کۆبوونەوە، مەیدانی نووسین بڵاوکردنەوە بەرفراوانتر بوو بۆیان تا لە ڕێگەیەوە بیر و بۆچوون و ئاراستە فیکرییەکانیان بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری مێژوویی بخەنەڕوو. سەرچاوەی داهاتی ڕۆژنامەکە وەک نەوشیروان مستەفا دەڵێ جگە لە ئابوونە، بڵاوکردنەوەی ئیعلانات بووە و ئەوەش سەرچاوەیەکی گرنگی پارە پەیداکردنی بووە بۆی. (ئەمین، ٢٠١٣: ٢٧١)

ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان" ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە کۆکردنەوەی پشتیوانی خەڵک بۆ حکومەتەکەی شێخ مەحمودی مەلیک و جۆشدانی گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی، درێژەی بە پەیامی هۆشیاری و تەنویرکردنی خەڵک بۆ خوێندن و زانست و سەنعەت دەدا، کە ڕۆژنامەکانی پێش خۆی دەستیان پێکردبوو.

بەشێکی زۆر لەوانەی کە لە بارودۆخی لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ - ١٩٢٥ی کوردستان کۆڵیوەتەوە، ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی نەتەوەخوازە کوردەکان و زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود زانیوە، نووسەرەکانیشی بە تایبەت م. نووری یان بە هەڵگری بیری نەتەوەیی کوردی لە قەڵەم داوە. دەیڤید مەکدوڵ بە ئاماژە بەو سەروتارەی سەرەوە دەنووسێ "محەمەد نووری بەزمانێکی نەتەوەیی یەکلاکەرەوە دەنووسێت" (مک داول، ٢٠٠٥ : ٢٤٧) دواتریش برگەی کۆتایی سەروتارەکە لە کتێبەکەیدا بڵاودەکاتەوە. ئەدمۆنز، لە کتێبەکەیدا سەبارەت بەم ڕۆژنامەیە دەڵێ: "بۆ تێگەیشتن لە کێشەی کورد بەو شێوەیەی کە نەتەوەخوازەکانی سلێمانی دەیانویست، باشترین سەرچاوە گواستنەوەی بەشێک لەو وتارانەیە کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستاندا بڵاو بووەتەوە." (ادمونز، ١٣٦٧ :٣٢٢)

عەبدولڕەحمان ئەلبەیاتی دەڵێ: "ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ئاوێنەی خستنەڕووی سیاسەتەکانی شێخ مەحمود و بیروڕا سیاسی و هزرییەکانی بووە

و ڕۆڵی هەبووە لەبەرزکردنەوەی ئاستی ورەی کورددا لە سلێمانی و تۆمارێکی بەڵگەنامەیی قۆناغی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمودی حەفید بووە لە نێوان ١٩٢٢ – ١٩٢٣“دا. (البیاتی، ٢٠٠٧، :٢٤١)

## بەشی دووەم: شیکاری ناوەڕۆک بۆ سەروتارەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح

پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن پێیان وایە نووسەری وتاری ڕۆژنامەوانی دەبێ خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆی بێت.

بە بەراورد کردنی تێکڕای ئەو وتار و سەروتارانەی کە م. نووری نووسیونی، بۆمان دەردەکەوێت، سەرەڕای ئەو ئەزموونەکەمەی کە لە کاری ڕۆژنامەنوسیدا هەیبووە، بەڵام لە نووسینی وتاری ڕۆژنامەوانیدا خاوەن شێوازێکی تابیەت بەخۆی بووە.

خاڵێکی جیاکەرەوەی شێوازی تایبەتی شێخ نووری ئەوەیە کە هەمیشە بابەتەکانی بە گەشبینی کۆتاییان دێت، بە چاویلکەی تاریک نەیڕوانیوەتە ئایندە، بەڵام ئەو گەشبینییەی ئەو گەشبینیەکی ساختە نییە، بۆ گەیشتن پێی لەسێ ئاستدا ڕەخنە لە کۆمەڵگەی کوردی دەگرێت.

– ئاستی خەڵکی سادە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە

– ئاستی (بەرپرسان) کە زیاتر مەبەستی لە مەلیک مەحمود بووە،

– ئاستی دەستەبژێری ڕووناکبیر و مونەوەرەکان.

شێخ نووری لەماوەی سەرنووسەرێتی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، لە زۆربەی ژمارەکانیدا سەروتارێکی نووسیوە، ناوەڕۆکی سەروتارەکان قسەکردن بووە لەگەڵ بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژ. لەم چەپتەرەدا بەپێی مێژووی نووسینیان، شیکردنەوەی ناوەڕۆک دەکەین بۆ ئەو سەروتارانە.

### یەکەم: نەتەوەیی ڕۆمانتیک و گوتاری نەتەوەیی کوردی

نەتەوەیی ڕۆمانتیک، وەک چەمکێکی فیکری و سیاسی، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا هەبوو. ئەم جۆرە نەتەوەییە جەخت لەسەر بنەماکانی زمان، ئایین، میرات، و کولتووری هاوبەش دەکاتەوە و بە بنەمایەکی سەرەکی بۆ یەکگرتنی نەتەوە و دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دادەنرێت. لەم چوارچێوەیەدا، هەست و سۆزی نەتەوەیی وەک هێزێکی بزوێنەر بۆ کۆکردنەوەی تاکەکان و دروستکردنی یەکێتییەکی نەتەوەیی بەکاردەهێنرێت.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، نەتەوەیی ڕۆمانتیک ڕێگەی خۆی بۆ ناو شیعری کوردی دۆزییەوە. شاعیرانی کورد لە کۆتایی سەدەی شانزدەیەم و سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم و نۆزدەیەم مەلای جزیری و ئەحمەدێ خانی دواتر حاجی قادری کۆیی، ئەم چەمکەیان وەک ئامرازێک بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاریی نەتەوەیی لە بەرامبەر هێرشەکانی داگیرکەران بەکارهێنا. ئەم شاعیرانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی پڕ لە سۆز و هەستەوە، مێژووی دێرینی کورد و خەباتەکانیان بۆ خوێنەران دەگێڕنەوە، بەمەش هەوڵ دەدەن هەستێکی هاوبەش لە نێوان کورددا دروست بکەن و یەکرێزییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و ستەم بەهێز بکەن.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم شێخ نووری ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی کوردیدا

گێڕاوە. وتـارەكـەی "ثبات و متانەت قوم كورد" كە لە ژمارە ٢ی ڕۆژنامـەی (ڕۆژی كوردستان) دا بڵاوكراوەتەوە، وەرچەرخانێكی گرنگ بووە لە ڕۆژنامەگەری كوردیدا. لەم وتارەدا، شێخ نووری بە شێوازێكی حەماسی و پڕ لە سۆز، مێژووی دێرینی گەلی كورد و خۆڕاگرییەكانیان دەخاتە ڕوو. ئەم وتارە نەك تەنها لە ڕووی ناوەڕۆكەوە گرنگ بووە، بەڵكو لە ڕووی شێوازی نووسینیشەوە هەنگاوێكی نوێ بووە لە ڕۆژنامەگەری كوردیدا، چونكە بە زمانێكی ڕوون و كاریگەر نووسراوە كە توانای وروژاندنی هەستی نەتەوەیی خوێنەرانی هەبووە.

"قەومی كورد قەریبی چوار هەزارساڵ لەپێش مـیلاددا لـە شـەرقی دیـجلـە، یـەعنی لـە موقیعی حـاضـیـرەدا هـەر بـووە و زۆر دەفعـەش ئیثپاتی موجوودییەتی میللی خـۆی كـردووە. ١٨ عەسر لەپێش میلاددا بە موجوودیەتێكی زۆر و ئینتیظامێكی فەوقەلعادە كلدانستانی ئیشغال و چەند عەصرێك بە كەمالی دەبدەبە ئەو جێگایانەیان ئیدارە و لەوێدا ئاثاری مەدەنییەتیان تەئسیس كردووە، لەپاشا لە طەرەف ئاثورییەكانەوە بە هجومێكی ظاڵمانە ئەو جێگایانەیان لێ سندراوەتەوە و مەوقعی خۆشیان ئیشغال كراوە.

لـەدوای ئەمە چەند عەصرێك لەژێر ئیدارەی موناوەبەی ئاثورییەكان و كلدانییەكانا ماوەتەوە و كەوتوەتە دەست ئێران و لەپاش چەند عەصرێكی تریش كەوتۆتە دەست یۆنان، یەعنی ئەسكەندەر واریثی لەپاشا، ڕۆما و لەدوای ئەو تیكرار ئێران و لە ظهوری ئیسلامییەتدا كەوتۆتە دەست ئیسلام و لە زەمانی عەباسییەكاندا هۆلاكۆ و قەرەقوویونلی و ئالی جەزایر و تورك. (م.نووری، ١٣٣٨، ر.ك ٢: ١)

وتـارەكـەی شێخ نـووری خاوەنی پێكهاتەیەكی تیلۆلۆژیكییە، واتـە ڕووداوە مێژووییەكان وەك پێشەكییەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كـوردی لە سەردەمی خۆیدا دەبینێت. ئەم شێوازە گێڕانەوەیە، مێژووی كورد بە شێوەیەك دەخاتە ڕوو كە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئامانجێكی دیاریكراو دەڕوات، كە ئەویش دامەزراندنی قەوارەیەكی نەتەوەیی كوردییە. هـەروەهـا، شێخ نـووری بە بـەردەوامی وشـەكانی "مەللەت" (نەتەوە) و "قەوم" (گەل) بەكاردەهێنێت بۆ جەختكردنەوە لەسەر یەكێتی و یەكبوونی كورد. ئەمە لە كاتێكدایە كە كورد لەو سەردەمەدا لە ڕووی جوگرافی و كۆمەڵایەتییەوە دابەشبوو بوون، بەڵام شێخ نووری هەوڵی داوە لە ڕێگەی گوتارەكەیەوە هەستێكی هاوبەشی نەتەوەیی دروست بكات و خەڵك هان بدات بۆ یەكگرتن.

"لـەگـەڵ ئـەم هـەمـوو ئینقیلابە تەئریخییەدا كە لەژێر پێی ئۆردووی جیهانگیرانی شەرق و غەربدا پەریشان بوون، كە ئەگەر ئەم موهاجەماتە دایمیە بەسەر حكومەتێكی موعەظەمەدا بهاتایە، وەكو ڕۆمای شەرق، نە لیسان و نە ناوی لە روی كائیناتدا نەئەما. قەومی نەجیبی كورد مەوجوودییەتی مادییە و لیسانی میللیەی خۆی موحافەظە كرد و لە هەموو فرصـەتێك بیلا ئیستیفادە ئیدیعای حەقی ژیان و ئازادیی خۆی كـردووە و قەهرەمانی زۆر ناودار و حوكمداری زۆر فەعال و عالیی جەنابیان بووە، وەكو صلاح الدین و كەریم خانی زەند و سائیرە.

عەلەل خـصـوص ئەمە چەند ساڵێكە جەنابی حـەضـرەتی مەلیكی كـوردسـتـان، یەعنی مەلیك مەحمودی ئـەوەڵ، بۆ سەعادەت و تەرەقیی ئەم میللەتە، هـەمـوو نـەوعـە فیداكارییەكی ئیختیار كرد؛ تا ئەمجارە بە ئامالی خۆی كە سەعادەت و تەرەقیی ئەم وەطەن و میللەتەیە نائیل بوو و ئەم میللەتەش لە سایەی هیمەتی وەطەن پەروەرانەی موشارئیلەیهەوە، بە ڕۆژی سەعادەت و ئازادیی

خۆی گەیشت. هەر بمێنێ مەلیکی کوردستان." (م.نووری، هەمان: ١)

وتارەکە، لەگەڵ وتارەکانی تری نەتەوەیی گەلانی دیکە لەو سەردەمەدا هاوشێوەیی زۆری هەیە. بۆ نموونە، دەتوانرێت بەراورد بکرێت بە نووسینەکانی جۆرجی زەیدان (١٨٦١-١٩١٤) لە گۆڤاری "الهلال" کە بۆ دروستکردنی گوتاری نەتەوەیی عەرەبی بەکارهاتووە، یان نووسەرانی تورک وەک ضیا گۆک ئالپ (١٨٧٦-١٩٢٤) کە هەوڵیانداوە ناسنامەیەکی نەتەوەیی تورکی دروست بکەن. ئەم هاوشێوەییە نیشانەی ئەوەیە کە گوتاری نەتەوەیی کوردی هاوکات بووە لەگەڵ گوتارە نەتەوەییەکانی سەردەمەکەدا و گوتارێکی کوردانەی پەتی بووە، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان.

وتارەکە لە ڕووی میتۆدۆلۆژی و مێژوونووسییەوە کەموکوڕی و بۆشایی تێدایە، بەڵام وەک دۆکیومێنتێکی مێژوویی سەردەمەکەی گرنگە بۆ پیشاندانی گوتاری نەتەوەیی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم. لە ناو ڕێڕەوی گشتی بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی کوردیدا، ئەم وتارە یەکێکە لە هەوڵە سەرەتایەکانی نوخبەی کورد بۆ دروستکردنی گێڕانەوەیەکی نەتەوەیی- مێژوویی کە لە ساڵانی دواتردا بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لەلایەن محەمەد ئەمین زەکی بەگ و خەڵکانی ترەوە گەشەی پێدەرێ.

دووەم: داروینیزمی کۆمەڵایەتی و ململانێی مانەوە لە وتاری "مجادلەی حەیات"دا

وتاری "مجادلەی حەیات" کە لە ژمارە (٥)ی ڕۆژی کوردستان دا بڵاوبووتەوە، نموونەیەکی گرنگە لە ئەدەبیاتی فیکری کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. شێخ نووری یەکەم کەس بووە کە داروینیزمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بیری ئایینی- ئیسلامی تێکەڵ کرد بۆ دروستکردنی گوتارێکی نەتەوەیی. ئەم وتارە لە ڕوانگەیەکی گرنگەوە نیشان دەدات کە نووسەر نەتەوە وەک بوونەوەرێکی زیندوو دەبینێت کە شایستەی مانەوەیە، و بەپێی یاسا سروشتییەکان و یاساکانی سروشت، ناتوانێت لەو یاسایە دەرباز بێت. خاڵی هەرە گرنگی وتارەکە لەوەدایە کە نووسەر چارەسەری نەتەوە و گۆڕینی کۆمەڵایەتی بە هەوڵ و کۆششی تاکەکانی کۆمەڵگە و گۆڕینی خۆیانەوە دەبەستێتەوە: "سیلسیلەی عوضوییات ئەگەر لە دونیادا تەدقیق و تەتەبوع بکرێ، ئەبینرێ کە هەموو حەیوانات، نەباتات تابیعی قانوونێکی (لا یتغیر)ن بەو قانوونە تەکامل و یا ڕوو ئەکەنە ئینقیراض. ئەجناس و ئەنواعی حەیوانییە و نەباتییە، هەر بەم قانونە فیطرییە ئەژی، هەر ئەم قانوونە سەوقی تەکامولی ئەکا و هەر بە ئیلجائات ئەم قانوونە ضەرورییە لە صەحنەی کائینات دەرئەهاوێژرێ......

ئەگەر لەو مقاوەمەتە عاجز بێ، حەقی ژیانی نامێنێ، خۆ ئەگەر زۆر زەعیف بوو، مەحکومی مەوتێکی ئەبەدەی ئەبێ. قانوونی خیلقەت بەم نەوعە دانراوە، هەرواش جەرەیانی کردووە، هیچ شتێک ئەم قانوونە تەعدیل و هیچ قووەتێ ئەم جەرەیانەی تەوقیف نەکردووە و نایکا..... بۆ ئەم خصوصەتە، تەئریخی تەکامول و ئینقراضی عضویات شاهیدێکی لایموتە. ئەگەر تەعمیق و تەتەبوع بکرێ، بۆ ثبوتی ئەم حەقیقەتە لا یەعود دەلائیل ئەهێنرێ. (م.نووری، ١٣٣٨، ر.ک٥: ١-٢)

شێخ نووری لە وتارەکەیدا چەند چەمکێکی داروینیزمی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت، لەوانە:

١. بەکارهێنانی دەستەواژەی "ململانێی ژیان" (struggle for existence).

٢. ئاماژەدان بە "یاسای گەشەکردن" کە یاسایەکی سروشتییە و حوکمی هەموو شتێک دەکات.

٣. پەیوەستکردنی مانەوەی نەتەوەکان بە هەمان یاسای سروشتییەوە، وەک لە دەستەواژەی "لە ململانێی ژیاندا مافی مانەوە و زاڵبوون هی ئەوانەیە کە شایستەن".

٤. بەراوردکردنی نەتەوەکان بە بوونەوەرە زیندووەکان کە دەبێت خۆیان لەگەڵ ژینگە بگونجێنن.

"هەتا ئێستا موعەڕەضی هەر فەلاکەت بووین، سەیئات و عەطاڵەتی خۆمان بووە. ئەمجا لازمە لە پێش هەموو شتێکدا ئەم حەقیقەتانە بە تەواوی تێ بگەین، لە پاشا بە چ ڕێگایەکدا ڕۆیشتن ئیجاب ئەکا تەقدیری بکەین، چونکە زەمان زۆر نازکە، فورصەت لەبەردەستدایە، وەقت وا موساعەدەمان نییە کە بە تەرەدوود ڕای ببوێرین....

تا ئێستا خەطا وەکو لە خۆمانەوە بووە، تەعمیریش با لە خۆمانەوە بێ، خودای تەبارەکوتەعالا هادییەکی حەقیقییە، ئەفەرموێت (إن الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم) یەعنی قەومێک خۆی سەجییەی خۆی تێکنەدا، خواش سەعادەتیان تێک نادا. فەرمویەتی (ان ليس للانسان الا ما سعى)، ئەمانە لێک بدەینەوە وا بڕۆین بەڕێوە بە زویەتێکی زووەوە نائیلی ئامالی موقەدەسە ئەبین." (م.نووری، ١٣٣٨هەمان: ٢)

بەڵام، جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان داروینیزمی کۆمەڵایەتی کلاسیک و وتارەکەی شێخ نووری هەیە. نووسەر تەنها لەسەر ململانێی مانەوەی کۆمەڵگەکان جەخت ناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ ڕەچاوکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی کورد، یاسا سروشتییەکان لەگەڵ ئامۆژگارییە ئایینییە ئیسلامییەکان تێکەڵ دەکات بۆ مەبەستی چاکسازی و پێشکەوتن. ئەو پاساو بۆ هەژاری ناهێنێتەوە، بەڵکو جەخت لەسەر پێویستی "هەوڵ و کۆشش" دەکات بۆ سەرکەوتن و مانەوە، و دژی "تەمبەڵی" دەوەستێتەوە.

یەکێکی دیکە لە خاڵە گرنگەکانی ئەم وتارە، دوالیزمی (مانەوە/ قڕبوون) و (نەزانی/ زانست) ە. نووسەر هۆشداری دەداتە کورد کە جگە لە هەڵبژاردنی یەکێک لەو دووانە، ڕێگەیەکی سێیەم لەبەردەمیدا نییە: یان دەبێت پێشبکەوێت و نەزان نەبێت، یان لەناو دەچێت و نەزان دەمێنێتەوە.

لە وتارەکەدا، نووسەر بە بەکارهێنانی جێناوی "ئێمە" وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی، خۆی لە پۆزیشنی ڕێنماییکارێکدا دەبینێتەوە کە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکەکەیەتی.

چوارەم: لە تاکەوە بۆ نەتەوە: فەلسەفەی کۆمەڵایەتی شێخ نووری شێخ ساڵح

م. نووری، لە هەموو ئەو وتارانەی کە لەو قۆناغەدا نووسیونی، پشتی بە زانست و مەعریفەت بەستووە، لەو سەروتارەی کە لە ژمارە ٤ ی "ڕۆژی کوردستان"دا بە ناوی (فەنی و ئیجتماعی – میللەت) نووسیویەتی، پشتی بە یاسای ماتماتیک بەستووە بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکانی و گرێی داوەتەوە ئامانجە سەرەکییەکەی کە یەکێتی و یەکڕیزیی کوردە؛ ئەم وتارە دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخ و دابەشبوونە سیاسییە کە لەو سەردەمەدا لە ئەنجامی هاتنی 'ئۆزدەمیر'ەوە خەریک بوو تۆی دووبەرەکی دەکەوتە نێوان دەوروبەری مەلیکی کوردستان. شێخ نووری بۆ ئەوەی ئەو دووبەرەکییە ڕوونەدات، ئەم سەروتارەی نووسیوە و تێیدا دەڵێ: "میللەت لە جەمعییەت و جەمعییەتیش لە ئیجتیماعی چەند فەردێک تەشەکولی کردووە. کە وابێ فەرد هەتا زیندوو و فەعال بێ، هەتا بە تەربیەتێکی ئەصیل تەربیە و پەروەردە کرابێ، ئەو جەمعییەتەی کە تەشکیلی ئەکا، ئەوەندە ڕەصین

و ئەوەندە پایەدار ئەبێ و لەو نسبەتەیشدا ئاثاری تەرەقی و تەکامول نیشان ئەدا.

ئەفرادی جوێ جوێ ئەگەر هەریەکێ بە قووەتێ تەلەقی بکرێت، ئاثاری و قووەت و عەظەمەتی ئەو هەیئەتە عومومییە کە نشانی ئەدا، بیلطەبع موتەناسیبە بەو مەحصەلەیە کە لە شیددەت و تەرکی ئەو قووەتانە هاتبێتە وجوود. " (م.نووری، ١٣٣٨، ر.ک٤: ١)

شێخ نووری لەم وتارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە نەتەوە لە کۆی دانیشتوانی کۆمەڵگەیەک پێکدێت، کۆمەڵگاش لە یەک بەیەکی تاکەکان پێکهاتووە. تاکەکان خشتی بنەڕەتی بیناکردنی کۆمەڵگان.

ئەو پێی وایە چۆنییەتی پەروەردەکردنی تاک کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جۆری ئەو کۆمەڵگایە هەیە کە پێکی دەهێنن. پەروەردەی "ئەصیل" تاکێکی کاریگەر و بەسوود بەرهەم دەهێنێت کە بەشداری دەکات لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی "ڕەصین و پایەدار.

نووسەر بە شێوەیەکی داهێنەرانە یاسای میکانیک و بیرکاری بەکار دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی دینامیکیەتی کۆمەڵگە و سەلماندنی بیروبۆچوونەکانی و دەڵێ ئەگەر هێزی دوو تاک یەکسان بێت بە سفر، ئەنجامەکەشی سفر دەبێ، بەڵام ئەگەر چەند هێزێک یەکگرن و بە هەمان ئاراستەدا بڕۆن کۆی هێزەکان زیاد دەکات و کاریگەریان زۆر دەبێ. بەڵام ئەگەر هێزەکان لە ئاراستەی جیاوازدا بن یان پێچەوانەی یەکتر بن، ئەوا دەبێتە هۆی وەستانی کۆمەڵگە.

"فەنی میکانیک، حیکمەتی طەبیعیە بۆ ئیمە وای ئیثپات ئەکا کە شیددەتی دوو قـووەت، ئەگەر لەگەڵ صفردا مساوی بێت، مەحصەلەش سفرە. وە ئەگەر چەند قووەتێک لە عەینی جیهەتا تەئثیر بکەنە نەقطەیەک شیددەتی مەحصلەکەی موساویی شیددەتی قووەتی مەجموعەکە ئەبێ. ئەم قانونە ریاضیەیەش لەگەل ئیجتیماعییدا تەطبیق بکرێ، عەینەن بەم نەوعە ئەبێ. ئەم قانونە ریاضیەش لەگەڵ ئیجتماعیاتدا تطبیق بکرێ عەینەن بەم نەوعە ئەبێ." (م.نووری، هەمان: ١)

هێنانەوەی ئەم نمونەیە بۆ ئەوە بڵێت حاڵەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەندە بە تاکەکانی کۆمەڵگەوە کاتێک تاکەکان "موتەوەجیهی غایەیەکی موعەییەن بن" (واتە ئاراستەیان یەک ئامانج بێت) بە دڵنیایەوە دەرئەنجامەکەی ئەوەیە "میللەت لە ساحەی تەرەقیاتدا بە هەنگاوی زۆر خێرا پێش ئەکەوێ." بەڵام کاتێک تاکەکان لە ئاراستەی جیاواز یان پێچەوانەی یەکتر کار بکەن و "هەریەکێ نەوعە ئامالێک طەرزە غایەیەک، تەعقیب بکەن" لە ئەنجامدا "ئەو میللەتە ئەکەوێتە حاڵی عەطالەتەوە و هیچ حەرەکەتێکی پێ ناکرێ." دەگاتە حاڵەتێک "زۆر زەحمەتە بەهیچ مەقصودێک بگات."

شێخ نووری بۆ زیاتر سەلماندنی بۆچوونەکەی هەوڵ دەدا ئۆرگانیکی کۆمەڵگە بە لەشی مرۆڤ دەشوبهێنێت کە لە ئەندامی جیاواز پێکهاتووە. دەڵێ هەروەک چۆن نەخۆشی یەک ئەندامی جەستە کاریگەری لەسەر تەواوی جەستە دەبێت، بەهەمان شێوە، ئەگەر تاکێک یان کۆمەڵێک لە کۆمەڵگەدا دژی بەرژەوەندی گشتی بجووڵێنەوە، کاریگەری خراپی لەسەر تەواوی کۆمەڵگە دەبێت. تەندروستی تاکەکان بۆ تەندروستی کۆمەڵگە گرنگە، ئەم نەخۆشییە بەرەبەرە بڵاو دەبێتەوە. مێژووی گەشەکردن و لەناوچوونی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی وانەی گرنگ بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت، کۆمەڵگەکان لەبەر هەمان هۆکار لاواز دەبن یان پێش دەکەون.

میللەتێک کە فەعالیاتی ظاهیرەی ئیجتیماعی، ئەخلاقیی چەند فەردێک تەشکیلی بکا، قووەتێک،

مەحەصەلەیەک تەولید ئەکا، کە موساوی قوودرەتی فیکرییەو بەدەنییەی ئەو مەجموعە ئەبێ. ئەم فەردانە وەکو عەرضمان کردن، ئەگەر زیندوو لەحاڵ فەعالییەتدا موتەوەجیهی غایەیەکی موعەییەن بن و ئیبرازی فەعالیەت بکەن، میللەتیش بێ ئەوەی سڵ بکاتەوە لە ساحەی تەرەقیاتدا بە هەنگاوی زۆر خێرا پێش ئەکەوێ.

خۆ ئەگەر فەردەکان یەکێکی قووەتی موساویی صفربێ، یەکێکی تەئثیر بکاتە نقطەیەک یەکێکی عەکسی تەئثیربکا، یەعنی هەریەکێ نەوعە ئامالێک طەرزە غایەیەک، تەعقیب بکەن، ئەو میللەتە ئەکەوێتە حاڵی عەطالەتەوە و هیچ حەرەکەتێکی پێ ناکرێ. ئەو میللەتە خوانەخواستە نزول بکاتە ئەم دەرەجەیەوە زۆر زەحمەتە بەهیچ مەقصودێک بگات... لەسەر هەموو ئەفرادی ئەم قەومە نەجیبە فەرض و ئیلزامە کە بۆ مەنافعیی عوممییە موتەحید غیرەت و هەموو بۆ ئەم رۆژەموقەدەسە بۆ ئەم غایە موعەیەنە سەعی بکەین" (م.نووری، هەمان: ١)

ئامانجی کۆتایی شێخ نووری لەنووسینی ئەم بابەتە بانگەشەی یەکگرتن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردییە. ئەو دەڵێ پێویستە هەموو تاکەکانی نەتەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی یەکبگرن. تەنها بە هەوڵی هاوبەش و لە یەک ئاراستەدا، نەتەوەی کورد دەتوانێت پێشکەوتن بەدەست بهێنێت و کاتێک ئامانجی تاکەکان جیاواز و لێک دوور بێت، نەتەوە دەکەوێتە دۆخی وەستانەوە.

## پێنجەم: کێشەی موسڵ، ڕەخنە لە هەڵوێستی کورد بەرامبەر کێشەی موسڵ

دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕووخا و هێزە رۆژئاواییەکان (بە تایبەت بەریتانیا و فەرەنسا) دەستیان کرد بە دووبارە نەخشەکێشانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پەیماننامەی سێڤر (١٩٢٠) بەڵێنی بە کورد دابوو کە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ هەیە، بەڵام ئەم پەیماننامەیە هەرگیز نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە.

کۆنفڕانسی لۆزان (١٩٢٢-١٩٢٣) دەستی پێکرد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ لایەنەکانی کۆنفرانسەکە بریتی بوون لە:

- تورکیای کەمالیی نوێ (کە بە بەشێک لە خاکی خۆی دادەنا)
- بەریتانیا (کە بە کردەوە کۆنترۆڵی کردبوو و دەیویست بیلکێنێت بە عێراقەوە لە ژێر ئینتدابی بەریتانی)
- عەرەب (کە بە بەشێک لە خاکی عێراقیان دەزانی)

لە ژمارە ٦ی "رۆژی کوردستان"دا، شێخ نووری سەروتارێکی بە ناوی (ویلایەتی موصل لە لۆزاندا) نووسیوە، ئەم سەروتارە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە، لە قۆناغێکی چارەنووسسازی مێژوویی ناوچەکەدا ڕوانگەی کورد سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ دەخاتەڕوو، کە لەو سەردەمەدا بابەتی ناکۆکیی نێودەوڵەتی بوو لە نێوان تورکیا و ئینگلیز.

لەسەرەتای وتارەکەدا شێخ نووری ئاماژە بەوە دەکات کە لە لۆزان تورک و عەرەب، ئاشووری و نەستووری، لەسەر ولایەتی موسڵ کە کوردستانە شەڕیانە، لە کاتێکدا کورد کە خاوەن ماڵە پشتگوێ خراوە. ئەو کۆنفرانسەکە بە شەڕ لەسەر "ماڵێکی بێ خاوەن" وەسف دەکات.

وتارەکە بە نوێترین هەواڵ سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ دەستپێدەکات: لەم رۆژانەدا لە بەینی مورەخەصی تورک و عەرەبدا لەسەر ویلایەتی موسڵ مونازەعە و موناقەشە جەریان ئەکا و دیسان لە مەجلسی لۆزاندا مومەثلێک بە ناوی ئاثوری و

نەستوری لە ویلایەتی موسڵ دا ئیدعای حکومەتێکی موستەقیلە ئەکا.

ویلایەتی موسڵ کە بە ئیعتباری عموم کوردن، بە ناوی میللەتەوە مودافەعە یا غەصبی ئەم ویلایەتە بۆچی لە طەرەف ئەقووام سائیرە طەڵەب ئەکرێ؟

ئێمەی غافڵ و عاطل و بە وەطەنی خۆمان بێگانە طەبیعیە عالەمیش چاوی لە وەطەن و موڵکمان بڕیوە.

هەتا دوێنێ مەعذورەتێکی وەلەو نامەعقوولیش بێ بۆمان، فەقط ئەمڕۆ عەللمەلەئی ئەلناس خەریکی تەئسیسی حکومەتین و خەریکین لە بەینی ئەقووامدا ئیثباتی موجوودیەت بکەین. نابێ گەورەو بچوک بەرامبەر حقووقی مەشروعەی خۆمان ئەوەندە لاقەیدبین".(م.نووری،١٣٣٨، ر.ک ٦: ١)

شێخ نووری لەسەر غەفڵەت و بێ خەمییان بەرامبەر خاکەکەیان لۆمەی کورد خۆی دەکات، و پێی وایە ئەمەیە وایکردووە کەسانی تر چاویان بڕیبێتە نیشتمانەکەیان. ئەوەش ئەسەلمێنێ کە داواکارییەکانی تورک و عەرەب و ئاشوورییەکان پشت بە ڕاستییە دیمۆگرافییەکان نابەستن، بەڵکو ئەوان کەمینەیەکن ناوچەکەدا و خواستەکەیان نابەجێیە.

تورک، عەرەب یا ئاثوری حەقی دەعوایان لە ویلایەتی موسڵدا موجوودییەتێکی قەلیلی قەومییە، یەعنی نە تورک، نە عەرەب لە مەدا مەدافەعەی نەفس وەطەنی خۆیان نییە، بیلعەکس حیرصی جاە وەیا وەفاە قیسمێکی قەلیلی جینسی خۆیان طەڵەب ئەکەن، ئەگەر مەجلیسی ئەقووام ئەم نەوعە موطاڵەبانە مەشروع بزانێ، ئایا مودافعێکی حقووقی کورد لە طەرف ئێمەوە واقیع ببێ، چۆنی تەلەقی ئەکا؟ ئێمە ناتوانین جوابی ئەمە بدەینەوە، چونکە دەرحەق بە موقەڕەراتی کوردستان لە فیکر مەجلسی لۆزان بێ خەبەرین، یەعنی ئەو حوکومەتانەی کە مورەخەصیان ناردوەتە لۆزان، لە پرۆژەیاندا حکومەتەوە یا قەومییەتێکیان بۆ کورد تەصەور کردووە یان نا؟ موحافەظەی ئەقەلیات تەشمیلی کورد ئەکا یا نا؟

ئەڵبەتە خەیر، چونکە ئەم موناقەشانە لە میللەت زیاتر لەسەر ئەراضیەکە کە لە بەینی تورک و عەرەبدا تەرجیحەن لازمە بە کامیان تەسلیم بکرێ. (م.نووری، هەمان: ١)

سەرنووسەری ڕۆژی کوردستان لە تارەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە داواکاریی کورد پاراستنی کەمینەکان نییە، چونکە کورد کەمینە نییە، بەڵکو دانپێدانانە بە مافی گەلێکی گەورە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە نێو سنوورێکی جوگرافی و سروشتی خۆیدا.

بەحتی موحافەظەی ئەقەلیاتیش دائیر بەحکومەتێکی نەسطورییە ناوی کورد مەعەل تەئەسەف هەر ئەوە مەوضوعیی بەحث نییە.... طەڵەبی ئێمەش لە مەجلیسی لۆزان موحافەظەی ئەقەلیات نییە، مودافەعەی حەقی حەیات میللەتێکی گەورەی سەربەخۆی صاحێب وەطەنە؛ ذاتەن دائیر بە تەشکیلی حکومەتێکی کوردییە، وەقتی خۆی لەسەر موذاکەرەیەک کە لە طەرەف کورد عەلی پاشا زادە نامیق بەگەوە بە مەجلیسی سەن ریمۆ تەقدیم کرابوو، لەمەجلیسی مەذکوردا دوورو درێژ ئیستیقلالیەتی کوردستان مەوضوعی بەحث کرابوو. مەعلئەسەف لەبەرئەوەی کە طالیعی صوڵحی عمومی موساعیدەی نەکرد و لەو مەجلیسەدا صوڵح تەقەڕوری نەکرد، لەبەرئەوە مەسەلەی کوردستانیش مەسکوت عەنهو مایەوە، ئەمجارە لە مەجلیسی لۆزان ئومێد وا دەکەین کە کوردستانێکی موستەقیل لە داخلی حدودێکی جوغرافی و طەبیعیدا

بۆمان تەشکیل بکا و هەموو نەوعە حقووقی مەشروعە و حەقی حەیاتیمان بداتێ. (م.نووری، هەمان: ١)

سەرەرای داواکارییەکانی شێخ نووری و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥ (دوو ساڵ دوای نووسینی ئەم وتارە) بڕیاری دا ویلایەتی موسڵ لە ژێر ئینتدابی بەریتانیدا بخاتە سەر عێراق، لەگەڵ بەڵێنێکی درۆینە بەوەی مافەکانی کورد دەپارێزرێ.

ئەم بڕیارە نسکۆیەکی گەورە بوو بۆ خواستە نەتەوەییەکانی کورد، و بوو بە بناغە بۆ ململانێی بەردەوام لەسەر خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی کوردی لە عێراق، تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

ئەم وتارەی شێخ نووری لەو کاتەدا لە چەند روویەکەوە گرنگە:

١. هەڵوێستی فەرمی کوردی لە قۆناغێکی چارەنووسسازی مێژووی ناوچەکە تۆمار دەکات.

٢. رەنگدانەوەی هۆشیارییەکی نەتەوەیی پێشکەوتووی کوردە لەو سەردەمەدا

٣. نائومێدی کورد دەخاتەڕوو لە پشتگوێخستنی مافە نەتەوەییەکانیان لە لایەن هێزە گەورەکانەوە

٤. بەڵگەنامەیەکە بۆ گفتوگۆ لەسەر داهاتووی ناوچەکە پێش نەخشەکێشانی سنووری کۆتایی دەوڵەتەکان لە ناوچەکەدا

شەشەم: داوای حقووقی مەشروعە

وتاری "داوای حقووقی مەشروعە"ی م. نووری کە لە ژمارە (٨)ی رۆژنامەی رۆژی کوردستان لە ١٠ کانونی دووەمی ١٩٢٣ بڵاوبووەتەوە، وەک زۆربەی وتارەکانی دیکەی پێویستە وەک دۆکیومێنتێکی دەگمەنی گوتاری سیاسی- نەتەوەیی کوردە لە سەرەتای سەدەی بیستەم تەماشا بکرێت، چونکە چەندین لایەنی گرنگی گوتاری سیاسی کوردی لەو قۆناغە هەستیارەدا لەخۆ دەگرێت.

شیعرییەدا شاعیر چەند وشەیەکی سروشتی بەکارهێناون، کە هەر یەکەیان جوانی و سروشتی تایبەتی خۆیان هەیە و شاعیر بۆ لێکچواندن بە ژیانی خۆی بە کاریهێناون، کە واتای دووەمیان یان مەدلوولی پشتەوەیان تایبەتە و مەبەستی تایبەتی و سەرەکی شاعیریان لە پشتە، کاتێک باسی دڵی بێدەنگی دەکات کە وەک سەراب گەرمە، بەڵام بۆ دیداری خۆشەویستەکەی پرە لە گوڵی ئاڵ، واتا: دڵی بۆ ئەو زیندووە و لەو پەڕی باشی و خۆشی دایە، بەڵام بۆ خۆی بە پێچەوانەوە وەک سەرابە، کە دوورە لە ڕاستی واتا هەر بوونی نییە.

شنەی شەماڵ

مەدلوولی١: بایەکی فێنک و سارد و هێواشە، بەشێکە لە سروشت.

مەدلوولی٢: هەناسەی وەک شنەی شەماڵ هێواش و سارد و سڕە.

شاعیر وشەی سروشتی شنەی شەماڵی بۆ واتای فەرهەنگی خۆی بەکارنەهێناوە، کە بایەکی فێنک و لەسەر خۆیە و کاتێک هەڵدەکات مرۆڤ پێی بێزار نابێت، بەڵکو بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی باکاریهێناوە، کە هەناسە و ئاهی بەجۆرێک هێواشە کە نیشانەیە بۆ نەخۆشی و ساردە لەو بایە دەچێت.

شاعیر لە دەقە شیعرێکی تردا بە ناو نیشانی (باڕەش)دا دەڵێت:

ئای لە باڕەشی خەمبار، دیسان گەڵای هەڵوەران
پاییزی گرتە باوەش، سەراپا باخ و بێستان
فرمێسکی هەوری ئاسمان، دڵدانەوەی گوڵان بوو
لەگەڵ وەرینی گەڵا، تەمەنی دار بەسەر چوو
هەرگیز ناگەڕێنەوە، ڕۆژەکانی بەهاری
سێبەری مەستی داران، گشتی بوونە یادگاری
(محەمەد ٢٠١٧: ١٧٦)

باڕەش

مەدلوولی١: ڕەشەبا، بایەکی بە قوەتە کاتێک هەڵدەکات تۆز و گەردەلوولی لەگەڵدایە، سەرچاوەشە بۆ گواستنەوەی تۆوی ڕووەک و پیتاندن.

مەدلوولی٢:لای شاعیر، باڕەشی بۆ دەلالەت لە کارەساتێکی ناخۆش، خەماوی، دڵتەنگی، بێتاقەتی بەکارهێناوە، سەرچاوەیە بۆ کارەسات و کاولکاری.

گەڵای هەڵوەران

مەدلوولی١: ئەو گەڵایانەی لە دار دەبنەوە و دەکەونە سەر زەوی.

مەدلوولی ٢: لای شاعیر، کوژران، مردن، کۆچی بەکۆمەڵ....تاد.

پاییز

مەدلوولی١: پاییز وەرزی زەرد بوونی گەڵای دار و هاتنی سەرما و سۆڵەیە.

مەدلوولی٢: خەزان، هەڵوەرین، دڵتەنگی، لە ناو چوون و نەمان و وشک بوون ...تاد.

کاتێک دەقەکە دەخوێنیتەوە بە پێی سیمیۆلۆژیا، کە شاعیر هەر لە ناونیشانەکەیەوە باڕەش، ناوێکی سروشتییە و دەلالەت لە هاتنی بایەکی بەهێز دەکات، کەلای زۆربەی مرۆڤەکان بایەکی ناخۆشە و تۆز و خۆڵاوییە، کە لەناو دەقەکەشدا دووبارە باسی ئەو بایەدەکات، کە واتا و مەدلوولی دووەمی پشت وشەکە کارەساتێکی ناخۆشە و بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە. دواتر ناوی وەرزی پاییزی هێناوە، کە بەلای هەندێک لە مرۆڤەکانەوە وەرزێکی ناخۆشە، بە پێچەوانەشەوە، لای هەندێکی تر وەرزێکی خۆشە. وەرزی خەزان و هەڵوەرینە و شاعیریش بە واتای هەڵوەرینی ڕۆڵەکانی نیشتیمان بەکاریهێناوە، کە وەک گەڵای دار چۆن لەم وەرزەدا دەوەرێت هەڵیان دەوەراند و دەمرن و لەگەڵ هەڵوەرینیشیان تەمەنیان بەسەر چوو و نەمان. هەرگیز ناگەڕێتەوە ڕۆژەکانی بەهاری، شاعیر مەبەست و دەلالەتی لە

هێنانی ئەم وشەیە بۆ ئەو ڕۆژانەیە، لەسەرەتای تەمەنیدا بووە و لەوپەڕی هێز و توانای جەستەییدا بووە و بە خۆشی ڕۆژەکانی ژیانی بەڕێکردوون و بە ڕۆژگاری بەهاری چواندوون لە خۆشیدا. واتا شاعیر لەم دەقەیدا کۆمەڵێک وشەی سروشتی بۆ مەبەست و واتای تایبەتی خۆی بەکارهێناون، کە هەمان واتای فەرهەنگی وشەکان نادەن بە دەستەوە.

لە دەقێکی تردا بە ناونیشانی(دڵ وەرین)دا دەڵێت:

ئەی شنەی با لە من هەڵکە تا دڵ هەناسەی پێ ماوە
هەتا خەزان بەیەکجاری چۆکی بە گوڵ دانەداوە
تاکو بەفر نەیگۆڕیوە ڕەنگی قژ و سەر و سیمام
عەقڵم هێشتا کاڵ و فامە لە نێوانی هەردوو دنیام
(محەمەد ٢٠١٧: ٢٧١)

بەفر

مەدلوولی ١: سپییە، ساردە، لە وەرزی زستان و بەهاردا دەبارێت.

مەدلوولی٢: لای شا عیر سپی بوونی پرچی، بەسەرچوونی تەمەن و بە تەمەندا چوون.

وشەی بەفر لەم دەقە شیعرییەدا، کە دیاردەیەکی سروشتییە شاعیر بە واتای فەرهەنگی خۆی بەکارینەهێناوە، بەڵکو ڕەهەندێکی سیمیۆلۆژی تایبەتی هەیە و شاعیر بۆ مەبەستی خۆی بەکاریهێناوە، کە لە سیاقی دەوروبەری وشەکەوە دەردەکەوێت، کە شاعیر مەبەستی بەسەرچوون و ڕۆیشتنی تەمەنییەتی کاتێک پیر و لاواز و بێ دەسەڵات دەبێت و پرچی سپی دەبێت و تەمەنی بەرەو کۆتایی لە هەڵکشاندا دەبێت و تامی ژیانی لا نامێنێت و تەمەنی نائومێدی دەست پێدەکات.

## ئەنجام

ئەحمەد محەمەد وشەی لە چەندین کێڵگەی واتایی جیاواز بە چەندین مەدلولی جیا بەکارهێناون لەوانە: ڕەنگ، سروشت، کەسایەتی. سیمیۆلۆژیای وشە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیر بە پێی سیاق و ئەو شوێنەی وشەکەی تێدا هاتووە، کە وەک کۆد و هێما دەردەکەون دەدۆزینەوە، چونکە واتاکەیان جیاوازە لە واتای فەرهەنگی وشەکە. ڕەنگەکان لە ژیانی مرۆڤدا ئامادەبوونی چالاکیان هەیە و ڕۆڵی جۆراوجۆر دەگێڕن و شاعیر بەشێک لە واتای ویستراوی خۆی لە پشت ڕەنگەکان بە مەدلولی جیاواز دەربڕیون. ناو، وەک کەسایەتی مێژوویی دیاری ناو کورد لای شاعیرانی پێشووتریش بەکارهاتوون و لای شاعیریش بۆ مەدلولی دووەم بەکارهێنراون و ڕەهەندێکی سیمۆلۆژییان هەیە. سروشت، کە وەک سەرچاوەی هەوێن و ئیلهامی شیعری لای شاعیران ناسراوە و لای شاعیریش بۆ کۆمەڵێک واتای تایبەتی بەکارهاتووە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هزر و بیری شاعیر هەیە؛ بۆیە چەندین وشەی لە سروشت وەرگرتووە و واتایەکی تری نوێ و جیاوازی لێبارکردوون.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە کوردی

-ئەحمەد، کۆسار عومەر(٢٠٢٠)، (ڕەنگی سوور لە شیعری کلاسیکی کوردیدا)، گۆڤاری کورد نامی، لا١٠٩-١٢٦.

-ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١٥)، (فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

-ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١١)، (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی)، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

-باپیر، ئاڵا(٢٠٢٢)، (سیمیۆلۆژیای کەلتوور)، چاپخانەی تاران.

-دزەیی، عبدولواحید موشیر (د)، (٢٠١٣)، (وشەسازی زمانی کوردی)، هەولێر، چاپی دووەم.

- ئیبراهیم، محەمەد عبدلکریم(٢٠٠٩)، (زمانی شیعری و ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ (ئەزمونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بە نمونە)، زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر.

-کریم، شاخەوان باوەدین (٢٠٢٣)، (سیمۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (کوردی ناوەڕاست)، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

-ڕەئوف، لو قمان (د)، (٢٠٢٢)، (سیمیۆلۆژیای شوێن لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا هەڵەبجە بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە(٧)، لا٢٧-٥٤.

- ڕەئوف، لوقمان (د)، (٢٠١٧)، (سیمیۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا: دیوانی ڕەنگدان بە نموونە)، مجلة جامعة التنمية البشرية، ژمارە(٣)، لا٤٥٣-٤٨٢.

-خۆشناو، سەرباز مەجید(٢٠١٩)، (سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، هەولێر، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر.

-محەمەد، ئەحمەد(٢٠١٧)، (دیوانی تەمەن)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

-مەنتک، حەمە(٢٠١٨)، (میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی(ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووی تیۆرییەوە)، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

-مەحمود، فازیل مەجید(٢٠٠٧)، (سروشت لە شیعری گۆراندا)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم.

- مشەختی، کامەران ئیبراهیم(٢٠١١)، ( سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی (مەلای جزیی)دا)، دهۆک چاپخانەیا خانی، چاپی یەکەم.

-فضل، صلاح (د)، (٢٠١٦)، (مێتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ)، پ.د. سەردار ئەحمەد گەردی، هەولێر، ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم.

-نەقشبەندی، ئازاد محەمەدئەمین کاکە شێخ (د)، (٢٠١٧)، (جوگرافیای ژینگە)، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

-عزیز، ژوان عبدالسلام و محمد، یوسف علی(٢٠١٩)، (دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعرییەکانی مستەفا بەگی کوردیدا)، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی گەرمیان لا١١٤-١٣٢.

### بە عەرەبی

-حمداوی، جمیل(١٩٩٧)، ( السیمیوطیقا والعنونة)، مجلة عالم الفكر مجلة، (٢٥) عدد٣، تصدر عن مجلس الوطنی للثقافة والفنون و الأدب-الكويت، ص٧٩-١١٠.

- قطوس، بسام(٢٠٠١)، ( سیمیاء العنوان، وزارة الثقافة)، الأردن، ط١.

- قطوس، بسام(٢٠٠٦)، (المدخل الی مناهج النقد المعاصر)، اللأسكندرية، ط١.

-عیاشي، منذر(د)، (٢٠٠٩)، (العلاماتية و علم النص)، حلب، مركز اللأنماء الحضاری.

-مونان، جورج (٢٠١٥)، (سوسیر أو أصول البنيوية)، ت: د.جواد بنیس، بیروت -لبنان، طبعة الاولی.

-مونان، جورج (١٩٨١)، )مفاتیح الأسنیة)، ت:الطیب

بكوش، الطبعة الأولى، منشورات الجديد، تونس.

- عبدالستار عطاالله، ايمان(٢٠٢٠) سيمياء اللون في العروض الفنتازية لمسرح للطفلز مجلة الأكاديمى،العدد٩٥، ص ٧١- ٨٦.

- حمداوى،جميل(مدخل الى السيميائية) www. net.alukah

به ئینگلیزی

Mounin, Georges. Semiotic Praxis - .1985. Ais-Marrxilles, France

.

## الملخص

تم إجراء هذه الدراسة تحت عنوان: سيميائية كلمة في قصائد أحمد محمد اللون، الشخصية، الطبيعة. وهي محاولة لكشف البعد السيميائي في قصائد الشاعر، وجميع تلك الرموز والإشارات والدلالات التي انعكست في إطار الكلمات داخل قصائده، استعمل الشاعر العديد من الكلمات في نصوصه التي تحمل مدلولا ثانيا، حيث اختفت خلفها مجموعة من الدلالات المعنوية التي يمكننا تفسيرها، واستنباط المعنى المحمول للكلمات، وذلك في أثناء السياق والموضع الذي وردت فيه، وقد اعتمد في هذه الدراسة على المنهج (الوصفي - التحليلي) بالاستناد إلى رؤية علماء السيميائيات (سوسير، جورج مونان). وأهم النتائج التي تم التوصل إليها خلال الدراسة، فهي: اكتشاف البعد السيميائي لتلك الكلمات التي تحمل معنى ثانيا ومعنى آخر محم□لا عليها. وهي كلمات حقل (اللون، الشخصية، الطبيعة)؛ لأنها تظهر بشكل واسع في قصائد الشاعر، بحيث استعملها الشاعر لأغراضه الخاصة، وحاول توظيفها للمعنى المقصود الذي يتناسب مع إيصال المعنى وتشكيل الصورة الشعرية وجماليات النص.

## Abstract

This study, titled "The Semiology of Words in the Poetry of Ahmed Mohammed (Colour, Personality, Nature)," was conducted to explore the semiological dimension within the poet's work. It examines the symbols, emblems, and connotations that are reflected in the words of his poems. The poet frequently uses words that carry a secondary, hidden meaning, along with a collection of semantic connotations. These loaded meanings can be interpreted and uncovered by analysing the context in which the words appear. This research utilizes a descriptive-analytical methodology, drawing on the semiological theories of Saussure and Georges Mounin. The findings reveal the semiological dimensions of words that possess a secondary or loaded meaning, particularly those related to the fields of colour, personality, and nature. These specific words are prominent and widely used throughout the poet's work. Ahmed Mohammed employs them purposefully, aiming to convey a desired meaning that is appropriate for creating poetic imagery, enhancing aesthetics, and aligning with the overall theme of the text.

وەرگرتن ٢٠٢٥/١٠/١٦/
پەسەندکردن ٢٠٢٦/١/٧

# ناسنامە لە فەلسەفەی باروخ دی سپینۆزادا*

کارزان حەمە علی جعفر
زانکۆی ڕاپەڕین: کۆلێژی زانستەمرۆڤاییەتییەکان،
بەشی فەلسەفە و گەشەپێدان،
karzanali056@gmail.com

پ. د. مسلم حسن محمد
dr.muslimhasan2004@uor.edu.knd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە بنچینە و تێڕوانینی سپینۆزا لە چەمکی ناسنامە دەکۆڵێتەوە. تیشک دەخاتە سەر جەوهەر و پەیوەندییەکانی بە ناسنامە لە نێو گەردوندا. هەروەها جەخت لەسەر ڕۆڵی ناسنامە دەکاتەوە وەک بنەمایەکی یەکگرتوو لە هەموو ئەو شتانە کە بە دوالیزم یا دوانەیەکی دابڕاو و نامۆ لە یەک پێناسەکراون. میتۆدی وەسفی شیکاری و بەراوردکاری بەکارهاتووە بۆ تێڕوانینەکانی سپێنۆزا، ڕۆڵی ئەقڵ لە ڕێکخستن و تێگەیشتن لە هەموو ئەو شتانەی لە نێو بووندا هەن، هەروەها ناساندنی جەوهەر لەدیدی فەیلەسوفەکانەوە لە قۆناخە جیاجیاکاندا و ڕوانینایان بە تێگەی ناسنامە و کاریگەرییان بەسەر فەلسەفەی سپێنۆزادا، مرۆڤ یاخود تاک هیچ ناسنامەیەکی سەربەخۆی نییە لە گشتیدا نەبێ، بەڵکو ناسنامەکەی بە پێگەیی خۆی لە چوارچێوەیی هۆکار و هۆکردەدا دیاری دەکرێت، کە خوا یان سروشت پێکدەهێنێت، دامەزراندنی ناسنامەی مرۆڤ لە چوارچێوەیی یەک جەوهەریدا دادەمەزرێت، ئەویش لە سیفەتی بیرکرنەوە و درێژبوونەوەدا، بەم شێوەیە ناسنامە بوونێکی دیاریکراویی تاک یا گشت نییە، بەڵکو تێگەیەکی مێتافیزیکی و (ئیتیکا) یە، کە دوالیزمی نێوان خوا و جیهان تێدەپەڕێنێت، تێگەیشتنێکی نوێ مرۆڤ وەک بەشێک لە کۆیی پڕۆسەی بیرکرنەوە و درێژبوونەوە و خوا و سروشت دادەمەزرێنێت.

کلیلە وشەکان: ناسنامە، جەوهەر، خوا، سروشت، مرۆڤ

* ١١/٢٤ی ساڵی ١٦٣٢ باروک ئێسپینۆزا (Baruch)یان (Bento de Spinoza)(بدوي ١٤٢٧: ١٣٧). بندکتۆس سبینۆزا لە شاری ئەمستەردام لە دایک بوو، لە خێزانێکی جوو بە ڕەچەڵەک پورتۆگالی مارییەکان بوون، لە ترسی دادگای کڵێسا کۆچیان کردبوو بۆ ئیسپانیا، لە ئیسپانیاش بەزۆر دەکران بە مەسیحی، لەوێش کۆچیانکرد بۆ هۆڵندا کە ئەو کات بە هۆڵندایان دەگوت (ئۆرشەلیمی نوێ)، لە شاری ئەمستەردام جووەکان لەوێ بە ئازادی مومارەسەیی ئایینی خۆیان دەکرد.

## (١) پێشەکی

تێگەی ناسنامە، لە فەلسەفەیی سپینۆزادا، پەیوەست بووە بە لێکۆڵینەوە لە سروشتی مرۆڤ و پەیوەندییەکەی بە جیهان و پرسی جەوهەر و جێگیریی و گۆڕانکارییەوە، هۆکاری فەلسەفی بە هێز هەن کە بۆچی هەڵبژاردنی سپینۆزا بۆ تێگەیستن لە ناسنامە ورد و ڕەوایە. چونکە سپینۆزا تێگەیشتنێکی "دوو-لایەن-نەبوو"ی بۆ ناسنامە پێشکەش بکات. ناسنامە لێرەدا بوونی هەیە، لە جەستەدا، لە بیرکردنەوەدا، لە جیهاندا. پێش ئەوەی سپینۆزا هەموو ئەو شتانە لە مێژووی فەلسەفەوە لە پلاتۆنەوە تا دێکارت بە دووانەیەکی دابڕاو لەیەک بوون، لەلای سپینۆزا دەبێتە یەک، لێرەش تێگەیی ناسنامە قوڵترە لە هەر تێگەیەک کە هەموو ئەم شتانە لە خۆ بگرێت، تێگەیی ناسنامە بۆ پێناسەکردن و ناسینی هەر شتێکە کە لە تیۆر و پراکتیکەدا هەبێت. ئەم کێشەیە لە فەلسەفەی نوێدا شێوەی جۆراوجۆریی وەرگرتووە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە گەورەکان کە فەیلەسوفە عەقڵانییەکان لە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان خوا و بووندا هێنایانە ئاراوە، لەم چوارچێوەیەدا (سپینۆزا) توانی دابڕانێک لە نێوان مەعریفەت و میتۆتی باودا بکات، لە نێوان قوتابخانە میتافیزیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەیی دێکارتدا، ڕەخنەیی قووڵی لێگرتن، لای سپینۆزا ناسنامە لە جەوهەرێکی تاکەکەسی یان خودێکی سەربەخۆدا کورت نابێتەوە، بەڵکو دیاریکردنێکی تایبەتە بۆ یەک جەوهەری بێکۆتایی،"خوا یا سروشت" بەم شێوایە ناسنامە دەبێتە بەشێک لە سیستەمی پێویستی سروشتی، کە هەبووەکان نەک بەسەربەخۆیی خۆیان، بەڵکو لە چوارچێوەیی هۆکار و هۆکردەکاندا جەوهەردا سەر بە خۆیان پێناسە دەکرێت، ئەم دیدە گرنگی خۆی تێپەڕاندنی ڕەهەندە میتافیزیکییەکانەوە بۆ ڕەهەندی ئاکاریی و پراکتیکیەکان بەدەست دەهێنێت، کاتێک مرۆڤ درک بەوە دەکات لە ناسنامەکەی موڵکی ڕەهای خۆی نییە، بەڵکو سەر بە سروشتێکی هەمەلایەنەیە، لە وەهم ڕزگاری دەبێت و لە ڕێگەی زانینی ئەقڵانی و هەستەکییەوە دەگاتە ئازادیی، بەم شێوازە ناسنامە لە دیدی سپینۆزا دەبێتە دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی مرۆڤ لە خۆی و بە جیهان. لەم توێژینەوەیەدا خستنەڕوی ئەوەی کە چۆن سپینۆزا ناسنامە لە چوارچێوەی فەلسەفی میتافیزیکی و ئاکاری خۆیدا تێگەسازیی دەکات، لەکاتێکدا کە تێگەیی ناسنامە بە شێوەیەکی نەریتی پەیوەست بووە بە جەوهەرێکی تاکەکەسی جێگیر یان خودێکی سەبەخۆوە، سپینۆزا تێگەیەکی جیاواز پێشکەش دەکات، ناسنامە بە جەوهەرێکی تاک و بێکۆتاییەوە دەبەسێتەوە کە بەپێویستی دەزانێت نەخشەکانی لە سروشتدا دیاریکراون، ئەمەش چەند پرسیارێک دەوروژێنێت؛ ئایا دەتوانین بە گوێرەیی سپینۆزا باسی ناسنامەیەکی تاکەکەسی سەربەخۆ بکەین؟ یان ناسنامەی مرۆڤ تەنیا لە ژێر ڕۆشنایی ناسنامەیی گشتی جەوهەردا تێدەگەین؟ چۆن دەتوانین یەکێتی جەوهەر لەگەڵ قۆناخە فرەییەکاندا ئاشت بکەینەوە، چۆن تێگەیی ناسنامە لەسەر بنەمایی یەکگرتوویی بوون و ناچارەکی سروشتی دادەمەزرێنێت؟. میتۆدی بەکارهاتوی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری و بەراوردکاری، لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە هەوڵدراوە شیکردنەوەیەک بۆ تێڕوانییەکانی (سپینۆزا) بکرێت لە بارەی ناسنامە  و جەوهەر و هەروەها یەکێتی بوونی خوا و سروشت.  پێکهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە (٤) تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم باس لە جینالۆجیایی تێگەیی ناسنامە دەکات، تەوەری دووەم ناسنامە لە فەلسەفەی

یۆناندا بەتایبەت ناسنامە لە دیدی دوو فەیلەسوف (ئەفلاتون و ئەرستۆ) دەكات، هەروەها لە تەوەری سێدا ناسنامە لە فەلسەفەیی نوێ دێكارت بە نموونە، و لە تەوەری چواردا ناسنامە لە دیدی سپینۆزادا ڕوون دەكرێتەوە.

گرنگی توێژینەوە: گرنگی توێژینەوە لەبارەیی ناسنامە لەلای سپینۆزا

١.چونكە ناسنامە لە ڕووی ڕامیارییەوە دەگۆڕێت بۆ ناسنامە لە ڕووی گەردوونی جیهانی.

٢.هەموو ئەم شتانەی كە هۆكاری لێكتێنەگەیشتن بوون لە درێژایی مێژوودا، ناسنامە دەیانكاتە یەك بابەتی دوانەیەكی لەیەك دانەبڕاو.

٣.گرنگترین ئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

شیكردنەوەی تێگەی ناسنامەی (سپینۆزا) وەك بەشێكی جەوهەری لە سیستەمی فەلسەفەكەیدا، بەستنەوەی بە تێگەكانی جەوهەر و سیفەت و دۆخەوە. ڕوونكرنەوەی پەیوەندی نێوان ناسنامە و یەكێتی ڕوح و جەستە، هەروەها، پرسی مرۆڤ لە چوارچێوەیی یەكگرتووی سروشتدا لە دیدگای(سپینۆزا)دا. دەرخستنی ڕۆڵی (سپینۆزا) لە بنیادنانی دیدێكی ئەقڵانی یەكگرتوو بۆ پرسی بوون.

## تەوەری یەكەم: جینالۆجیا تێگەی ناسنامە

تێگەی ناسنامە ئاماژەیەكی زمانەوانی هەیە، ناسنامە بە واتایی تایبەتمەندی جێگیربوون دەكات لە نێو خود، واتە نیشانەیی ئەوەی كە یەكسانە، ئەمەش تایبەتمەندی تاكە كە لە هەموو بارودۆخێك وەك خۆی دەمێنێتەوە.(لالاند ٢٠١٢: ٦٠٧) و لە ڕووی بەكارهێنانێكی فەلسەفی، و سۆسۆلۆژی، و سایكۆلۆژی،و كەلتووری هەیە، ئەم تێگەیە لە زۆر بواردا بەكار هاتووە، ئاماژەی پێكراوە وەك ناسنامەی تاك، وناسنامەی خود، یا ناسنامەی ئەوانی تر، ئەمەش وای كردووە بە زۆر بەی فەیلەسووفەكان گرنگی بەم تێگەیە بدەن، و شوێنێكی گرنگی بۆ دابنێن لە نێو بەرهەمەكانیاندا، تێگەی ناسنامە تێگەیەكی نوێ نییە، بەڵكو بگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی كۆن و دواتر بە پێ گۆڕانكاری ئەو تێگەیە گەشە دەكات، تا دەگاتە فەلسەفەی نوێ. تێگەی ناسنامە چۆن لەفەلسەفەی كۆندا بەتایبەت لای فەیلەسوفانی سروشتی باسكراوە.

## تەوەری دووەم: ناسنامە لە فەلسەفەی یۆنانی

لێرەدا دەشێ ئەم تێگەیە (جەوهەر) ڕوون بكەینەوە بەمانایی چی دێت لە زمانی یۆنانیدا، ئەم تێگەیە هەروەك كە بەجەوهەر ناسراوە لە وشیەكی یۆنانی هاتووە، ئەویش (ئۆزیا Ousia) لەسەرەتادا لە ئەدەبیاتی یۆنانی كۆندا بە مانایی"سیفەت یان تایبەتمەندی"بەكار دەهێنرا، بەڵام لە دواتر گۆڕان بەسەر ماناكەیدا هات گوزارشت بوو بۆ مانایەكی سەرەكی جەوهەر، جەوهەریش یەكەم بەمانایی شتێكی تایبەتمەندی هەستپێكراو، دووەم جەوهەر بەو شتە دێ كە شتێكی سەرەكییە لە بووندا، ئەویش ناسینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆی، ئەمەش ناسنامە و چییەتی خۆی وێنەدەكات،

چەمكی ناسنامە گۆڕانكاری بەسەردا هات دوای ئەوەی لە فەلسەفەی یۆنانی و دواتر فەلسەفەی ئیسلامیدا بۆ سەرچاوەیی شتەكان بەشێوازێكی گشتی بەكار دەهات، لە سەردەمی نوێدا ناسنامە بەرگێكی نوێ پۆشی بەوی ناسنامە بووە تێگەیە بۆ تاك بەكار دەهات، كە تاكێك لە هزراندن لەشتەكان بۆ هزراندن لە خود، لەم توێژینەوەیەدا چەند فەیلەسووفێك وەردەگرین.

بە درێژایی مێژووی فەلسەفەدا تێگەی جەوهەر یەكێك بووە لە تێگە گرنگەكان، كە لە فەلسەفەی

کلاسیکەوە و، بەتایبەت لە لای فەیلەسوفی سروشتییەکان باسکراوە، هەوڵی ئەوە دراوە لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە بە دوای شتێکدا بگەڕێن کە بەراورد بە تێگەی گۆڕان دابنرێت، ئەویش جەوهەر(Substance) بووە، تێگەی جەوهەر سەرچاوەی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی، بەتایبەت ئەرستۆ تالیس کە بەشێوەیەکی فراوان بەکاری هێناوە و، تایبەتمەندیەکی داوەتە پاڵ ئەم تێگەیە.

هەروەها تێگەیی (جەوهەر Ousia) هاومانایی تێگەیی (سروشت Physis) دێت، کە بەمانایی ڕەسەنیەتی شت دێت یان ئەو پێکهاتەیە کە هەموو شتێک لەگەڵ ئەودا هاتووە، لێرەدا بە سێ مانا لە فەلسەفەی یۆنانیدا هاتووە یەکەم؛ ئەو شتەیە کە هەسپێکاوێکی تاکیەتییە، ئەمەش یەکێکە لە مانا سەرەکییەکانی جەوهەر لە لای ئەرستۆ، دووەم ئەو سیفەتە سەرەکیانەن کە سروشتی جەوهەر پێکدەهێنن ئەویش ماهیەتە، ئەم واتایە کە ئەفلاتون بەکاریی هێناوە و، مانایی سێیەم جەوهەر بەواتایی سەرچاوەیی شتەکان یا بنەمایی شتەکان کە جیهانی لێوە هاتووە(السراي ٢٠٠٩: ١٢).

١.ئەفلاتون Platon(٤٢٧-٣٤٧پ.ز):

ناسنامە لە هزرینی ئەفلاتوندا لە بابەتی خود و ئەوی کەدا بەدەر دەکەوێت، یەکایەتی و ناسنامە دەبنە بنەما سەرەکییەکان، بۆ چییەتی فۆرم(ریکور، ٢٠١٢، ٢٦). لەکاتێکدا کە بەرکەوتە لە نێوانیاندا ڕوودەدا، لە دیدی ئەفلاتونەوە دەشێت جیاوازی لە نێوانیان بکەین، یەکەم؛ یەک ناسنامەیی واتە تاکایەتی، دووەم؛ ناسنامەی ئەویتر، کە جیاوازە لە یەکەم، لە بەرانبەریدا، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە، "دیالێکتیک لە نێو ناسنامە و جیاوازیەکان، لە ناخی خودی بوونەوە دەردەکەوێت، واتە بوون، ئەمەش جیاوازە لە ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی ئەو دان، خود گریمانەی ئەوەیتر دەکات، ناسنامەش گریمانەی جیاوازیەکان دەکات(خشبة ٢٠١٢: ١٩٢).

٢.ئەرستۆ تالیس Aristotle(٣٨٤-٣٢٢پ.ز):

لە پەرتووکی مێتافیزیکدا ئەرستۆ دەڵێت: "ناسنامە کۆمەڵێک مانا لە خۆ دەگرێت"(المسكيني، ٢٠٠١، ٥) دواتر ئەم مانایە دەگوازرێتەوە بۆ لۆژیک لە دیدی ئەرستۆدا لۆژیک بەشێکە نییە لە فەلسەفە، بەڵکو لۆژیک ئامرازێکی مەعریفەیە زەهن لە هەڵەکردن دەپارێزێت، هەروەها ئامرازێکە بۆ توێژینەوە لە هەموو کایەیەکی مەعریفی، بۆیە دەبینین ئەرستۆ دابەشی دەکات بۆ دوو بەش.

بەشی یەکەم تیۆرییەکانە: ئەویش زانست یا فەلسەفەی سروشتی دێت، ماتماتیک، مێتافیزیک، بەوە پێناسەیی دەکات کە توێژینەوەیەکە لە بارەی بوونەوە بەوەی کە بوونی هەیە.

بەشی دووەم پراکتیکیەکان: ئەمەس پێکدێت لە، ڕامیاری، ئابووری، گوتار، زانستی پزیشکی، ئەمانەش یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش ئامانجی پزیشکی بە دەستهێنانی شادییە بۆ نەخۆش و چارەسەرکردنی، ئامانجی ئابوریش بە دەستهێنانی پارەیە، بۆیە لۆژیکی نەکردووەتە بابەتێک وەک لە تیۆر و پراکتیکییەکاندا هەتووە، چونکە لۆژیک بابەتێکی سروشتی نییە، هەروەها ئاکاریش و وجودی و ڕامیاری و ئابووریش نییە، بەڵکوو لۆژیک یاسا و ڕێسایی هزراندنە.

تێگەی لۆژیک ئەرستۆ داینەهێناوە وەک ئەوەی ببێتە تێگە، بەڵکوو داهێنانی تێگەی لۆژیک لە سەردەمی ڕواقییەکاندا بۆ یەکەم جار بەکارهێنا وەک تێگە، ئەمەش لەسەرەتایی سەردەمی زاینیدا

بووە، چونکە لە پێشتردا بە ئۆرگانۆن ناوی هاتووە، ئەویش کە بەمانایی ئامرازێک دێت، ئەویش پێناسەی بەم شێوازە دێ ؛ کە زانستێکە کە دەگەڕێت بۆ ڕاستی بیرکردنەوە، هەوڵ دەدا هزر بپارێزی لە هەڵەکردن، ئەمەش جیاوازی دەکات لە نێوان ڕاست و هەڵە، لە کردارەکانی ئاوەزدا هاتووە ئەویش وێنە و بڕیاردان و ئەستیدلال.

لێرەدا ئەرستۆ باسی یاساکانی هزر دەکا:

١.یاسای خۆیەتی (ناسنامە).

٢.یاسای ناکۆک.

٣.یاسای بێ مام ناوەند.

١.یاسای خۆیەتی ( ناسنامە).

ئـەم بنەمایە لـە سـەرەتـادا لـەلای پارمێندیس دەرکەوت و لەبارەیەوە دواوە، دواتر ئەفلاتون لە دیالۆگەکانیدا ئاماژەی پێکردووە. دواتر ئەرستۆ لە مێتافیزیکدا چوارچێوەی ئۆنتۆلۆژیادا تاوتوێی کردووە، ئەو بنەمایە پێیی لەسەر جێگیری بەردەوام و نـەگـۆڕان دادەگـرێ و هەموو جـۆرە گـۆڕانێک ڕەتـدەکـاتـەوە.(عـزیـز ٢٠١٦: ٣٣). بـەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکرێ (س هەر س) (س =س) لێرەدا گەر دەستەواژەکە دروست بێت ئەوا دروستە. بە نموونە (مـرۆڤ مرۆڤە). کەواتە ڕاستی شتەکان ناگۆڕێت. ئەم یاساییە وێنای جیاوازی بەرامبەر لە خۆ دەگرێ چونکە کاتێک دەڵێن "س" هەر "س" ئەوا " نا س" نییە، سپی هەر سپییە، چاکە هەر چاکەیە. (جەباری، ٢٠١٠، ٣٣)

٢.یاسای ناکۆک:

ئەرستۆ لـە مێتافیزییەکەیدا لـە چوارچیوەیی ئۆنتۆلۆژیادا وا باسی ئەم بنەمایەی کردووە، ناکرێ، ناگونجێ خەسڵەتێک لە هەمان کاتدا بدرێ و نەدرێ، بەهەمان واتا سارد و سارد نەبێ، گەرم و گەرم نەبێ، هیچ گومان لەوەدا نییە کە دوو تایبەتمەندی، دوو خەسڵەت و بۆچوونی ناکۆک بەیەکتری ناتەبان و پێکەوە ناگونجێن. ئەم بنەمایە بە شێوەی سیمبوڵی، -ناگونجێ نا (آ) لە هەمان کاتدا و بە هەمان واتا (آ) بێت.(عەزیز ٢٠١٦: ٣٤).

٣.بنەمای بێ مام ناوەندی:

ئـەم بنەمایە تـاڕادەیـەک لـەوی پێشوو نزیکە بەڵام ئەگەر بە وردەی سەرنج بدرێ جیاوازترە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەپێی ئەو بنەمایە شت ڕاستە یان درۆیە، شیاوەکی سێیەم لە نێوانیاندا لە ئارادا نییە. ئەم ڕنگە ڕەشە یان ڕەش نییە. من هەم یان نییم. لە دوو شتی لەیەکتر جیاواز و ناکۆک دەبێ یەکێکیان ڕاست بێ و ئەویتریان درۆ. لە نێوان بۆچوونی ناکۆک بەیەکتردا ناکرێ مام ناوەندی هەبێت. (س) هەر (س)ە یان هیچ کاتێک (س) نییە و ناکرێ لە نێوان ئەم دوانەدا شیاوەکی سێیەم هەبێ. (عەزیز ٢٠١٦: ٣٥).

تەوەری سێیەم: ناسنامە لە فەلسەفەی نوێدا دێکارت بە نموونە

١.دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠ ز):

دیکارت بەتایبەت لە "کۆجیتۆ"دا بیرکردنەوە بە بناغەیی ناسنامی تاک دادەنێت، چونکە تەنها شتێکە کە گومان لە خۆ ناگرێت، ئەمەش لە ( تێڕامانەکان لە فەلسەفەی یەکەم)دا دەردەکەوێت، لە ڕامانی یەکەمدا هەندێک شت هـەن دەکرێت گومانی لێ بکرێت، بۆیە دەڵێت:" دەبێت هەموو بۆچوونەکانی پێشووترمان کە لە ژیانماندا تێپەڕیوە ڕەتبکەینەوە" هەروەها گومان کردن لە هەستەکان بۆیە دەڵێت" دەبێت هۆشیار بین کە هەرگیز گوێ بۆ شتێک نەگرین کە بۆ یەک جاریش هەڵیخەڵەتاندووین". هەروەها لە (دووەم تێڕامان)دا دیکارت هەوڵدەدات،

بەردەی بناغەیی منی بیرکەرەوە بچەسپێنێت، ئەمەش بە قسەکردن لەسەر ئەو کردارانەیی کە لە ناسنامەی مرۆڤ دانابڕێن، ئەوانیش، ئەندێشە، بیرکردنەوە، گومان، هۆش... ئەمانەش بناغەیی پێکهێنانی بوونی مرۆڤن، گوزارشت لە ناسنامەیی دەکەن، مادام مرۆڤ بیردەکاتەوە کەواتە بوونی هەیە، ئەگەر لە بیرکردنەوە بووەستێت، ئەوا لە بوونی وەستاوە، ئەمەش لە تێزیکیدا ڕوون دەبێتەوە" من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم". هەرچەندە من گومان بکەم، من دەبێت ببم، چونکە گەر وەها نەبێت من ناتوانم گومان بکەم. لە خودی کردەی گومانکردنەکەدا بوونی خۆی مانفێست دەکات. هەروەک چۆن گومان دەکەم کەواتە بوونم هەیە، بیرکردنەوە چەسپاندنی ناسنامەی بوونمە. (کامل ٢٠١٣: ١٣)

کاتێک دیکارت بەرکردنەوە بە جەوهەری مرۆڤ دادەنێت، "بیرکردنەوە" دەکات بەو بناخەیەی بوونی مرۆڤ وەک شتێک لەسەر وەستاوە و بەبێ ئەو بناخەیە ئەو شتە ناتوانێت هەبێت. لەو ڕووەوە، بوونی مرۆڤ وەک شتێک، کە بیر دەکاتەوە، تەماشا کراوە و لەو شتانەی بیر ناکەنەوە، جیا کراوەتەوە. تایبەتمەندێتی بوونی مرۆڤ وەک "شت" تەنها لە جەوهەرێکەیدا دەبینرێت.(کەمال ٢٠٢٥: ١٣٣).

دیکارت لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت" لەو حەقیقەتەوە کە من بیر دەکەمەوە کە من بەپێی دەڕۆم، من دەتوانم بە چاکی بەو ڕاستییە و دەرەنجامە، بوونی ئەقڵێک بگەم کە وەها بیر دەکاتەوە، بەڵام نەک جەستەیەک کە دەڕوات". ئەو ئەرکۆمێنتی دیکارت کە ئێمە لە گومانێکی ڕادیکاڵیانەوە بەرەو جیهان دەبات، لە کەوانەیەکی گەورە دەچێت کە لە دڵنیایی خودێکی بیرکەرەوە دەست پێدەکات، بە ناو خوادا دەڕوات، بەرە دڵنیایی خودێکی فیزیکی ناو جیهان، واتا گومانە ڕادیکاڵەکە دەربارەیی سروشتی بنەڕەتییانەی جیهان ئێستا دەتوانرێ وەلا بنرێت (ڕەفیق٢٠١٠: ٦٧).

دێکارت لەو باوەڕەدایە زانین سەبارەت بە سروشت و جەوهەر هەبووەکان، پێش زانین لەسەر بوونیان دەکەوێت. مرۆڤ تا جەوهەری شتێک نەناسێت، بوونی ئەو شتەی بە دروستی بۆ دەرناکەوێت، نابێت پرسیار لەسەر بوونی شتێک بکەین تا چییەتی جەوهەری نەزانین( کەمال ٢٠٢٥: ١٨٩). دێکارت پێناسەی جەوهەر بەوە کرد کە سەربەخۆیە و لە دەرەوەی خۆیدا پێویستی بە هیچ نییە، ئێستا ئەگەر جەستە و گیان هەریەکەیان جەوهەر بێت ئەوا جەستە و گیان سەربەخۆ لە یەکتری هەن، بەڵام لەو دۆخەدا چۆن دەشێت جەستە و هەستەکان زانیاریەکانی جیهانی بۆ گیان بگوێزنەوە؟ دێکارت لێرەدا دان بە کارلێکی نێوان جەستە و گیاندا دەنێت بەبێ ئەوەی تێڕوانینەکانی دەربارەی جەوهەر بگۆڕێت ( کەمال ٢٠٢٥: ١٨٧).

لێرەوە گیان تەنها وەک ئاگایی (بیرکردنەوە) هەیە، نەوەک وەکو فۆرمی جەستە. لەمەوە گیاندارەکان بە تەواوی بێبەشن دەبن لە گیان، ئەوان تەنها دەبنە جەستەیەکی بێبەش لە گیان. دێکارت پێیوابوو کە گیانداران نە دەبینن و نە دەبیستن و نە تامیش دەکەن، ئەوان تەنها بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن کە کردویانە. ئەوان بە شێوەیەکی لەخۆوەکی(ئۆتۆماتیکی) ژیان دەکەن، وەک جوڵەیەکی میکانیکی پوخت(دواق ٢٠١٦: ٥٦).

دێکارت خودا وەک جەوهەر دیاریدەکات. ئەم دیاریکردنەش بۆ دێکارت گرنگی خۆی هەیە بۆ بنیاتنانی فەلسەفەکەی، چونکە جەوهەر بۆ ئەو بریتییە لە: «شتێکە بە شێوەیەک هەیە کە هیچ شتێکی لە دەرەوەی خۆی پێویست نییە بۆ ئەوەی

هەبێت». لە فەلسەفەکەی دیکارتیشدا تەنها خوا ئەو بوونەیە کە پشت بە هیچ بوونێکی دیکە نابەستێت، کەواتە تەنها یەک تاکە جەوهەر هەیە کە ئەویش جەوهەر خوایانەیە. هەر بۆیە پێناسەی ئەو بۆ جەوهەر بێدوایەکی و جەوهەرکی دوایەکی لە یەکدی جودا دەبنەوە( زکریا ٢٠٠٨: ٢٣١).

ئەم جیاوازی کردنە ئەو واتایە دەبەخشێت کە هیچ بوونێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی جەوهەری خوایانەدا بوونی نییە، هەروەها هیچ هۆکارگەریەکی سەربەخۆش بوونی نییە، لەمەوە دەرەنجامی ئەوە سەردەکێشێت کە هیچ ئازادیەک نییە، هەروەها لە کۆتاییشدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە هیچ تاکایەتیەکی مرۆڤەکانیش بوونی نییە، ئەم دەرەنجامە دواتر لە لایەن سپینۆزاوە سودی لێوەرگیرا، ئەگەرچی ئەم شێوە پەرگیرە هەرگیز مەبەستی دیکارت نەبوو. بەڵام بە دیاریکراوی دیکارت مەبەستی بوو بڵێت کە تەنها جەوهەری خوایانە سەربەخۆیانە بە تەواوی هەیە. جەوهەرکانی دیکەش (جەستە و هۆش) بۆ بوونیان پشت بە جەوهەر خوایانە دەبەستن.( زکریا ٢٠٠٨: ٢٣٣-٢٣٤).

تەوەری چوارەم: ناسنامە لە دیدی سپینۆزادا

چۆن بتوانین قسە لەبارەیی یەک جەوهەری بکەین؟ ئایا دەشێ بگوترێت لە ڕووی میتافیزیک و لۆژیکەوە جەوهەر فرە جۆرە؟ لە فەلسەفەی سپینۆزادا تێگەیی جەوهەر گشتیترین و ئەبستراکترین تێگەیە لە هەموو (ئیتیکا)دا، ئەم تێگەیە دەستپێوەردان دەکات بۆ دارشتنی چەمکەکانی دواتر وەک سیفەت لە پێناسەیی چوارەم و شێواز لە پێناسەیی پێنجەم و هەروەها خوا لە پێناسەیی شەشەم، هەروەها جەوهەر هەڵدەستێت بە بنیادنانی تێزە فەلسەفەیەکانی یەک و دوو و چوار و پێنج و شەشدا.

گونجاندنی جەوهەر لەسەر بنەمایی میتافیزیک لەوەدا دێت کە خۆ هۆکارە لە کاتێکدا سپینۆزا لە پێناسەیی یەکەمی دەبێتەوە و دیاریی دەکات کە خۆهۆکارە زیاترە لە پێناسەیی سێیەم و بەشی یەکەمی (ئیتیکا)دا سادەتریی دەکاتەوە دەڵێت کە جەوهەر بریتییە" خۆی هۆکارەی خۆیەتی و تەنها لەخۆیدا وێنادەکرێت"(سپینۆزا ٢٠٢٥: ٩) لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە جەوهەر لە دیدی سپینۆزادا چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە پێنج تایبەتمەندی پێکهاتوون ئەوانیش: تاک، زەروورییەت، قابلییەتی دابەش نەبوو، نەبڕاوە.

یەکەم: جەوهەر هەمووی یەکە: سپینۆزا نەفی گشتی بانگەشە بۆ یەک جەوهەری دەکات دەڵێت جەوهەر یەکە وتاکە ئەمەش ڕوونە لە هزرینی سەرەتایی سپینۆزاوە کە لە پەرتووکی (نامەیەکی کورت)دا دەڵێت" ناکرێت جەوهەر ببێتە هۆی دروست بوونی جەوهەرێکی دیکە"( سپینۆزا ٢٠٢٠: ٨٤)، هەروەها بەهەمان شێواز لە پەرتوکی (ئیتیکا) دا دووپاتی دەکاتەوە دەڵێت" ناکرێت لەسروشتدا دوو جەوهەر یان چەند جەوهەرێک هەبێت لە یەک سیفەتدا"( سپینۆزا ٢٠٠٩: ٣٤). دەگەینە ئەوەی" کە هیچ جەوهەرێک لە لایەن یەکێکی دیکەوە بەدی ناهێنرێت. کەواتە لە سروشتی شتەکاندا هیچ شتێکمان نییە جگە لە جەوهەر و کاریگەرییەکانی، لە جەوهەرێکی دیکەشەوە ناتوانرێت بەدی بهێنرێت، دەرئەنجام دەگەینە ئەوەی بە هیچ شێوەیەک هیچ جەوهەرێک لە لایەن جەوهەرێکی دیکەوە بەدی ناهێنرێت(سپینۆزا ٢٠١٥: ٤٩). وا دابنین لە تەک جەوهەرێکدا جەوهەرێکی دیکە هەبێت بەشداربێت لە گشت سیفەتەکاندا کە ئەویش مەحاڵە، دەرئەنجام "بە هیچ جۆرێک نییە جەوهەرێک هەبێت لە

دەرەوەی خوا و وێناش بکرێت"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٤٥) جگە لە یەک جەوهەر هیچ جەوهەرێکی کە نییە کە (المحایث) واتە بوون پێناسەیی خۆی دەکات لە ناو خۆیدا، خۆهۆکارە.

دووەم: جەوهەر بەش نابێت: بە دیدی سپینۆزا " گشت و بەش دوو بوونەوەریی ڕاستی نیین بەڵکو ئەوان دوانەیەکی ئەقڵین، بۆیە لە سروشتدا بە هیچ شێوەیەک نە گشت هەیە نە بەش"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٨٨) لە هەمان شوێندا دەڵێت هەڵچوون و بەش تەنها شێواز دەگرێتەوە کاتێک دەڵێن مرۆڤ نامێنێت یا نەفی دەبێت مەبەست تەنها مرۆڤە، بەواتایی ئەو پێکهاتەیەیە کە مرۆڤ هەیەتی، چونکە شێوازێکە لە شێوازەکانی جەوهەر ئەمەش ئەو جەوهەرە ناگرێتەوە کە مرۆڤ بەشێکە لێی، نەمان و بەشکردنی شیواز واتە بیرکرنەوە لێی دەشێت لە ڕووی جەوهەری نەبڕاوەییەوە تەمشایی بکرێت کە هەرگیز دابەش نابێت، بۆیە سپینۆزا لە تێزی سیانزەدا دەڵێت کە "جەوهەری نەبڕاوە بە هیچ شێوەیەک بەش نابێت"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٤٤). هەر لەبەر ئەوە لە پەرتوکی (نامەیەکی کورت)دا دەڵێت "بەشکردن لەسەر جەوهەر نابێت بەڵکو لەسەر شێوازی جەوهەر ڕوودەدا بەم وێناندنە کاتێک ئاو بەش دەکەین دەبینم دۆخێکە لە دۆخەکانی جەوهەر نەک خودی جەوهەر خۆیی بۆیە جەوهەر هەرچەند شیوازی هەمەجۆر بگۆڕێت هەر جەوهەر دەمێنێتەوە. سروشتی بە سروشتکەر: بریتیە لە جەوهەر، کە سیفەتەکانی نەبڕاوەن، بیرکردنەوە و درێژبوونەوەیە، بەڵام سروشتی بە سروشتکراو: گشت ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بڕاوەن، ئەمەش هەڵنجاوی بیری نەبڕاوەیە واتە تەنها ئەو درکیان پێدەکات، وەک جوڵە و جێگیربوون یان وەستاو(بدوی، ١٤٢٧: ١٣٩) هەرگیز مەبەستی سپینۆزا لە درێژبوونەوە ئەوە نییە کە درێژ بوونەوەیەکی جەستەیی میکانیکی بێت، خوا لەلای سپینۆزا درێژدەبێتەوە لە ڕووی بیرکردنەوە لە ناو چییەتی جەوهەردا، کاتێک یەک جەوهەری دەدرێتە پاڵ خوا ئەوا بە هیچ شێوەیەک سیفەتێک نییە لە ناو یەک جەوهەری خوادا نەبێت، درێژبوونەوە لە دیدی سپینۆزا بریتی نییە لە درێژبوونەوەیەکی جەستەیی بەڵکو درێژبوونەوەیەکی ماتماتیکییە، درێژبوونەوە لە جەوهەرێکی ماتماتیکیدایە، ماتماتیکیش بیرۆکەیە، لە دوایدا کە خوا وەک یەک جەوهەر دەبێت خاوەنی بیرۆکەی درێژبوونەوە ماتماتیکی ئەندازەی بێت. خوا لە دیدی سپینۆزا سیفەتی درێژبوونەوەی هەیە. (الشامخ ٢٠١٧: ١٠٨)

سپینۆزا زیاتر لەوە دەڕوات کە پێی وایە خوا خۆهۆکاری جیهانە، وخۆهۆکاری دەرەکی نییە، بەواتایەکی دیکە خوا لە دەرەوەی جیهان نییە بەڵکو خوا لە ناو جیهاندایە، خوا سەرچاوەیی ناوکی جیهانە، ئەگەر پێمان وابێت خوا لە دەرەوەیی جیهاندایە کەواتە شتێکی ترمان بەرزتر لە جیهان دەست نیشان کرد"لە خوادا بە زەروورەت بیرۆکە هەیە، کە چییەتییەکەی هەموو ئەوانی دیکە لە خۆ دەگرێت، کە بە زەروورەت لە جەوهەرێکەوە سەرچاوە دەگرن"(سپینۆزا، ٢٠١٥، ١٢٠). لێرەدا سپینۆزا یەکسانی خوا و سروشت ڕادەگرێت بە هۆکارێکی دەزانێت لە بەردەوام بوونی بووندا(دواق ٢٠١٦: ٧١).

سێیەم: جەوهەر وەک زەروورەتیک( واجب الوجود، هەبوونی ناچارەکی): لە دیدی سپینۆزادا بوون سیفەتێکی بێگومانە لە جەوهەر ناتوانرێت وێنایی جەوهەر بکرێت بەبێ بوون، بەو مانایە دێت کە جەوهەر بوونە.

چوارەم: جەوهەر (نەبڕاوە): جەوهەر لە نەبوونەوە

نەهاتووە هەروەها نابوونیش نابێت پەیوەستیش نییە بە کاتەوە هیچ کاریگەرییەکی زەمەنیش بەسەریی نایەت چ لە ڕووی سەرەتا و کۆتایی و گۆڕان و بوونەوە، ئەوە لەسەرووی زەمەنەوەیە بوونیش دۆخێکی نەخوازراو نییە بەڵکو چییەتییەتی.
سپینۆزا لە کتێبی یەکەمی (ئیتیکا)دا تەرخان دەکات بۆ مەسەلەی خوا، لێرەدا بە گرنگترین بابەت دەست پێدەکات ئەویش بابەتی خوایە، ئەوەش گەڕانە بەدوایی چییەتی خوا، پێ وایە ئەمە بابەتە مەشغەڵێکە بۆ ڕووناککردنەوە و چارەسەکردنی پرسە فەلسەفیەکان. بیرکردنەوە لە بارەیی خواوە گشتگیرە، هەموو بابەتەکان دەگرێتەوە، تەنها بابەتێک نییە، بەڵکو گشت بابەتەکان پەیوەستن بە بابەتی خوا. بۆیە هیلەر دەڵێت:" گەڕان بۆ بابەتی خوا، لە فەلسەفەی سپینۆزادا لە ئەلفەوە دەست پێدەکات تا یاء"(زکریا ٢٠٠٨: ١٠٢). پێناسەیی سپینۆزا بۆ (خوا) تایبەتییە، تێگەیی جەوهەر وەک هاواتایی تێگەیی (خوا)یە بەوەی "..خۆ هۆکارە وێنایی لە خۆیدایە، وێناندنی پەیوەست نییە بە هیچ شتێکەوە بۆ ئەوە هەبێت"(سپینۆزا ٢٠٢٥: ٩). دەشێت سود لەم پێناسەیە وەرگرین کە جەوهەر سەربەخۆیەکی ڕەهایە، چونکە خۆ هۆکاری یەکەمە پێویستی بە هیچ شتێک نییە تا پێکبێت، بەڵکو ئەوەی لە بووندا هەیە پێویستی بەمە، هیچ بوونێک نییە بەبێ چییەتی یا جەوهەر، لە ڕاستیدا لۆژیکیانە تەماشایی بکەی پێش بوون دەکەوێت، جەوهەر خۆ هۆکارە(دواق ٢٠١٦: ٥٩).

پێنجەم: جەوهەر (لا متناهي نەبڕاوە): پێناسەیی سپینۆزا بۆ نەبڕاوە لە بەرانبەر بڕاوە دەکات و دەڵێت" لێرەدا نەبڕاوە شتێک واتە، ئەوەی کە لە لایەن شتێکی دیکەوە لە هەمان سروشتی خۆی سنوردار بکرێت"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٣٦)، بڕاوە ئەوەیە کە شتێک بوونی خۆی لە شتێکی تر جگە لە خۆیەوە وەردەگرێت، بەڵام جەوهەر نەبڕاوەیە ئەگەر بڕاوە بووایە ئەوا ئەوکات پەیوەندی بە شتێکی کەوە هەبوو بۆ ئەوەی وێنایی بکات، هەر لەبەر ئەوەیە جەوهەر بە ناچارەکی نەبڕاوەیە بۆیە سپینۆزا لە تێزی حەوتەمدا دەڵێت" هیچ سوبستانتێک بە هۆی یەکێکی دیکەوە بەدی نایەت، هەربۆیە سوبستانت تەنها هۆکاری خۆیەتی، واتە چییەتی سوبستانت بە زەروورەت هاتنەبوون دەگرێتەوە، یان ئەوەی هەر بە سروشت سەر بە هاتنەبوونە"(سپینۆزا٢٠١٥ :٥٠).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم تایبەتمەندییانە نە مرۆڤ دەگرێتەوە نە ئاژەل نە ڕووەک بەڵکو تەنها لەسەر خوا یا سروشت جێبەجێ دەکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کە بیرکردنەوەی فەلسەفیی سپینۆزا پانتیزمانەیە. لەم شێوازی بیرکردنەوەیەدا خوا بە ( هەموو) شتێک یان سەرجەمی بوون دادەنرێت. هەبووەکان، بە سروشتەوە، کە لە ماتەر پێک هاتوون، لە بوونی خودا جیا ناکرێنەوە و خواش لە ئەوان دانابڕێت. خوا ئافەریدکەرێکی بەرز و دابڕاو لە جیهان نییە و جیهانیش لە خوا نامۆ نییە. ئەم ڕاڤەکردنە بۆ بوونی خوا و جیهان ڕەتدانەوەی میتافیزیکی ئەرستۆیی و دیکارتی و دۆگمای دینە. هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکییە لە نێوان پیاوانی دینی و سپینۆزادا بوو(کەمال ٢٠١٨: ٤١)

سپینۆزا لەسەرەتایی کتێبی (ئیتیکا)دا گەڕان بەدوای خودا وا پێناسەیی جەوهەر دەکرد کە" مەبەست لە جەوهەر ئەوەیە، کە لە نێو خۆیدا هەیە لەوێوە وێنادەکرێت، هیچ کات بۆ وێناکردنی پشت بە هیچ شتێک نابەستێت"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٣١). واتە جەوهەر لە دیدی سپینۆزادا لەسەر خۆی دامەزراوە بۆ دامەزراندینشی پێویستی بە هیچ شتێک نییە بۆ

ئەوە هەبێت. لە ڕاستیدا ئەم پێناسەیە بۆ شتێک بەکار نایەت کە دابەش بکرێت یان دوانیی بێت، واتە جوزئی بێت(دواق ٢٠١٦: ٦٠). چونکە ئەوەی لە سروشتدا هەیە کە پێکدێت لە ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤ پێویستی بە شتێکی کە هەیە بۆ ئەوە هەبێت. لە ئەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە جەوهەر جێبەجێ ناکرێت تەنها لەسەر خودا یا سروشت نەبێت، ئەگەر تەماشایی خوامان کرد وەک دادپەروەرێکی ڕەها بۆ بەڕێوبردنی شتەکان ئەوە دەشێ بگوترێت ئەوە جەوهەری هەقیقییە، و ئەگەر تەماشای سروشتمان کرد بـەوەی هـەمـووی یەکسانە و هاوسەنگە کە حوکمی یاسا پێویستیەکان دەکات هەروەها ئەو شتانەی کە لە نیو سروشتدان بەوەی پشتیان بە یەک بەستووە لە گونجاندن وهاوتەریبیدا ئەو کات هەست دەکەین کە سروشت لە هەموو لایەکەوە پشت بە خۆی بەستووە لە بوونیدا، واتە سروشت لە ڕاستیدا ئەو جەوهەرە، دوایدا سپینۆزا یەکێتی بوونی لە نێوان خوا و سرشتیدا دادەمەزرێنێت بەوەی لە یەک جەوهەرن(بدوی ١٤٢٧: ١٣٨).

سپینۆزا بەم شێوازە پێناسەیی (خەسڵەت الصفة Attribute)دەکـات بەوەی"من تێدەگەم خەسڵەت ئەوەیە کە هۆش وێنای دەکات و ناوەڕۆکی جەوهەر پێک دەهێنێت"(سپینۆزا ٢٠١٥: ٤٤). کەواتە خەسڵەت بەواتایی جییەتی جەوهەر دێت. لە بەرانبەریدا دێکارت جەختی لەسەر دوالیزم (دوو جەوهەر)ی جیاواز لە یەکتر دابڕاویی دەکرد لە گەردووندا: بیر و ماتەر، بەڵام سپینۆزا جەختی کردەوە کە لە گەردووندا دوو جەوهەر نییە بەڵکو تەنها یەک جەوهەر هەیە، ئەم یەک جەوهەریەش دوو خەسڵەت لە خۆ دەگرێت لە هەمان کاتدا ئەوانیش ( بیرکردنەوە، درێژبوونەوە)، ئەمەش ئاشکرایە لە جەوهەردا دوو مەهیەت لە خۆ ناگرێت بەڵکو بیرکرنەوە و درێژبوونـەوە تەواوکراویی یەکترن، بەڵکو لەوەش زیاتر دەچێت کە جەوهەری ڕاستەقینە خاوەنی یەک خەسڵەتە ئەویش بیرکرنەوە و درێژبوونەوەیە.

هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە سەیرە، بەڵام ئاسانە پاساو بۆ ئـەوە بهێنینەوە کە لەگەڵ فەلسەفەی سپینۆزادا بگونجێت. ئەگەر جەستەیەکی درێژکراوە لە بەرچاو بگرین، یەکسەر تێدەگەین کە ئەوەی جەوهەرەکەی پێکدەهێنێت جەستەییەتی، واتە درێژبوونەوە جەوهەری هەموو شتە فیزیکییەکانە. کەواتە چۆن سپینۆزا دەنواڕێت ئەو درێژبوونەوەیە وەک ئـەوە وابێت کە بیرۆکەیەکە. ئەگەر تێگەیی درێـژبـوونـەوە لە خـۆدا لەبەرچاو بگرین، بۆمان دەردەکـەوێـت کـە تـایـبـەتـمـەنـدی بنەڕەتییەکەی ڕەهەندە ئەندازیارییە، هەروەها ئەو فەزایەی کە داگیری دەکات فەزایەکی ئەندازەییە کە دەتوانرێت بە یاساکانی بیرکاری بپێورێت و بەڕێوەی ببات. بـەڵام ئـەو پەیوەندییە بیرکارییە ئەندازەییانەی کە تایبەتمەندی درێژکردنەوەن، خۆیان جۆرێکە لە بەرکردنەوە، جگە لەمەش ئەو یاسا فیزیایی و کیمیاییانەی کە کارلێکەکانی جەستە و جوڵەی تەنەکان بەڕێوەدەبەن، جۆرێکە لە بیرکردنەوە، لەبەر ئەوە چییەتی ڕاستەقینەی درێژکردنەوە بیرکردنەوەیە. لە لایـەکـی دیـکـەوە بیرکرنەوە درێـژبـوونـەوە لە خۆ دەگرێت، تەنانەت لەسەر ئاستی بیرکردنەوە موجەرەدەکان. لە دوایدا درێژبوونەوە خەسڵەتیکە لە خودیی بیرکردنەوە، بەم شێوازە سپینۆزا تەماشایی (بیرکردنەوە و درێژبوونەوە)ی کردووە بەوەی کە یەک شتن، بیرکرنەوە درێژکراوەی ڕاستییەکانی هەیە، خودی درێژبوونەوە کە بوعدێکی ئەندازەیی بیرکاری هەیە کە جگە لە بیرکردنەوە هیچی تر نییە.

هـەروەهـا سپینۆزا سـەبـارەت بە (دۆخ، الحال Mode ) دەنووسێ کە:" شێواز وەک یەکێک لە

کاریگەرییەکانی جەوهەر، بەمانایەکی دیکە ئەو بوونی وەستاوە لەسەر شتێکی دیکە، وێناش دەکرێت لەشتێکی دیکەدا کە خۆی نەبێت "(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٣١). بەم مانایە واتەیی ئەوە دەگەیێنێت بوونی بەسراوەتەوە بە جەوهەرەوە، ئەگەر وەک جەوهەرێک سەیری مرۆڤ بکەین، ئەوا فۆرمە جیاوازەکانی جەستەی مرۆڤ دەبنە شێوازێک، واتە شێواز بەشێکە لە جەوهەر، لەسروشتی ئەم بەشەدا لە هۆکاری خۆ نییە بەڵکو بوونی بەسراوەتەوە بەشتێکی کەوە.

بۆیە لێرەدا پرسێکی گرنگ دێتە ئاراوە یەکێک لەو پرسە گرنگانەی کە سپیبۆزا لە کتێبی (ئێتیکا) دەستپێدەکات، تێزی دووەمە کە تیۆری ناسنامەی خوا و سروشت خۆی لەسەر بنیات دەنێت. ئەمەش دەبێتە هاوکێشەیەک خوا=سروشت، لەم تێزەدا هاتووە:"دوو جەوهەر، تایبەتمەندییان جیاوازە، هیچ هاوبەشییەکیان لە نێوانیاندا نییە"(سپینۆزا ٢٠٢٥: ١٢). لەبەر ئەوە هیچ پەیوەندی و کارلێکێک لە نێوانیاندا نابێت. بەم شێوەیە سپینۆزا تیۆری دێکارت لەبارەی جەوهەری بیرکردنەوە و درێژبوونەوە ڕەتدەکاتەوە. ئەگەر بیرکردنەوە سەربەخۆ جەوهەرێک بێت و، درێژبوونەوەش جەوهەرێک بێت، ئەوا هیچ پەیوەندیەک و کارلێکێک لە نێوانیاندا ڕوونادات، نە لەسەر ئاستی سروشت و نە لەسەر ئاستی مرۆڤ. واتایی ئەم تێزە ئەوە دەبەخشێ ئەگەر خوا بیرکردنەوەی تایبەتی هەبێت و جەوهەریش بیرکردنەوە و، جیهانیش جەوهەری ماتەری درێژبوونەوە بێت، کەواتە هیچ پەیوەندیەک و کارلێکێک لە نێوانیاندا نابێت و، کاریگەری یەکەم لەسەر دووەم دروست ناکات، ئەمەش بەپێی پێناسەی دووەم" نە تەن لە لایەن بیر و نە بیریش لە لایەن تەنەوە دەتوانێت سنوردار بکرێت"(سپینۆزا ٢٠١٥: ٤٣).

ئەمەش بەو مانایەیە کە لە بووندا تەنها یەک جەوهەر هەیە، لە یەک کاتدا خوا و سروشت، ئەگەر لەلایەکەوە تەماشای بکەین دەبینین خوایە و، ئەگەر لەلایەکی تریشەوە تەماشایی بکەین دەبینین سروشتە، ئەگەر هێزێک لە سروشتدا هەبێت کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری و گەشەکردن بە مانایی ئەرستۆ، ئەوا ئەگەر بەشێوەیەکی ماددی سەیری ئەم هێزە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە یاساکانی سروشتە، یان سروشتی بەسروشتکراو(natura naturans)، ئەگەر لەڕووی ڕوحییەوە تەماشایی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ویستی خوا کاری بەردەوامییەکەیەتی، بۆیە سپینۆزا لە کتێبی ( نامەیەک لەبەرەیی خواناسی و ڕامیاری)دا دەڵێت" ویستی خوا و یاساکانی سروشت یەک شتن"( سپینۆزا ٢٠١٥: ٢٢٢،٢١٥،١٨٦،١٦٧). هۆکاری ئەوەی کە ئێمە ئەم یەک جەوهەرە لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە درکی پێدەکەین، یەکێکیان بە گریمانەکردنی بۆ ئێمە وەک خودا و ئەوی دیکەیان بە گریمانەکردنی بۆ ئێمە وەک سروشت، یان بە وردتر بڵێین، ڕوانگەی مرۆڤەوە، مەیلی جیاکردنەوەی دوو سیفەتی بیرکردنەوە و درێژبوونەوەی هەیە و وەک یەک شت هەستیان پێناکات. لەسەر بنەمایی ئەم دابڕانە، ڕوانینمان بۆ جەوهەر لەلایەک وەک بیرکردنەوە و لەلایەکی کەوە وەک خوا، لەلایەکی تر وەک درێژبوونەوە، دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە سروشتە، دابڕانی نێوان بیرکردنەوە و درێژبوونەوە تەنها لە ئاستی بیری مرۆڤدایە، چونکە مەیلی ئەوەی هەیە کە شێوازی جەوهەر کە لە خۆیدا بوونی هەیە وەربگرێت و ئەمەش بە بڕوای سپینۆزا نادروستە.

بیرکردنەوەی مرۆڤ هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی دوو تایبەتمەندی لە یەک جەوهەردا و پێوایە هەموو تایبەتمەندیەکی خۆی جەوهەرێکە،

ئەمەش دەبێتە هەڵەیەک لە بوونی دوو جەوهەری جیاواز، زیاتکردنی پێدەبەخشێت، واتە کار لەسەر پێگەیشتن و بابەتیکردنیان دەکات، بە جۆرێک کەوابێت بیرکرنەوە شتێکە و درێژبوونەوە شتێکی کەیە، بیرکردنەوە بە جەوهەرێکەوە گرێدراوە کە خوایە، و درێژبوونەوە بە جەوهەر کە ئەویش سروشتە. ئەمەش لە پێناسەیی سێیەمدا لە کتێبی (ئیتیکا)دا هاتووە کە سپینۆزا لە بارەیی خەسڵەتەوە دەڵێت" لە ژێر ئەم ناوەدا ئەوە تێدەگەم، ئەوانەی لە ناو جەوهەردان، ئەوەی کە وا دەکات لە چییەتی جەوهەر تێبگەین""(سپینۆزا ٢٠١٥: ٤٤)، بیرکردنەوە و درێژبوونەوە جگە لە دوانەیەک لە سروشتی زەهنی مرۆیی هیچی دیکە نییە، لە ڕاستیدا ئەم دووانە بوونیان نییە لە واقعدا، چونکە لە واقعدا تەنها تاکایەتی جەوهەر هەیە، و ئامانجی سپینۆزا لە کتێبی (ئیتیکا)دا پاککردنەوەی زەهن لەم دوالیزمییە و بۆ گەیشتنە بە ئاستی بەدیهێنانی ناسنامەیەکی ڕەهای بیرکردنەوە و درێژبوونەوە.

خوا لە دیدی سپینۆزادا هەموو شتێکە لە واقعی بێکۆتایی ڕەها گشتگیر. لە مێتافیزیکی سپینۆزادا هیچ شتێک بەبێ هۆکار نییە، هۆکار و هۆکردیش لۆژیکییانە و بوونە پەیوەندییەکی پێویستیان هەیە و دەبێت یەکێتی و جیاوازییان هەبێت. بۆ سپینۆزا یەک جەوهەر هەیە؛ خوا و سروشت سروشتی سروشتدروسکەر و سروشتی بەسروشتکراو لە یەک جیا نابنەوە(کەمال٢٠١٨: ٨٠). لە تێزی یانزەیەمیندا لە کتێبی (ئیتیکا)دا سپینۆزا لە بارەیی خوا دەڵێت:"خوا، یان جەوهەر کە خەسڵەتە لەکۆتابەدەرەکان پێک هاتوون، هەر کام لەم خەسڵەتانە ناسنامەی ناوەڕۆکی هەمیشەیی و لە کۆتابەدەرەی دەردەخات کە بە پێویست هەیە"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٤٠) ئامانجی سەرەکی سپینۆزا لە بەڵگەکانیدا (سەلماندنی)بوونی خوا نییە و تەنها دەیەوێت بوونی (بسەپێنێت) (کەمال٢٠١٨: ٩٠).بەڵگەندنی سیفەتەکانی خوا و جیاکردنەوەی لە سیفەتەکانی مرۆڤ، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خوا پێویستی بەوە نییە تووڕەبێت و هەڵچوونی هەبێت کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، چونکە خوا لە هەموو سیفەتێکی مرۆڤ بە دوورە، سپینۆزا هەموو ئەو سیفەتانەی دەیداتە پاڵ جەوهەر بەهەمان شێوە کاتێک باس لە خوا دەکرێت هەموو ئەو سیفەتانە بەهەمان شێوەیی جەوهەر بۆ خوای بەکار دەهێنێت، دواتر دووپاتی دەکاتەوە کە ئەوانە هەمان سیفەتی سروشتین کە بۆ خوایی بەکار دەهێنێت، دواتر شۆڕشێک بەرپادەکات بەوەی کە خوا و سروشت یەک شتن دواتر بە گوزارشتێکی تر جارێک یان دوو جار (خوا یان سروشت) بەکاردەهێنێت، دواتر واز لە بەکارهێنانی دەهێنێت دوای ئەوە قەناعەت بە خوێنەر دەکات کە ئەوانە یەک شتن، ئێکتیفا تەنها بە وشەیی خواوەندەوە دەکات تا کۆتایی کتێبی (ئیتیکا)، دواتر ئیمانی فەیلەسووفەکان بەوە دێت کە سپینۆزا مەستە بە بیرکردنەوە لە خوا مەزهەبی سپینۆزا چیدیکە بە (یەکێتی بوون) دەناسرێت، واتە دووپاتی بوونی خوا دەکاتەوە لە سروشتدا، زیاتر لەوە سپینۆزا ڕوونی دەکاتەوە کە جەوهەر نەبڕاوەیە، بەو مانایە دێت کە کۆمەڵێک سیفەت و شێواز لە خۆ دەگرێت، هەر شتێکی نوێ لە سیفەت و شێوازدا هەبێت بە زەروورەت لە جەوهەری نەبڕاوەدا هەیە، سپینۆزا دواتر لە بارەی گرنگترن شتەوە لە سەر جەوهەری نەبڕاوە ئەو بە ناساندنی خوا و سروشت بەکاریدەبێنێت(زکریا ٢٠٠٨: ١٠٤)، هەر لەبەر ئەوە سپینۆزا لە تێزی یەکەمی کتێبی (ئیتیکا)دا دەڵێت" بێکومان جەوهەر لە شتە هەستەکیەکان گرنگترە"(سپینۆزا ٢٠٢٥: ١٢) چونکە جەوهەر خۆهۆکارە، بەڵام هەستەکیەکان

خۆهۆکار نییە، بەڵکو پێویستی بە جەوهەر هەیە بۆ ئەوە هەبێت، هەستەکییەکان تێناگەن مەگەر لە ڕێگایی جەوهەرەوە نەبێت، وەک ڕەنگ لە جەستەدا یاخود جوڵە لە شتی جوڵاودا، هەروەها لە ڕووی میتافیزیکییەوە، جەوهەر بنەمایی ڕەسەنیەتی شتەکانە، بەڵام هەستەکیەکان سیفەتێکی گۆڕاون(بدوی ١٤٢٧: ١٣٩).

## ئەنجام

ناسنامەی لە فەلسەفەی سپینۆزادا لەسەر بناغەی میتافیزیکی قوڵ تێپەڕاندنی دوالیزمی باو کە لە نێوان خوا و سروشت، بیرکرنەوە و درێژبوونەوە، ئەقڵ و جەستە، کە دەبێتە جەوهەرێکی ڕەهای یەک بابەتی لە نێوان شتەکاندا، ئەمەش ناسنامەدانە بە هەموو ئەو شتانە کە دوانەیەکی دابڕاو بوون لە یەک. واتە لە پێشتردا هەریەک لەم چەمکانە بە دوانەیەکی دابڕاو پێناسە دەکران لە دیدی سپینۆزا ئەم دووانە یەکن جیانابنەوە لە یەک یەک پێناسەیان بۆ دەکردێت. لە ڕێگایی ناسینی سیفەتی خوا کە درێژبوونەوە و بیرکرنەوەیە، تێگەیشتنێکی قوڵ لە مرۆڤ و ئەو شتانەی کە لە دەورووبەریدا هەن. ناسنامەی سپینۆزا لە ناسنامەیەکی تاکەوە بگۆڕیت بۆ ناسنامەیەکی گشتی گەردوونی. ئەویش بە یەک گرتنی مرۆڤ و سروشت لە ڕێگای خواوە، کە دەبێتە یەکێتی بوون یان یەک بوون. هەڵوەشاندنەوەی تێگەی جەوهەری باو، پێناسەیەکی نوێ بۆ جەوهەر و سیفەتەکانی، ئەمەش چەمکی جەوهەر تەنها بۆ خوا یان سروشت بەکاربێت، کە لە پێشتردا بۆ شتانێکی تر بەکار دەهات.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە کوردی

-سپینۆزا (٢٠١٥)، ئەخلاق، وەرگێرانی: شاهۆ عوسمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی، سلێمانی.

-عەزیز، پ.د.حەمید (٢٠١٦)، لۆجیک دوێنێ و ئەمڕۆ،چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر. هەولێر.

-جەباری، د. حسن حسین (٢٠١٠)، لۆجیکی کۆن و لۆجیکی هاوچەرخ، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

-کەمال، د.محەمەد (٢٠٢٥)، دێکارت، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

-کەمال، د.محەمەد (٢٠١٨)، فالسەفەی سپینۆزا و جەوهەر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

### بە عەرەبی

-سبینوزا (٢٠٠٩)، علم الأخلاق، ترجمة: جلال الدين سعيد، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت.

-سبينوزا (٢٠٢٥)، علم الأخلاق، ترجمة: نزار عمير، تدقيق: ريم البياتي، الطبعة الأولى، دار نرام سين، للطبعة و النشرو التوزيع: بغداد.

-سبينوزا(٢٠١٥) مبادئ فلسفة ديكارت، أفكار ميتافيزيقية، مراسلات، ترجمة: جلال الدين سعيد، مراجعة: صالح مصباح، مشورات دار سيناترا. تونس.

-سبينوزا، (٢٠٢٥)، رسالة في اصلاح العقل، ترجمة: سلوان زكريا، تدقيق: ريم البياتي، الطبعة الأولى، دار نرام سين، للطبعة و النشرو التوزيع: بغداد.

-سبينوزا، (٢٠٢٠)، حول الله والانسان ورفاهه، ترجمة: نبيل فياض، تقديم: أ.وولف، الطبعة الاولى، دار أبكالو. ألمانيا.

-المسكيني، فتحي (٢٠٠١)، الهوية و الزمان(تأويلات فينومينولوجية لمسألة (النحن) )الطبعة الأولى، دار الطليعة، بيروت.

-الشامخ، حداد، فاطمة (٢٠١٧)، الفلسفة النسقية ونسق الفلسفة السياسية عند سبينوزا, ترجمة: جلال الدين سعيد، مراجعة صالح مصباح، الطبعة الثانية، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث. بيروت.

-زكريا، د.فؤاد (٢٠٠٨)، اسبينوزا، دار التنوير، الطبعة الثانية، للطبعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

-حنفي، حسن ( ٢٠١٢)، الهوية، النشر المجلس الأعلى للثقافة، ط١، القاهرة.

-كامل، مجدي ( ٢٠١٣)، ديكارت، حياته... فلسفته... أفكاره..ومبادئه، دار الكتاب العربي، ط١، القاهرة.

-السراي، حسون، (٢٠٠٩)، مفهوم الجوهر في الفلسفة الحداثة، الطبعة الأولى، دار الهادي للطبعة والنشر. بيروت

-دواق، الحاج (٢٠١٦)، الضرورة والحرية قراءة في فلسفة سبينوزا، الطبعة الأولى، كلمة للنشر و التوزيع، تونس

-ريكور، بول، (٢٠١٢)، الوجود والماهية والجوهر لدى أفلاطون و أرسطو دراس ألقي في جامعة سترازبوغ، سنة ١٩٥٣-١٩٥٤، ترجمة فتحي انفزو، حبيب الجربي، محمد بن ساسي، محمد محجوب، بأشراف محمد محجوب، مشورات دار سيناترا. تونس.

-بدوي، د.عبد الرحمن (١٤٢٧)، موسوعة الفلسفة، ج١، الطبعة الأولى، المطبعة سليمانزاده، ايران قم.

## الملخص

يتناول هذا البحث مبادئ ووجهات نظر الهوية في إطار فلسفة باروخ دي سبينوزا، مع التركيز على الجوهر كهوية في الكون، والتأكيد على دور الهوية كأساس للوحدة في كل شيء يعرف بالثنائية. وتستخدم مناهج الوصف التحليلي والمقارنة لآراء سبينوزا، التي تدعم وحدة الأشياء، ودور العقل في تنظيم وفهم كل شيء في الوجود، وتحرير الإنسان من اغتراب الجسد عن العقل والله عن الطبيعة، وفصل الله عن الطبيعة، وتحليل مفهوم الجوهر كأساس لمعرفة كل شيء موجود، وتقديم الجوهر من وجهة نظر الفلاسفة في مراحل مختلفة وآرائهم حول مفهوم الهوية وتأثيرهم على فلسفة سبينوزا. وهكذا، فإن الهوية ليست وجودا فرديا محددا أو جزئيا، بل هي مفهوم ميتافيزيقي وأخلاقي يتجاوز الثنائية بين الله والعالم، وفهما جديدا للإنسان كجزء من عملية الفكر بأكملها. ويؤسس للامتداد والله والطبيعة.

## Abstract.

This research explores the foundations and perspectives of identity within the framework of the philosophy of Baruch de Spinoza. It sheds light on substance as identity in the universe, while also emphasizing the role of identity as a fundamental concept in overcoming all matters that are defined within the framework of dualism or separated duality. A descriptive–analytical and comparative method has been employed to examine Spinoza's rather than two divided entities. According to Spinoza, the human being or individual does not possess an independent identity in isolation; rather, one's identity is determined within the framework of cause and effect created by God or nature. Thus, the identity of the human being is established within the unity of substance, through the qualities of thought and extension. In this sense, identity is not a fixed and isolated existence of the individual, but rather a metaphysical and functional understanding that transcends the dualism of God and the world. It offers a new comprehension of humanity as part of the total process of thought and extension, in which God and nature are unified.

وەرگرتن ٢٠٢٥/١٠/٤
پەسەندکردن ٢٠٢٥/١٢/٤

# کۆمەڵناسی میدیایی لای پییەر بۆردیۆ: تێڕوانینێک بۆ ڕۆڵی هەژموونی سیمبولی لە دیاریکردنی وێنەی کۆمەڵایەتیدا

هێمن ئەمین جەلال شوانی
زانکۆی جیهان–هەولێر
hemin.shwani@cihanuniversity.edu.iq

د. عەمار نجم الدین هواس
زانکۆی جیهان–هەولێر
ammar.hawas@cihanuniversity.edu.iq

## پوختە

لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، میدیا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە پێکهێنانی ئاستی تێگەیشتنمان لە جیهان و شوناسی کۆمەڵایەتی دەبینێت. ئەم توێژینەوەیە روانگەی کۆمەڵناسی فەرەنسی پییەر بۆردیۆ لەسەر کۆمەڵناسی میدیایی و چۆنیەتی کاریگەریی هەژموونی سیمبولی لە داڕشتنی وێنەی کۆمەڵایەتیدا شیدەکاتەوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە شیکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکانی بۆردیۆ سەبارەت بە میدیا، وەک "خێرایی"، "توندوتیژیی ڕەمزی یان هێمایی"، "لێکچوونی میدیاکان"، "دەستکاریکردنی زمان و چەمکەکان" و "شاردنەوەی زانیارییەکان"، هەروەها خستنەڕووی ڕەخنەکانی بۆردیۆ لەسەر ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی فیڵی گومڕاکردن بەتایبەت تەلەڤزیۆن. توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی شیکاریی تیۆری (Theo–retical Analysis) بەستووە و، کارە سەرەکییەکانی بۆردیۆی شیکردووەتەوە بەتایبەت کتێبی (تەلەڤزیۆن و میکانیزمەکانی یاریکردنی بە عەقڵ) و، بۆچوونەکانی بەگشتی لە چوارچێوەی میدیای هاوچەرخدا هەڵسەنگاندووە.

توێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێک ئەنجامی گرنگ، کە بریتی بوون لە: میدیا وەک کایەیەکی دەسەڵات کار دەکات و هەژموونی سیمبولی دەسەپێنێت؛ چەمکەکانی هابیتوس و سەرمایە ڕۆڵی سەرەکییان لە داڕشتنی وێنەی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیدا هەیە؛ تەلەڤزیۆن وەک میکانیزمێکی کارا بۆ دەستکاریکردنی بیروبۆچوون و شێواندنی واقیع بەکار دێت؛ خێرایی و پێشبڕکێ لە میدیادا وردبینی کەم دەکەنەوە و دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری ڕووکەش و ناڕاست. هەروەها، بۆچوونەکانی بۆردیۆ هێشتا بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی میدیای دیجیتاڵی و شەڕی زانیارییەکان زۆر گونجاو و بەسوودن. ئەمەش پێویستی بە هۆشیارییەکی میدیایی بەهێزە بۆ پاراستنی بیرکردنەوەی سەربەخۆ.

کلیلە وشە: پییەر بۆردیۆ، کۆمەڵناسی میدیایی، تەلەڤزیۆن، توندوتیژیی ڕەمزی، سەرمایەی ڕەمزی.

## پێشەكی

لە كۆمەڵگەی هاوچەرخدا، میدیا ڕۆڵێكی ناوەندی و پڕ كاریگەری دەبینێت لە پێكهێنانی ئاستی تێگەیشتنمان لە جیهان، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و شوناسی تاكەكەسی (Could-ry & Hepp 2017). پەرەسەندنی خێرای تەكنۆلۆژیا و بڵاوبوونەوەی پلاتفۆرمە میدیاییە جۆراوجۆرەكان پێویستی بە تێگەیشتنێكی قووڵتر لە ڕۆڵی میدیا و كاریگەرییە ئاڵۆزەكانی لەسەر كۆمەڵگە هێناوەتە كایەوە، لەم چوارچێوەیەدا، پییەر بۆردیۆ ١٩٣٠-٢٠٠٢ (Pierre Bourdieu) وەك یەكێك لە بیرمەندە دیارەكانی بواری كۆمەڵناسی و میدیا، كە بە تیۆرە ڕەخنەییەكانی دەربارەی پەیوەندی نێوان دەسەڵات، كەلتوور و میدیا ناسراوە؛ تەلەڤزیۆنی وەك ئامرازێك بۆ بڵاوكردنەوەی هەژموونی سیاسی و فیكری سەرمایەداری دەبینی، نەك تەنها وەك میدیا (Bourdieu ١٩٩٦). ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر تەلەڤزیۆن وەك یەكێك لە گرنگترین ئامرازەكانی میدیا دەكاتەوە، كە لە سەدەی ڕابردودا ڕۆڵی بەرچاوی لە داڕشتنەوەی نۆرمە كۆمەڵایەتییەكان و تێڕوانینە گشتییەكان هەبووە، هەروەک توێژینەوەكە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەكیە بداتەوە، كە پییەر بۆردیۆ چۆن لە كۆمەڵناسی میدیایی تێدەگات و چ چەمك و تیۆرییەكی پێشكەش كردووە بۆ شیكردنەوەی ڕۆڵی هەژموونی سیمبولی لە دیاریكردنی وێنەی كۆمەڵایەتیدا؟ توێژینەوەكە هەوڵێكی زانستیە بۆ شیكردنەوەی چوارچێوەی تیۆری پییەر بۆردیۆ بۆ كۆمەڵناسی میدیایی، بەتایبەتی سەرنج دەخاتە سەر ئەو میكانیزمانەی كە تەلەڤزیۆن و میدیا بەكاریان دەهێنن بۆ ئاراستەكردن و دەستكاریكردنی بیركردنەوە و تێگەیشتن و دروستكردنی هەژموونی سیمبولی و داڕشتنی وێنەی كۆمەڵایەتی. هەروەها هەوڵ دەدات چەمكە سەرەكییەكانی وەك هابیتوس، مەیدان، سەرمایە و هێزی ڕەمزی لە چوارچێوەی توێژینەوەی میدیاییدا ڕوون بكاتەوە، بەگشتی ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكە بریتییە لە:

-خستنەڕووی ئەو ڕەخنانەی بۆردیۆ ئاراستەی میدیای دەكات، بەتایبەتی لە ڕۆڵی لە دروستكردنی فێڵی گومڕاكردن و سەرلێشێواندن.

-كاریگەرییە تیۆرەكانی بۆردیۆ لەسەر تێگەیشتن لە دیاردە میدیاییەكانی ئێستا، بەتایبەتی لە كاتی قەیران و ململانێكان و شیكردنەوەی شەڕی زانیارییەكان.

-تاوتوێكردنی ڕۆڵی زمان و گێڕانەوە لە شێوەدانی ڕای گشتی و تێگەیشتن لە واقیع لە میدیادا، لەگەڵ تێڕوانینی بۆردیۆ بۆ ڕۆڵی ڕۆشنبیران.

هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كاریگەرییە میدیایەكان پێشكەش دەكات، بە تایبەت لە ڕوانگەیەكی ڕەخنەگرانەی وەك بۆردیۆ. لە كاتێكدا ئامرازەكانی میدیا بەردەوام لە گۆڕاندایە، تیۆرەكانی بۆردیۆ كۆمەڵێك ئامرازی شیكاری بەهێز دەخەنە ڕوو بۆ توێژینەوە لە چۆنیەتی دروستبوون و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی سیمبولی لەناو كۆمەڵگەدا. هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە بە تایبەت گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی داڕشتنی واقیع و شوناسی كۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە، كە تا ئێستاش سەرەڕای پەرەسەندنی میدیای دیجیتاڵی، سەرچاوەیەكی سەرەكییە بۆ زانیاری و كات بەسەربردن.

ئەوەی پەیوەستە بە كێشەی توێژینەوەكە ئەوەیە، كە سەرەڕای كاریگەرییە گەورەكانی میدیا لەسەر ژیانی ڕۆژانەمان، هێشتا توێژینەوەیەكی قووڵ و گشتگیر لەسەر چۆنیەتی كاریگەرییە

ناڕاستەوخۆ و ناڕۆشنەکانی میدیا لەسەر داڕشتنی هابیتوس، پێکهێنانی بیروڕای گشتی و هەژموونی سیمبولی لەسەر شێوەگرتنی وێنای کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە ڕوانگەی پییەر بۆردیۆوە، کەمە. زۆرجار توێژینەوەکان تەنها سەرنج دەخەنە سەر کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی میدیا، بەڵام کەمتر باس لەو میکانیزمە ئاڵۆزانە دەکرێت، کە بۆردیۆ ئاماژەی پێکردوون، وەک 'توندوتیژیی ڕەمزی' یان 'یاریکردن بەعەقڵ' لەلایەن تەلەڤزیۆنەوە. ئەم بۆشاییە زانستییە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی تیۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی میدیا وەک هێزێکی دارێژەری کۆمەڵایەتی.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری هەژموونی سیمبولی لەسەر شێوەگرتن یان دروستبوونی وێنای کۆمەڵایەتی، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، پشت بە ڕێبازی شیکاریی تیۆری (Theoretical Analysis) بەستراوە، لە چوارچێوەی شیکردنەوەی قووڵ و کارە سەرەکییەکانی پییەر بۆردیۆ، بەتایبەت کتێبی "لەبارەی تەلەڤزیۆنەوە (On Television) و کارەکانی دیکەی کە پەیوەندییان بە چەمکەکانی وەک هابیتوس، مەیدان، سەرمایە، و هێزی ڕەمزییەوە هەیە. هەروەها بەراوردکاری لەگەڵ بیرمەندانی دیکەی بواری کۆمەڵناسی میدیادا دەکرێت و نموونەی هاوچەرخ لە میدیای تەلەڤزیۆنی و دیجیتاڵیدا بەکار دەهێنرێت بۆ وێناکردنی تیۆرەکان بە کردار.

پییەر بۆردیۆ و ژیان و بەرهەمەکانی:

پییەر بۆردیۆ (Pierre Bourdieu) یەکێک بوو لە کاریگەرترین بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی بیستەم. ژیان و کارەکانی لە فەرەنسا و دواتریش لە ئاستی جیهانیدا، کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بوارەکانی کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆژی، پەروەردە، و میدیا هەبوو.

پییێر بۆردیۆ لە (١٩٣٠/٨/١) لە ناوچەی (دینگوین، بێرن)ی باشوری ڕۆژئاوای فەرەنسا لەدایک بوە، باوکی سەرەتا جوتیار بووە، دواتر بۆتە فەرمانبەری حکومی و لە خزمەتگوزاری پۆستەدا کاریکردوە و بەرچەڵەک گوندنشین بووە، بەهەمان شێوە دایکیشی هەر لە فەرمانگەی پۆستە کاریکردوە، بۆردیۆ لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی گشتی خوێندویەتی پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانەی (لیسی لویس-لی-گراند) لە پاریس؛ لە ساڵی (١٩٥٤) بروانامەی لە توانستی پەروەردەیی لە فەلسەفە لە قوتابخانەی (نۆرمان سوپەریۆر) لە پاریس بەدەستهێنا، لەگەڵ تەواوکردنی خوێندن، بۆردیۆ لە (قوتابخانەی ئامادەیی مۆلینز) کە شارۆچکەیەکی بچوکە لە ناوەڕاستی فەرەنسا دەستی بە وانەوتنەوەی فەلسەفەی کردوە، بەڵام دوای ئەزمونێکی کورت بۆ خزمەتی سەربازی لەلایەن ئۆفیسی دەرونی سوپا لە شاری ڤێرسای بانگهێشت کرا و، بە خێرایی لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتیدا ڕەوانەی جەزائیر کرا، لە ساڵی (١٩٥٨) پۆستێکی وەک وانەبێژ لە فاکەڵتی ئاداب لە جەزائیر وەرگرت، بۆردیۆ لە کاتی جەنگی جەزائیردا دو توێژینەوەی ئەنجامدا، یەکەمیان توێژینەوەیەکی ئێتنۆگرافی بو لەبارەی ململانێی گەلی کابیل؛ ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەی لە یەکەم کتێبیدا بە ناوی (-Sociologie de L'Algerie The Sociology of Algeria ) بڵاوکردەوە. بەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شارەزای داگیرکاری فەرەنسی بوو، ئەم شارەزایەش کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی هەبو و، ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیا

و کۆمەڵناسی کۆشش بکات (Robbins ٢٠٠٢). "ئیتر لە پاش مانگرتنەکەی کرێکارانی هێڵی ئاسنی شاری لیۆن لە کانونی یەکەمی (١٩٩٥)وە؛ بۆردیۆ دەبێتە دیارترین سیمای ڕۆشنبیری لەسەر شەقام و شوێنە گشتیەکانی فەرەنسادا، کە داکۆکی لە مانگرتن دەکات و پێش ئاپۆرەی خۆپیشاندان و ڕێپێوانی کرێکاران و پەنابەران و هۆمۆسێکسواڵەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان دەکەوێت" (ئەحمەد ٢٠٠٦: ٣٩). بۆردیۆ لە (٢٣/١/٢٠٠٢)بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، لە دوای خۆی زیاتر لە (٣٠) کتێب و سەدان وتار و توێژینەوەی بڵاوکردەوە، کە بەشێکی زۆریان کاری وەرگێڕانیان بۆ دیارترین زمانە زیندوەکانی جیهان بۆ کراوە.

چەمکە سەرەکییەکانی بۆردیۆ لە کۆمەڵناسی میدیاییدا:

هابیتوس (Habitus)

چەمکی "هابیتوس" یەکێکە لە چەمکە ناوەندییەکانی تیۆرییەکانی پییەر بۆردیۆ، کە وەک پردێک لە نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییە بابەتییەکان و پراکتیکە تاکەکەسییە سوبژێکتیڤەکاندا وێنای دەکات. بۆردیۆ لە کتێبی "هێڵکاری تیۆری پراکتیک"، کە لە ساڵی (١٩٧٢)دا بڵاوکراوەتەوە؛ دەڵێ هابیتوس بریتییە لەو خو، مەیل، سەلیقە و شێوازە بیرکردنەوانەی کە تاکەکان لە ڕێگەی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە لەناو خێزان، قوتابخانە، و چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بەدەستی دەهێنن (Bourdieu, ١٩٧٧/١٩٧٢)، بەو جۆرە هابیتوس کاریگەری لەسەر چۆنیەتی لێکدانەوە و بەشداریکردنی تاکەکان لەگەڵ فۆرم و پراکتیکە کەلتوورییەکاندا هەیە، بەجۆرێک خەڵکی لە پاشخانی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە پەرە بە خویەکی جیاواز دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئارەزو و پراکتیزە کەلتوورییەکانیان (Ball, 2003, P:115).

لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی میدیاییدا، هابیتوس ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەسەر تێڕوانین، هەست، بیرکردنەوە و کردار و چۆنیەتی بەکارهێنان و لێکدانەوەی میدیا لەلایەن تاکەکانەوە. بۆ نموونە، هابیتوسی کەسێک کاریگەری لەسەر جۆری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان، ناوەڕۆکی هەواڵ، یان پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هەیە کە هەڵیاندەبژێرێت و بەشداری تێدا دەکات. هەروەها، هابیتوس کاریگەری لەسەر چۆنیەتی تێڕوانینی بینەران بۆ پەیامە میدیاییەکان دەبێت؛ ئایا بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە وەریاندەگرن یان بە ئاسانی قبوڵیان دەکەن. میدیا، بە تایبەت تەلەڤزیۆن، بە بەردەوامیدان بە وێنە و وتارێکی دیاریکراو، بەشدارە لە پەرەپێدانی هابیتوسێکی گونجاو لەگەڵ سیستمی باڵادەستدا، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەژموونی سیمبولی. بە واتایەکی تر، هابیتوس و میدیا بە شێوەیەکی دیالێکتیکی کارلێک دەکەن، میدیا هابیتوسەکان پێکدەهێنێت و بەهێزیان دەکات و هابیتوسەکانیش بە پێچەوانەوە شێوەی بەکارهێنان و کارلێککردن لەگەڵ میدیادا دیاری دەکەن (Benson & Neveu, ٢٠٠٥).

سەرمایە (Capital)

پییەر بۆردیۆ، بە پێچەوانەی تێڕوانینە تەسکەکانی سەرمایەی ئابووری وەک ئەوەی کارل مارکس باسی دەکات، چوار فۆرمی سەرەکی نوێ بۆ سەرمایە دەستنیشان دەکات، کە لەناو بوارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا کارلێک دەکەن و ڕۆڵیان لە دیاریکردنی پێگە و دەسەڵاتدا هەیە (Bourdieu, ١٩٨٦)، ئەم چەمکانە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی میدیا و تەلەڤزیۆن لە پرۆسەی هەژموونی سیمبولیدا زۆر

گرنگن، ئەوانیش بریتین لە:

سەرمایەی ئابووری (Economic Capital): ئەمە فۆرمی هەرە دیار و بنەڕەتی سەرمایەیە، کە سامان و سەرچاوە مادییەکان (وەک پارە، موڵک، زەوی) دەگریتەوە. ئەمانە لە چوارچێوەی میدیادا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر خاوەندارێتی و کۆنترۆڵی دامـەزراوە میدیاییەکان (وەک کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان) هەیە، بۆ نموونە ئەو گروپ و تاکانەی خاوەنی سەرمایەی ئابووری زۆرن، توانایەکی زیاتریان بۆ دارشتن و بڵاوکردنەوەی پەیامە میدیاییەکان هەیە و، باشتر دەتوانن خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن.

سەرمایەی کۆمەڵایەتی (Social Capital): ئاماژەیە بۆ ئـەو سـەرچاوانـەی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانەوە بەدەست دێن (Bourdieu & Passeron، ١٩٧٧)، لە کایەی تەلەڤزیۆن و میدیادا، ئەم جۆرە سەرمایەیە ڕۆڵی خۆی هەیە، بۆ نموونە:

ڕۆژنامەنووسان، میوانەکان، یان شارەزایان کە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکان، بازرگانان، یان کەسایەتییە دیارەکاندا هەیە، دەتوانن زانیاری تایبەت بەدەست بهێنن و کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی بەرنامەکانیان دروست بکەن.

ئەو کەسانەی خاوەنی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتین، دەتوانن بە ئاسانی دەرفەتی دەرکەوتن لە تەلەڤزیۆن یان کاریگەری لەسەر ڕای گشتی بەدەست بهێنن (زیباری، ٢٠١٧: ٢٧٧).

ـەرمایەی کـەلـتووری (Cultural Capi-tal): ئەمەیان زانیاری، لێهاتوویی، خو و شێوازە کەلتوورییەکان دەگریتەوە، کە تاکەکان لە ڕێگەی پرۆسەکانی بە کۆمەڵایەتیکردن و پـەروەردە و میدیاوە بەدەستی دەهێنن، بۆ ئـەو مەبەستەش بۆردیۆ سێ فۆرمی دەستنیشان کردوە، کە بریتین لە (سیوەیلی ٢٠١٠ : ٧٨-٧٩):

بـەرجـەسـتـەبـوو (Embodied): وەک زمـانـپـاراوی، لێهاتوویی قسـەکـردن، ڕەوشـت، یان شـێوازی جلوبەرگ کە لـە کەسایەتی تاکدا جێگیر بـوون. لـە تـەلـەڤزیۆندا، ئەمانە دەتوانن ڕەنگدانەوەیان لە شێوازی قسەکردنی بێژەران، شێوازی پێشکەشکردنی بەرنامەکان، یان جۆری ئەو کەسایەتیانە هەبێت، کە بانگهێشت دەکرێن و خاوەنی "ڕۆشنبیری بەرزن.

بابەتی (Objectified): وەک خاوەندارێتی کتێب، تابلۆی هونەری، ئامێری مۆسیقا، یان شتومەکی گرانبەها و عەنتیکە. لـە تەلەڤزیۆندا، ئەمانەش دەتوانرێت لە ڕێگەی نمایشکردنیان لە پاکگراوندی بەرنامەکان یان لە ماڵی کەسایەتییەکاندا، وەک نیشانەی پێگەی کۆمەڵایەتی و سەلیقە دەربکەون.

دامـەزراوەیـی (Institutionalized): وەک بڕوانامە ئەکادیمییەکان، ناونیشانە فەرمییەکان، یان پلەی وەزیفی...هتد، بۆ نموونە لە تەلەڤزیۆندا؛ دەرکەوتنی کەسانی خـاوەن دکتۆرا، پرۆفیسۆر، یان بەرپرسانی حکومی، سەرمایەی کەلتووری دامەزراوەییان بەکار دەهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی متمانە بە پەیامەکانیان.

سەرمایەی ڕەمزی یان هێمایی (Symbolic Capital): ئەمە فۆرمێکی باڵاتری سەرمایەیە کە ئاماژەیە بۆ ئەو شکۆ، ناساندن و ئەو شەرەفەی تاک یان گروپەکان لە کۆمەڵگەدا بەدەستی دەهێنن (بوردیو ٢٠١٣: ٢٠٤). سەرمایەی ڕەمزی لە بنەڕەتدا هەر سێ جۆرە سەرمایەکەی دیکەیە، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە دانی پێدا نراوە و وەک شایستەیی و ڕێز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. تەلەڤزیۆن ڕۆڵێکی

گرنگی لە بەرهەمهێنانەوە و بڵاوکردنەوەی سەرمایەی ڕەمزیدا هەیە، بۆ نموونە ئەو کەسایەتی و گروپانەی لە تەلەڤزیۆنەوە نماییش دەکرێن یان بایەخیان پێدەدرێت، سەرمایەی ڕەمزییان بەرز دەبێتەوە، بەمەش دەسەڵاتیان لە دروستکردنی واتای کۆمەڵایەتی و دارشتنی وێنەی گشتی و کۆمەڵایەتیدا زیاتر دەبێت.

لەم ڕوانگەیەوە، تەلەڤزیۆن وەک پانتاییەک کار دەکات و، جۆرە جیاوازەکانی سەرمایە لە ململانێ و کارلێکدان، بەرهەمی سیمبولی و هەژموونی سیمبولی دروست دەکاتەوە و، کاریگەری لەسەر وێنەی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینە گشتییەکان دروست دەکاتەوە.

## مەیدان (Field)

یەکێکی دیکە لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەی پییەر بۆردیۆ بریتییە لە چەمکی "بوار" یان "کایە"، بۆردیۆ پێی وایە کۆمەڵگە لە چەندین بواری کۆمەڵایەتی جیاواز پێکدێت، هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێک یاسا و پێکهاتەی دەسەڵات و پراکتیکی تایبەت بە خۆیانن (Bourdieu, ١٩٩٠)، ئەم بوارانە دەشێت پەروەردە، هونەر، سیاسەت، ئابووری، یان میدیا بن. تێگەیشتن لە چەمکی بوار زۆر گرنگە بۆ شیکردنەوەی میکانیزمەکانی دەسەڵات، نایەکسانی و بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت کایەی میدیا وەک مەیدانێکی بەهێز بۆ ململانێ و دەسەڵات دەبینرێت، کە سەرمایەیەکی ڕەمزی بە نرخە، چونکە توانای دەستکاریکردنی ڕای گشتی هەیە. ئەم کایەیە، لە ڕێگەی "خێرایی" و "لێکچوون" و بەکارهێنانی "توندوتیژی ڕەمزی" و "زمانی میدیایی"ەوە، توانای شێوەدان بە واقیع و چەسپاندنی نایەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە. تێگەیشتن لەم میکانیزمانە زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی هۆشیارییەکی میدیایی بەهێز و توانایەکی ڕەخنەگرانە لەلایەن وەرگرەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرەنگاری دەستکاریکردن و گومڕاکردن ببێتەوە.

بۆردیۆ کایە بە سیستمی پەیوەندییە بابەتییەکان دەبینێت کە هاوشێوەی یارییەکە، نوێنەرەکان (تاکەکان یان گرووپەکان) لە پێناو بەدەستهێنانی سەرمایەی تایبەت بەو بوارەدا کێبڕکێ دەکەن، هەر کایەیەکیش تا ڕادەیەک خاوەنی سەربەخۆییە، واتە خاوەنی لۆژیک و یاسا و بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیەتی و تاکەکان یان نوێنەرەکان هەوڵدەدەن بەدەستی بهێنن. بۆ نموونە، لە بواری ئابووریدا سەرمایەی ئابووری (پارە، موڵک) گرنگە، لە بواری پەروەردەییدا سەرمایەی کەلتووری (زانست، لێهاتویی زمانەوانی، بڕوانامە) (Bourdieu, ١٩٨٦)، هەروەک لە بواری میدیایشدا سەرمایەی ڕەمزی (ناوبانگ، شەرەف، توانای شێوەدانی ڕای گشتی) گرنگە (بوردیو، ٢٠١٣)، بەڵام ئەم کایانە سەربەخۆیی تەواویان نییە، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، جگە لەوەش ئەو چالاکییە جۆراوجۆرانەن کە تاکەکان لەناو کایەکانیاندا ئەنجامی دەدەن بۆ کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی سەرمایەی زیاتری کایەکە و پاراستن یان گۆڕینی پێگەی خۆیان (Bourdieu, ١٩٩١). هاوکات لەناو کایەکانیشدا، دەسەڵاتداران یان ئەو گرووپانەی خاوەنی سەرمایەیەکی زۆرن، دەتوانن توندوتیژی ڕەمزی یان هێمایی پیادە بکەن. ئەم توندوتیژییە لە ڕێگەی هێما و کەلتوور و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاردەکات و دەتوانێت تێڕوانین و ڕەفتار و ناسنامەی تاکەکان لە قاڵب بدات و کۆنترۆڵی بکات (هەمەوەند ٢٠١٧).

## بۆردیۆ و میدیا

بۆردیۆ تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی لەسەر ڕۆڵی میدیا لە کۆمەڵگەدا هەبوو. ئەو پێی وابوو میدیا وەک کایەیەکی دەسەڵات کاردەکات، کە تێیدا گرووپە باڵادەستەکان کۆنتڕۆڵی گێڕانەوەکان و شێوازی گەیاندنی ڕووداوەکان دەکەن، چونکە پێی وابوو میدیا بە شێوەیەکی گشتی ئەو بەهایانە بڵاودەکاتەوە کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار دەکەن و بەمەش هاوکارە لە بەردەوامیدان بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی. بۆردیۆ پێیوایە میدیا کایەیەکی پڕ لە ململانێیە، کە تێیدا گرووپە جیاوازەکان هەوڵدەدەن دەسەڵاتی هێمایی بەدەست بهێنن بۆ کۆنتڕۆڵکردنی واتاکان و چۆنیەتی تێگەیشتن لە ڕاستی. ئەو هەروەها تیشکی خستە سەر "توندوتیژی هێمایی"، کە تێیدا میدیا بە شێوەیەکی نەستەکی و ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتی باڵادەست قبوڵ دەکات و بەمەش تاکەکان ناچار دەبن باوەڕ بەو واتایانە بکەن کە میدیا دروستی دەکات، وەک ئەوەی سروشتی و ڕاستی بن. بۆردیۆ داوای میدیایەکی ئازاد و سەربەخۆی دەکرد کە لە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریدا نەبێت و، بتوانێت بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە ڕووداوەکان ڕووماڵ بکات و فرەچەشنیی بۆچوونەکان بگوازێتەوە. لێرەدا بە وردی بۆچونەکانی دەخەینەڕووو شیکاریان بۆ دەکەین

## شیکردنەوەی کۆمەڵناسییانەی بۆردیۆ بۆ تەلەڤزیۆن

هەرچەندە پییەر بۆردیۆ، لە بەشی زۆری بەرهەمەکانیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی لە کایەی میدیا کردووە، بەڵام لە کتێبی "تەلەڤزیۆن و میکانیزمەکانی یاریکردنی بەعەقڵ" (Television and the Mechanisms of Mind Manipulation)، کە یەکێکە لە گرنگترین کارەکانی بۆردیۆ سەبارەت بە میدیا، بە شێوەیەکی ورد و زانستی بۆچوونەکانی لەبارەی میدیا بە گشتی و شیکارییە ڕەخنەییە قووڵەکانی بۆ تەلەڤزیۆن وەک ئامرازێکی سەرەکی میدیا و ڕۆڵی لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و هزری و کەلتوری پێشکەش دەکات. (بۆردیۆ) لە ڕێگەی کتێبەکەیەوە کە لە ساڵی (١٩٩٦)دا بڵاوکرایەوە و، یەکێکە لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی، لە ناوەخنیدا هاوارێکی توندی هەڵگرتوە بۆ ئیدانەکردنی ئەو ڕۆڵە نەرێنییەی کە تەلەڤزیۆن لە یاریکردن بەعەقڵ دەیگێڕێ، بە بڕوای ئەو تەلەڤزیۆن بەناوبانگترین ئامرازی میدیاییە، کە لەم سەردەمەدا خۆراک بەبیر و هۆشی تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات، چونکە پەیام لە شێوەی وێنەدا دەگەیەنێت، ئەوەش لە مێشکی تاکەکاندا دەچەسپێت. لە ڕوانگەی بۆردیۆوە، تەلەڤزیۆن تەنها سەرچاوەیەکی بێلایەنانەی زانیاری نییە، بەڵکو میکانیزمێکی کارایە بۆ دارشتنی ڕای گشتی و سەپاندنی ئایدۆلۆژیای چینە باڵادەستەکان، ئەوەش بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک تەکنیک و ڕێکار کە بریتین لە:

تەلەڤزیۆن وەک میکانیزمێک بۆ شاردنەوەی بابەتە گرنگەکان: بۆردیۆ پێی وایە تەلەڤزیۆن وەک جادووگەرێک کار دەکات، سەرنجی بینەران بۆ بابەتێکی کەم گرنگ ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی بابەتێکی دیکەی گرنگتر بشارێتەوە، ئەم کردارەش بە "شاردنەوە لە ڕێگەی دەرخستنەوە" ناودەبات (لعیاضي ٢٠١٩). چونکە ئەم میکانیزمە بریتییە لە پیشاندانی ڕووداو یان پرسێکی ڕووکەش بەشێوەیەکی زەق و وورووژێنەر، بەو ئامانجەی سەرنجی گشتی لەسەر کێشە بنەڕەتییەکان و

ئاڵنگارییە قووڵەکانی کۆمەڵگە لابدات. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەلایەن بینەرانەوە. هەروەها بۆردیۆ بە وردی باسی چۆنیەتی "شاردنەوەی زانیارییەکان" لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە دەکات و، دەڵێت: "ئەمە تەنها بریتی نییە لە سانسۆرکردنی ڕاستەوخۆ، بەڵکو بریتییە لە هەڵبژاردنی بابەتەکان، چوارچێوەدانان بۆ هەواڵەکان، لەگەڵ تەرخانکردنی کاتی دیاریکراو بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکان، بە شێوازێک خزمەت بە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارەکان دەکات (Ab-bas, ٢٠٢١) ، بەو جۆرە وەک بۆردیۆ ئاماژەی بۆ دەکات تەلەڤزیۆن دەتوانێت واقیعێک دروست بکات کە ڕاستییەکە بشێوێنێت (Bourdieu, 1998) ، بەجۆرێک وێنەکان واقیع لەبیر دەبنەوە و واقیعێکی دروستکراو دەسەپێنن.

کۆنترۆڵی خاوەندارێتی و ئاراستەکردنی زانیاری: یەکێک لە میکانیزمە سەرەکییەکانی دەستکاریکردن، پەیوەستە بە کۆنترۆڵی خاوەندارێتی میدیا و ئاراستەکردنی زانیارییەکان، بۆردیۆ پرسیاری "کێ خاوەنی زانیارییە؟" دەوروورژێنێت و ئاماژە بەوە دەکات ئەوانەی زانیاری بەرهەم دەهێنن؛ ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەیان کۆنترۆڵ کردووە، دەسەڵاتی سەپاندنی دیدگای خۆیان بەسەر خەڵکدا هەیە (خومەیسی، ٢٠٢١). ئینجا ئەم خاوەندارێتییە دەکرێت دەوڵەت، خێزانی دەسەڵاتدار، یان سەرمایەدارێکی گەورە بێت، وەک نموونەی کۆمپانیاکانی جنراڵ ئێلێکتریک و سی ئێن ئێن لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یان سیلڤیۆ بێرلسکۆنی لە ئیتاڵیا (خومەیسی ٢٠٢١). لەم چوارچێوەیەدا، تەلەڤزیۆن دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی "سیستمی هێمایی" باو و جێبەجێکردنی "توندوتیژی هێمایی" (symbolic violence) بەسەر بینەراندا (بۆردیۆ، ٢٠٢٣). ئەم توندوتیژییە هێماییەش بە شێوەیەکی هێواش و ناڕاستەوخۆ کار دەکات، بەبێ ئەوەی بینەر هەستی پێبکات، چونکە لە ڕێگەی ئاماژە و زمانەوە دەسەپێنرێت، قوربانییەکەش بە شێوەیەکی بێ ئاگا قبوڵی دەکات و بە شێوازێکی سروشتی دەبینێت (Bour-dieu, 1991)، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردانیان هەیە. بۆردیۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم توندوتیژییە هێماییە بەشێکە لە هەوڵێکی سیستماتیکی چینە باڵادەستەکان بۆ پاراستنی هەژموونی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا، بە دروستکردنی کۆدەنگییەک کە لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت. ئەو دەڵێت بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان، هەرچییەک بن، چەندین کاریگەری سیاسی و ئابوورییان لەسەر بینەران هەیە، چونکە لە تەلەڤزیۆن پسپۆڕ هەیە کاریان داڕشتنی ناوەڕۆکی ڕووداوەکان و پێشکەشکردنیانە، بە شێوەیەک سەرنجی بینەر دەوروژێنێت و هەستەکانی دەجوڵێنێت و بیرکردنەوەکانی کۆنترۆڵ دەکەن (بوردیو ٢٠٠٤ :٢٣). بەم شێوەیە تەلەڤزیۆن وەک ڕوانگەیەک گوزارشت لە واقیعی زیندوو ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکە لەگەڵ لایەنی باڵادەستدا دەگونجێت و دەسەڵاتی سیاسی تاکە سودمەندە لە یاریکردنی بەعەقڵی بینەر لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن، بۆ دڵنیابوون و کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی و کۆمەڵگە بە گشتی. ئەمەش جەخت لەسەر پەیوەندی قووڵی نێوان ئایدۆلۆژیا و تەکنەلۆژیای پەیوەندی دەکاتەوە، کە تەلەڤزیۆن مەترسیدارترینیانە، چونکە ڕۆڵەکەی تەنها بریتی نیە لە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر بینەر، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ بوارەکانی تری بەرهەمهێنانی کولتووری لەڕێگەی داڕشتنی عەقڵ و ئاڕاستەکردنی بەپێی ئایدۆلۆژیای ئەو کەسانەی

کە کۆنترۆڵی دەکەن (بوردیو، ٢٠٠٤ :٢١)، هەر لەو چوارچێوەیەدا بۆردیۆ جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە تەلەڤزیۆن واقیع ناگوازێتەوە، بەڵکو زۆر جار واقیعیش دروست دەکات، ئەوەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەواڵەکان، چۆنیەتی پێشکەشکردنیان و چوارچێوەبەندییان، ئەمەش دەتوانێت چۆنیەتی دونیابینی نوێ لای بینەران داڕێژێت، بە تایبەتی لە کاتی قەیران و ڕووداوە گەورەکاندا، میدیا دەتوانێت ترس بڵاوبکاتەوە، یان ورە بەرز بکاتەوە، بەپێی بەرژەوەندی لایەنە باڵادەستەکان.

کاریگەریی پێشبڕکێ و دیاردەی هاوشێوەیی: بۆردیۆ جەخت لەسەر لێکچوونی شێوازی کاری تەلەڤزیۆنە جیاوازەکان دەکاتەوە، نەک تەنها لە شێوازی پێشکەشکردنی هەواڵ، بەڵکو لە هەڵبژاردنی بابەتەکان و تەنانەت لە دیدگا سیاسییەکانیشدا (موسی ٢٠٢٣) ، بۆردیۆ پێی وایە ئەم لێکچوونە دەبێتە هۆی دروستکردنی یەکڕەنگییەک لە ڕای گشتی و کەمکردنەوەی فرەجۆریی بیروڕا ئەمەش دەتوانێت مەترسیدار بێت لە کاتی قەیرانەکاندا، چونکە ڕای گشتی بە ئاسانی بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو دەبرێت (Bourdieu 1998) . ئەمەش ئەنجامی "ململانێی نێوان ڕۆژنامەنووسانە"، کە سەرنجی سەرەکییان لەسەر بەرزترین ڕێژەی بینەرانە، نەک لەسەر کوالێتی ناوەڕۆک، هەربۆیە پێشبڕکێی بەردەوام لەسەر ڕاکێشانی زۆرترین بینەر و بەدەستهێنانی پشکی زیاتر لە بازاڕی ڕیکلامدا دەکەن، لێرەدا میدیا دەگۆڕێت بۆ بازاڕێک کە تەنها بەدوای قازانجی بازرگانییەوەیە ئەوەش میکانیزمێکی دیکەی دەستکاریکردنی عەقڵ دروست دەکات، کە بۆردیۆ بە "عەقڵییەتی ئۆدیماتی" ناوی دەبات، چونکە دوجار ئەم پێشبڕکێیە دەبێتە هۆی دیاردەی "هاوشێوەیی" (لعیاضي، ٢٠١٩)، تێیدا کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان مەیلیان بۆ لاساییکردنەوەی یەکتر دەبێت لە جۆری ناوەڕۆک و شێوازی پێشکەشکردندا. ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەیر و سووک و سەمەرە، وەک ژیانی کەسیی ئەستێرەکان یان ڕووداوە سەیر و سەمەرەکان، کە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی قووڵ ناورووژێنن و تەنها کاتی گرانبەهای تەلەڤزیۆن بەفیڕۆ دەدەن (خومەیسی، ٢٠٢١)، ئەوەش لەسەر حسابی ئەو هەواڵە جددی و گرنگانەی یارمەتی بینەر دەدەن بۆ تێگەیشتن لە واقیعی خۆیان، بۆردیۆ ئەم دیاردەیە بە "کەرتبوون و یان پەرش و بڵاوی زانیارییەکان ناودەبات، کە تێیدا زانیارییەکان ورد و پەرتەوازە دەکرێن و لە چوارچێوەیەکی گشتیدا جێگیر ناکرێن، بەمەش بینەر ناتوانێت وێنەیەکی تەواوی ڕووداوەکان و هۆکارەکانیان ببینێت.

خێرایی و کاریگەریی لەسەر وردبینی : یەکێکی دیکە لە چەمکە سەرەکییەکانی کایەی میدیادا، بەتایبەت تەلەڤزیۆن، کە بۆردیۆ باسی دەکات بریتییە لە خێرایی (the fast)، ئەو خێراییە زۆرەی کە تەلەڤزیۆن زانیارییەکانی پێ دەگوازێتەوە و بە شێوەیەکی سەرپێیی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکاندا دەکات (موسی، ٢٠٢٣ ، خێرایی گواستنەوەی زانیاری و و پەلەکردن لە کاری ڕۆژنامەوانی لەگەڵ بابەتەکاندا زۆر باوە، بۆردیۆ ئەوە بە قوربانی زانیارییەکانی دەزانێت (لعياضي، ٢٠١٩). پێشبڕکێی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی پێشەنگی ڕۆژنامەوانی، میدیاکاران ناچار دەکات لەژێر فشارێکی زۆردا کار بکەن، ئەمەش چانسی کاری ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری و بەدواداچوونی ورد و پشکنینی ڕاستگۆیی بۆ هەواڵەکانیان کەم دەکاتەوە و زۆرجار دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست و هەڵە (بۆردیۆ، ٢٠٢٣). هەروەها

بۆردیۆ باسی ئەوەش دەکات تەلەڤزیۆن چۆن مامەڵە لەگەڵ هەواڵەکان دەکات و چۆن شارەزایان و زانکۆییەکان بەکار دەهێنێت بۆ دروستکردنی ئەم "خێراییە" کە ڕێگە نادات بە شیکردنەوەی قووڵ تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەی دیاردەکان (Bour-dieu ١٩٩٨)، چونکە تەنها زانیارییەکی سەرپێیی دەگەیەنێت. ئەمەش دژی ئەو بیرکردنەوە مێژوویی و فەلسەفییە قووڵەیە کە پێویستی بە کات و ئارامی هەیە، چونکە وەک بۆردیۆ ئاماژەی پێ دەکات ئەم شێوازەی کاری "ڕۆژنامەوانی" تیشک دەخاتە سەر ڕووداوە ڕووکەشەکان و لایەنە قووڵەکانی پشت ڕووداوەکان پشتگوێ دەخات. ئەم خێراییە کاریگەری لەسەر بەرنامە گفتوگۆییەکانیش هەیە؛ بۆ نموونە لە تەلەڤزیۆن هانی بیرکردنەوەی قووڵ و دروستبوونی بیرۆکەی نوێ نادرێ، چونکە بیرکردنەوە پێویستی بە کات و هێمنی هەیە، تەلەڤزیۆنیش بەردەوام کێشەی کەمی کاتی هەیە، بۆیە بەو دۆخە ناتوانێت ئەو ژینگەیە دابین بکات (بۆردیۆ، ٢٠٢٣). لەبری ئەوە، میوانەکان ناچار دەکرێن بیرۆکە باو و لەپێشینەکان پێشکەش بکەن (العياضي ٢٠١٩).لە ئەنجامی ئەم خێرایی و پێشبڕکێیەدا، تەلەڤزیۆن دەبێتە دروستکەری "بیرمەندە پەلەکان"، کە ڕۆشنبیرانی تەلەڤزیۆنن و تەنها ڕۆشنبیرییە خێراکان پێشکەش دەکەن (بۆردیۆ ٢٠٢٣). بە بۆچوونی بۆردیۆ میوانانەکانی دیبەیت ساختەن و، بەهاوبەشی گەمە سیاسییەکە وەسفیان دەکات؛ دوپاتی دەکاتەوە هەمو ئەو شتانەی لە نێوانیاندا ڕودەدەن لەسەر ئەو بنەمایانەیە، کە پێش ئەوەی بەرنامەکە تۆمار بکرێت یان پیشان بدرێت، لەسەری ڕێککەوتون، (بۆردیۆ) دڵنیایە هەریەکێک لەو دو میوانە سیناریۆیەکی دیاریکراویان هەیە و، گوزارشت لە دیدگەیەکی دوژمنکارانەی ئەوی دیکە دەکات، بەڵام لەوانەیە لە واقیعدا هاوڕێی باش بن! پاساوی ئەوەش ئەو نیگا و ئاماژە و زمانەیە کە لە کاتی گفتوگۆی نێوانیاندا بەکاری دەهێنن، هەروەها پێشکەشکارانیش زۆرجار بێلایەن نین و پشتگیری لایەنێک دەکەن یان پاڵپشتی دیدگەی گروپێک دەکات بەسەر گروپێکی تردا، بۆ ئەوەی گفتوگۆکە ناهاوسەنگ بکات و، کەناڵەکەش بە ئامانجەکەی بگات کە بریتییە لە دەربڕینی دیدگەی خۆی و دەستکاریکردنی بیرۆکەی بینەر و سەپاندنی دیدگە و بۆچوونێکی دیاریکراو (بۆردیۆ ٢٠٢٣). ئەم ڕۆشنبیرە تەلەڤزیۆنیانە بە بۆچوونی بۆردیۆ "ساختەن"، چونکە لە بری ئەوەی ڕاستییەکان ڕوون بکەنەوە، کاریان تەنها بریتییە لە ڕازاندنەوەی ئەو بۆچوونانەی کە خاوەندارانی کەناڵەکە دەیانەوێت بڵاوی بکەنەوە.

زمان و چەمکەکان: زمان لە کایەی میدیادا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، چونکە پەیام لە قۆناغی یەکەمیدا بە زمان دروست دەکرێت. میدیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکانەوە دەتوانێت گێڕانەوەیەکی دیاریکراو بخاتەڕوو و تێگەیشتن لە واقیعێکی دیاریکراو بسەپێنێت (موسی ٢٠٢٣ ، یەکێک لە گرنگترین و لە مەترسیدارترین میکانیزمەکانی یاریکردن بەعەقڵەکان لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە بە بۆچوونی بۆردیۆ بریتیە لە دەستکاریکردنی زمان و چەمکەکان، بۆردیۆ پێی وایە ئەمەش یەکێکە لە میکانیزمەکانی دەسەڵات، کە لە ڕێگەی زمانی میدیاییەوە کار بۆ سەپاندنی تێگەیشتنێکی دیاریکراو لە واقیع دەکات (Bour-dieu ١٩٩١)، ئەو ئاماژە بە چۆنیەتی گۆڕینی زاراوەکان دەکات، وەک گۆڕینی "خاوەنی خاک" بۆ "تیرۆریست" و "داگیرکەر" بۆ "خاوەن ماف"، (سەفەر، ٢٠٢٤). بەکارهێنانی زاراوەکانی وەک

"شـۆڕش" یـان "کۆمەڵکوژی" بە شێوەیەکی زۆر گەورەتر لە پێویست، سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت و هەستەکانی کۆنترۆڵ دەکات، بەمەش ڕووداوە کەم گرنگەکان دەکرێنە زۆر گرنگ بۆ گەیشتن بە ئامانجە شاراوەکانی پشت ئەم دەستکاریکردنە (بۆردیۆ، ٢٠٢٣). ئەم دەستکاریکردنەی زمان یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی "ڕاستییەکی ساختە"، کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدا دەگونجێت.

کاریگەریی تەلەڤزیۆن لەسەر میدیای نووسراو: هـەژمـوونی تـەلـەڤـزیـۆن قـەیرانـێکی لـە بـواری ڕۆژنامەنووسی نووسراودا دروست کردووە و قۆرخکاری هەواڵەکانی لێ سەندووەتەوە (لعیاضي، ٢٠١٩)، بۆ نموونە بـەردەوام ژمـارەی بینەرانی بڵاوکراوە هەواڵییەکانی تەلەڤزیۆن زۆر زیاترە لە کۆی خوێنەرانی هەموو ڕۆژنامەکان، ئەمەش وای کـردووە ڕۆژنـامـەکان هـەوڵ بـدەن ”ڕوون“ بن، واتە بابەتە گشتییەکان بگرنە خۆیان کە هیچ کێشەیەک دروسـت ناکـەن بـۆ ئـەوەی زۆرتـرین خوێنەر بەدەست بهێنن. ئەمەش دیسان پرۆسەی دروستکردنی هاوشێوەیی، بەرهەمهێنانی بێمانایی و نا-سیاسیکردن لە ڕۆژنامەوانیدا پەرە پێدەدات (لعیاضي ٢٠١٩). بۆردیۆ پێی وایە تەلەڤزیۆن نەک تەنها ڕۆژنـامـەی کاغـەزی لاواز کـردووە، بەڵکو سیمای ڕۆژنامەگەری گۆڕیوە و لە قووڵاییەوە گواستوویەتەوە بۆ سەر ڕووکەش و بینراو، جگە لـەوەش بۆردیۆ پێی وایـە ئـەم دۆخـە ڕێگەی بۆ میدیاکارانی تەلەڤزیۆن خۆش کردوە تا دەرفەتی زیاتریان بۆ پۆستی گرنگ لە ڕۆژنامەکاندا هەبێت، چونکە لەو دۆخەدا گرنگی بە ناوبانگ دەدرێت نەک ئەزموون (بـۆردیۆ ٢٠٢٣).

دژبـەرایـەتـی نـێـوان واقیعی هـەزری و واقیعی ڕاگەیاندن: بۆردیۆ پەیوەندی نێوان واقیعی هزری و واقیعی ڕاگەیاندن بە پەیوەندییەکی دژبە یەک دەزانێت، چونکە واقیعی هزری پێویستی بە هێمنی، کات و تێبینی قووڵ هەیە، بەڵام واقیعی میدیا لە ڕێگەی کۆمەڵێک فێڵی وەک شێوازی هەڵبژاردنی وشە و چەمکەکان و، چوارچێوەی سیاسەتی میدیایی بۆ هەواڵەکان و تەنانەت لە تەرخانکردنی کات بۆ بابەتێکی دیاریکراودا خۆیان دەبیننەوە. ئامانجی ئەم میکانیزمانە ئەوەیە کۆنترۆڵی سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت و ڕێگە نەدرێت بە خوێنەر یان بینەر بەشێوەیەکی سەربەخۆ بیرکردنەوەیەکی قووڵ بکات. بۆردیۆ پێی وایە کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرێک لە ”واقیعی دووەم“ کە لە ڕێگەی میدیاوە شێوەی پێدەدرێت . (-Bour dieu ١٩٩٨)، بۆیە لە واقیعی ڕاگەیاندن خێرایی و کەمتر وردبینی پێویستە، سەرەڕای ئەم دژایەتییە، تەلەڤزیۆن بیرۆکەی "بیرمەندی خێرا"شی دروست کردووە کە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو قسە دەکات و بڕیاری پێشوەختەی لەسەر هەیە و، خەڵکیش ئەم بڕیارانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەردەگرن و بە ژەمێکی کەلتووری دادەنێن (بۆردیۆ، ٢٠٢٣)، بەڵام ئەم خێراییە قووڵایی و توانای شیکردنەوەی لە بینەران سەندووەتەوە، بۆردیۆ هۆشداری دەدات لەوەی ئەم میکانیزمانە دەبنە هۆی دروستبوونی کەلێنێکی قووڵ لە نێوان ئەو توێژانەی کە توانای دروستکردنی کەلتووری سیاسییان لە کتێب و ڕۆژنامەکانەوە هەیە، لەگەڵ توێژە جەماوەرییەکان کە تەنها بە هەواڵی تەلەڤزیۆن خۆیان سەرقاڵ دەکەن (لعیاضي، ٢٠١٩). ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی دابەشبوو کە تێیدا تێگەیشتن لە واقیع جیاوازە.

ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە کایەی میدیادا: بۆردیۆ لە کتێبەکەی "تەلەڤزیۆن و میکانیزمەکانی یاریکردنی

بەعەقڵ"، ڕەخنە لە ڕۆڵی شارەزایان و پسپۆڕە زانکۆییەکان لە کایەی میدیادا دەگرێت، ئەو پێی وایە کاتێک ڕۆشنبیران بەشداری لە پرۆگرامە میدیاییەکاندا دەکەن، ناچار دەبن خۆیان لەگەڵ "خێرایی" و سەرپێیبوونەکەی میدیادا بگونجێنن، ئەمەش ڕێگە نادات بە شیکردنەوەی قووڵ و ڕەخنەگرانە. بۆردیۆ تەنانەت پێشنیازی بایکۆتکردنی میدیای لەلایەن ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆوە کردوە، چونکە پێی وایە میدیا لە توانایدایە هەموو شتێک بکاتە شتێکی گشتی و ڕووکەش و ناچار بە گفتوگۆیەکی نالۆژیکی بکات (Bourdieu ١٩٩٨)، ئەمەش نیشانەی باوەڕی بۆردیۆیە بەوەی کایەی میدیا توانای هەیە لۆژیکی بوارەکانی دیکەش بشێوێنێت.

تەلەڤزیۆن وەک میکانیزمی توندوتیژی هێمایی: بۆردیۆ پێی وایە تەلەڤزیۆن یەکێکە لە ئامرازەکانی توندوتیژی هێمایی (اسماعیل ٢٠٢٢)، چونکە لە ڕێگەی دروستکردنی گێڕانەوەی دیاریکراو و بەکارهێنانی زمانی میدیایی، دەتوانێت نۆرم و بەها کەلتوورییەکان و سەلیقە و شێوازی ژیان و تێگەیشتن و جیهانبینییەکانی چینی باڵادەست لە واقیع بچەسپێنێت، ئەمەش بە نائاگاییەوە لەلایەن وەرگرەوە قبوڵ دەکرێت. لەسەر ئاستی پەروەردەشدا، ئەم بابەتە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەدای ئەکادیمی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتیان هەبێت، بۆ نموونە تەلەڤزیۆن دەتوانێت درێژە بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی بدات بە بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانەوەی پلەبەندییە کەلتوورییەکان (قراینیة ٢٠٢٣: ٦٤). بۆردیۆ پێشنیاز دەکات کە پەروەردە دەبێت ڕۆڵێکی چالاک لە فێرکردنی تاکەکان بگێڕێت، کە چۆن بە شێوەیەکی ڕەخنەیی لە تەلەڤزیۆن بڕوانن و پەیامەکانی شیبکەنەوە، بەڵام لە وڵاتانی گەشەسەندوودا کە ڕێژەی خوێندەواری کەمە، بە تەواوی پشت بە تەلەڤزیۆن وەک تاکە سەرچاوەی زانیاری دەبەستن (خومەیسی ٢٠٢١)، وا دەکات تەلەڤزیۆن ببێتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی کەلتوور بە گشتی و سەپاندنی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر ڕای گشتی و کۆمەڵگادا (بۆردیۆ ٢٠٢٣). بۆردیۆ دژی ئەم جیهانگیری و ناوەندگەراییە وەستاوەتەوە و بە بوێرییەوە ڕەخنەی لە هەموو ئەو لایەنانە گرتووە کە دژی بیرۆکەکانی بوون .

کەواتە ڕوانگەی پییەر بۆردیۆ بۆ کۆمەڵناسی میدیایی دیدگایەکی قووڵ و ڕەخنەگرانەیە سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا لە کۆمەڵگەدا، چەمک و بیرۆکەکانی وەک (خێرایی)، (دەستکاریکردنی ڕای گشتی) و، (لێکچوونی میدیاکان) لە شیکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی میدیای هاوچەرخ هێشتا نوێ و کاریگەرن، بەتایبەتی لە کاتی قەیرانەکان و شەڕ و ململانێکاندا، میدیا لە ڕێگەی زمان و چوارچێوەبەندییەوە دەتوانێت ڕای گشتی شێوە پێبدات و تەنانەت واقیعێکی دروستکراو بسەپێنێت، هەرچەندە بۆردیۆ ڕەشبین بووە سەبارەت بە توانای میدیا بۆ گەیاندنی ڕاستی، بەڵام تیۆر و هزر و بۆچوونەکانی دەتوانن وەک ڕێبەرێک خزمەت بکەن بۆ پەرەپێدانی هۆشیارییەکی میدیایی بەهێز و توانایەکی ڕەخنەگرانە لەلایەن خوێنەران و بینەرانەوە، چونکە لە جیهانێکی پڕ لە زانیاریی ناکۆکدا، تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی دەستکاریکردنی میدیایی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لە واقیع.

## تیۆری و بۆچونەکانی بۆردیۆ لە چوارچێوەی میدیای هاوچەرخدا

تیۆر و بۆچونەکانی بۆردیۆ، کە لە بەرهەمە زانستیەکانیدا بەتایبەت لە کتێبی (تەلەڤزیۆن و

میکانیزمەکانی یاریکردنی بەعەقڵ) سەبارەت بە میدیا پێشکەشی کردوە، هەرچەندە لە سەردەمێکی پێش ئینتەرنێت و سۆشیال میدیادا داڕێژراون، بەڵام هێشتا لێکدانەوەیەکی قووڵ و گونجاو بۆ تێگەیشتن لە میدیای نوێ و هاوچەرخ پێشکەش دەکەن، هەرچەندە هزر و بۆچونەکانی بۆردیۆ لەسەر تەلەڤزیۆن بووە، بەڵام ئەو میکانیزمانەی پێشتر ئاماژەی پێداون، بە شێوەیەکی بەرچاو لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانیشدا بەدی دەکرێن، بۆ نموونە:

لە سەردەمی "شەڕی زانیارییەکان" و بڵاوبوونەوەی خێرای میدیای دیجیتاڵیدا، تیۆرەکانی پییەر بۆردیۆ سەبارەت بە خێرایی و لێکچوونی میدیاکان گرنگییەکی زۆریان هەیە. بۆ نموونە، لە کاتی ململانێکاندا شەڕەکە لە سەر زەوی و لە زماندا بەردەوامە و، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان واقیعی ڕووداوەکانی کوشتن و ئاوارەیی و توندوتیژی، لەگەڵ ئەو زمانەی لایەنێکی داگیرکاری وەک تورکیا بەرامبەر بە گەلی کورد بەکاری دەهێنێت بۆ پێشکەشکردنی گێڕانەوەیەک لەسەر بنەمای چەمکی قوربانیبوون." ، ئەمەش بە تەواوی لەگەڵ تیۆوانینی بۆردیۆدا دەگونجێت کە چۆن میدیا دەتوانێت واقیعێکی دیکە دروست بکات کە ڕەنگە لە واقیعی ئەسڵی دوور بێت" (خومەیسی ٢٠٢١) سەرنجڕاکێشانی خەڵک بۆ شتێکی تر جگە لەوەی بەڕاستی دەیکەن" بنەمای کاری فێڵ و خوڵ لەچاوکردنە، کە میدیا بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ ساختەکردنی واقیع بەکاری دەهێنێت و، لە کاتی شەڕ و ململانێ و قەیرانەکاندا زیاتر بەرجەستە دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی ڕای گشتی.

لەلایەکی دیکەوە بۆردیۆ تەلەڤزیۆن وەک "جادووگەرێک" وەسف دەکات کە سەرنجی بینەران بۆ شتێکی کەم بایەخ ڕادەکێشێت تا شتێکی دیکەی گرنگتر بشارێتەوە (لعیاضي، ٢٠١٩). ئەم بیرۆکەیە بە تەواوی لە میدیای نوێدا ڕەنگدانەوەی هەیە. لە پلاتفۆرمەکانی وەک فەیسبووک، تویتەر (X)، ئینستاگرام، و تیکتۆک، زۆرجار ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێش، وێنە و ڤیدیۆی زۆر ورووژێنەر یان گاڵتەجاڕانە بڵاو دەکرێتەوە و، سەرنجی ملیۆنەها بەکارهێنەر ڕادەکێشن. لەم کاتەدا، هەواڵ یان بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە قووڵەکان پشتگوێ دەخرێن یان بە شێوەیەکی کەم ڕووماڵ دەکرێن. زۆرجار، ئەم ناوەڕۆکە "کەم گرنگانە" لەلایەن ئەلگۆریتمەکانەوە بە بەکارهێنەران پیشان دەدرێن بۆ ئەوەی زیاتر لە پلاتفۆرمەکەدا بمێننەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هاوڵاتییان لە ڕووداوە بنەڕەتییەکان داببڕێن و نەتوانن بە شێوەیەکی دروست بیر لە کێشەکانی کۆمەڵگەکانیان بکەنەوە.

هەروەها سەبارەت بە پرسیارەکەی بۆردیۆ، کە دەپرسێ "کێ خاوەنی زانیارییە؟" (خومەیسی، ٢٠٢١)، ئەوە لە سەردەمی میدیای نوێدا وەڵامی پرسیارەکە ئاڵۆزتر بووە. لە کاتێکدا تەلەڤزیۆن خاوەندارێتییەکەی ڕەنگە لە دەستی دەوڵەت یان سەرمایەدارە گەورەکاندا بێت، بەڵام لە میدیای نوێدا، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی تەکنۆلۆژیا وەک مێتا (فەیسبووک و ئینستاگرام)، گووگڵ (یوتیووب) و تیکتۆک...هتد خاوەنی پلاتفۆرمەکانن. ئەم کۆمپانیایانە لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانیانەوە، دەتوانن دیاری بکەن کە چ زانیارییەک بە بەکارهێنەر بگات و چ زانیارییەک نەگات. ئەمەش وای کردووە دەستکاریکردنی ڕای گشتی ئاسانتر بێت، چونکە ئەلگۆریتمەکان تەنیا ئەو زانیارییانە بە بەکارهێنەر دەدات، کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی خۆیدا دەگونجێن، بەمەش ئاراستەیەکی دیاریکراوی فیکری بەسەریدا

دەسەپێنن، جگە لـەوەش بونی هـەزاران لاپـەڕەی خاوەن نادیار و سێبەری پارت و گروپ و کەسایەتی و لایەنە سیاسی و ئابوری و...هتد دۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کردوە.

بۆردیۆ خێرایی و پەلەپەلی وەک لایەنێکی لاوازی تەلەڤزیۆن دەبینێ، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وردبینـی و بـڵاوکـردنـەوەی زانـیـاری نـادروسـت (لعياضي، ٢٠١٩)، بەڵام ئەم دیاردەیە لە میدیای نوێدا بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدارتر بەدی دەکرێت. لەگەڵ بڵاوبوونـەوەی خێرای هـەواڵ و ڤیدیۆ لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چانسی پشکنین و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان زۆر کەم بۆتەوە. هەواڵی ساختە (Fake News)، بڵاوکردنەوەی زانـیـاری چـەواشـەکـارانـە (Misinformation) و، پروپاگەندە بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر بڵاو دەبنەوە و کاریگەرییەکی گەورە لەسەر ڕای گشتی دروست دەکەن پێش ئەوەی بتوانرێت ڕاستییەکان ڕوون بکرێنەوە. ئەمەش بووتە هۆی دروستبوونی "بیرمەندە پەلەکان"ی سەردەمی دیجیتاڵی کە بێ پشکنین و وردبینی، بیرۆکەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

دەسـتـکـاریـکـردنـی زمــان و چـەمـکـەکـان، کە بۆردیۆ ئاماژەی پێداوە وەک گۆڕینی "خاوەنی خاک" بۆ "تیرۆریست" (سەفەر ٢٠٢٤)، لە میدیای نوێدا بووەتە ئامرازێکی کاریگەرتر. هاشتاگەکان (Hashtags)، میمەکان (Memes) و، دەستەواژە کورتکراوەکان دەتوانن بە خێرایی مانای چەمکەکان بگۆڕن و کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی خەڵک دروست بکەن. بۆ نموونە، لە کاتی ململانێ سیاسییەکاندا، لایەنەکان زاراوەی دیاریکراو بەکار دەهێنن بۆ جەمسەرگیری و دروستکردنی وێنەیەکی نەرێنی لەسـەر نـەیارەکانیان. ئـەمـەش شێوازی تێگەیشتنی خەڵک لە ڕووداوەکـان دەشێوێنێت و دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی.

بەهـەمـان شـێـوە دیــاردەی "هـاوشـێـوەیـی" کە بۆردیۆ لە چوارچێوەی بیروبۆچوونەکانیدا لەسەر میدیای کلاسیک خستویەتەڕوو، لە میدیای نوێشدا پـەرەی سـەنـدووە. ئەلگۆریتمەکانی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان زۆرجار تەنیا ئەو جۆرە ناوەڕۆکە پیشانی بەکارهێنەران دەدەن، کە پێشتر حەزیان لێبووە یـان کارلێکیان لـەگـەڵ کـردووە. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بیروباوەڕەکانی خۆیان و دوورخستنەوەیان لە دیدگا جیاوازەکان. گرووپە میدیاییە دیجیتاڵییە گەورەکان و ئینفلوێنسەرەکان (Influencers) زۆرجار هەمان جۆرە ناوەڕۆک و هەواڵ بڵاو دەکەنەوە، بەتایبەتی لە کاتی ڕووداوە گەرمەکاندا، ئەمەش دەبێتە هـۆی دروستبوونی گێڕانەوەیەکی باو و سنووردارکردنی فرەیی دیدگا و بۆچوونەکان.

بە گشتی، تێڕوانینەکانی بۆردیۆ سەبارەت بە تەلەڤزیۆن وەک ئامرازێکی یاریکردن بەعەقڵ، نەک هەر دروستن، بەڵکو لەگەڵ سەرهەڵدانی میدیای نوێدا قووڵتر و ئاڵۆزتر بوون. میدیای نوێ، سەرەڕای ئاسانکارییەکانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، لە هەمان کاتدا دەرفەتی زیاتری بۆ دەستکاریکردنی ڕای گشتی و بڵاوکردنەوەی زانیاری چەواشەکارانە ڕەخساندووە. ئەمەش پێویستی بە هۆشیارییەکی زیاتر لەلایەن بەکارهێنەرانەوە هەیە بۆ پشکنینی ڕاستگۆیی و بێلایەنی سەرچاوەی زانیارییەکان.

بەگشتی لـە ڕوانـگـەی بـۆردیـۆوە، پـرۆسـەی شێواندنی "واقیعی کۆمەڵایەتی" لەلایەن میدیاوە تەنها گۆڕینی ڕووداوەکـان نییە، بەڵکو ڕێک ئەو میکانیزمەیە کە لە ڕێگەیەوە "وێنەی کۆمەڵایەتی" (Social Image) دروست دەکرێت و دەسەپێنرێت. (بـۆ نـمـوونـە گـۆڕیـنـی وێـنـای خـاوەن خـاک بۆ

تیرۆریست)، مەبەست لێی ئەوەیە کە میدیا خەریکی بنیاتنانی وێنەیەکی کۆمەڵایەتیی دەستکردە (Con-structed Image) کە جێگەی ڕەوشە ڕاستەقینەکە دەگرێتەوە. واتە شێواندنی واقیع ئامرازەکەیە، بەڵام چەسپاندنی ئەو "وێنە کۆمەڵایەتییە" لە زهنییەت و (هابیتوس)ی تاکەکاندا، دەرەنجامە سەرەکییەکەیە کە وا دەکات تاکەکان ناسنامە و پێگەی خۆیان و ئەوانی دیکە بەو شێوەیە ببینن کە میدیا وێنای کردووە، نەک وەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە.

لەو چوارچێوەیەدا، میدیا لە ڕێگەی دابەشکردنی "سەرمایەی ڕەمزی" (وەک پێدانی شکۆ بە هەندێک کەسایەتی و ستایلی ژیان و پەراوێزخستنی هەندێکی تر) وێنەی کۆمەڵایەتی چین و توێژەکان دیاری دەکات. وێنەی کۆمەڵایەتی لای بۆردیۆ بریتییە لەو تێڕوانینە باوەی کە میدیا دەیسەپێنێت و دەبێتە پێوەر بۆ قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی. بۆیە میدیا نەک تەنها زانیاری دەشێوێنێت، بەڵکو "ناسنامە" و "وێنەی کۆمەڵایەتی" تاک و گروپەکان لە قاڵب دەدات، بەجۆرێک کە وێنە میدیاییەکە (The mediated image) زاڵ دەبێت و دەبێتە ئەو بەها کۆمەڵایەتییەی خەڵک مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، ئەمەش کرۆکی کاریگەریی هەژموونی سیمبولییە لە جیاکردنەوەی وێنەی دروستکراو لە ڕەوشە واقیعییەکە.

## ئەنجام

لێرەدا پوختەی گرنگترین ئەنجامەکان و پێشنیازەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار و ڕاسپاردەکان بۆ توێژەرانی داهاتوو دەخەینەڕوو:

### گرنگترین ئەنجامەکان

بۆردیۆ میدیا وەک کایەیەکی سەرەکی دەسەڵات و ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی هەژموونی سیاسی و هزری سەرمایەداری بۆ ململانێی بەدەستهێنانی هەژموونی سیمبولی دەبینێت، نەک تەنها وەک سەرچاوەیەکی بێلایەنانەی گواستنەوەی زانیاری.

چەمکەکانی هابیتوس (Habitus) و جۆرەکانی سەرمایە (Economic, Social, Cultural, Symbolic Capital) کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی لێکدانەوە و بەکارهێنانی میدیا لەلایەن تاکەکانەوە هەیە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستبوونی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەگرتنی وێنەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کارلێکی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی تاکەکان و پەیامە میدیاییەکان.

تەلەڤزیۆن وەک "میکانیزمەکانی یاریکردنی بە عەقڵ" کار دەکات، بەتایبەتی لە ڕێگەی "شاردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی دەرخستنەوە"، "کۆنترۆڵی خاوەندارێتی و ئاراستەکردنی زانیاری"، "خێرایی و کاریگەری لەسەر وردبینی"، "دیاردەی هاوشێوەیی" و "دەستکاریکردنی زمان و چەمکەکان"، ئەم میکانیزمانەش واقیعێکی دروستکراو دەسەپێنن کە ڕەنگە لە واقیعی ڕاستی دوور بێت.

تەلەڤزیۆن و میدیا ڕۆڵیان لە سەپاندنی توندوتیژی سیمبولی (Symbolic Violence) هەیە، کە نۆرم و بەها و جیهانبینی چینی باڵادەست بە شێوەیەکی نائاگایانە بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی پلەبەندییە کەلتوورییەکان

و نایەکسانی کۆمەڵایەتی، قوربانییەکانیش بە شێوەیەکی سروشتی وەریدەگرن.

پێشبڕکێی نێوان دامەزراوە میدیاییەکان بۆ بەدەستهێنانی بینەر و قازانج، دەبێتە هۆی دیاردەی "هاوشێوەیی" لە ناوەڕۆک و شێوازی پێشکەشکردندا. ئەمەش لەگەڵ "خێرایی" لە گواستنەوەی زانیاری، وردبینی کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست و ڕووکەش.

میدیا، بەتایبەت تەلەڤزیۆن، توانای دەستکاریکردنی زمان و چەمکەکانی هەیە، بە جۆرێک کە گێڕانەوەیەکی دیاریکراو دەسەپێنێت و تێگەیشتنێکی تایبەت لە واقیع دروست دەکات، ئەمە بە یەکێک لە مەترسیدارترین میکانیزمەکانی یاریکردن بە عەقڵەکان دادەنرێت.

دژبەرایەتییەکی زۆر لە نێوان بیرکردنەوەی قووڵی هزری و واقیعی ڕاگەیاندنی خێرا و ڕووکەشدا هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی "واقیعی دووەم"، کە لە ڕێگەی میدیاوە شێوەی پێدەدرێت و کاریگەری لەسەر توانای تاکەکان بۆ بیرکردنەوەی سەربەخۆ دادەنێت.

هەژموونی تەلەڤزیۆن قەیرانێکی لە بواری ڕۆژنامەوانی نووسراودا دروست کردووە، وای کردووە ڕۆژنامەکان هەوڵ بدەن ڕووکەش بن و بەدوای ناوبانگدا بگەڕێن، نەک قووڵایی و وردبینی.

ڕەخنەکانی بۆردیۆ لەسەر ڕۆڵی شارەزایان و پسپۆڕانی زانکۆ لەبواری میدیادا ئەوە نیشان دەدات، کە ناچار دەکرێن خۆیان لەگەڵ "خێرایی" و سەرپێیبوونی میدیادا بگونجێنن، ئەمەش ڕێگە نادات بە شیکردنەوەی قووڵ و ڕەخنەگرانە و دەبێتە هۆی دروستبوونی "بیرمەندە ساختەکان" کە تەنها بیرۆکە باوەکان پێشکەش دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەکانی بۆردیۆ لە سەردەمی تەلەڤزیۆندا داڕێژراون، بەڵام بە تەواوی گونجاون بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی میدیای دیجیتاڵی و سۆشیال میدیای هاوچەرخ. ئەم گونجاندنە لە "شەڕی زانیارییەکان"، کاریگەری ئەلگۆریتمەکان و بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختەدا (Fake News) بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە وەک ئامرازی نوێ بۆ دەستکاریکردنی عەقڵ و داڕشتنی واقیع کار دەکەن.

توێژینەوەکە جەخت لە پێویستی بە پەرەپێدانی هۆشیارییەکی میدیایی بەهێز و توانایەکی ڕەخنەگرانە لەلایەن وەرگر دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری دەستکاریکردن و گومڕاکردن ببێتەوە لە جیهانێکی پڕ لە زانیاریی ناکۆکدا.

بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی توێژینەوەکە پێشنیاز دەکات هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی گشتی لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیای چەواشەکارانە و هەژموونی سیمبولی میدیا ئەنجام بدەن، بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە کاریگەری ئەو دامەزراوە میدیایی و تەلەڤیزیۆنانەی بەشێوەیەکی ناپیشەیی کار دەکەن.

## لیستی سەرچاوەکان

به کوردی

-ئەحمەد، شوان (٢٠٠٦) چەند بابەتێکی فیکری، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک).

-بۆردیۆ، پییێر (٢٠٢٣) سەبارەت بە تەلەڤزیۆن و دەسەڵاتی ژوورنالیزم، وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفووری، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

-زێباری، تاهیر حەسۆ (٢٠١٧) تیوری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.

-سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠١٠) پییەر بۆردیۆ کۆمەڵناسی فەرەنسی، هەولێر: چاپخانەی موکریانی.

- هەمەوەند، حەیدەر (٢٠١٧) پیێر بۆردیۆ، لەم بەستەرە بەردەستە: Bourdieu, Pierre پییێر بۆردیۆ ... نووسینی : حەیدەر هەمەوەند – Denegkan ، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/٢٥.

به عەرەبی

-أرنتروبوس (٢٠١٠) بيير بورديو، متاح في هذا الرابط: بيير بورديو (aranthropos.com)، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٨/٣٠.

-إسماعيل، ع. (٢٠٢٢) قراءة ومستخلص في كتاب التلفزيون وآليات التلاعب بالعقول، للكاتب الفرنسي (بيير بورديو) متاح في: قراءة ومستخلص في كتاب التلفزيون وآليات التلاعب بالعقول، للكاتب الفرنسي (بيير بورديو) – Sudan Liberation Movement/Army – Broad People's Alliance، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/١٥.

-بورديو، بيير (٢٠٠٤) التلفزيون وآليات التلاعب بالعقول (ترجمة: درويش الحلوجي) دمشق: دار كنعان للدراسات و النشر و الخدمات الإعلامية.

-بورديو، بيير (٢٠١٣) قواعد الفن (الترجمة: ابراهيم فتحي) القاهرة: الهيئة المصرية العامة.

الخميسي، أ. (٢٠٢١) بيير بورديو.. آليات التلاعب بالعقول. متاح في: أحمد الخميسي - بيير بوردو .. آليات التلاعب بالعقول، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٨/٤.

سفر، م. (٢٠٢٤) التلاعب بالعقول. متاح في : التلاعب بالعقول » جريدة الصباح ، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/١٣

قرانية، س. (٢٠٢٣) التلفزيون وآليات التلاعب بالعقول في ضوء سوسيولوجيا بيير بورديو. جامعة البويرة، الجزائر.

لعياضي، ن. (٢٠١٩) التلفزيون وآليات التلاعب بالعقول لـ بيير بورديو. متاح في: https://nlayadi.com/٢٠١٩/٠٩/١٦/التلفزيون-وآليات-التلاعب-بالعقول P. Bourdieu زتاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/١٥

موسى، أ. (٢٠٢٣) التلفزيونات وآليات التلاعب بالعقول. الشرق الأوسط. متاح في: https://aawsat.com/الرأي/٤٦٣٠٩٦٦-التلفزيونات-وآليات-التلاعب-بالعقول ، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/١٥

به ئینگلیزی

Abbas, K. F. (2021) "The Impact of Television on Humans Pierre Bourdieu and Regis Dupre: - A Comparative Study-", *Al-Adab Journal*, 1(137), pp. 627–648. DOI: https://doi.org/10.31973/aj.v1i137.1113

Ball, S. J. (2003) *Class Strategies and the Education Market: The Middle Classes and Social Advantage*. London: Routledge.

Benson, R., & Neveu, É. (Eds.) (2005) *Bourdieu and the Journalistic Field*. Cambridge: Polity Press.

Bourdieu, P. & Passeron, J.-C. (1990)

*Reproduction in Education, Society and Culture*. 2nd edition. London: Sage Publications.

Bourdieu, P. (1977) *Outline of a Theory of Practice*. Cambridge: Cambridge University Press.

Bourdieu, P. (1986) “The Forms of Capital” in J.G. Richardson (Ed.), *Handbook of Theory and Research for the Sociology of Education* (pp. 241-258). New York: Greenwood Press.

Bourdieu, P. (1990) *The Logic of Practice*. Cambridge: Polity Press.

Bourdieu, P. (1991) *Language and Symbolic Power*. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Bourdieu, P. (1996) *On Television*. New York: The New Press.

Couldry, N. & Hepp, A. (2017) *The Mediated Construction of Reality*. Cambridge: Polity Press.

Robbins, D. (2002) “Bourdieu, Pierre (1930-2002)”, Available at this link: https//:www.researchgate.net/publication_47529216/Bourdieu_Pierre2002-1930_ , Date of visit (28/8/2025).

The Editors of Encyclopedia Britannica (2023) "Pierre Bourdieu", Available at this link: https://www.britannica.com/biography/Pierre-Bourdieu, Date of visit (15/8/2025).

ملخص

في المجتمع المعاصر، يلعب الإعلام دورا حاسما في تشكيل إدراكنا للعالم والهوية الاجتماعية. يتناول هذا البحث بشكل معمق منظور عالم الاجتماع الفرنسي بيير بورديو حول سوسيولوجيا الإعلام وكيفية تأثير الهيمنة الرمزية في صياغة الصورة الاجتماعية، لا سيما من خلال التلفزيون. يهدف البحث بشكل أساسي إلى تحليل المفاهيم المحورية لبورديو المتعلقة بالإعلام، مثل ”السرعة“، ”العنف الرمزي“، ”تجانس وسائل الإعلام“، ”التلاعب باللغة والمفاهيم“، و“إخفاء المعلومات“. كما يسلط الضوء على انتقادات بورديو لدور الإعلام في خلق التضليل، خاصة عبر التلفزيون. اعتمد البحث على المنهج التحليلي النظري (Theoretical Analysis)، حيث حلل بعمق الأعمال الرئيسية لبورديو، خصوصا كتابه (على التلفزيون: آليات اللعب بالعقول)، وقيم وجهات نظره بشكل عام في سياق الإعلام المعاصر. خلص البحث إلى مجموعة من النتائج الهامة، أبرزها: يعمل الإعلام كمجال قوة ويفرض هيمنته الرمزية؛ تلعب مفاهيم الحقل (Habitus) ورأس المال أدوارا محورية في تشكيل الصورة الاجتماعية وإعادة إنتاج اللامساواة؛ يستخدم التلفزيون كآلية فعالة للتلاعب بالآراء وتشويه الواقع؛ تؤدي السرعة والمنافسة في الإعلام إلى تقليل الدقة ونشر معلومات سطحية وغير صحيحة. علاوة على ذلك، لا تزال آراء بورديو مناسبة ومفيدة جدا لفهم تأثيرات الإعلام الرقمي وحرب المعلومات، مما يستدعي وعيا إعلاميا قويا للحفاظ على التفكير المستقل.

الكلمات المفتاحية: بيير بورديو، سوسيولوجيا الإعلام، التلفزيون، العنف الرمزي، رأس المال الرمزي.

Abstract

In contemporary society, media plays a decisive role in shaping our understanding of the world and our sense of social identity. It not only reflects cultural and political realities but also actively constructs them, influencing the way individuals and groups perceive themselves and others. This study focuses on the perspective of French sociologist Pierre Bourdieu on media sociology and examines how symbolic hegemony operates through media institutions to influence the construction of social imagery, with particular attention to the power of television as a dominant medium. The primary objective of this research is to analyze Bourdieu's major concepts related to media, including celerity, symbolic violence, and media homogenization, manipulation of language and concepts, **and** concealment of information. Each of these concepts' sheds light on the subtle yet powerful mechanisms through which media influences thought and behavior. Furthermore, the study aims to clarify Bourdieu's critique of the media's role, especially television, in creating illusions that mislead the public by presenting partial realities as complete truths Methodologically, the study adopts a theoretical analysis of Bourdieu's seminal works, with particular emphasis on *Television*, and evaluates his broader arguments within the contemporary context of modern media practices. Findings reveal that media functions as a field of power, imposing symbolic hegemony on audiences. Habitus and capital play central roles in shaping social imagery and reproducing social inequality. Television emerges as a particularly effective mechanism for manipulating opinions and distorting reality. Moreover, the speed and competitiveness of media production limit opportunities for critical scrutiny, resulting in the circulation of superficial, sensational, and sometimes inaccurate information. Ultimately, Bourdieu's insights remain highly relevant in the digital era, offering tools to understand online platforms, digital propaganda, and information warfare. This underscores the importance of media literacy and critical awareness as safeguards for independent thought and democratic engagement.

**Keywords:** Pierre Bourdieu, Media Sociology, Television, Symbolic Violence, Symbolic Capital

وەرگرتن ٢٠٢٥/٨/١
پەسەندكردن ٢٠٢٥/١٠/٨

# تێمای عیشق لە شیعرە کوردییەکانی عەلی حەریریدا

**د. سەیوان محەمەد تاهیر**
کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین
Saewan.tahir@su.edu.krd

پوختە
یەکێک لە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی بابەتی عیشقە، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی لە دایک بووە، هەندێکیان تا ئێستا لە هزری مرۆڤایەتی ماونەتەوە و بەردەوام لە ناو ئەدەبیاتدا دەنووسرێنەوە. دەکرێت بڵێین هیچ ئەدەبیاتێکی جیهانی بێبەش نەبووە لەبابەتی عیشق، ڕاستەقینە یا مەجازی بێت، عەلی حەریری وەکو شاعیرێکی کوردی لە مەبەستەکانی عیشقدا شوێنێکی گرنگی لە دیوانەکەیدا پڕکردۆتەوە، سەردەستەی شاعیران بووە، باسی دووری و سوتان لەناو عیشق دەکات. ئەم بابەتە گرنگی تایبەتی هەیە لە بواری گرێدانی ڕۆح بە جەستەوە، ئەمەش تێمەیەکی گرنگە لە ناو ئەدەب و عیشقدا، لەلایەکی دیکەوە گرنگی تێمای عیشق لە شیعرەکانی حەریری دەخاتە ڕوو، چونکە عیشق و شیعر دووهەستی لێک دانەبڕاون. قۆناغەکانی عیشق لە شیعرە کوردیەکانی ”عەلی حەریری“ دا لەچوارچێوەی دیوانەکەیدا دەخەینە ڕوو، کە شوێنی تایبەتی لە شیعری کوردیدا هەیە.

وشە کلیل: تێما، عیشق، دەروون ناسی، عیشقی مەجازی، عەلی حەریری.

پێشەکی

لە تێکستە شیعرییەکانی عەلی حەریریدا عیشقی مەجازی خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەرە، پەیوەستە بە تاکەکەسێکی تایبەت، تەواوی نیگا و گرنگی پێدانی بۆ مەعشوقەکەیەتی، بەجۆرێکە جگە لە مەعشوق هیچ کەسێکی تر نابینێت و ئارەزوو و ئاواتی تەنها گەیشتنە بە یار، جگە لەوە بە هیچ شێکی تر ڕازی نابێت.عیشق لە شیعری کۆنی کوردیدا لەسەر بنەمای عیشقی سۆفیگەریانە و زیهنیدا خۆی دەنوێنێت، ئەم چوون و هاتنە بەردەوام لە ناو شیعردا دێت و دەچێت، بۆیە عیشق یەکێکە لە پێداویستییەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، کە دەبێتە هۆی بەخشینی واتا بە ژیانی تاکەکەسەکان. عیشق لە کۆنەوە تا ئێستا بۆتە جێگای بایەخی مرۆڤایەتی، ئەمەش بە هۆی ئەو کاریگەرییە دەروونیەی کە دەیکاتە سەر هەستەکانی مرۆڤ، لەلایەکی ترەوە زۆربەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەگرێتە خۆی، بۆیە کاتێک کەخۆی دەنوێنێت کاریگەری بە دەردەکەوێت، ئەم کاریگەریەشە وادەکات شاعیر ئیلهامی شیعری بۆ بێت، یا نووسەر زۆر جار بە هۆی ئەو هەستەوە دەست دەکات بە نووسینی بابەتێکی هەست بزوێن، یا بە هۆی ئەو کاریگەرییە دەروونیەی کە بە هۆی عیشقەوە لەسەری دروستبوە، بێت ئەو بابەتە بنووسێت، دەکرێت سنوری عیشق لە چوارچێوەی ئافرەت یاخود عیشقی عیرفانییەوە بێت. سەبارەت بە(عەلی حەریری)بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی خۆی لەبابەتی عیشقدا دەبینێتەوە، عیشقی حەقیقی و مەجازی، بۆیە دەکرێت بگوترێت عاشقترین شاعیری کوردە کە زۆربەی شیعرەکانی لە سنووری خۆشەویستی ئافرەت دایە.

ئەم توێژینەوەیە وەکو پێکهاتە خۆی دەبینێتەوە لە شیعرە کوردیەکانی(عەلی حەریری)، کە لە سەر بنەمای ڕێبازی(وەسفی- شیکاری)ە، بۆچوونی زانایان و لێکۆڵەرانمان سەبارەت بە چەمک و زاراوەی عیشق خستۆتە ڕوو، دواتر شیعرەکانمان بەپێی هەمان ڕێباز شیکردۆتەوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

١- تێڕوانینی حەریری بۆ عیشق چیە؟

٢-کاریگەری عیشق لەسەر دەروونی حەریری چۆن بووە؟

٣- حەریری وەکوو شاعیرێکی کۆن تێمای عیشق چۆن لە شیعرەکانیدا دەخاتە ڕوو؟

ئەم توێژینەوەیە بێجگە لە پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم خۆی دەبینێتەوە لە زاراوە و چەمکی عیشق، بەشی دووەم دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم پیکدێت لە ئەزموونی شعری حەریری، تەوەرەی دووەم پێکدێت لە شیعری عەلی حەریری و عیشق.

پێشینەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە تەواوکەری توێژینەوەکانی تر دادەندرێت. کە لەبارەی عیشقەوە نووسراون.

هەندێک لەو بابەتانەی کە باس کراون لە ((توێژینەوەکانی دووەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتی، عەلی حەریری، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.))بریتیین لە:

–ڕەمەزان، وەحید نعمت(٢٠٢٥).سالوخەتێن لەشێ مەعشوقێ د شعرێن کوردی یێن(عەلی حەریری)دا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات. لەم توێژینەوەیەدا تەنها باس لە وەسفکردنی جەستەی مەعشوق دەکات لە

شیعرەکانی حەریریدا، باسی عیشقی نەکردووە، بەشەکانی جەستەی مەعشووقی بە پێی ناوهێنانیان لەلای حەریری لە شیعرەکاندا شیکردۆتەوە و چۆتە ناو لێکچواندن و هەندێک بواری سۆفیگەرییەوە، ئەمەش لەگەڵ ناونیشانی بابەتەکەی ئێمەدا یەک ناگرێتەوە.

– اسماعیل، ژینۆ، سلێمان، هەژار فەقێ(٢٠٢٥). هەماهەنگی ئیستاتیکی ل شیعری حەریری و مەحویدا،ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر هاوسەنگکردنی هەردوو شاعیر دەکات لە ڕووی ئاستی ئیستاتیکی شیعری ئاستی دەرەوە و ناوەوە، دوورە لە بابەتی عیشق.

– عوسمان، شەرمین وەلی و حەسەن، رەوەند ساڵح.(٢٠٢٥).دیاردە و رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرەکوردییەکانی عەلی حەریریدا، ئەم توێژینەوەیە لە روانگەی کۆمەڵایتییەوە دەڕوانێتە شیعرەکانی حەریری کە تا ڕادەیەک دوورە لە بنەمای شیعری حەریری.

– حەمەدئەمین، اسماعیل ،مەلا، مەهدی مەحەمەد، نەجمەددین،عەلی مستەفا(٢٠٢٥).رەنگدانەوەی هونەری لێکچواندن لە شیعرەکوردییەکانی عەلی حەریریدا، لێرەدا تەنها باس لە هونەرەکانی لێکچواندن کراوە.

– فایەق،دیار،عەبدوڵا،کاوە اسماعیل.(٢٠٢٥). نوستالیژیا لە شیعرە کوردییەکانی عەلی حەریریدا، لەم توێژینەوەیەدا باس لە مژاری نوستالیژیای شیعری حەریری کراوە.

– مەجید، پەخشان سابیر.(٢٠٢٥).ناسنامەی شیعری عەلی حەریری لە دووتوێی ڕەخنەی کوردیدا، باس لە شوێن و پێگەی حەریری کراوە لە ناو شیعری کورمانجیدا.

– خۆشناو،سەرباز.(٢٠٢٥).ڕۆڵی دەنگ لە بونیادی ئاوازی شیعرە کوردییەکانی عەلی حەریریدا،هەوڵدراوە چۆنیەتی دووبارە بوونەوەی دەنگی شیعری بە پێی قاڵبە شیعرییەکان بخاتە ڕووە.

## بەشی یەکەم:

### – زاراوە و چەمکی عیشق:

زاراوەی عیشق دیاردەیەکە تەواوی هەستەکان و ڕووداوەکانی ناو دەروونی عاشق دەگۆڕێت و کەسایەتییەکی نوێی لێ دروست دەکات.ڕێنوێنی ئەو دەگرێتە ئەستۆی خۆی و بە گوێرەی گونجانی هەر تاکێک و بە پێی ڕەنگدانەوەی هەمەجۆر دەردەکەوێت و پەیدا دەبێت.

لە تێمای عیشقدا ئەوەی کە بۆتە گرفت لەبەردەم بەکارهێنانی زاراوەکەدا ((بریتییە لە گواستنەوەی کێڵگە واتاییەکانی عیشقی مرۆڤی بۆ عیشقی خودایی و چۆنیەتی کارلێکردن و کارلێک نەکردنی ئەم دوو چەمکە لەگەڵ یەکتری، چونکە ئەگەر غەزەل وەکوو میراتێک بۆ شاعیرە سۆفییەکان مابێتەوە، ئەوا وەک چۆن پرسی خۆشەویستی ڕەگەزی هەرسەرەکی و بابەتی هەرە دیاری غەزەل بووە، سۆفییەکانیش ئەم بابەتەیان وەک خۆی لە ڕووکارەکەیەوە وەرگرت)) (عومەر ٢٠١٤: ٣٧)، بەڵام بە هۆی بیری تیۆری تەئویلەوە توانییان ئەم چەمکە لە چوارچێوە ئاینییەکەوە لە بنبەستووی دەربکەن و لەگەڵ بیرو هزری شاعیر و ناوەڕۆکی شیعرەکەدا بیگونجێنن، بەو پێەی کە دەکرێت هەمان تێمای عیشقی دونیایی بە تێمای عیشقی خودایی گوزارشت بکرێت و دەربپردرێت.

لەکوردیدا عیشق بە واتای((ئەڤین، ئەوین، دڵداری، بەندەواری، حەزلێکردوویی، عەشق)) هاتووە.(موکریانی، ١٣٦٩ هـ.ش ، ٥٠٩). عیشق

خۆشەویستی و مەیل و ئارەزوو دەگەیەنێت، لای فەیلەسووفەکانیش بە واتای((مەیلێک بۆ کەسانێک یان ئەو شتانەی کە بەنرخن و سەرنج ڕاکێشن یان بەسوودن))دێت.(مجمع اللغة العربية ٢٠٠٤: ٥). لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە عیشق بەم جۆرە پێناسە کراوە کە((خۆشەویستی ئارەزوو و مەیل و خۆشەویستیە، هەوەها خۆشەویستی واتە خۆشی ویستووە، ئەو خۆشەویستە، ئەو لە ڕادەبەدەر خۆشەویستە و دەگووترا خۆشەویستە بەڕادەی دیاریکراو، خۆشەویستی ناوێکە بۆ خۆشەویستی)) (ابن منظور٣٤٢-٣٤٣). خۆشەویستی بە واتایەکی تر عیشق لە ووشەی خۆشەویست وەرگیراوە، کۆکراوەی ناواخنی خۆشەویستییە، ئەمەش ئەسڵی ووشەکەیە، چونکە دڵ ئەسڵی مرۆڤە، کاریگەری تەواوی بەسەر تەواوی ئەندامانی جەستەوە هەیە، بە تایبەت لە ڕووی دەربڕینی هەست و سۆزەوە.

سەبارەت بە مێژووی عیشق لە شارستانیەتە کۆنەکاندا، لەوانەش سەردەمی فیرعەونەکان میسر، لێکۆڵینەوەیەکە"محمد الشیخ"بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە فیرعەونەکان گرنگییان بە خۆشەویستی داوە و دەڵێت: ((شیعری خۆشەویستی بۆتە جێگای بایەخی زۆری شاعیرانی ئەمریکی لەسەدەی بیستەمی زاییندا، ئەو کتێبانەی کە ببوونە مایەی سەرنجی بەهرەمەندانی ئەدەبی وەک"والت ویتمان"، عەزراپاوند" و کەسانی تر کە دووبارە شیعری خۆشەویستی هیرۆگلۆفی میسری کۆنییان بە ئینگلیزی و زمانە زیندووەکانی تر پێشکەش کردووە، ئەمەش بە هۆی کاریگەربوونییان بە ڕەوانبێژی بێسنوور، وەک ئەوەی خانمە شاعیر و لێکۆڵەری کەنەدی "سۆنیا دی بلاسیدۆ" لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەناوی"شیعری خۆشەویستی لە میسری کۆندا" خستبوویە ڕوو)) (الشیخ ٢٠٩: ٤-١٣).

تێڕوانینی وابوو سەردەمی گەشەسەندنی ئەم جۆرە شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی نوێی "میسر" لە ساڵی(١٥٧٠ -١٠٧٠پ.ز) کە پێشکەوتنی لە تەواوی سێکتەرەکانی ژیانەوە بەخۆیەوە دیتبوو، لەوانەش شیعری خۆشەویستی، بە تایبەت لە سەردەمی بنەماڵەی "ڕەمسیسەکان" لەوانەش(ڕەمسیسی یەکەم و دووەم و پێنجەم).

بۆ تێگەیشتن لە عیشق دەبێت بڕوانینە ئەو تێڕوانینەی لە تێمای عیشقدا هەیە، کە جیاوازە لە قسەی ئاسایی، چونکە ئەو ڕۆحیەتەی لە تێمای عیشقدا لە نێوان دوو کەسدا دەبیندرێت زۆر جیاوازە لەوەی کە کەسێک لە دوورەوە تەماشاچییە، چونکە تەنها ئەو دوو کەسەی کە لەناو پرۆسەکەدا دەژین لە ماهیەتی عیشق تێدەگەن.

سەرچاوەی عەشق ناکۆکی تێدایە، ئەوانەی کە بڕوایان بە عیشقی جەستەیی هەیە، دیتن و گوێ لێبوون و وەسفی جوانی جەستەی مەعشوق بە سەرچاوەی عیشق دادەنێن، بەڵام لایەنگرانی عیشقی ئاسمانی سەرچاوەی" پشت پەردە" و خوایی بۆ ئەم جۆرە عیشقە"قبوڵ" دەکەن. هەردوو جۆری عیشق بوونی هەیە، بەڵام زۆرترینی ئەوانە دەگرێتەوە کە جەستە و جوانی دەکەنە بنەمای عیشق، بە پێچەوانەی ئەوانەی عیشقی خوایی دەکەنە بنەمای عیشق.

لەگەڵ عیشقدا دان بە خۆداگرتن و ئارامگرتن زیاد دەکات،(( ئەو دەمەی ئەویینداری گەیشتە چڵە پۆپە، ترس ماڵ ئاوایی دەکات))(کارنگی، ١٩٩٩، ١٥). لە ناو تێمای عیشقدا سنوورێک بۆ جوگرافیا نامێنێت، ئەو سنوورەی کۆمەڵگە دروستی کردووە کۆتایی پێدێت.مانەوە لە پرۆسەکەدا پەیوەستە بە عیشقەوە، چونکە ئومێد بە ژیان دەبەخشێت و بەردەوامی دەکات، لەم بارەوە"تولستۆ" دەیووت: (( هیچ شتێک

نییە جگە لە خۆشەویستی کە وامان لێبکات ژیانمان ببەخشینە ئەوەی کە خۆشمان دەوێت))( شێخانی ٢٠٠٥: ٨).

ئەو مەودایەی کە عیشق لە دەروونی مرۆڤدا داگیری کردووە، بە ئارەزووی خۆی دێت و دەچێت، ئەمە وایکردووە کە تێمای عیشق لای نووسەران بە شێوەی جیاواز بخرێتەڕوو، هەر شاعیرێک جۆرێک لە تێما پێشەکەش بە خوێنەرانی دەکات کە خۆی ئەزموونی عیشقی تێدا هەبووە، یان ئەزموونی کەسێکی تر یا ئەفسانەیی یان فۆلکلۆر و میللی بێ، دەیکەنە شاکارێک و نموونەیەکی جوانی عیشق پێشکەش دەکەن. هەموو ئەم جیاوازیەش یەکە، هەموویان پێشەنگبوون دەدەنە ئەو بارە ناهەموارەی کە عاشق بەهۆی مەعشووقەوە بەسەریدا هاتووە. کەواتەعیشق((شۆڕشێکە، شۆڕشگێرەکانی لە دووکەس پێکاتوون)) (سیوەیلی٢٠٠٢ :٩٨). لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییە تۆکمەیەوە عاشق دەگاتە پلەی کەماڵ.

عیشق لە دروستکردنی ئاکاری ئەدەبیدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، لەم کارەدا کاریگەری جۆراو جۆری تێدا دۆزراوەتەوە، کاریگەری تەواوی لەسەر دەروونی مرۆڤەکان هەیە و هەبووە، وای لێدەکات هارمۆنیەتێکی تەواو لە هەست دا دروست بکات، هەروەها بە جۆرێک وادەکات کە دژبەری رق و کینە بوەستێت.وەک "عەتار" دەڵێت: ((عشق مغز کائنات آمده آم))( عەتار ١٣٨٣: ٢٨٠). واتە"عیشق عەقڵی گەردوونە"ئەم تێڕوانینە بۆ بیری زانایانی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە،دەیان وت:((سەرچاوەی سروشتی جیهان فاکتەری یەکخستنی جیهانە لەم گەردوونەدا، دوو هێز هەیە، ئەوانیش ڕاکێشان و بەرپەرچ دانەوەیە))(راگمونت،١٣٨٥، ١٨٤٦). جگە لەم تێڕوانینە" ئەبوحەسەن دیلمی" لە کتێبەکەی خۆیدا کە سەبارەت بە عیشق نووسراوە بە ناوی(ئەلف و ئەلف و لام مەعتوف)، لە زاری زانایانی یۆنانی کۆن دەیگوازێتەوە و دەڵێت:(( یەکەمین دروستکراوی نوور عەقڵە، ئەو یەکەمین شت کە بۆ ئەم جیهانەی دروست کرد، میهرەبانی بوو، پاشان لە موحیبەت جیهانی خوارەوەی دروست کرد))(دیلمی١٣٩٠ : ١٥١).

عیشق سۆزێکی مرۆڤانەیە، هەستێکە کە جێگای تێڕامان و گرنگی پێدانەکانی دەرون ناسانە، هەرچەندە چەندین نووسین سەبارەت بە عیشق نوسراوە، بەڵام تا ئێستا ڕازە شاراوەکانی ئاشکرانەکراوە، بۆیە ناسینی جەستە و دەروونی مرۆڤی عاشق دژوارە،(( بە درێژایی مێژوو، بە پلەپلەیی و سەبارەت بە گۆڕانکاری مرۆڤەکان، عیشق ئاڵۆزتر بووە، نەخشی بابەتی دەروونی قورستر و گرنگتر بووە)) (لپ١٣٧٠: ٣٤).

لەڕوانگەی دەرونییەوە بڕوانینە عیشق ئەوا "فرۆید" سەرچاوەی عیشق بە غەریزەی جنسی و ناهۆشیاری تاکەکەس دەبەستێتەوە.لەبەرامبەر ئەمەدا عیشق لە دیدگای(فرۆید)دا جەستەیی و هەوەسبازیانەیە، لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەسەندنی غەریزەی جنسی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەردا دێت و پێشوازی لێدەکات، بەڵام "یۆنگ"((سەرچاوەی عیشق لە نموونەی ڕەسەن[١] و ناهۆشیاری دەستە جەمعییەوە دەبینێت، لە ئەنجامدا عیشق لای "یۆنگ" واتای فراوانتر و سەرووتری لە بابەتی غەریزەی جنسی و هەوەسبازی تاکەکەسدا دەبینێتەوە)) (شمشیری١٣٨٥ : ١٠١).

تێڕوانینی ئەفسانەی"یۆنگ"بۆ سەرچاوەی عیشق وێنای سەرەتایی ئەو پەیوەندیەیە کە مرۆڤەکانی پێشین لەگەڵ یەکتری دروستییان کردبوو، ئێمەش

١ Archetype

ئەو وێنە ڕەسەنە لە باوباپیرانمانەوە بە میرات وەردەگرین. لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە و بەسوود وەرگرتن لە چۆنیەتی وەرگرتنی تێروانینی دانایانی کۆن سەبارەت بە چۆنیەتی دروستبونی مرۆڤ "یۆنگ" ئەوە دەسەپێنێت کە((پیاوان عاشقی ژنانێک دەبن لەگەڵ(ئەنیما)[2]ی دەروونی ناهۆشیاری ئەواندا هاوئاهەنگی و هاوتەریبی هەیە، بە پێچەوانەوە ژنان ئەو پیاوانە سەرنجیان ڕادەکێشێت کە هاوتای ئەنیمای ناهۆشیارییان بێت))(شمشیری١٠١).

ئەم جۆرە عیشقە بە عیشقی"ئەفلاتوون"ی دەبەسترێتەوە، دەبێتە هۆی بەستنەوەی بە عیشقی عیرفانییەوە. ئەگەرچی زاروەی"ئەنیما"ناوێکە بەستراوەتەوە بە"یۆنگ"ەوە، بەڵام بوونیادی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕەکۆنەکانی یۆنان، کە لە نامەکانی ئەفلاتوون"دا ڕەنگی داوەتەوە، لەم نامەیەدا ئاماژەی بە دروستبوونی مرۆڤەکان کردووە، کە سەرەتا دوو ڕەگەزی (نێر-مێ)، دواتر دوو ڕەگەزی گۆڕاو دروست کراون، پاشان باس لەوە دەکات کە خاوەنی چوار دەست و پێ و یەک سەرو دوو دەمووچاو و دوو دەزگای زاوزێ بوونە، بەڵام مرۆڤەکان نیەتیان وابووە کە هێرشی سەر خواکانییان بکەن، بۆیە خواکان ئەوانیان کردووەتە دوو لەتەوە، تاوەکو بەندەکانییان زیاتربن و هەمیشە تامەزرۆی پارچەکەی تریان بن و بەخۆیانەوە مەشغوڵ ببن. هەمان ململانێ و ئاراستەی دوولەت بوون ئافرێندرای دوو ڕەگەزی لەگەڵ یەکتریدا بنەمای ئەفسانەی عیشق بووە.(ئەفلاتون ١٣٣٣ :٤٥-٢٤١).

(یۆنگ) بە پشت بەستن بەم تیۆرەی ئەفسانەی نموونەی ڕەسەن و کۆن، توانی نموونەی "ئەنیما و ئەنیموس" دروستبکات و بیخاتە بەرباس. ئەمەش دڵنیایی ئەوە دەدات کە سەرەتای دەستپێکردنی هەر عیشقێک هەوڵ و کۆششی مەعشوق و عاشقە. عیشق هێزێکی کێشکردنی هەیە، بەردەوام هێرش دەکات.بە تەنهایی دروست نییە، چونکە عیشق لەگەڵ مەعشوق واتا دەبەخشێت و نرخی پێ دەدات.

ئەگەرچی عیشق جەبرە و ئیختیار نییە، بەڵام هەڵبژاردنی یەکێک لە نموونەکانی جەستەیی(ئەفلاتونی)و عیرفانی کەم و زۆر، ئاگایانە و بێ ئاگایانە بە شێوەیەکی گونجاو ڕوودەدات. یەکێک چێژ لەجەستە وەردەگرێت و یەکێکی تر دەیەوێت بگاتە فەزیلەت و عەقلانیەت و مەعریفەت، هەروەها ئاشکراکردنی ڕاستی دەخوازێت، دژواری و نارەحەتی و سوتان و دروستکردن بە گیانی خۆی دەکرێتەوە.عیشق ئەگەر پەیوەست بوو بە ڕۆحەوە ئەوا خاوەنەکەی دەگەیەنێتە ڕادەی ئاسوودەیی ڕاستەقینە.

ئەریک فرۆم چەند شێوەیەکی بۆ عیشق دیاریکردوە، کە ناوی ناوە عیشقی درۆیینە، ئەم عیشقەش دابەشی سەر چەند بەشێک دەکات لەوانەش:(عیشقی گەورە) عیشقێکی کوێرانەیە ، لە کاتێدا تاکە کەس هەستی بەرپرسیارەتی خودی تێدا نییە، عیشقی(سۆزداری) مەعشوق لە پەیوەندییەکی خەیاڵیدا دەژیت، عیشقێکی تر باس دەکات کە قەتیس کردنی خۆشەویستییە لە چوارچێوەی زەمەندا، کە کاریگەرن بە ڕابردووی خۆشەویستییان.(فرۆم، ٢٠٠٠، ٨٩-٩٠). هەروەها دەڵێت: ((عیشق تەنها کاتێک مومکین دەبێت کە دوو کەس لە ناوەندی بوونەکەیانەوە بەیەکتریەوە ببەستێتەوە، دواتر ئەگەر هەردووکیان لە سەنتەری بوونی خۆیانەوە

---

[2] Animaبەرجستە کردنی هەموو مەیلە دەروونییەکانی مێینەیە لە ڕۆحی پیاودا، وەکوو هەستو سۆز و مەزاجێکی نارۆون و ئاشکراکردنی نێردراو و هەستیاری ناعەقلانی و توانای خۆشەویستی کەسی و هەستکردن بەرامبەر بە سرووشت و دواجار بوونی پەیوەندی لەگەڵ نائاگادا، بەزۆری ئەنیما لە ژێر کاریگەری کەسایەتیدا درووست دەبێت.

ژیان، ئەوا لەم ژیانە ناوەندیەدا تەنها راستەقینەیی مرۆڤ دەگرێتە خۆ. ئا لێرەدا بە تەنها ژیان، تەنها بناغەی خۆشەویستی دەگرێتە خۆی، هەروەها لێرەدا یەک بەڵگە بۆ عیشق هەیە، ئەویش بریتییە لە قوڵای پەیوەندیەکە و زیندووی و هێز لە هەر یەکێک لە کەسایەتییەکاندا. ئەمەش ئەو بەرهەمەیە کە خۆشەویستی بەهۆیەوە بەدیدێت))(فرۆم ٢٠٠٠: ٩٢).

عیشق لە ئەنجامی پێویستی رۆحی جەستەیی هەردوو رەگەزەوە دروست دەبێت، کە بەرجستەکردنی مەیلە دەروونییەکانە. لە لایەکی ترەوە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە پلەی کۆتایی، بەڵام کاتێک عاشق دەگاتە پلەی کۆتایی کەئەمەش گەیشتنە بە مەعشووق، ئەوکاتە هێزی ناوەوەی تێکدەشکێنێ و دەبێتە کەسێکی دێوانە و گیانێکی سارد."پاولوکۆیلۆ"ی بەرازیلی دەڵێت:(هیچ کەسێک ناتوانێت پێناسەی عیشق و خۆشەویستی بکات، هیچ کەسێک ناتوانێت عیشق بنۆشێت، چونکە عیشق شتێک نییە پێناسە بکرێت، و شەرابێک نییە بنۆشرێت)(حامد٢٠٠٤: ٢-٩).

عیشق ئەمانەتێکە تەنها مرۆڤ دەتوانێت ئەو ئەمانەتە هەڵبگرێت، لە حاڵەتێکدا کە ((بە گشتی کاهینە بەرزەکان بە دوای خۆشەویستییدا نەدەگەڕان، چونکە توانای هەڵگرتنی ئەو ئەمانەتەیان نەبووە)) (رازی١٣٧١ : ٤٥). عیشق وەسیلەیەکی پەیوەندییە لەگەڵ خودادا، بە تێڕوانینی "نەجم رازی" تا ئەوکاتەی کە مرۆڤ ئاوێتەی رۆحی خودایە ئەوا((هەم ئامرازی موحیبەت و بەندەیی بە کاملی هەیە، هەروەها ئامرازی زانست و مەعریفەتی هەیە، تاوەکو باری ئەمانەتی پیاوانە وعاشقانە بە توندی و بەسیفەتی پیاوانە دەکێشن)) (رازی٤١). لەلایەکی ترەوە"عیزەددین نەسەفی"تێڕوانینی سەبارەت بە عیشق وەهایە، ئەگەر ڕازی عیشق تەنانەت دەروونی مرۆڤەکان بسووتێنێت نابێت ئاشکرا بکرێت((هەر کەسێک عاشق نەبووبێت، پاک نابێتەوە، و بە پاکی نەگەیشتووە، هەر کەسێکیش عاشق بووبێت و عیشقی خۆی ئاشکرا بکات ئەوا بەناشرینی دەمێنێتەوەو پاک نابێتەوە، لەولایەی کە ئاگرەکە لە ڕێگای چاوەکانییەوە بەدڵی گەیشتوە، لەڕێگای زمانەوە دەریدەبڕێت، ئەو دڵە نیوە سووتاوە لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا دەمێنێتەوە، ئیتر هیچ لەو دڵەوە نایات، نە کار دونیایی، نە کاریی دوایی و نەکاری دارایی)) (نەسەفی ١٣٧٧ : ١٦٣).

عیشق پڕە لە دەرد و ئازار، بەهەشتی عاریفانە، چوونکە دەرد و ئازار بۆ عاریفان شیرین و چێژ بەخشە، ئەمەش لە شیعرەکانی حەریریدا رەنگی داوەتەوە، لە جیاتی ئەوەی بەدوای چارەدا بگەڕێت دێت ئازارەکانی فەرامۆش دەکات و چێژی لێدەبینێت.

-بەشی دووەم

-تەوەرەی یەکەم

١- ئەزموونی شیعری حەریری:

شیعری کوردی پڕە لە پێناسە و ئاماژە و چیرۆکەکانی عیشق.کەم و زۆرلە عیشقدا خاوەن ئەزمونێکی رەسەن، سەروی مرۆڤ، و جیهانی تایبەتن.عیشق بیانوویەک بووە لای شاعیرانی کۆن تاوەکوو بێ هیچ شاراوەییەک، دوور لە سیستەمی نیشانەناسی و ئەوەی کە زمان فەرزی کردووە بتوانن گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن.

سەبارەت بە پێشینەی عیشق لە ئەدەبیاتی کورمانجیدا بۆ سەدەی پێنجەمی زایین دەگەڕێتەوە، کە"عەلی حەریری"وەک سەرەتایەک دادەندرێت بە هۆی ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانیدا(٤٧١م.). هەروەها لەشیعرەکانی مەلای باتەییدا(٨٩٦م) ئەم

ڕەگەزە ڕەنگی داوەتەوە، دواتر مەلای (جزیری) دێت، لەدوای جزیری (ئەحمەدی خانی ١١١٩م) دێت، کە تێمای عیشق لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجستە بووە.ئاشنایی بۆ عیشق لەناو کورد دا لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەردەکەوێت، بە تایبەت لە شیعردا، لە شیعری کۆن تا دەگاتە شیعری هاوچەرخ.

"حەریری" یەکێکە لە شاعیرەکانی نێو ئەدەبیاتی کوردی/کورمانجی. عیشق بابەتێکی گرنگی دیوانە شیعرییەکەی(عەلی حەریری)ە، بە ووتنی شیعری دڵداری مەجازی کە ناوەڕۆکێکی دوونیایی هەیە و لەلایەکی ترەوە شیعرەکانی کە عیشقی ڕاستەقینەن ناوەڕۆکێکی عارفانەیان هەیە، حەریری لە هەردوو بوارەکەدا هەنگاوی ناوەوە و کاری تێدا کردووە. لە شیعرەکانیدا غەزەلی عاشقانە دیاردەکەوێت، تامەزرۆیی دەروونی حەریری لە ئەنجامی ووتنی غەزەلەکانیدا بە دیاردەکەوێت.

لە شیعرەکانیدا تێمای جیاوازتری پێشکەش کردووە، کە نیشانەی چەشەی عارفانە و دونیایی ئەوە، نابێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت بەشێک لە شیعرەکانی" حەریری" ناوەڕۆکێکی سۆفیگەری هەیە، بە ڕوونی پەیڕەوی عارفیەت دەکات، لە لایەکی ترەوە پەیڕەوی عیشقی دونیایی کردووە کە گوزارشتە لە وەسفی مەعشوق.

عەلی حەریری بەشێکی زۆری شیعرەکانی خۆی لە بابەتی عیشقدا دەبینێتەوە، عیشقێک بۆ باڵای مەعشوق وتراون، باس لە جەستەیەکی تەواوی بێ کەم و کوڕی دەکات کە لە زەین و هزریدایە.باس لە وەسڵ و فیراق و ئازار و تامەزرۆیی دەکات،جیهانێکی باڵا بەرجستە دەکات، ئەو پەیوەندییەی دروستی کردووە پەیوەندییەکی من و تۆییە، من (حەریری) یە و (تۆ)مەعشووقە، لەئەنجامی ئەم پەیوەندییەوە "حەریری" بە شێوەی دیالۆگی هەستی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی بە شیعر دەردەبڕێت و نایباتەوە سەر عیشقی مەجازی وەک چۆن شاعیرانی کلاسیک ئەنجامییان دەدا، جا لەبەر هۆکاری پلەی ئاینی یا کۆمەلایەتی یا هۆکاری تر.

-تەوەرەی دووەم

-شیعری عەلی حەریری و عیشق

عەلی حەریری لەناو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا شوێنێکی دیاری هەیە، بۆتە جێگای گفتوگۆی زۆربەی لێکۆلەرانی ئەدەبی، چوونکە بە یەکێک لە شاعیرە پێشینەکان دادەندرێت، هەروەها لەناو کەلەپوری نووسراوی کوردیدا شوێنی دیاری هەیە و ناو و بانگی لەبەرهەمەکانی خۆی زیاتر خۆی پیشان داوە.

حەریری هاوچەرخی مەلای جزیری و فەقێ تەیران بووە، واتە لە سەدەی ١٦ و سەرەتای سەدەی ١٧ی زایینی ژیاوە. لە شیعرەکانیدا چەند ناسناوێکی بەکار هێناوە، لەوانە((عەلی، عەلیۆ، حەریری، شێخ عەلی، عەلیێ صادق، سەیدا، حوسێنی))(جەباری ٢٠٢٠: ٥٤).

لە ڕووی زمانی شیعرییەوە زمانی شیعری حەریری هاوشێوەی شێوەزاری (سورچییە)، ئەوانەی کە لە نێوان قەزای شەقلاوە و قەزای حەریردا دەژین، هەروەها لە سنووری ئاکرێدا هەمان عەشیرەت بوونییان هەیە.(دێرەشی٢٠٠٥: ٢٢٧). بەلام (قەناتی کوردۆ) لە کتێبەکەی بە ناوی(تاریخ ادبیات کردی) کە بەزمانی فارسی نووسیویەتی دەڵێت:

(عەلی حەریری لە ساڵی ٤٠٠هیجری (١٠٠٩-١٠١٠م) لە گوندی حەریرەی سەر بە ناوچەی شەمزینانی پارێزگای هەکاری لەدایک بووە.

لەساڵی چوارسەد و حەفتای هیجری(١٠٧٨م)لە حەریرە گیانی سپاردووە و لەوێ نێژراوە)(کوردۆ ١٣٩٤:٦٤).

شیعرەکانی "حەریری" دابەش دەبێتە سەر دوو جۆرە عیشق:

١- عیشقی حەقیقی:

لە ئەندێشەی عارفاندا، بە تایبەت دەستەی یەکەمی عارفان واتە پێشینەکان دژیەکی و کەلێنێکی قوڵ لە نێوان عیشقی حەقیقی و مەجازیدا بوونی هەیە، ئەوان وایان گومان دەبرد کە(( عیشقی مەجازی بە تەواوی دژ یەکی عیشقی حەقیقییە، چونکە ئیرەیی لە تایبەتمەندیی عیشقە، مەعشوقی راستەقینەش ئیرەیی دەبات و بەرگەی ئەوە ناگرێت کە دڵی خۆشەویستەکەی لەسەر خۆشەویستی کەسێکی تردا جێگیر بێت)) (همدانی١٣٧٠ : ١٠-١١). ئەم جۆرە عیشقە وەکوو هاوبەشی دروستکردن و کوفر وایە، چونکە لە ناو عیشقی خوداییدا هەرگیز عیشقی مرۆڤ وەکوو باڵندە ناتوانێت هەڵبفڕێت، چونکە ئەگەر عیشقی خودا هاوتاکرا بە عیشقی زەمینی ئەوکات هیچ واتایەک بۆ عیشقی حەقیقی نامێنێتەوە و گەیشتن بە پلەی کەماڵ ڕوو نادات.

حەریری عیشقی مەجازی بە هەمان واقیعیەتی خودایی دەبینێت، بە ڕەهایی باسیکردووە، تاوەکوو هاوتابێت لەگەڵ وێنەی عیشقی خودایی، لە ڕوانگە ئاینی و سۆفیگەریەکەیەوە باس لە عیشق و ئەو پەیوەندییە دەکات کە لە نێوان دوو کەسدا دروست دەبێت، ئەویش پەیوەندییەکی(من و ئەو)یە.

(حەریری) دوو شیعری هەیە گوزارشتە لە عیشقی حەقیقی، دەبێتە بەشێک لە عەقیدەی ئایینی، چونکە عاشق بوون و دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت ڕێگە پێدراوە، ئەمە وای کردووە ببێتە بابەتێکی گرنگ لە ناو شیعری کوردیدا، هەروەها ببێتە بەشێک لە کۆڕی زیکری دەروێشان و سۆفییەکان، ئەم عیشقەش لە تێمای شیعری(حەریری)دا ڕەنگی داوەتەوە و خۆشەویستییەکی بێ پایانی بۆی هەیە، هەروەها ڕەنگدانەوەی تەجەلیاتی سۆفیگەراییە بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەربێت. چەمکی ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی هەرەگەورە پەیوەستە بە عەقیدەی سۆفیگەراییەوە، کە هۆکارێکە بۆ نوری خودایی، دەڵێت:

مەحبوبێ دەستێ خالقی
سوڵطان موحەممەد موصطەفا
مەعشووقێ عشقێ عاشقی
سوڵطان موحەممەد موصطەفا. (قەرەداغی ٢٠٠٢ ٣٦٠-٣٦١).

لەم عیشقەدا "عاشق" "مەعشوق"ی لە پێناو خۆی و ئەودا خۆش دەوێت، بە پێچەوانەی عیشقی سروشتیە کەسی یەکەم تەنها داواکاری خۆی هەیە. لێرەدا عاشق دەزانێت عیشقی حەقیقی چییە، عاشق کێیە، مەعشوق کێیە و چی دەوێت، دەڵێت:

ئەی سوڵتان و سەرووەری ئێمە تۆ"مەحبوبێکی"بە دەستی خودا ئافرێندراوی، تۆ ئەو مەحبووبەی کە هەر عاشقێک دەیەوێت عیشقی خۆی بۆت پێشکەش بکات.عیشق لێرەدا بێبەرامبەرە، راستەقینەیە، عیشقێکە مەعشووق ئامادەی هەموو قوربانییەکە بۆ مەعشوقەکەی.

بستە ژ حەق داخواز دکا
(از عشق او پرواز)دکا
گەهـ گەهـ نیاز گەهـ ناز دکا
سوڵطان موحەممەد موصطەفا.(قەرەداغی ٣٦٠-٣٦١).

لەم عیشقەدا جەستە هیچ ڕۆڵێکی نییە، بەڵکوو

لەسەر بنەمای گرینگی پێدانی نێوان عاشق` و مەعشوق دروست دەبێت.(حەریری)پەیوەندی نێوان خوای گەورە و پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت دەخاتە ڕوو، کە خۆشەویستییەکی گەورە لە نێوانیاندا بوونی هەیە، هەرچی داوا بکات ڕەدبوونەوەی نییە. ئەم عیشقە بە جۆرێکە کە دەبێتە پەیوەندییەکی رۆحی لە نێوانیاندا، چونکە پەیوەندییەکە (من و ئەو) ییە، ئەویک مرۆڤێکی خاوەن پلەی تایبەتە.

یا وەک یەقین فرئاشئ تو
خوەش یار و خوەش ئۆلداشی تۆ
روحئ عەلی شاباشئ تو
سولطان موحەممەد موصطەفا. (قەرەداغی ٣٦٠-٣٦١).

عەلی حەریری لەبەر ئەو عیشقەی بۆ پێغەمبەری هەیە سەلامی خوای لەسەر بێت ئامادەیە رۆحی خۆی پێشکەشی بکات.وشەی(فرئاشئ تو)بە چەندین واتا دێت لەوانەش( گسکی دەستی، نۆکەر، بەندە، خزمەتکار) یاخود بە کەسێک دەڵێن کە نەسەبی فرئاشئ یە) جگە لەمە بە واتای(باوک) دێت، حەریری دەڵێت: من دڵنیام تۆ وەکو باوکێکی میهرەبان و دڵسۆزی بۆ ئێمە، چونکە سۆز و میهرەبانییەکی زۆرت هەیە، ڕۆحم شاباشت بێ و خەڵاتت بێت ئەی سوڵتانی من.

لە شیعری( ئەی عەلیۆ)بە جۆرێکی تر ئەو عیشقە دەخاتە ڕوو، چەند واتایەکی جیاوازی بۆ دەهێنێتەوە وەکو( سوتانی دڵ و جەرگ)کە بە هۆی عیشقەوە ئەم سوتانە ڕوویداوە.لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی نوری پێغەمبەر(مەحەممەد موستەفا) بەدەرکەوت بە خۆی دەڵێت: (( یالیتنی کنت تراب)).

ئەی عەلیۆ مالک خراب
جەرگ و دلم بونە کەباب
یا لیتنی کنت تراب

نورها موحمەد بو ئیجاب. ( دیرەشی٢٠٠٢ : ٣٧٣).

عیشق مەقامێکی ئیلاهیە، هۆکاری بوونی جیهانە، بێ عیشق هیچ جوڵەیەک لە جیهان دروست نابێت، ئەمەش وای کردووە عەلی حەریری درک بە گرینگی عیشق بکات و بڵێت:

هەموو ڕووناکیەکان لە ئاست نوری پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت کز و باش نین، ئەمەبۆتە هۆی ئەوەی کە پێی خۆش بووە مرۆڤ نەبوایە، تاوەکو ئازارەکانی عیشق دووچاری بەڵای نەکەن.

٢- عیشقی مەجازی:

عیشقی مەجازی لە ژیانی عیرفانیەتدا ڕوو دەدات و کاریگەریەکی تایبەتی هەیە، ئەم جۆرە عیشقە لە ژیانی هەندێک گەورە عارفاندا بونی هەبووە. نموونەی ئەم جۆرە عیشقە زولێخا و حەزرەتی یوسفە، شیفتەی حەزرەتی یوسف بوو. ئەنجامی ئەم جۆرە عیشقە دەکرێت وەها وەسف بکرێت کە(( عیشقی مەجازی هۆکارەکەی عیشقی خودایيە))(مستملی بخاری ١٣٦٣: ٨٩-٩٠) یان دەکرێت بوترێت؛ سەرچاوەی عیشق دڵە نەک عەقڵ،(( عیشق لەسەر سۆز و عاتیفە وەستاوە کە ئەوانیش دوو فرمانن لە دڵەوە دەردەچن و زۆرجار وا لە مرۆ دەکەن گەشبین بێت کاتێک بە ئامانجەکەی دەگات یا ڕەشبین بێت کاتێک لە عیشقدا شکست دەخوات))(جەباری، dengekan.info). لەلایەکی دیکەوە عیشقی مرۆڤانەیی هۆکارێکە بۆ چوونە ناو گۆڕەپانی عیرفانیەوە.

ئەم شێوە عیشقەش لەلای(حەریری)خۆی لە چەند بوارێکدا دەبینێتەوە، هەروەها تێمای جیاواز لە خۆی دەگرێت، ئەوانیش بریتیین لە:

١- ٢-خەیاڵ لای مەعشوق:

عیشق خۆی لە دوو ڕەگەزی وەسڵ و فیراقدا دەبینێتەوە، ئازاری ڕۆح و بەرەکەتی بەیەک گەیشتن وای کردووە(حەریری) هەموو کات فیکر و هۆشی لای مەعشوقەکەی بێت، بە جۆرێک چاوەڕێی دەکات کە هاتنی ئەو بە مێوانی دەبێتە کەفارەت بۆی، لێرەدا وشەی"کەفارەت"ی گوناهی بۆ کەفارەتی عیشق بەکار هێناوە.مزگێنی گەیشتنی هەواڵی عیشق ئەو خەیاڵەیە کە بەردەوام حەریری لە چاوەڕوانی ئەودا دەهێڵێتەوە، تا بە مەعشوقەکەی بگات.

دڵی مەحزوون کەفارەت بیت
کە ئیمشەب تازە مهمان تیت
ب مزگینی بشارەت بیت
کە مهمان جانی جانان تیت.(دوسکی٢٠٢٠: ٣٧).

بە هاوسەنگیەکی تەواوەوە، دوور لە لەنگی بە ئاوازێکی تەواو لە پاڵ شێوە ڕەوانبێژیەکەوە، لەپاڵ سەنعەتێکی هونەری باڵادەستدا بە تایبەتمەندی کەسی(حەریری) تێمای عیشقی تێکەڵ بە گوتاری ئاینی کردووە، ووشەی (کەفارەت کە زاراوەیەکی شەرعییە بۆ لابردنی گوناە و تاوان بەکاردێت، بە جۆرێکی تر واتاکەی دەگۆڕێت و بۆ مەبەستێکی تر بەکاری دەهێنێت، ووشەی(بەشارەت)لە بەرامبەر(مزگێنی)بەکاردەهێنێت کە هاوواتای (مزگێنیە).

دڵی مەحزوون بە هاتنی یار کەفارەتی دەکەوێت و ئەو خەیاڵە بەردەوامەی کە هەیەتی بۆمەعشووق لە غەمباریەوە دەگۆڕێت بۆ دڵخۆشی.

کە مهمان جانێ جانانە
ل سەر چەشمێ مە مهمانە
ب مالا جوملەئێ خانە
کە شاهێ جوملەئێ خان تێت. (دوسکی، ٣٧).

وشەی"مهمان"بەواتای مێوان دەدات،دەرخەری ئەوەیە کە(حەریری)هەموو کات چاوەڕوانی مەعشووقەکەیەتی، ئەم تامەزرۆییە وای لێدەکات بڵێت: ئەی یار لەسەر چاوی خۆمت دادەنێم. هاتنی یار وەکو ئەوەیە کە هەرچی خان و سوڵتانی دوونیایە لای ئەم مێوان بن.ئەم جۆرە دیالۆگە لەگەڵ "یار" لە ئەنجامی چاوەڕوانی زۆرەوە دروست دەبێت، بۆیە بە سوڵتان و خانی خانان دەیچوێنێت.

وەرە ئەی شاهیدی شیرین
ژ عیشقا تە دل ئێخسیرین
ب جان مەنزلگەهێ میرین
طەلەبکارن کە سوڵتان تێت. (دوسکی٣٧).

"شاهیدی شیرین" یارە، دڵی حەریری ئەسیری عیشقە، تێمای شیعرەکە بە جۆرێک دەگۆڕێت، کە ڕەنگاڵەیی دەبەخشێتە شیعرەکەی. حەریری لەسەر کلێشەی شیعری دەڕوات و بیر لە هاوسەنگی دەکاتەوە، بۆیە لێرەدا جگە لە سوڵتان و خان، مەعشوق دەکاتە میر، لە بری ئەوەی کە لەسەر چاوی دابنێت، دەیخاتە ناو ڕۆحی، شوناسێکی تایبەتی پێ دەبەخشێت، دەڵێت: شوێنی تۆ لە ناو ڕۆحمدایە، کە پلەی لە دڵیدا بەرزتر دەبێتەوە.

٢- ٢-بێ قەراری لە عیشق:

لە بێقەراری عیشقدا "حەریری" زیاتر وشەی"سوتان"بەکاردەهێنێت،ئەم زاراوەیەش لە ناو ئەدەبیاتی عیرفانیدا زۆر بەربڵاوە. لە شیعری کلاسیکیدا بە تایبەت عیرفانیدا وشەی"سوتان" ئاماژەیە بۆ ئەو بارودۆخە سەختەی کە عاشق دەکەوێتە ناوی، دوای چوونە ناوەوەی عیشق بۆ ناو دڵی عاشق، ئەوا حاڵەتی دەروونی و ڕۆحی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و سەرتاپای ژیانی ئاوەژوو دەبێتەوە.(( کەسی ئەویندار گرتیبەربویەکی کڵپەدارە و تامەزرۆی ئاوێکی ڕەحمەتی دیدارە، لەفەرهەنگی

زاراوەی سۆفیزمدا ئاماژەیە بۆ تاوسەندنی ئەوینی خودایی، هەروەها گڕ و بڵێسەی خودایە لە دڵی سالیکدا))(کەسنەزانی و بەرزنجی ٢٠٢٤: ١١٦).لەم بارەوە(حەریری)ئەم جۆرە هەستە ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

ئەز پێم نەما سەبر و قەرار
دیسان لە دەستافیرقەتێ
لۆمەم مەکەن ئەغیار و یار
سوتام بە ئالا غوربەتێ.(حەریری٢٠٢٥: ٤٧).

دەستەواژەکانی"سەبر، قەرار، فیرقەت، سوتان"هەموو ئاماژەن بۆ بێقەراری عیشق لای حەریری، کاریگەری جیاوازی لەسەر دەروونی هەبووە، ئارامی و ئاسوودەیی لێبڕیوە، ئەم دەستەواژانە لەسەر عیشقێکی فیکری خۆی دەخەملێنێت، لەم نێوەندەدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

سوتان بە ئالا دووریێ
لە حەسرەتا وێ حۆریێ
قەد سووسنا بن گوریێ
لە بیرناچێ یەک ساعەتێ.(حەریری ٤٧).

عیشق لە دڵەوە پەیدا دەبێت، لەسەر هەست و سۆز وەستاوە، ئەم سەرو ئەوسەری دیار نییە، بۆیە عاشق لە ئەنجامی دابڕان لە مەعشووق و تامەزرۆیی و دیداری بۆی، بەردەوام شەیدای دیدارە، ئۆقرەی لەبەربڕاوە بۆ مەعشوق، خەیاڵی مەعشووق هەموو کات لەبەر چاویەتی و مۆڵەتی پێنادات دەروونی ئۆقرە بگرێت.

لە دووری و لە حەسرەتی مەعشوق (حەریری) بێقەراری باڵی بەسەر دەروونیدا کێشاوە، بەجۆرێک وای لێکردووە هیچ کات لەبیری نەکات.

سۆتیمە ئیرۆ برشتم
ئاگرێ عەشقاتە کوشتم
رەمز و نازان دام ژدل
جەرگ و دل ب کۆڤان و کول.(حەریری ٢٢).

حەریری عیشقی بە ئاگر چواندوە، وێنەیەکی رەوانبێژی دروستکردووە.گفتوگۆ لەگەڵ مەعشوق دەکات بە گشتی دەڵێت: ئەمڕۆ من سوتاوم و هێز و توانام نەماوە، چونکە ئەی دلبەر تۆ بە نازی خۆت دڵمت پێکاوە، هەروەها دەڵێت: ئاگری عەشقی تۆ کوشتومی و دڵ وجەرگم پڕبوونە لە خەم و خەفەت.

## ٣- ٢-گرنگی نەدان بە عاشق:

لەم جۆرە عیشقەدا مەعشووق زۆر گرنگی بە عاشق نادات و لە عیشقەکەی ناپرسێت، بە لایەوە گرنگ نییە کە لەچ بارودۆخێکدایە.پێویستی عاشق و مەعشووق بوونەتە دوو دژی بەرامبەر بەیەکتری، ئەمەش هۆکارەکەی یارە نەک شاعیر. هەرچەندە دەیەوێت ئەوە بڵێت کە چەند پێویستی پێەتی و چەندە بۆی پەرێشانە، بەڵام مەعشووق لای لێ ناکاتەوە و بە لایەوە گرنگ نییە، چونکە مەعشووق خاوەنی پلە و پایە، و عیزەتە، و پلەی بەرزە،لە رووی خۆبەگەورە زانینەوە مۆڵەتی ئەوە نادات کە گرنگی بە عاشق بدات و فەرامۆشی دەکات.

سیا زولفێ تو ناترسی
ژ ئەحوالێ مە ناپرسی
موبارەک بیت تە ئەو کورسی
تو رووني گوهـ دە عەبدالان. (ئامێدی،١٩٨: ٢٣٤-٢٣٥).

حەریری دیالۆگ لەگەڵ مەعشوقەکەی دەکات، پێی دەڵێت: چۆن لە خوای گەورە ناترسی؟ هیچ لە هەواڵی من ناپرسی؟ مەعشوق بە لایەوە گرنگ نییە کە حاڵی حەریری چۆنە و چی لێهاتووە. ئەم خۆ خۆشویستنە دەچێتە خانەی خۆویستیەوە. تەنانەت دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە سوێند دەخوات

و لە مەعشوق جیانابێتەوە، خۆی تـەواو زەلیل دەکات و بە زەبوونی خۆی نیشان دەدات تەنها بۆ ئـەوەی ببێتە جێی سەرنجی مەعشووقەکەی ودەست بـەرداری نەبێت. کاتێک بە زوڵف ڕەش ناوی دەهێنێت، ڕەنگی ڕەش دەبەستێتەوە بە خەم و دڵتەنگی بۆ حەریری خۆی، دەکرێت بۆ مەعشوق بڕوا بەخۆبوون و حیساب بۆ نەکردن و کەشخەیی و توانا و دەسەڵات بێت.

وەکی قەقنەس بێ پەروا بم
دخۆم صەد سوند جودا نابم
حەزینم ئەز قەط تێر نابم
ژ دیدارا خەط و خالان.(ئامێدی، ٢٣٤-٢٣٥).

مەعشوق کەسێکە کە عەودالّ و شیفتەی ئەوە، دڵی پێ دەبەخشێت،لە پێناو گەیشتن بە ئەو گیانی خۆی بەخت دەکات. لە ڕاستیدا ئەوە مەعشووقە کە دڵـی عـاشـق بۆ خـۆی دەبـا و هـۆگـری خۆی دەکات،وای لێدەکات هەموو کات بیری لای بێت و گرفتاری دەردی عیشقی بکات.

٤-٢-کۆتایی نەهاتنی سەختییەکانی عیشق:

کێشە و نەهامەتی عیشق هەرگیز کۆتایی نایات، لـەم ڕێگەیەدا سەختی زۆر دەچێژێ، دەروونـی دەشێوێنێ، ئەم تێکچوونە دەرونییە دەبێتە بەشێک لـە سـەخـتی عیشق کـە ئـازارەکـەی "حـەریـری" دەیچێژێت و دەبێتە بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی. ((ئەم سەختیانە بەشێکن لە ڕەفتاری عیشق، عاشق لەم ڕێگایەدا حەتمەن لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. عاشق لەم ڕێگەیەدا گرفتاری بارودۆخێکی سەخت دەبێتەوە،هیچ ئومێدێک و فریاد ڕەسێک ناتوانێت بە هانایەوە بێت)) (میر قادری ١٣٨٤ : ١٧٦).

حەریری دەڵێت:
گەلۆ دلبەر وەبیر نائێ
ئەسیرەک وێ د زندانێ
نزانی کەس ب وێ حالێ
ضەعیفمئەزل هجرانێ.(دێرەشی٢٢٤:٢٠٠٥-٢٣١).

حەریری ڕووبـەڕووی باردۆخێکی سەختی دەروونـی بۆتەوە، لاواز، بێدەسەڵات، لار و وێڵ. لە لایەکی ترەوە خەم وەکو سەربازێک لە مەیدانی عیشقدا ڕووبەڕووی بۆتەوە ، لەوپەڕی بێدەسەڵاتیدا خۆی دەبینێتەوە و داوای دیداری یارەکەی دەکات.

٥-٢-بێدەسەڵاتی لە عیشق:

عاشق بـوون لە دەسـەڵاتی مرۆڤدا نییە، بێ ویستی خۆی دەچێتە ناو دڵ و دەروونیەوە، وای لێدەکات کە لە بەرامبەر عیشقدا بێدەسەڵات بێت. ئەمە(( عیشقە کە وەک سوڵتانێکی داپلۆسێنەر دڵی عاشق داگیر دەکات، عاشقیش دەسەڵاتی هەڵبژاردن و قبوڵکردنی نییە، لەبەرامبەردا عیشق بە بابەتێکی سروشتی دادەندرێت کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی مرۆڤەکانەوە نییە))(بەختیاری ١٣٥٠ :١٧٣).

لەم بارەوە حەریری دەڵێت:
گەر هون ببینن نارێ عیشق
تێن و لەبۆم زاری دکەن
گەر کەشف ببی ئەحوالێ عیشق
بەخیل و دژواری دکەن.( خەزنەدار٢٠٠٢: ١٦٣).

مرۆڤ لەو حاڵەتەدا دەستە وەستانە لەبەرامبەر عیشقدا، جەبرە و بەسەریدا سەپێنراوە، هەرچەندە هەوڵی خۆی بدات و بیەوێت خۆی لێ بپارێزێت، لە فرسەتێکدا خۆی دەکات بە ناو دەروونی مرۆڤەکاندا و بەرەو لای خۆی پەل کێشی دەکات بە بێ ئەوەی دەسـەڵاتی هەبێت و بیـەوێت کۆنترۆڵی بکات، چونکە بابەتەکە پەیوەندی بە ئەنیمای مرۆڤەوە هەیە،حاڵەتێکی دەروونییە، مرۆڤەکان پێویستییان بە نیوە بزرەکەیان هەیە کە تەواوکەری لایەنی ڕۆحی

و جەستەییانە.

هۆشم چوین مایم نە هۆش
ئەز دەم ب دەم لەو تیمە جۆش
میران قەوی ذەوق و خرۆش
پیشەنی خوندکاری دکەن .(خەزنەدار ١٦٣).

حەریری نە هۆشی ماوە نە ئارامی، لەبەر بێهۆشییە دڵ و دەروونی هاتۆتە جۆش، ئەم بێ دەسەڵاتییە بەجۆرێکە کە دڵ و دەروونی ئارامی لێبڕاوە و گەیشتۆتە ڕادەی کوڵان، عیشق بە جۆرێک دەروونی گەرم کردووە کە سات بەسات لە ناوەوە دەکوڵێت، لە ئاست عیشق مەعشوق دەستە وەستانە.

٦-٢-عیشق و ئارامی:

ئارامی بابەتێکی ڕەوشتی و ئاینییە، پەیوەستە بە خورەوشتی مرۆڤەکانەوە، بۆتە جێگەی بایەخی تاک و کۆمەڵگە، هەموو کات لە لایەنی خەڵکەوە پێشوازی لێوە دەکرێت و داوا دەکرێت، ئەمەش بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی.عاشق کاتێک کە ئارامی لە مەعشووق دەگرێت، بەرگەی هەموو سەختییەکانیشی دەگرێت، پلەی زیاتر بەرزتر دەکاتەوە و خۆشەویستی بۆی چەندان دەبێتەوە. حەریری ئەم ئارام گرتنەی لە شیعرەکانیدا بەیان کردووە و بۆتە بەشێکی دانەبڕاوە لە تێکستە شیعریەکانیدا.

ئەی بولبولێ حەیران
ئەم هەردوو لێک عاشقترین
بانگا خودێ ڕۆژێ ئەلەست
هەردوو ل عشقێ ئافرین.( عبیدالله ١١٩٧: ٣٩).

ئەم ئارامییە بە ڕوونی لای ”حەریری“هەستی پێدەکرێت. کاتێک کە یار بە بولبول دەچوێنێ و دوو عاشق کە هەست بە ئارامی دەکەن لەپاڵ یەکتری ئەمە ئەوپەڕی ئارامییە لای شاعیر.یان کە دەڵێت:

لەو کاتەوەی کە خوای گەورە فەرمووی( الست بربکم) ئێمەی وەکو دوو عاشق خەڵق کرد.

ئەول کەس و کارێ من توی
یەقین فریاد ڕەسێ من توی
کەسێ من وبەسێ من توی
ل زێڕ و مال و پەرتالا.(ئامێدی،١٩٨: ٢٣٤-٢٣٥ ).

لێرەدا ئارامی لە عیشقدا بە واتای گەیشتن بە حاڵەتی دڵنیابوونەوە و ئارام بوونەوە دێت لە ئەنجامی بوونی لەگەڵ مەعشووق یا بیرکردنەوە لە مەعشوق. ئەمەش دەبێتە هۆی هەستکردن بە ئاسایش و متمانە و ئاڵوگۆڕکردنی متمانە لەگەڵ یەکتریدا.ئارامی لە عیشقدا بە واتای نەبوونی کێشە نییە، بەڵکوو واتای مامەڵە کردنە لەگەڵ باروودۆخەکە بە عاقڵانە و خۆ گونجاندن لەگەڵیدا. ئەمەش ئەو هەستەیە کە کەسێک هەیە لێت تێدەگات و پاڵپشتیت دەکات بە بێ ئەوەی نواندن بکەیت.

٧- ٢-سوتان لە عیشقدا:

سوتان لەناو عیشقدا ئەزموونێکە کە جەستە و ڕۆح شەکەت دەکات، بەڵام لێرەدا سوتان تەنها ئازارێک نییە، بەڵکوو بریتییە لە حاڵەتی گواستنەوە، لە کاتێدا کە عیشق دەبێتە هێزێکی ئالوودە،ڕۆح پاک دەکاتەوە و مرۆڤ وا لێدەکات کە زیاتر لە واتای عیشق و بوونی تێبگات.

سوتان لە عیشقدا وشەیەکە بەشێوەی مەجازی لە ناو شیعردا بەکاردێت، بە مەبەستی گوزارشت کردن لە هەست و سۆز بۆ یەکتری."حەریری" بیرۆکەی "سوتان"ی بەکارهێناوە لە ئەنجامی شەوق و سوتانی دەرونییەوە بۆ مەعشووق، بە هۆکاری خۆشەویستیشەوە ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، لەسەر ئەم ئاستە لە نێوان هەست و سۆز و ئازاری سوتاندا خۆی ڕێک خستووە.

دیسا لە عیشقا دلبەرێ
سەرتا قەدەم سوتام بە نار
چاو مامزێ گەردەن زەرێ
ستاند لەمن سەبر و قەرار.(دزەیی ١٩٨٥: ٣٣).

حەریری لە عیشقی یاردا سەراتاپای سوتاوە لەئاگردا، گڕی عیشق ئەوەندە گەرمە ئارامی لێ نەهێشتووە، جەستەی شەکەت بووە، ماندووبووە بەهۆی گڕی عیشقەوە.

جەننەتو نەعیمیش بێتە جا
شوبهی سەعیرە پڕ لە نار.(دزەیی ٣٣).

"حەریری" هێندە ئازاری چەشتووە هاتووە "بەهەشتی بە جەهەنەم چواندووە. ئەگەر یار لە لای نەبێت ئەوا بەهەشتیش بۆ شاعیر جەهەنەمە.

لە عیشقدا ئەم وشەی"سوتان"ئاماژەیە بۆ جیابوونەوە، ململانێی ناوەخۆیی لەنێوان دوو مەعشووقدا، کە ئەمەش بەشێکە لە ئەزموونێکی قوڵ و ڕاستگۆیانە.ئەم تێمەی سوتانە وەکو زارەوەی(سوتان بە ئاگری عیشقە) کە حەریری بەکاری هێناوە.

جگە لەمە فیراق و دابڕان بەشێکن لە تێمای ناو شیعری کلاسیکی کوردی و بابەتی عیرفانیەت. ئەم دوو زاراوەیە بە ئاگر و دۆزەخ چوێندراوە، لە لایەکی ترەوە دابڕن و جیابوونەوە(( لە عیرفاندا بە چەندین مەبەستی جیاواز هاتووە،یەکێک لە ماناکانی ئەوەیە کە ڕۆحی مرۆڤ بە هۆی چوونە جەستەی ئادەمەوە، لە زاتی خودای بەرزە جێ دابڕا، ئەو ڕۆحە دەمێن و نەفسی خودا بوو، بە چوونە ناو زیندانی جەستەوە لە ڕەچەڵەکی خۆی دابڕا)) (کەسنەزانی و بەرزنجی ٢٠٢٤: ٧٩٦).جیابوونەوە و دابڕان بە گشتی و ئەو کەسانەی هەموو ژیانیان بۆ خودا تەرخان کردووە هەستی پێدەکەن، هەوڵی ڕزگار بوون لە زیندانی جەستە دەدەن و هەموو هەوڵێک دەدەن دووبارە بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە، ئەمەش ئارامییەکیان پێ دەبەخشێتەوە.

حەریری لەم بارەوە دەڵێت:

شوبهی سەعیر پڕ ئاگرە
دۆزەخ گەلەک لەو چاترە
ناری فیراق دژوارترە
جان و جگەر یێک هاتنە خوار.(کەسنەزانی و بەرزنجی ٣٣).

واتە؛ دڵ و دەروونم و ڕۆحم وەکوو ئاگری دۆزەخ وایە، بەڵکوو زۆر جار دۆزەخ زۆر لەم ئاگرەی دەروونم باشترە.ئاگری فیراق کە جیابوونەوەیە زۆر لە ئاگری دۆزەخ دژوارترە،وایکردووە گیان و جگەرم یەک یەکە بێتە خوارەوە. تێمەی فیراق بۆتە بابەتی سەرەکی شیعرەکە و ئاوازێکی مۆسیقی بە ڕیتمی شیعرەکە بەخشیوە.

لە شیعرێکی تردا بەم جۆرە سەبارەت بە عیشق دەدوێت و دەڵێت:

گەر هوون ببینن نارێ عیشق
تێن و ل بۆمن زاری دکەن
هەر کەس دزانیت حالێ عیشق
بەخیل و دژواری دکەن.(خەزنەدار٢٠٠٢: ١٦٣).

ئەگەر ئێوە ئاگری ئەو عیشقەی من ببینن و پێی بزانن کە چ سوتانێکی تیدایە، هەمووتان گریانتان بۆم دێت.ئەگەر بێت و حاڵ و نهێنی عیشق بۆ ئێوەش ئاشکرا بێت وەکو چۆن بۆ من ئاشکرا بووە ئەوکات ئێوەش وەکو من چرووک و دژوار دەبن.ئاشکرابوونی نهێنی عیشق وا لەمرۆڤ دەکات کە چرووک بێت و مەعشووق تەنها بۆ ئەو بێت، کەسی تر نەتوانێت نزیکی بکەوێت هەتا ئەگەر بۆ یەکتریش نەبوون. توندبوون و دژواری حەریری بۆ مەعشووق زیاتر دەبێت و دەڵێت:

سۆتیمە ئیرۆ برشتم
رەمز و نازان دام ژ دل
ئاگرێ عیشقا تە کوشتم
جەرگ و دل ب کۆڤان وکول.( جەباری٢٢:٢٠٢٥).

سوتانی عیشق هۆشی بە"حەریری"نەهێشتووە،تەنانەت ئاگری خۆشەویستییەکەی ئەوەندە زۆرە گەیاندۆیەتییە حاڵەتی مەرگ، مەرگێکی مەجازی کە هۆکارەکەی عیشقە، ئەمەش بە واتای ئازار چەشتنێکی زۆرە، کاریگەری لەسەر هەموو جەستە و دەروونی کردووە.

٨-٢- وەسفی یار:

یەکێک لەو بنەمایانەی دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی کەسایەتی لە ناو دەقدا وەسفە،جا دەقێکی شیعری بێت یا پەخشانی. هەروەها بریتیە لە ڕوونکردنەوەی پێدانی زانیاری دەربارەی کەسایەتی لە ناو دەقەکەدا. ئەم بابەتەش لە دەقی شیعریدا دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لە ناوەڕۆکی بابەتەکە.

وەسف دەبێتە بنەمایەک بۆ دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی مەعشوق لەلایەن عاشقەوە کە حەریریە، دەقی قسەکەی ئاراستەی مەعشوقە،دەبێتە تەوەرەی وەسفەکە و شاعیر بە شایستەی دەزانێت و جوانی دەبەخشێتە شیعرەکەی.

لەم شیعرەدا حەریری دوو زوڵفی سوری لەسەر کوڵمی یار داناوە، بەرگێکی جوانی بە شیعرەکەی پۆشیوە، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ باسی زوڵفی سوور دەکات، کە لێرەدا بە سووری خەنەی چواندووە.

نەکهەت گوڵە لە گوڵشەنێ
نیشانەی خاڵ گەردەنێ
دوو زولفی شۆخ شوبها خەنێ
لەرزین و دێنە سورەتێ. (حەریری ٢٠٢٠: ٩٦).

سەرجەم ئەو وەسفانەی کە بۆ باڵای مەعشوق وتراون باس لە جەستەیەکی تەواو و بێخەوش دەکەن، جەستەیەک کە کامڵە.لەوەسفکردنی ئەم وێنە شیعریەدا(حەریری)زوڵفی یار بە سووری خەنە دەچوێنێت، لە جیاتی ئەوەی زوڵفی یارەکەی گوزارشت لە تاریکی بکات، لێرەدا گوزارشت لە جوانی و درەوشاوەیی مەعشوق دەکات، لەرزین سیفەتی گەڵای دار یا گیای تازە سەوزبووی دەم ئاوی کانییە، لەگەڵ بەرکەوتنی ئاو دەلەرێتەوە، حەریری دەڵێت: ئەو زوڵفە سوورانە کە دەکەونە سەر ڕوومەتی یار دەست دەکەن بە لەرزین، کە ئەم لەرزینەش بە هۆی خۆشحاڵییەوەیە. ئەم وەسفانە دەبنە شوێنێکی ئارام بۆ هەموو خۆشی و ناخۆشیەکی "حەریری".ئەم وەسفە شیعرەکەی جوانتر کردووە و کاریگەریەکەی زیاتر دەچێتە ناو دڵ و دەروونی خوێنەرو گوێگرەوە.

رەیاحین سووسن و وەردن
وە رەستی ئەحمەر و زەردن
ل شێخ عەلیێ غەریب فەردن
هەرۆ سەدجار د ئەفغان تێت.(دوسکی ٢٠١٩: ٣٧٢).

لەم دێرە شیعرانەدا وەسفی زوڵفی یاری کردووە، کە وەکو ڕەشە ڕێحانە و سسوسن و گوڵن، لە هەمان کاتدا و ڕەنگیان زەرد کردووە، هەر وەکو ئەوە وایە کەس ئەم جوانییەی نەدیتبێت جگە لە(حەریری)، کاتێک ئەو جوانییە دەبینێت و بیری لێدەکاتەوە هەموو ڕۆژێک سەد جار هاوار و ناڵەی لێ هەڵدەستێنێت.

شەمعا شەبستانان ئەوە
وەردا گوڵستانان ئەوە
سەروا د بوستانان ئەوە

شۆخا حەریری دلگەشە.(یوسف١٩٧٢: ١١-١٢ ).

وەسفی یار لێرەدا خۆی لە(شەمع و شەو و گوڵ و باغ و بێستان)دەبینێتەوە، ئەم وەسف کردنە وردەکارییەکانی مەعشوق دەخاتە ڕوو، بە ڕووناکی شەوان دەیچووێنێ کە شەمعە و شەوانی بۆ ڕووناک دەکاتەوە، گوڵی گەشی باخچە هەر یارە، داری سەروو واتە بەژن و باڵای وەکو سەرووە، شۆخی حەریری دڵی خۆشە گەشاوەتەوە.

کەسێتی مەعشوقی وەسفکراو شوناسێکی تایبەت بە شاعیر دەبەخشێت و وێنەیەک و دونیایەکی باڵا لە شیعرەکانیدا بەرجستە دەکات، جەخت لە ڕەهایی جوانی دەکاتەوە، جوانییەک کە سەنعەتێکی هونەری جوان پیشان دەدات و تایبەتمەندی"حەریری"دەخاتە ڕوو.

## ئەنجام:

هیچ سنورێک لە نێوان شیعر و هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە ناوی عیشقەوە نواندن دەکەن نییە.هونەر لاسایی ژیان دەکاتەوە، ژیانییش لاسایی هونەر دەکاتەوە.عیشق مەیلە بۆ شتێکی دڵخۆشکەر، بۆ دەروون و ئەو شتەی کە دەیبینێ و وا دەزانێت چاکە، ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی مەعشوق بەڕادەیەک هەموو ئەوشتانە جێبەجێدەکات کە خۆشەویستەکەی خۆشی دەوێت. ئاشکراکردنی ڕازی عیشق لە کۆندا تاوان بووە و سزا دراوە، بۆیە شاعیران کە باسیان لە عیشق و مەعشووق کردووە بە ڕەمزەوە باسیان کردووە، ڕەمزێک کە تا ئێستا لە نێوان حەقیقەت و مەجازدا ماوەتەوە. عیشقی مەجازی بەشیکی هەرە زۆری بونیاتی پێکهاتەی شیعری حەریرییە، خۆی لە بێدەسەڵاتی و تامەزرۆیی و ئارامی و سوتان لە عیشقدا دەبینێتەوە. عەلی حەریری بە ووتنی شیعری دڵداری چ زەمینی و چ ئاسمانی کە ناوەڕۆکێکی عارفانەی هەیە لە هەردوو بوارەکەدا هەنگاوی ناوەو کاری تێدا کردووە.کەمترین شیعرەکانی دەچێتە خانەی عیشقی حەقیقییەوە،ئەمەش وەکو شاعیرێکی عیشقی مەجازی دەیناسێنێت،وا دەکات تیمای عیشق لای(عەلی حەریری) جیاوازتر بێت لە شاعیرانی دیکە.

لە تێکستە شیعریەکانی عەلی حەریریدا عیشقی مەجازی خۆشەویستیەکی لە ڕادەبەدەرە، پەیوەستە بە تاکەکەسێکی تایبەت، تەواوی نیگا و گرنگی پێدانی بۆ مەعشوقەکەیەتی، بەجۆرێکە جگە لە مەعشوق هیچ کەسێکی تر نابینێت و ئارەزوو و ئاواتی تەنها گەیشتنە بە یار، جگە لەوە هیچ شتێکی تری قبوڵ نییە. وەسفی یار بەشێکی دیکەی شیعری(حەریری)پێکدەهێنێت، خۆی لە وەسفی(جەستەی مەعشوق)دا دەبینێتەوە، وێنەیەکی هونەری جوانی دروستکردووە. پەیوەندی خۆشەویستی لای(حەریری)پەیوەندییەکی(من و تۆ) یيە، ئەم پەیوەندیە سەرچاوەکەی عیشقێکی زەمینیە و هەر لەسەر زەمینیش ئەم پەیوەندییە دروست دەبێت و کاریگەری لەسەر دەروونی دروست دەکات، دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعری بۆ شاعیر.تامەزرۆیی(حەریری)لە ئەنجامی هۆنینەوەی غەزەلی عاشقانەدا دەردەکەوێت.عیشق بۆ(عەلی حەریری)هۆکاری مانەوەی ژیانە، بێ عیشقی مەرگە بۆی، عاشق و مەعشوق بەرامبەر بە یەکتری دەوەستن تا هۆکارێکیان بۆبەردەوام بوون لە ژیان و عیشقدا بۆ بمێنێتەوە. کەواتە عەلی حەریری عیشقی ئافرەت تەوەرەیەکی سەرەکی شیعرەکانی بووە، عیشقێک ئیلهامەکەی ئافرەت بووە، هەروەها بە شاعیرێکی سۆفیگەریش دەناسرێتەوە کە باسی سوتان و دووری دەکات، وەسفی پێغەمبەری ئیسلام دەکات سەلامی خوای لەسەربێت، لە هەردوو بواردا شیعری هۆنیوەتەوە.

## سەرچاوەکان

### بە کوردی

- ئامێدی،صادق بەهائەدین،(١٩٨٠)،هۆزانڤانێت کورد،چاپی یەکەم، بەغدا، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق،دەستەی کورد.
- ئەحمەد، عومەر، هێمن،(٢٠١٤)، هێرمۆنتیکای شیعری سۆفیانەی مەحوی، نامەی دکتۆرا، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- جزیری، (١٣٦١)،دیوان، هەژار موکریانی شەرحی بۆ کردووە، تەهران، سرووش.
- جەباری، ڕزگار،(٢٠٢٠)، دیوانی عەلی حەریری، چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ماڵی وەفایی (٢٠٢٥)،دیوانی عەلی حەریری، بێ چاپ.
- حامد، دێرین، (٢٠٠٤)، ئەگەر عاشق نیوەبێت ئایا مەعشوق نیوەکەی تریەتی؟،گۆڤاری لڤین، ژمارە(١٥).
- حسێن، ناهیدە، (٢٠١٧)، ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجیی)دا،گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە٤٣، لاپەرە ١٩٩.
- خەزنەدار، مارف، (٢٠٠٢)،مێژووی ئەدەبی کوردی سەدەکانی چواردەم- هەژدەم،بەرگی دووەم، هەولێر، بڵاوکراوەکانی ئاراس.
- دزەیی، عەلی فەتاح، (١٩٨٥)،دۆزینەوەی هەڵبەستێکی دیکەی عەلی هەریری، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٨)، ل٢٢-٣٣.
- دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، (٢٠١١)،باغی ئیرەم، گەشتەک دناڤ گولزارا شعرا کرمانجیدا، چاپی یەکەم، زاخۆ.
- دێرەشی، سەعید، (٢٠٠٥)،کەلهێن ئاڤا، چاپی یەکەم، دهۆک، پیرێز.
- ڕەسول، عیزەددین موستەفا، (٢٠١١)،مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، بێچاپ.
- سیوەیلی، ڕێبوار، (٢٠٠٢)،دیاردەگەرایی تاراوگە، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەی پەروەردە.
- شێخانی،سەمیر،(٢٠٠٥)، خەرمانێک لە بیری مرۆڤایەتی،وەرگێرانی دیار عەلی لە عەرەبیەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارام.
- عەبدوڵلا، موحەممەد، (١٩٩٧)،پارچەک ژ هەلبەستەک عەلی حەریری یا نەبەلاڤ کری،گۆڤاری ڤەژین، هژمارا(٩)پاییز،ل٥٢-٥٥.
- عەلی، ئیحسان،(٢٠٠٧)، فەرهەنگی خنجیلەی جاف، ئینگلیزی - کوردی، چاپی سێیەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانە گشتییەکان.
- قەرەداغی، موحەمەد،عەلی،(٢٠٠٤)،کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ،بەرگی ٦، هەولێر، بڵاوکراوەکانی ئاراس.
- کارنگی، دیل، (١٩٩٩)،هونەری ووتاردان، وەرگێڕانی عومەر یوسفی،نامیلکە.
- کۆمەڵەنووسەرێک، (٢٠٢٥)،عەلی حەریری سوارچاکی شیعر و پێشەنگی داهێنان، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- موکریانی، هەژار،(١٣٦٩)،فەرهەنگی کوردی- فارسی، یەک بەرگ، تەهران، سروش.
- نالی، (١٣٩٦)،دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ساغی کردۆتەوە، کەرەج، چاپخانەی مانگ.
- یوسف، عبدالرقیب، (١٩٧٢)، دیوانا کرمانجی، النجف، مطبعة الاداب، وەزارەتی کاروباری سەرەوە.

### بە فارسی:

- بختیاری،پژمان،(١٣٥٠)،عشق در اشعار خواجه در مقالاتی درباره زندگی حافظ شیرازی، دانشگاه پهلوی.
- دیلمی، ابو الحسن علی بن محمد، (١٣٩٠)،الف الفت ولام معطوف،مترجم قاسم انصاری، قزوین، نشر سایەگستر.
- شمشیری،بابک،(١٣٨٥)،تعلیم و تربیت از منظر عشق وعرفان،چاپ اول،تهران، طهوری.

- عطار،فریدالدین،(١٣٨٣)،منطق الطیر، تصحیح و تعلیقات محمد رضاشفیع كدكنی، چاپ اول، تهران، سخن.

- كوردو، قانات،(١٣٩٤). تاریخ ادبیات كردی، ترجمه: عباس فرهاد توپكانلو، چاپ اول، قم، ناشر عمو علوی.

- لـپ، ایـنـیـاس،(١٣٧٠)،روان شـناسـی عشق ورزیدن،مترجم كاظم سامی ومحمود ریاض، چاپ سوم، تهران، انتشارات چاپخش.

- میر قـادری، سیدفضل الله،(١٣٨٤)،مقالەبررسی تطبیقی،ویژگیهای عشق در شعر حافظ شیرازی وابن فارض مصری، مجله علوم اجتماعی و انسانی دانشگاه شیراز،دوره بیست و دوم،شماره سوم پاییز، ص١٦٨-١٦٧.

- همدانی، عین القضاة،(١٣٧٠)،التمهیدات، چاپ سوم، تهران، كتابخانه منوچهری.

**بە عەرەبی**

- ابن منظور،(بدون سنة)،لسان العرب، تحقیق: عامر احمد حمید،مراجعة عبدالمنعم خلیل ابراهیم، الجلد الاول،(آ،ب)، منشورات علی بیضون، دار الكتب العلمیة، لبنان، بیروت.

- الـشـیـخ،مـحـمـدحـسـیـن،(٢٠١٩)،كـم انـت احـمـق یاقلبی،شعر الحب عند الفراعنة،موقع صیف٢٢.

- فـروم، اریــك،(٢٠٠٠)، فن الحب، ترجمة مجاهد عبدالمنعم مجاهد،دار العودة، لبنان، بیروت.

- مجمع اللغة العربیة،(٢٠٠٤)،المعجم الوسیط، ط٤، مصر، مكتبة الشروق الدولیة.

The theme of love in Ali Hariri's Kurdish poems

One of the most important studies in the history of world literature is the subject of lovebecause it was born with the emergence of human life ،some of which have remained in the human mind and are constantly being written in literature .It can be said that no world literature has been deprived of the subject of love ،whether real or figurative .He talks about the distance between the fire and the fire .This issue is of particular importance in the field of connecting the soul to the body ،and this is an important theme in literature and love ،and on the other hand ،it shows the importance of the theme of love in Hariri's poems ،because love and poetry are two inseparable feelings.

Keywords: Theme, Love, Psychology, Virtual Love, Ali Hariri.

موضوع الحب في قصائد علي الحريري الكردية

من أهم الدراسات في تاريخ الأدب العالمي موضوع الحب، لأنه ولد مع ظهور الحياة البشرية، التي بقي بعضها في العقل البشري ويكتب باستمرار في الأدب. يمكن القول إنه لم يحرم أي أدب عالمي من موضوع الحب، سواء كان حقيقيا أو مجازيا. يتحدث عن المسافة بين النار والحرق. هذا الموضوع له أهمية خاصة في مجال ربط الروح بالجسد، وهذا موضوع مهم في الأدب والحب، ومن ناحية أخرى يظهر أهمية موضوع الحب في قصائد الحريري، لأن الحب والشعر شعوران لا ينفصلان.

الكلمات المفتاحية: الموضوع، الحب، علم النفس، الحب الافتراضي، علي الحريري.

وەرگرتن ٢٠٢٥/١٠/١٥
پەسەندکردن ٢٠٢٥/١٢/٤

# پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی(عەتا محەمەد)دا

پ.ی.م. ناهیدە حسێن عبدالرحمن
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین
nahida-barzinji@uor.edu.krd

پ.د. فوئاد ڕەشید احمد
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین
Fuad.mohammd@su.edu.krd

پوختە

پاراتێکست چەمکێکی ڕەخنەیە، لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگری فەڕەنسییەوە(جیرار جینێت)، بەکارهاتووە و پەرەی پێدراوە. سەرجەم ئەو توخمانە دەگرێتەوە، کە دەوری دەقێک دەدەن و لە چوارچێوەی کتێبێکدا، پێشکەش بە خوێنەر دەکرێن. وەکو: ناوی نووسەر، ناونیشانی سەرەکی، ناونیشانی ناوخۆیی، بەرۆکی دەق، پێشەکی، پێشکەشکردن، پەراوێزەکان. بۆیە؛ توخمەکانی پاراتێکست ڕۆڵ و گرنگی خۆیان هەیە، لە ناساندن و ئاشنا بوونی خوێنەر بە دەقەوە و هیچ بەرهەمێک ناتوانێت بە بێ توخمەکانی پاراتێکست، ببێت بە کتێب و پێشکەش بە خوێنەر بکرێت. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: (پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد)دا، هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی بەرۆکی دەق و پراکتیزە کردنی، بە پێی تێڕوانینی (جیرار جینێت) بۆ چەمکی پاراتێکست، بە ئامانجی خستنە ڕووی ئەرک و گرنگی پاراتێکستی بەرۆکی دەق، کە هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەیەک دەربارەی ناوەڕۆک و پەیامی دەق، بە خوێنەر دەبەخشێت.

کلیلە وشەکان: پاراتێکست، بەرۆکی دەق، ڕۆمان، ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر، عەتا محەمەد.

## پیشەکی

لە توێژینەوە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، سەرنجەکان تەنیا لەسەر دەق نین، بەڵکو سەرباری دەق، گرنگییەکی زۆر بە دەوروبەری دەق دەدرێت، کە بە (پاراتێکست) ناسراوە. لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، سەرنجیان خستە سەر پاراتێکستەکانی دەق و هەوڵی شیکردنەوەی توخمەکانیان داوە. ئەگەر بمانەوێت پێداچوونەوە بە مێژووی زاراوەی (پاراتێکست)دا بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ نووسەرانی پێش (جیرار جینێت)، وەکو: (میشێل فۆکۆ، دۆشی، ج. دێریدا..) کە ئەم زاراوەیەیان بەکارهێناوە. ئەگەرچی کتێبێکی تەواویان بۆ تەرخان نەکردووە، یان بە شێوەیەکی ورد و تەواو ئاماژەیان پێ نەداوە و تایبەتمەندییەکانیان نەخستووەتە ڕوو، بەڵکو تەنیا لە چوارچێوەی وتار و لێرە و لەوێ بەکاریان هێناوە و قسەیان لە بارەوە کردووە. واتا ئاماژەکانی پێشوو، بریتی بوون لە بوونی چەند تێبینییەکی خێرا و ئاماژەدان بە بابەتەکە، بەڵام (جیرار جینێت) لە ساڵی ١٩٨٧ز کتێبی(Seuils) تایبەت کرد بە لێکۆڵینەوە لە پاراتێکست و زیاتر پەرەی بە چەمکەکە داوە و توخمەکانی ڕوون کردووەتەوە. لە ڕاستیدا ناتوانین دەق بناسینەوە و ناوی بنێین، ئەگەر پاراتێکستەکانی ئامادەییان نەبێت، بە دەگمەنیش دەقێک هەبێت، خاڵی بێت لە پاراتێکستی درکاو یان بینراو و دەربکەوێت، وەکو: ناوی نووسەر، ناونیشان، ناونیشانی لاوەکی، پێشکەشکردن، دەستپێکردن، بەرۆکی دەق، لاپەڕەی بەرگ. کەواتا پاراتێکست دالانێکە ڕێگە بە هەموومان دەدات لێیەوە بچینە ژوورەوە بۆ ناو دەق و لێیشی بێینە دەرەوە. ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد)دا، بە مەبەستی خستنە ڕووی گرنگی و ئەرکی پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە چوارچێوەی ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا. هەروەها بە گەڕان و سەرنجدان لە کارەکانی پێشوو، ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر (پاراتێکستی بەرۆکی دەق) بە زمانی کوردی نەکراوە، تەنیا (ملکۆ ئەحمەد)لە ژمارە(٢٨٣/ ٢٨٤)ی گۆڤاری (ڕامان ٢٠٢١)، لە ژێر ناونیشانی (پاراتێکست لە کۆشیعری سووتانی بەفر)دا توێژینەوەیەکی بڵاو کردووەتەوە، ئەمەش تایبەتە بە شیعر و تەنیا کار لەسەر توخمی (ناونیشان)کراوە. سنووری توێژینەوەکە: سنووری توێژینەوەکە، لە چوارچێوەی چەمکی پاراتێکستدایە، تەنیا لەو ڕۆمانانەی (عەتا محەمەد)دا، کە پاراتێکستی بەرۆکی دەقی تێدا ئامادەیە و تا ساڵی٢٠٢١ز چاپ و بڵاوکراونەتەوە، ئەوانیش لە کۆی دوازدە ڕۆمان، تەنیا چوار ڕۆمان دەگرێتەوە، کە بریتیین لەمانە: ١-خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت ٢- ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک ٣-ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان ٤- پاسەوانانی خودا. میتودی توێژینەوەکە، لە ناو بازنەی(شیعرییەتی دەق) دایە، بە تایبەتی بە پێی دیدو تێڕوانینی (جیرار جینێت) بۆ چەمکی پاراتێکست. لەم گۆشە نیگایەوە ئەرک و گرنگی توخمی (بەرۆکی دەق) وەرگیراوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە. ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە پاراتێکستی بەرۆکی دەق، تا چەند دەتوانێت ئەو ڕۆڵ و گرنگییە بگێڕێت، کە(جیررا جینێت) باسی کردووە؟ هاوکات پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی(عەتا محەمەد)دا، تا چەند توانیویەتی زانیارییەک لە سەر ناوەڕۆکی دەق ببەخشێت و ئاسۆی پێشبینی کردنی خوێنەر ئاراستە بکات؟ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، لەلایەک ناساندنی چەمکی پاراتێکستە، بە پێی تیۆری (جیرار جینێت) و

خستنە ڕووی ئەرک و گرنگی پاراتێکستی بەرۆکی دەقە، لە لایەکی دیکەوە دەرخستنی پەیوەندی نێوان دەق و پاراتێکستی بەرۆکی دەقە، لە چوارچێوەی ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد دا. ئـەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دوو تـەوەر، لە تـەوەری یەکەمدا بە شێوەیەکی گشتی، پاراتێکست لە ڕووی زمانەوانیی و چەمکەوە خراوەتە ڕوو. لە تەوەری دووەمیشدا چەمکی پاراتێکستی بەرۆکی دەق، ڕوون کراوەتەوە، لەگەڵ پراکتیزە کردنی لەچوارچێوەی ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد دا. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک و پاشان لیستی نـاوی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

تەوەری یەکەم: پاراتێکست، زاراوە و ناساندن.

١-١: پاراتێکست لە ڕووی زمانەوە

وشـەی پـاراتـێـکـسـت(Paratexte) لـەلایـەن نوسەر و ڕەخنەگری فەرەنسییەوە)جیرار جینێت( بەکارهاتووە. ئەم زاراوەیە لە ڕووی پێکهاتنەوە، لـە دوو بـەش پێکهاتووە. پێشگری (para) لە بنەڕەتدا یۆنانییە، بە واتای ئەمانە دێت: )هاوتەریب، هاوشێوە، وەکو یەک، دەوروبەر، تەنیشت، هاوڕێ.. هتد( (texte) یش واتـا دەق، بە کۆکردنەوەی ئەم دوو وشـەیە، چەمکی (Paratexte) پێکدێت. (زاوي٢٠٠٥: ٢٨-٢٩). لە هەندێک سـەرچـاوەدا هاتووە، پێشگری(para) ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە هەمان کاتدا پێچەوانەی یەکترن. لەوانە بـە بۆچوونی (ج. هیلیس میلـەر( پێشـگر (para)) هەڵگری واتـای دژیەکە؛ چونکە لە هەمان کاتدا واتـای نزیکی و دووریش دەبەخشـێت، یـان ناوخۆیی و دەرەکــی، هەروەهـا لێکچوون و جیاوازیش، وەک ئـەو ڕوو پۆشە تەنک و ڕوونە وایە، کە ناوەوە و دەرەوەی خۆی بەیەکـەوە دەبەسـتێت و جۆرێـک لـە ئاوێتە بـوون دروست دەکات، کە ڕێگە بە دەرەوە دەدات بچێتە ناوەوە، بە هـەمـان شـێـوە نـاوەوەش بێتە دەرەوە، هـەم سنووری جیاکەرەوەی نێوانیانە، هەمیش ئامرازی بەیەکـەوە بەسـتنیان (بلعاد ٢٠٠٨: ٤٢).

لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕەخنەگرانی عـەرەب، لەسەر دانانی ناوێکی دیاریکراو بۆ ئەم زاراوەیە کۆک نین، بەڵکو چەندین وەرگێڕانی جیاوازیان بۆ زاراوەی (Paratexte)ی فەرەنسییەکە کردووە، وەکو: (عتبات النص، النصوص المصاحبة، المكملات، النصوص الموازية..) (زاوي ٢٠٠٥: ٢٤). (ئاستانەکانی دەق، هاوڕێی دەقی، تەواوکەر، دەقی هاوتەریب)، لە فەرهەنگی (معجم السرديات)ی عەرەبیدا بەرامبەر بە زاراوەی (paratexte= نص مصاحب، نص موازِ) بەکارهاتووە. (القاضي :٢٠١٠، ٤٦١،٤٦٢)، بەڵام (محمد بنيس) تا ڕادەیەکی زۆر لە مەبەستی سەرەکی زاراوەکـە نزیک بـووەتـەوە و بە(النص الموازي/ دەقی هاوتەریب) نـاوی دەبـات. (بنيس١٩٨٩: ٧٦). بەڵام ڕەخنەگرانی عەرەب هەموویان کۆکن لەسەر ئـەوەی، کە زاراوەی (پاراتێکست)، ئەوەیە کاتێک بەرهەمێک دەنووسرێت، (کتێب، ڕۆمان، چیرۆک، کۆمەڵە شیعر، شانۆنامە..)، ئـەم توخمانە دەبنە هاوتەریب یان هاوڕێی دەق و دەقەکە تەواو دەکەن، وەکو: (پێشەکی، ناونیشان، ناونیشانە ناوخۆییەکان، پێشکەشکردن، وێنەی بەرگ و چەند توخمێکی دیکە، کە لەسەر ئەم ناوچەیەی لاپەڕەکەدا بڵاو بونەتەوە، وەکو: ناوی نووسەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی بڵاوکردنەوەو شێوە ئەندازەییەکانی دیکە وەکـو وێنە، ڕەنـگ و جـۆرو قـەبـارەی فۆنتەکان) (زاوي :٢٠٠٥، ٣٣). لە زمانی تورکیداو لە توێژینەوە ڕەخنەییەکانیاندا زاراوەی (Yanmetin) واتا (نزیک لە دەق) بەکاردێت. (Ekinci 2023:5) لە زمانی

فارسیدا (پیرامتن) بەکاردێت. (مطلق ١٣٨٦: ٢٢)، کە (بریتییە لە سنوور، ناوچە یان ڕێڕەوێک، کە ئەگەری وەستان لە ناو دەق یان گەڕانەوە بۆ دەق و تێگەیشتن لێی و ناساندنی ئاسان دەکات، ئەم ناوچە شاراوە و پێناسە نەکراوەی لە نێوان ناوەوەی دەق و دەرەوەی دەق، ناوچەیەکی بێ سنورەو کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەی خوێندنەوە هەیە)(هەمان سەرچاوەی پێشوو). لە زمانی کوردیدا بە سەرنجدان لە چەند سەرچاوەیەک، دەبینن ئەم زاراوەیە بە ەەند فۆرم و واتایەک بەکار هاتووە، لەوانە: (-Pa ratexte = ئەوپەڕدەقی) (بابایی ٢٠٠٥: ٣٢٠). (paratexte = ئەودیو دەق، پەڕدەق) (سەجادی ٢٠٢٢: ٣٣٨) هەروەها (محەمەد مەنتک) پێشنیار دەکات، کە بۆ زاراوەی (paratexte) (دەقە پێوەند دارەکان)ی بۆ بەکاربهێنرێت. (مەنتک ٢٠١٧:٤٥). لە ەەرهەنگی (کلیلدان)یش بەرامبەر بە زاراوەی (-pa ratext) وشەکانی (دەقی هاوتا، هاو دەق، ئاستانەی دەق، پاراتێکست) بەکارهاتووە، هاوکات لە هەمان فەرهەنگدا بەم شێوەیە ئاماژە بە واتای زاراوەی پاراتێکست کراوە، (کۆی ئەو دەرهاویشتانەن کە دەوری دەق دەدەن، ناوی دەنێن، دەیپارێزن، داکۆکیی لێ دەکەن، لە شتی تر جیای دەکەنەوە، پێگەی دیاری دەکەن، خوێنەر هان دەدەن لێی نزیک ببێتەوە.) (بەرزنجی ٢٠٢٤:١٧٧). هەروەها (حسێن لەتیف) لە کتێبی (تیۆری دەقئاوێزانی ئەدەبی)، زاراوەکانی (هاودەقی، هاوماڵیکردن)ی بەکارهێناوە. (لەتیف ٢٠١٦:٤١). هەر لەم بارەیەوە (سەرباز مەجید خۆشناو) دەڵێت: ((بێراییەکان بەرامبەر بە (عتبات)ی عەرەبی دێت، لە کوردیدا (دەرازینگ)یشی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام ئێمە زاراوەی (بێرایی)مان پێ گونجاوتر بوو، چونکە مەودایەکی بەرفراوانتری هەیە، وەک چەمک هەموو ئەو دەقە هاوسەنگانە دەگرێتەوە، کە جیرار جینێت ئاماژەیان پێدەکات لە دەرەوەی مەتن دان و دەق هاوسەنگ دەکەن، وەک ناونیشانەکان، پێشەکی، پەراوێز، بەرگ، دەروازە.)) (خۆشناو ٢٠١٩: ٤٤). هەروەها (ئەنوەر قادر محەمەد)، بەرامبەر بە زاراوەی (-Para texte)، (پێداویستییەکانی تێکست)ی بەکار هێناوە. (محەمەد ٢٠١٨، ٣٣٧). (سامان جەلال عەزیز)یش لە نامەی دکتۆراکەیدا، بە هەمان شێوە بەرامبەر بە زاراوەی Paratexte)، (پێداویستییەکانی دەق) ی بەکار هێناوە. (عەزیز ٢٠١٤:٨٠) (ملکۆ ئەحمەد) یش دەڵێت: ((ئێمە دەتوانین لە کوردیدا، یان هەر زاراوەکە وەک خۆی وەرگرین (پاراتێکست) یان ئەم زاراوانەی بۆ دابنێین: دەقی هاوتەریب، هاودەق، هاوتێکست، پشتدەق، پاشکۆدەق)) (ئەحمەد ٢٠٢١، ٨٣). ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین هەموو ئەو زاراوانە، لە ڕووی واتاسازییەوە تەواو نزیکن لە یەکترییەوە، لەگەڵ هەموو ئەم زاراوانەشدا لە زمانی کوردیدا، دەکرێت زاراوەکانی (هاوشانی تێکست، یاخود دەقهاوشانی) بەکاربهێنرێت. دواجار بە هۆی گرفتی وەرگێڕان و فرە زاراوەیی لە زمانی کوردیدا، ئێمە هەر زاراوەی (پاراتێکست) مان بەکارهێناوە، چونکە پێمان وایە هیچ یەکێک لەو زاراوانە نەیتوانیووە، وەکو چەمکێکی ڕەخنەیی هەموو توخمەکانی پاراتێکست لە ڕووی واتاوە لەخۆ بگرێت.

### ٢-١ پاراتێکست وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی

زاراوەی پارتێکست یەکێکە لەو چەمکە نوێیانەی، کە لە ناو دنیای ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا بەکاردێت. هەندێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەب بە چڕی باس لە گرنگی و ڕۆڵەکانی چەمکی پاراتێکست دەکەن لە شیکاری دەقی ئەدەبیدا،

بەو پێیەی بە گشت توخمەکانییەوە، ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبیدا. ئەم گرنگیدانەش وای کرد، چەمکی (کارلێکی دەق) بووروژێنرێت، کە وەک فەزایەک لە دەق دەڕوانێت، دواتریش گرنگی بە توخمەکانی ئەو فەزایە درا، کە خۆی لە پاراتێکستدا دەبینێتەوە. لە ڕابردوودا بە هۆی لێکۆڵینەوە چڕەکانی هەندێک لە تیۆریست و ڕەخنەگرانی وەک (جیرار جینێت، کلود دوشی، ڕۆبێرت شۆلز، لیۆ هۆک) و ئەوانی تر بایەخ بە چەمکی پاراتێکست درا. بە تایبەتی (جیرار جینێت). لە کتێبی (پالیمپسێست: ئەدەب لە پلەی دووەمدا

Palimpsests: Literature in the Second Degree) دا، کە لە ساڵی (١٩٨٢) دا چاپ کراوە، لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی دەربارەی پاراتێکست و توخمەکانی ئەنجامداوە ،کە تیایدا توانیویەتی ئەم چەمکە کۆنترۆڵ بکات و گرنگی تەواو بە دەق و پێکهاتەکانی بدات.

پاراتێکستەکانی دەقێک بە شێوەیەک کار دەکەن، کە ناتوانین بە وەرگرتنی تەنیا یەک توخم، هەموو کۆدەکانی دەقەکە بکەینەوە و بگەین بە ماهییەتی دەقەکە، هەروەک چۆن بۆ چوونە ناو ماڵێک، سەرەتا پێویستە بە دەروازەی سەرەکی چوونە ژوورەوەدا تێپەڕ ببین، پاشان دەتوانین بچینە سنوور و چوارچێوەی ماڵەکەوە، بێگومان بۆ هەر ژوورێک و بۆ بینینی کەلوپەلەکانی دیسان دەرگاو بەربەستی دیکە دێنە ڕێگەمان، کە پێویست دەکات هەموو ئەو دەرگاو بەربەستانە تێبپەڕێنین بۆ ئەوەی بگەین، بە هەموو بەشەکانی ماڵەکەو جوانی و ڕازاوەیی و سەلیقەی ڕێکخستنی ماڵەکە ببینین. بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی دەقێک لە ڕووی پاشخانی ئەدەبی و مەعریفی و ئیستاتیکی و دەروونی و بنەماکانی دەقبوونەوە بپشکنین و کۆدەکانی شیی بکەینەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەو کردنەوەی هەموو ئەو توخمە پاراتێکستیانەی، کە نووسەر یان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بەکاری هێناون.

لە بنەڕەتدا بەرهەمی ئەدەبی لە دەقێک پێکدێت، کە ئەم دەقە بە دەگمەن لە دۆخێک دایە، بتوانێت بەبێ هاوڕێیەتی و هاوپێچی لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراو لە توخمەکانی پاراتێکستدا، ناسنامەی دەقبوونی هەبێت. ئەمەش بۆ بەهێزکردن و پاڵپشتی کردنی دەقەکەیە. وەکو ناوی نووسەر، ناونیشان، پێشەکی، پێشکەشکردن، پاشکۆکان.. هەرچەندە ئەم توخمانە نابن بە دەقەکە، بەڵام بە جۆرێک دەوری دەق دەدەن، کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی دەقەکە. بەم پێیە پاراتێکست ئەوەیە کە دەقێک بتوانێت ببێت بە کتێب و بەو شێوەیە پێشکەش بە خوێنەران بکرێت. بە پێی بۆچوونی (جیرار جینێت) پاراتێکست بریتییە لە: (ناونیشان، ناونیشانی بچووک،

ناونیشانە ناوخۆییەکان، دەروازە، پاشکۆ، پێشەکی، تێبینییەکانی خوارەوەی لاپەڕەکە یان لە کۆتاییدا، فۆنتەکان و وێنەکان،، شریتی نێوان لاپەڕە، کەڤەری دووەمی کتێب، جۆرەکانی تری ئاماژەی نووسراو، یان تەواوکەری دیکە، کە زەمینەیەکی لەبار بۆ دەقەکە دەڕەخسێنن) (البقاعی ١٩٩٨: 127). واتا پاراتێکست هەموو ئەو توخمە لاوەکییانە دەگرێتەوە، کە لەبارەی کتێبێکی چاپکراوەوە هەن و ناچنە ناو کرۆکی دەقەکەوە، بەڵکو سەربەخۆن و هاوکات تەواوکەری دەقە بنەڕەتییەکەن. پاراتێکست وەک چوارچێوەیەک و پەرژینێک دەوری دەقێک دەدات و درێژی دەکاتەوە و دەیخاتە بەردەم جیهانی خوێنەر، هاوکات ئەم توخمانەی پاراتێکست (یەکەم دەروازەن، کە ئارەزووی خوێنەر دەکەنەوە

بۆ ئەوەی بتوانێت بگات بە دەقەکە، لە زۆر حاڵەتدا بوونەتە پردێک کە خوێنەر بتوانێت بگات بە قوڵایی دەقەکەو لە نهێنی و ماناکانی تێ بگات) (بوعلاق ٢٠٢٠:١٥). پاراتێکستەکانی دەقێک دەتوانن یارمەتیدەر بن، بۆ دۆزینەوەی مەدلول و پەیامەکانی ناوەوەی دەق؛ چونکە گرنگیی ئەم توخمانە کەمتر نییە، لە جەستەی دەق و هەریەکەیان بە مەبەست و بە ئاگایی نووسەر یان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بەکارهاتوون.

پاراتێکستەکان لەگەڵ پرسیارە گشتیەکانی ئەدەبدا، وەک دامەزراوەیەکی کولتوری کارلێک دەکەن و ڕێنمایی خوێنەر دەکەن، بۆ هەنگاو نان بەرەوە قوڵاییەکانی دەق و گەیشتن بە مەدلولەکانی دەق، هاوکات دەبنە هاوتەریبی دەق و بەشێک لە دەسپێک و دەروازەی دەق پێکدەهێنن. لێرەشەوە خوێنەر کەمەندکیش دەکەن، بۆ چوونە ناو جیهانی نادیاری دەقەوە. (ئاستانەکانی دەق بریتین لە پێکهاتەی زمانەوانی و ئایکۆنی، کە پێش دەقەکان و دوای دەقەکانن بۆ بەرهەمهێنانی گوتارگەلێک کە وەسفیان دەکەن، بە ناوەڕۆک و فۆرم و جۆرەکانی دەناسرێن و خوێنەران قەناعەت پێدەکەن بۆ بەدەستهێنانیان، لە دیارترین شتەکانی کە وەرگیراون، بریتین لە: ناوی نووسەر، ناونیشان، ئایکۆن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، پێشکەشکردن، بەرۆکی دەق و پێشەکی...) (الادريسي ٢٠١٥: ٢١). ئەمانە بە هۆی پێگەکەیانەوە هاوتەریب دەبن، لەگەڵ سروشتی دەقەکەداو بەشدارن

لە خوێندنەوەی پەیامەکانی دەقەکەدا، بە جۆرێک دەقەکە بەڕێوە دەبەن و هەوڵی چالاککردنی مەیلی خوێنەر، بۆ گەڕان بەدوای لێکچوونێک، لە نێوان دال و مەدلولەکانیاندا دەدەن. پاراتێکست (واتە لە لێواری شتێکدا، لە سنورەکەیدا، لە هەنگاوی یەکەمدا، بە مانای نە لەوێ بوون و نە لە دیوەکەی تریدا، لە سنوری وردی دوو دیاردەدا. دەتوانرێت پاراتێکستەکان وەک توخمێک دەرببڕدرێت کە تەواوکەری دەقی سەرەکییە لە چوارچێوەی پەیوەندییە ماناداراەکەیدا، لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی. چونکە پاراتێکستەکان نە خودی دەقی سەرەکین و نە دەقێکی تەواو جیاوازن، بەڵکو پارچە نووسینێکی بچووکن لە چوارچێوەکەیدا کە هاوڕێی دەقی سەرەکین و دەوری دەدەن و پەیوەندییەکی نزیک هەیە لە نێوانیاندا)(Aksöz 2018:32) واتا ئەوان ئەو توخمانەن، کە لەسەر سنوری دەقەکەدان، لە ناوەوە و لە هەمان کاتدا لە دەرەوەی دەقەکەدا بوونیان هەیە و بە شێوەیەک پەیوەستن پێیەوە، کە مافی دەستوەردانیان هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکەدا، تا ئەو ڕادەیەی کە دەگەنە پلەی دیاریکردنی سەربەخۆیی خۆیان و بە شێوەیەک لێی جیا دەبنەوە، کە ڕێگە نادەن بە بێ ئەم توخمانە خودی دەق، وەک پێکهاتەیەکی سەربەخۆ کار بکات و ماناکەی بەرهەم بهێنێت. واتا ئەم توخمانە دەبنە پاشکۆی دەق و بەشدارن لە بونیادنانی مەدلولە شاراوەکانی دەقدا. جگە لەم پاراتێکستە زارەکییانە (زۆرێک لە بڵاوکراوەکان پاراتێکسی نازارەکی لە شێوەی وێنەدا لەخۆ دەگرن، وەک وێنە، خشتە، هێڵکاری، دیزاینی بەرگ، هاوکات ئەم توخمانەش وەکو: فۆنت، پەرەگراف، و شێوازی داڕشتن، کەم و زۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر خوێنەر) (Ekinci 2023: 48). هەریەکە لەمانە بەشێکن لە دەقەکەو بە جۆرێک لە جۆرەکان نوێنەرایەتی ناوەڕۆکەکەی دەکەن. پاراتێکست ((بە واتای دەقێک، کە پێوەندداره بە دەقە بنەڕەتییەکەوە، وەکو: پێشەکی، ناونیشان، ئەو وتارانەی لە بارەی دەقەکەوە دەنووسرێن..)) (مەنتک ٢٠١٧: ٤٥). کەواتا پاراتێکستەکان کە

لە ناوچە پێناسە نەکراوەکاندا هەڵکەوتوون، دەرگایەکن ڕێگە بە خوێنەر دەدەن، هەنگاو بنێتە نێو جیهانی دەقەکەوە یاخود دەربچن لێی. دەتوانین بڵێین پاراتێکست لە پێناسە گشتییەکەیدا ئاماژەیە بۆ ئەو توخمانەی کە دەقێک بتوانێت ببێت بە کتێب و پێشکەشی خوێنەر بکرێت.

(بە بڕوای جینێت هەر توخمێکی پاراتێکست توانای تێگەیشتنێکی باشتر دەدات بە دەقەکە، کە دەوری دەقەکە دەدات و فراوانی دەکات، دەروازەیەکە بۆ ئاسان چوونە ژوورەوە بۆ ناو دەقەکە، یان ناوچەیەکی تایبەتە لە نێوان دەق و توخمەکانی دەرەوەی دەقدا) (Can 2023: 171). واتا یەکخستنی دوو پێکهاتەی جیاواز بە یەکەوە، کە بریتین لە (توخمەکانی پاراتێکست و دەق)، ئەمەش دەبێتە پاڵنەر بۆ پرسیارکردن و تێگەیشتن، لە سروشتی دەق و ڕەهەندە نادیارەکانی دەق لای خوێنەر. واتا پاراتێکست دەبێتە پردی پەیوەندی لە نێوان خوێنەر و دەقدا. لە لایەکی دیکەوە وامان لێ دەکەن، بە دوای ئەو پەیوەندیانەدا بگەڕێین، کە دەبن بە کلیل بۆ کردنەوەی کۆدەکانی دەق و تێگەیشتن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی دەق. ئەمەش لە پشکنینی سەرەتای دەقەکەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی. کەواتە پاراتێکست پرۆسەکانی پێش دەق دەگرێتەوە، کە هۆکارێکی گرنگە بۆ خوێندنەوەی دەق؛ چونکە یەکەمجار سەرنجی خوێنەر دەکەوێتە سەر ناونیشانی دەق و ناوی نووسەر و دیزاینی بەرگ و وێنە و.. ئەمانە هەموو پێکەوە خوێنەر بەرەو ناوەوەی دەق دەبەن. (هەر توخمێکی پاراتێکست کە بە شێوەیەکی فیزیکی بە دەقەوە گرێدراوە، لێکدانەوەیەک بۆ دەقەکە لەخۆ دەگرێت، یان دەقەکە دەخاتە بەردەم خوێنەرو کاریگەری لەسەر چۆنیەتی هەستکردن بە دەقەکە دەبێت. کاتێک لەم ڕوانگەیەوە سەیری پاراتێکستەکان دەکەین و لێی نزیک دەبینەوە، دەبینین توخمەکانی پاراتێکست تەنیا تا ئەو ڕادەیە بەشێک لە پاراتێکستی دەقێک پێکدەهێنن، کە یەکێک لەو ئەرکانەی سەرەوە ئەنجام دەدەن، واتە سەرنج دەخەنە سەر دەقەکەو دەقەکە، دەخەنە بەردەم خوێنەرو کاریگەرییان هەیە لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی دەقەکە) (Ekinci 2023:48)).

ئەم توخمانە وەک تۆڕێکی دەرەکی دەوری دەق دەدەن و هاوڕێیەتی دەکەن، بە جۆرێک کە بتوانرێت بە پێی بۆچوونەکانی نووسەر یان بە پێی ڕێبازێکی دیاریکراو گفتوگۆ لەسەر مەدلولەکانی دەق بکرێت. بەم جۆرە دەبینین پاراتێکست ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی هەیە،لە خوێندنەوەو ناساندن و دەوڵەمەند کردنی دەقەکاندا. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە ژمارە یان پێکهاتنی توخمە پاراتێکستییەکان لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە جیاوازەو دەگۆڕێن.

### ٢-١ : پاراتێکستی بەرۆکی دەق

بەرۆکی دەق وتەیەکە یان وەرگیراوێکە، نووسەر لەسەر بەرهەمەکەی بەکاری دەهێنێت، لە سەرەتای کتێبەکە و لە دوای لاپەڕەی ناونیشان، واتا پێش ناوەڕۆک و جەستەی بەرهەمەکە دەردەکەوێت. بە گشتی بەرۆکی دەق وتەی نووسەر نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دەقەکەدا هەیە و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاراستە دەکات، هاوتەرییە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکەدا. (جیرار جینێت) پێناسەی بەرۆکی دەق دەکات، بەوەی (وەرگیراوێکە بە گشتی لە سەر کتێبەکە یان لە بەشێکیدا (فەسڵ) دەردەکەوێت) (بلعاد ٢٠٠٨: 107). لە بنەڕەتدا جۆرێک لە ناسنامەی بەرهەمەکە دەردەخات، وەک نەخشی هەڵکۆڵراو، یان وەک ملوانکەیەک بە بەرۆکی

دەقەکەدا هەڵدەواسرێت. بەرۆکی دەق وەرگیراوێکی شایستە و گونجاوە، کە بیرۆکەیەک یان حیکمەتێک لە خۆ دەگرێت. بەو پێیەی ئەرکی پوختکردنی هەیە بۆیە؛ بە کورتی و لە یەک ڕستەدا ئاماژە بە کتێبەکە دەکات، (بە گشتی هەندێک لە نووسەران بەرۆکی دەق وەک پێشەکییەک بۆ دەق بەکاردەهێنن، کە ڕێگەیەکە بۆ خوێندنەوەی دەقەکان و تێگەیشتن لە کرۆکی دەقەکە و لەو بیرۆکەیەی، کە نووسەر ئاماژەی پێکردووە. دەشێت بەرۆکی دەق ئایکۆنێک بێت، یان وێنە و نەخشاندن و جۆرێک لە هەڵکۆڵین بێت) (بلعاد ٢٠٠٨:107).

پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە چاپی یەکەمی بەرهەمەکەدا دەردەکەوێت، هەندێکجار لە چاپەکانی دواتردا، بە بڕیاری نووسەر، یان کەمتەرخەمی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە نامێنن، یان دەگۆڕدرێن. شوێنی بنەڕەتی دەرکەوتنی بەرۆکی دەقیش بە زۆری لە لاپەڕەی یەکەمدا، دوای پێشکەشکردن و پێش پێشەکی دەردەکەوێت. لە شێوازی کۆندا بەرۆکی دەق لە لاپەڕەی ناونیشان و لەسەر بەرگ دەرکەوتووە، هەروەک (جینێت)یش ئاماژەی پێکردووە، بەڵام لە ئێستادا ئەم شێوازە زۆر کەم بەکاردێت. بە گشتی بەرۆکی دەق لە دوو شوێندا دەردەکەوێت:-

یەکەم: بەرۆکی سەرەتای دەق/ ئەم جۆرە لە سەرەتای بەرهەمەکەدا دەنووسرێت، بۆ چالاککردنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرە، واتا یارمەتیدەری پرۆسەی تێگەیشتن و بەستنەوەی پەیوەندی نێوان بەرۆکی دەقە، بە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمەی کە خوێنەر خەریکی خوێندنەوەیەتی.

دووەم: بەرۆکی کۆتایی دەق/ کە لە کۆتاییدا و لە دوای خوێندنەوەی دەقەکە دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی لێکدانەوە و واتایەکی دیاریکراو، لەسەر بنەمای خوێندنەوەی بەرهەمەکە پێشکەش بە خوێنەر بکات، ئەم جۆرە بەرۆکی دەقە، بە دوا وشە دادەنرێت بۆ دەرچوون لە دەقەکە و وەکو واژۆی نووسەر وایە بۆ کۆتایی بەرهەمەکە (بلعاد ٢٠٠٨: ١٠٨).

سەبارەت بە تەکنیکی نووسینی بەرۆکی دەقیش، پێویستە نووسەر ئاماژە بە ناوی نووسەر، یان ئەو سەرچاوەکەیە بکات، کە وتەکەی لێوەرگرتووە. هەروەها بەرۆکی دەق پێویستە لە نێوان کەوانەدا دابنرێت و بە فۆنتێکی جیاواز، لە فۆنتی بەرهەمەکە بنووسرێت، هەرچەندە تا ئێستا ئەم تەکنیکانە لە ڕێکەوتنەکانی نووسین و چاپکردندا، جێگیر نین و بە تەواوی پەیڕەو ناکرێن، بەڵام پەیڕەوکردنی کارێکی ئەکادیمی وهونەرییە.

- ئەرکەکانی بەرۆکی دەق: بەرۆکی دەق ساتێکی بێدەنگییە، تەنیا لێکدانەوە و ڕاڤەکردن دەتوانێت بیخاتە دۆخی خوێندنەوەوە، بۆ ئەوەی بێدەنگییەکی دەرببڕێت و چالاک بێت، (جیرار جینێت) چوار ئەرک بۆ بەرۆکی دەق دەستنیشان دەکات، دوو ئەرکی سەرەکییە و دووانەکەی دیکە ئەرکی لاوەکین، کە بریتین لەمانە:-

١- ئەرکی شرۆڤەکردنی ناونیشان(دەقی یەکەم): بەرۆکی دەق کاردەکات بۆ ڕوونکردنەوەی ناونیشان، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە ناونیشانەکە لەسەر بنەمای گریمانە بێت و ڕوون نەبێت، واتا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی هێما و ناڕوونییەکان هەبێت. لێرەدا بەرۆکی دەق ئەرکی شرۆڤەکردنی ناونیشانی هەیە، هەندێکجار ئەم شرۆڤەکردنە یەکلاکەرەوەیە، هەندێکجاریش ڕۆڵی ڕوونکردنەوە دەبینێت. ئەمەش ئەو ئەرکەیە، کە بەرۆکی دەق گرنگی پێ دەدات، ئەم ئەرکە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا زۆر بەکارهاتووە.

٢- ئەرکی شرۆڤەکردنی دەقەکە(دەقی دووەم): .ئەم ئەرکە زیاتر سیستەماتیک و ڕێکخراوە، بەو پێیەی لە چوارچێوەی واتا ڕاستەوخۆکانی دەقەکەدا، بیرۆکەیەک دەربارەی دەقەکە و ناوەڕۆکەکەی دەخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی ڕوونتر بێت، ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان بەرۆکی دەق و ناوەڕۆکی بەرهەمەکەدا هەیە.

٣- ئەرکی گەرەنتیکردنی ناڕاستەوخۆ: جینێت پێی وایە ئەم ئەرکە لاوەکی و ناڕاستەوخۆیە، بەو پێیەی پەیوەندی نێوان وەرگیراوەکە و دەق، یان ناونیشانەکە ناڕاستەوخۆیە، لێرەدا بەرۆکی دەق بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکە نایەت، بەڵکو نووسەر ئەو وەرگیراوەی نووسەرێکی بەناوبانگ بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی خۆی پێ بەناوبانگ بکات. لە ئێستادا ئەم شێوازە وەکو پێشووتر بەکارنایەت، بە هۆی خراپیی هەڵبژاردنیانەوە، لە ڕووی واتاو ناوەڕۆکی بەرهەمەکەوە، ئەمەش بکوژی دەقەکەیە و ناتوانێت خوێنەر بکاتە ئامانج.

٤- ئەرکی ئامادەبوون یان ئامادەنەبوونی بەرۆکی دەق: جینێت پێی وایە، ئەم ئەرکە لاوەکییترینیانە، لێرەدا بەرۆکی دەق هیچ ئەرکێکی نییە، لە سادەترین ئەرک و پەیوەندیدا بەرۆکی دەق دەرخەری ناسنامەی ژانری ئەدەبی یان سەردەم، یان بیرو ئایدۆلۆژیای بەرهەمەکەیە، بەڵام لێرەدا جگە لە ئامادەبوونێکی سادە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ناونیشان یان ناوەڕۆکی دەقەکەوە نییە، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەی بڵێن؛ ئەم کتێبە مەدالیای ڕۆشنبیری و زانستی لەسەر سنگی هەڵگرتووە. لە کۆتاییدا جینێت هۆشداری دەدات، لە دەرئەنجامەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە بەرۆکی دەقانە، کە وەک ئامرازێکی ڕازاندنەوە و خۆ دزینەوە لەوەی، کە هیچ کاریگەرییەکی ڕۆشنبیری یان شارستانی نەبێت و بەکاربهێنرێت. چونکە هەڵبژاردن و مانادارێ بەرۆکی دەق هەمیشە پلانێکی ئارەزوومەندانەو ڕێکەوت نییە، بەڵکو بەکارهێنانێکی ئەرکدارو خاوەن پەیامە. (بلعاد ٢٠٠٨: ١١١- ١١٢). بە گشتی ئەم چەند ئەرکەی (جیرار جینێت) دیاریکردووە، مەرج نییە لە چوارچێوەی بەرۆکی دەقێکدا، لە هەمان کاتدا هەر چوار ئەرکەکە ئامادەییان هەبێت، دەشێت یەک ئەرک یان دوو ئەرک ئامادەییان هەبێت.

### ٢-٢/ پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)[١]دا

بە گشتی لە کۆی دوازدە ڕۆمانی (عەتا محەمەد) دا، پاراتێکستی بەرۆکی دەق تەنیا لە چوار ڕۆماندا ئامادەیی هەیە و توانیویەتی ئامانجی خۆی بپێکێت. واتا هەر لە سەرەتاوە توانیویەتی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاراستە بکات و شتێک لە بارەی ناوەڕۆکی دەقەکەوە، لە هزری خوێنەردا گەڵاڵە بکات. لێرەدا هەوڵدەدەین بەرۆکی دەقەکان، لە چوارچێوەی ڕۆمانەکاندا بخەینە ڕوو، هاوکات شرۆڤەیان بکەین:-

- لە ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت)، نووسەر فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) هێناوەتەوەو بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە: (لای موسڵمانان، وەک نووسەرەوانانی حەدیس دەیگێڕنەوە، خواوەند سێ جار پێدەکەنێت، یەکێک لەو جارانە ئەوەیە، کە بوخاری و موسلیم

١ : عەتا محەمەد لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ز شاری سلێمانییە، نووسەر و وەرگێڕە، یەکەم بەرهەمی کۆمەڵە چیرۆکێکە، بە ناوی (پاشماوەی خێڵەکان)، کە لە ساڵی ١٩٩٩ لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. تا ئێستا خاوەنی پازدە ڕۆمان و چەند کۆمەڵە چیرۆکێکە. عەتا محەمەد دانیشتووی سویدە، هەربۆیە کارەکتەری بەشێک لە ڕۆمانەکانی ئاوێتەیەکە، لە کەسایەتی بیانی و کەسایەتی کوردی، هاوکات ناوبراو خاوەنی شێوازێکی تایبەتی ژانری گێڕانەوەیەو لە بواری ڕۆمان و چیرۆکی کوردیدا جێ پەنجەی دیارە.

دەیگێڕنەوە... خودا بە دوو پیاو پێ دەکەنێت، کە یەکێکیان، یەکێکیان دەکوژێت، بەڵام هەردووکیان دەچنە بەهەشت. وتیان چۆن ئەی پەیامبەر؟ ئەویش وتی، یەکێکیان لە پێناوی خوادا دەجەنگێت و شەهید دەبێت، دواتر بکوژەکە ئیمان دەهێنێت و ئەویش لە پێناو خودادا دەجەنگێت و شەهید دەبێت) (محەمەد ٢٠١٦: ١). لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم فەرمودەیەدا، خوێنەر بۆی دەردەکەوێت لە بەردەم دەقێکدایە، کە تیایدا (چەمکی پێکەنین) مەبەست و تێمای دەقەکەیە. لێرەدا بەرۆکی دەق ئەرکی شرۆڤەکردنی دەقەکە دەبینێت، بە هۆی ئەو پەیوەندییە، کە لە نێوان بەرۆکی دەق و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا هەیە و بیرۆکەیەک دەربارەی ناوەڕۆکی دەقەکە دەخاتە ڕوو. واتا چەمکی پێکەنین بووە بە پردی پەیوەندی، لە نێوان بەرۆکی دەق و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا، هاوکات لەم ڕۆمانەدا پێکەنین ئامرازێکە، بۆ گەیاندنی پەیامە ڕەخنەییەکانی نووسەر، بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ و بەرجەستەکردنی هۆشیاری لای خوێنەر و دروستکردنی ڕای گشتی، لەسەر ئەو بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەی، کە نووسەر درکی پێکردووە.

– لە ڕۆمانی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک)دا، نووسەر چەند دەقێکی هەمە جۆری، بۆ بەرۆکی دەق بەکارهێناوە، کە بریتین لە (ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، فەرمودەیەک، وتەیەکی شێخ جونەیدی بەغدادی[2]، وتەیەکی حەلاج، چوارینەیەکی خەیام، وتەیەکی دۆن کیشۆت[3]). هەموو ئەمانەش جگە لە (وتەکەی شێخ جونەیدی بەغدادی و وتەکەی حەلاج)، گوزارشت لە یەک شت دەکەن، ئەویش دیاریکردنی قەدەری مرۆڤە لە ژیاندا، واتا مرۆڤ دەستەوەستانە لە بەردەم گۆڕینی قەدەریدا و پێشتر هەمووی لە چارەنووسیدا نووسراوە، ئەمەش لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە لە چەندین شوێندا و لە زاری کەسێتییەکانەوە باسی دیاریکردنی قەدەری مرۆڤ دەکات، لەوانە: (ئەو شەوە سلیمان ئەوەندە تێگەیشت، هەموو دەیانوت، "چارە نیە... قەدەرە و لە چارەمان نووسراوە") (محەمەد٢٠١٦: ١١٠). لە شوێنێکی تردا، نووسەر لە زاری سلێمانەوە دەڵێت: ( میرم، ئەوەی من دەیزانم، هیچ بەهایەکی نیە بۆ ئێوە، چونکە چارەنووسەکان لە پێش منەوە دیاریکراون. لەبەر ئەوە، هەوڵ مەدە لێی هەڵبێیت)(محەمەد ٢٠١٦ : ٩٧). ئەمانە و چەندانی دیکە، کە ئاماژە بە چارەنووس دەکات و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەرۆکی دەقەوە هەیە. کەواتا لێرەدا پاراتێکستی بەرۆکی دەق نوێنەرایەتی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەکات و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاراستە دەکات. پاراتێکستی بەرۆکی دەق ئەرکی ڕوونکردنەوەی ناونیشانی سەرەکیی دەبینێت؛ چونکە ناونیشانی سەرەکی لەسەر بنەمای گرمانەیە و نا ڕوونییەکی تێدایە، بەڵام بەرۆکی دەق (ئایەتەکە، فەرمودەکە، چوارینەکەی خەیام، وتەکەی دۆن کیشۆت) توانیویانە ئەرکی شرۆڤە کردنی دەق بگرنە ئەستۆ. هەرچی دوو وتەکەی (حەلاج)ە، کە دەڵێت: (ان الله تحت جبتي..)(رآيت ربي بعين قلب فقلت من انت قال انت) ئەمەش پێچەوانەی بیرو بۆچوونی زانایانی یەکتاپەرستە و پێمان وایە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە نیە، تەنیا گوزارشت لە نزیکایەتی و یەکێتی بوون

---

٢ : هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە؛ ئەم وتەیە هی(حەلاجی مەنسور)ە و پەیوەندی بە(شێخ جونەید)ی بەغدادییەوە نیە، چونکە شێخ جونەید زانایەکی سونە مەزهەب و سۆفییەکی یەکتاپەرست بووە. (سەرچاوە: سایتی ئینتەرنێت).

٣ : دۆن کیشۆت، کەسێتی سەرەکییە لە ڕۆمانکێدا، بە ناوی(دۆن کیشۆت) کە بەرهەمی نووسەری ئیسپانی (سێرڤانتێس)ە، کە تیایدا دۆن کیشۆت دەیەوێت،ستەم و نادادی لەناوبەرێت و دادپەروەری بەرقەرار بکات. ڕۆمانەکە بەشی یەکەمی ساڵی ١٦٠٥ز بڵاوکراوەتەوە.

( سەرچاوە: سایتی ئینتەرنێت).

دەکات لەگەڵ خـودادا، ئەمەش پێچەوانەی بیرو بۆچوونی زانایانی یەکتاپەرستە.

- لە هـەمـان ڕۆمـانـدا و لـە ژێـر ناونیشانە ناوخۆییەکاندا، لە دوو شوێنی جیاوازدا بەرۆکی دەق ئامادەیی هەیە و توانیوەتی زانیارییەک، لە بارەی ئەو بەشەی ڕۆمانەکەوە، پێشکەش بە خوێنەر بکات. یەکەم: لە ژێر ناونیشانی ناوخۆیی، (بەرەو ڕابردوو)دا بەرۆکی دەق وتەیەکی (ولیام بلیک)[4]ە، کە دەڵێت: (شاری قابیل بە خوێنی مرۆڤ دروست کرا، نەک بە خوێنی گا و بزن)(محەمەد ٢٠١٦ : ٤٩). لەم بەشەی ڕۆمانەکەدا، بە شێوەی خەیاڵ و ڕیالیزمی سیحری، کەسێتی (سلێمان) دەگەڕێتەوە بۆ ڕابـردووی شـاری سلێمانی. لێرەدا نووسەر بە زمانێکی ناڕاستەوخۆی ئەدەبی، گوزارشت لە مێژووی پڕ لە ململانێ و شەڕی خێڵەکی و شەڕی براکان و دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی دەکات: (چاوەڕوانی دەکرد، تا بەدەم ڕێگاوە بەسەرهاتی ئەو دوو خێڵەی بۆ بگێڕێتەوە، ساڵانێک لەوەوبەر لەسەر وەرینی سەگێک تا یەکتر بڕانەوە، دەستەویەخە شەڕیان کردو ئەو ڕۆژەیان پڕ کرد لە هـاواری ژن و کـرووزانـەوەی کچان و چەقینی خەنجەرەکان لەسەر دڵ و ناڵەی بریندارن.) (محەمەد ٢٠١٦: ٥٤). کەواتا پاراتێکستی بەرۆکی دەق، توانیویەتی هـاوتـەریـب لـەگەڵ ناونیشانە ناوخۆییەکەدا، نوێنەرایەتی ئەو بەشەی ڕۆمانەکە بکەن و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاراستە بکەن. دووەمیش لە ژێر ناونیشانی ناوخۆیی (ئەفسانەی براکان)دا، هـەروەک نووسەر ئاماژەی پێکردووە، وتەیەکی لە (گەشتەکەی ڕیـچ)ەوە وەرگرتووە و کردوویەتی بە بەرۆکی ئەو ناونیشانە ناوخۆییەدا: (سەرانی میرنشینی بابان لە بەردەم مەولانا خالیددا بە "قورئان و تەلاق و شمشێر" سوێندیان خوارد، کە خیانەت لە یەکتر نەکەن....)(محەمەد٢٠١٦: ٩٧). لێرەدا بەرۆکی دەق لەگەڵ ناونیشانە ناوخۆییەکەدا، شتێک لە بارەی ئەو بەشەی ڕۆمانەکەوە بە خوێنەر دەڵێن، ئەویش پەیمان شکاندنی سەرانی میرنشینەکە و شەڕی براکان و نەبوونی تەبایی و یەک ڕیزییە، کە ئەمەش لەو بەشەی ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. نووسەر لە ڕێگەی شەجەرە نامەیەکەوە، بە شێوازی ئەندێشەیی و ڕیالیزمی سیحریی بنەچەی بنەماڵەی بابانەکان دەخاتە ڕوو، لەگەڵ مێژووی پڕ لە کێشەو ململانێی ئەم بنەماڵەیەدا، پاشان لەم شەڕانەدا ئاماژە بە شەڕی لە مێژینەی نێوان میرنشینە کوردییەکان و ڕۆڵی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویش دەکات. بە گشتی لێرەدا پاراتێکستی بەرۆکی دەق ڕۆڵی شرۆڤە کردنی ئەو بەشەی ڕۆمانەکە دەبینێت و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاراستە دەکات.

- لە ڕۆمانی (ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان)دا، نووسەر کۆپلە شیعرێکی (ئازاد صوبحی) کردووە بە بەرۆکی دەق، کە گوزارشت لە ئازادبوونی مرۆڤ و داماڵینی لە ناوەکەی دەکات و دەڵێت:

ئەمەوێ یاری بەم قورە بکەم
چی لەم قورە بکەم
کە ناومی لەسەر نووسراوە
ئەمەوێ ناوی خۆم ورد و خاش بکەم )
ئازاد صوبحی درەختێک لە بەرد)

خودی ڕۆمانەکە دەرخستنی چالاکییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی، کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیرە، کە هەوڵدەدەن میراتی ئەدەبی وڵاتەکەیان بپارێزن و بیگوێزنەوە بۆ نەوەکانی ئایندە. ئەم کەسانە بیر لە ناوبانگ ناکەنەوە، بەڵکو تەنیا دەیانەوێت شـونـاسـی نـەتـەوەیـی و نیشتمانیی خـۆیـان، لە

٤ : ولیام بلیک(١٧٥٧– ١٨٢٧ز)، شاعیر و وێنەکێشێکی سەردەمی ڕۆمانتیکی ئینگلیزە و خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبیی و وێنەی هونەرییە. سەرچاوە ئینتەرنێت.

ترسی (نازی) یەکان و هاوشێوەکانیان بپارێزن.
لە بەشێک لە ڕۆمانەکەدا دەکەوینە بەردەم ئەو نووسەرانەی، کە لە دوای نووسینی یەکەم کتێبیان لە لایەن دەزگا سیخورییەکانەوە، کە نووسەر بە (چەتەکانی خەیاڵ) ناوزەدیان دەکات دەکوژرێن، لەگەڵ ناوهێنانی نمونەی چەند نووسەرێکی جیهانی، نووسەر نمونەی (جەمال عیرفان[5] و عەبدولخالق مەعرووف[٦])یش دەهێنێتەوە. هەروەها نووسەر لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا لە ژێر ناونیشانی ناوخۆیی: (منیش دڵنیانیم ئەوەی دەژی، منم یاخود ناوەکەمە؟) دا، لە زاری کەسێتی (شێرکۆ)وە، کە باسی نازناوی شاعیرانی کورد بۆ هاوڕێکەی دەکات، کە چۆن لەبەر خۆپارێزی بە ناوی خوازراوەوە شیعرەکانیان بڵاو کردووەتەوە، نووسەر پێی وایە؛ ئەگەر (نالی) ئەو نووسەرە بێت کە (مەلا خدر) دروستی کردووە، ئەوا (مەلا محەمەدی بەڵخی) دوو جار نووسەرێکی لە ناخیدا هەڵگرتووە، چونکە ناوبراو یەکەم جار نازناوی (مەشوی) هەڵبژاردووە و دواتر بە نازناوی (مەحوی) خۆی ناساندووە. نووسەر پێی وایە ئەوەی دەمێنێتەوە، ناوەکانمانە نەک خۆمان، هەروەک لە زاری کەسێتی شێرکۆوە دەڵێت: (سەلاحەدینی ئەیوبی (١١٣٨ – ١١٩٣) ٥٥ ساڵ ژیاوە، بەڵام ناوەکەی، تا ئێستا نزیکەی ٨٢٠ ساڵە دەژی... ئەو کەسەی لە ساڵی ٣٩٩ی پێش زاینییدا ژەهرەکەی خواردەوە، بۆ هەتا هەتایە مرد، بەڵام تا ئێستا سوکرات لەگەڵماندا دەژی) (محەمەد ٢٠١٩: ٢٥). بە گشتی لە ڕۆمانەکەدا، ئەو پرسیارە فەلسەفییە قووڵە لای خوێنەر دەوروژێت، ئایا ئەوەی کە دەژی خۆمانین یان ناوەکانمان؟ تا کۆتایی ڕۆمانەکەش ئەم پرسیارە هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا بەردەوام دەبێت.
لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا نووسەر جیاواز لە هەموو ڕۆماننووسانی دیکە، دوو پەڕەی سپی بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت، بۆ ئەوەی لە ژێر سێبەری ناوەکان، ڕۆڵ و بەردەوامی بە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە ببەخشن و لەوێدا بینووسن، ئەمەش بەشداری پێکردنی خوێنەرە لە پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی دەقدا. بە گشتی پێمان وایە؛ لێرەدا بەرۆکی دەق توانیویەتی نوێنەرایەتی مەبەستی ڕۆمانەکە بکات، بەڵام لە بەر ئەوەی پاراتێکستی ناونیشانی سەرەکی ڕۆمانەکە، هاوتەریب نیە لەگەڵ کۆی ڕۆمانەکەدا، بۆیە پاراتێکستی بەرۆکی دەق بە تەنیا نەیتوانییوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بەرجەستە بکات.
– لە ڕۆمانی (پاسەوانانی خودا، مێژوویەکی تر

٥ : جەمال عیرفان لە ساڵی ١٨٨١ز لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە و پاشان چووەتە قوتابخانەی (ڕوشدیە)، دواتریش لە بەغدا ئامادەیی سەربازی تەواو کردووە. پاشان لە ئیستەمبوڵ کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە. دواتر گەڕاوەتەوە سلێمانی و ئەفسەر بووە، هەروەها ئەندامی مەجلیسی ئیدارەی سلێمانی بووە، لە پاڵ کارە ئیدارییەکانیدا لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) نووسینی بڵاوکردووتەوە. لە ڕۆژی ١٢/ ١٢/ ١٩٢٣ز تیرۆر کرا. هۆکاری تیرۆر کردنەکەشی ڕوون نییە، هەندێک پییان وابووە، لەبەر بیرە پێشکەوتنخوازییەکانی تیرۆر کراوە، ئەمەش بە یەکەم تیرۆری سیاسی کورد دادەنرێت.

٦ : عەبدولخالق مەعروف، لە ساڵی ١٩٣٥ز لە گوندی(سەید عوبێد)ی ناحیەی دیبەگەی سەر بە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٥٤ز بە مەبەستی خوێندن دەچێتە زانکۆی (ئەزهەر) لە میصر، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەتی خوێندن تەواو ناکات و دەگەڕێتەوە. پاشان لە بەغدا خوێندنی ئاینی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٥٦ز بۆ ماوەیەک ( ئیمام تابوور) بووە لە سوپای عێراق. لە هەمان ساڵدا چووەتە پاڵ ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر لەگەڵ شۆڕشدا ماوەتەوە. دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ز دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر. لە ساڵی ١٩٧١ز لەلایەن شۆڕشەوە نێردراوە بۆ (چیکسلۆفاکیا) بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی دیبلۆم، لە بواری ئامێرو ئامرازە ئەلیکترۆنییەکاندا. دوای تەواو کردنی خوێندن ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر و دوکانێک دادەنێت. لەو سەردەمەدا دوکانەکەی بووتە جێگای کۆبوونەوەی نووسەران و ڕۆشنبیران. پێش تیرۆرکردنی کتێبێک چاپ و بڵاو دەکاتەوە، بە ناوی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردیدا)، ئەم کتێبە بووە مایەی نیگەرانی بەشێک لە مامۆستایانی ئاینی و خەڵکی، کە پێیان وابوو ناوبراو لە ئاین دەرچووە، هەندێک پێان وایە هەر ئەم کتێبەش بووە هۆی ئەوەی، کە لە بەرواری ١٠/ ٤/ ١٩٨٥ز لە نزیک مەڵەکەی خۆی لە گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر تیرۆر بکرێت.

بۆ بینینی خۆمان)، نووسەر کۆپلە شیعرێکی کورتی شاعیری ئیسپانی(فیرناندۆ ڤالڤێردە)ی کردووە بە بەرۆکی دەق. کە دەڵێت:

ئەمە جیهانی ئێمە نییە

لە تواناد‌ا بوو خەون بە شوێنێکی ترەوە ببینین

نە شەهید و نە خواوەندی تیا بێت! (شاعیری ئیسپانی، فێرناندۆ ڤالڤێردە)

هـەروەک لە واتـای دێڕەکاندا دیـارە، شاعیرە ئیسپانییەکە ڕازی نییە بەم جیهانە واقیعییە و خەون و خۆزگە بە دنیایەکی دیکەوە دەبینێت، دنیایەک کە تیایدا (شەهید و خواوەند)، ئامادەییان نەبێت. بەسەرنجدان لە ناوەرکی ڕۆمانەکە، دەتوانین بڵێین بەرۆکی دەق تا ئاستێکی باش توانیویەتی نوێنەرایەتی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بکات، چونکە نووسەر لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا، بە دیدێکی ڕەخنەییەوە پرسی بیری توندڕەوی ئاینی دەخاتە ڕوو، کە هەڵگرانی ئەم بیرە، هەوڵدەدەن بەناوی خودا و بەدەستهێنانی بەهەشت و شەهید بوونەوە، گەنجان فریو بدەن و کاری توندڕەوی ئەنجام بدەن. نووسەر لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی خۆکوژیدا، لە فرۆکەخانەیەکی (برۆکسل)،بە سوود وەرگرتن لە ڕیالیزمی سیحری. دەڵێت: (دەنگی تەقینەوەیک هات و هۆڵەکە لە دووکەڵدا ون بوو... کۆمەڵێک کەسی خوێناوی لەسەر زەوی کەوتبوون و بریندارەکانیش بە ڕەنگی بزرکاوەوە دەیاننالاند .... مردووەکان لەسەخۆ بۆ لای یەک چوون، ئـەوەش کە خۆی تەقاندبووەوە، بە دەم خۆ تەکاندنەوە بەرەو لایان هات...یەکێکی تر سەیری لەشی خوێناوی خۆی دەکرد، کە لەسەر زەوییەکە کەوتبوو. سەیری ئەو کەسەی کرد، کە خۆی تەقاندبووەوە و وتی، "تۆ بوویت؟" ئەویش بە هێواشی وتی، " دەبێت هەموو پاسەوانێکی خودا لە پێناو خودادا ئەو کارە بکات") (محەمەد ٢٠١٩: ٢١١- ٢١٢). وەک لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەی نووسەر مەبەستییەتی خودا نییە، بەڵکو ئەو ئایدۆلۆژیا توندڕەوییەیە، کە بارگاوییە بە بیری ئاینی و حوکمی تەکفیرکردنی خەڵک دەدات.

لە لایەکی دیکەوە نووسەر بـەراوردی وێنەیەکی ڕۆژهەڵات دەکات، لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا: (بە دەم سەیرکردنی دیمەنی پەنابەرەکانەوە، ڕێبوار بیری لە ڕۆژهەڵاتی ناو کتێبەکان، ڕۆژهەڵاتی ناو ئەندێشەی ڕۆژئاواییەکان دەکردەوە، ڕۆژهەڵاتی گەڕیدەکان، کە لە سەفەرەکانیاندا باسیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕۆحانیەت و عەشق و بۆنی بخورد... دەکرد، کە ئێستا هەمووان لێی هەڵدێن. موسڵ لە پشت خۆیانەوە جێدەهێڵن، هەڵدێن و ئاوڕ لە بازاڕی فرۆشتنی کچان و ژنانی ئێزیدی لە شاری ڕەققە نادەنەوە) (محەمەد: ٢٠١٩، ٢٧). ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە مێژوو ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر شوێنەکان. دەشێت لە سەردەمانێکدا شوێنێک جێگەی ژیان و لە سەردەمێکی دیکەدا مرۆڤ لێی هەڵبێت و نەتوانێت لێی بژی. ڕۆژهەڵات سەردەمانێک جیگای ڕۆحانییەت و عەشق بووە، خاوەنی یاساکانی حامورابی و عەشتار بووە، بەڵام ئێستا بووەتە جێگەی شەڕو ململانێی گروپ و تاقمە توندڕەوەکان. هەموو ئەمانەش بە سوود وەرگرتن لە چەمکی خوداو شەهیدەوە سەچاوەی گرتووە. بۆیە پێمانوایە پاڕاتێکستی بەرۆکی دەق، توانیویەتی هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەیەکمان لەسەر ناوەڕۆکی دەقەکە لـەلا گەڵاڵە بکات. لە ڕووی ئەرکیشەوە پاڕاتێکستی بـەرۆکی دەق، توانیویەتی ئەرکی شرۆڤە کردنی دەقەکە بگرێتە ئەستۆ، ئەم ئەرکەش لە چوارچێوەی خوێندنەوەی ئەو پەیوەندییەدایە، کە لە نێوان بەرۆکی دەق و ناوەڕۆکی دەقەکەدا بەرجەستە بووە.

## ئەنجام

عەتا محەمەد لە چەند ڕۆمانێكدا، پاراتێكستی بەرۆكی دەقی بەكارهێناوە و ئاماژەی بە ناوی نووسەر یان ئەو سەرچاوەیە كردووە، كە لێوەی وەریگرتووە. بە گشتی لەو ڕۆمانانەی(عەتا محەمەد) دا، كە پاراتێكستی بەرۆكی دەقی تێدا بەكارهێناوە، بەرۆكی دەق توانیویەتی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاڕاستە بكات و ڕوونكردنەوەیەک لەسەر ناوەڕۆكی دەقەكە ببەخشێت. وەكو لە ڕۆمانەكانی (خواجە نەسرەدین كە لە پێناو پێكەنینێكدا دەكوژرێت، ڕێبەری كتێبسازە كوژراوەكان، پاسەوانانی خودا) دەبینرێت. لە ڕۆمانی(ئافاتەكانی بنەماڵەی مێخەک) دا، نووسەر شەش بەرۆكی دەقی بەكارهێناوە، لە ئایەت و فەرمودە و وتەی زانایان و چوارینە، لەوانە دوانیان نەیانتوانییوە گوزارشت لە ناوەڕۆكی دەقەكە بكەن و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاڕاستە بكەن. بەرۆكی دەق لە ڕۆمانەكانی (عەتا محەمەد) دا لەو جۆرەیە، كە لە سەرەتای بەرهەمەكەدا، واتا پێش پێڕست و دوای پێشكەشكردن دەنووسرێت، ئەمەش بۆ چالاككردنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و بەستنەوەی پەیوەندی نێوان بەرۆكی دەقە، بە ناوەڕۆكی بەرهەمەكەوە، بەڵام لە ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین كە لە پێناو پێكەنینێكدا دەكوژرێت)، بەرۆكی دەق فەرمودەیەكی درێژی پێغەمبەرە (د.خ)، كەوتووەتە دوای (پێشكەش كردن و پێڕست) ەوە.ئەمەش هیچ لە بابەتەكە ناگۆڕێت. پاراتێكستی بەرۆكی دەق لە ڕۆمانەكانی (عەتا محەمەد)دا، لە پاڵ ئەركەكانی خۆیدا توانیویەتی بەهای ئیستاتیكی و مەعریفی و خۆی دەربخات و پردێكی پەیوەندی بێت، لە نێوان دەق و خوێنەردا، بە جۆرێک هەر لە سەرەتاوە خوێنەر.

## سەرچاوەكان:


بە زمانی كوردی- ئەحمە، ملكۆ (٢٠٢١)، پاراتێكست لە كۆشیعری (سووتانی بەفر)) ڕامان، ژ.(٢٨٣/ ٢٨٤)، هەولێر.

– ئەحمەدی، بابەک (٢٠٠٥)، پێكهاتەو ڕاڤەی دەق، كتێبی دووەم، و: بابایی مەسعود.. هەولێر: ، چاپی یەكەم، هەولێر، لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكریی و ئەدەبی نما.

– بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر- بەرزنجی- د. عەلی تاهیر (٢٠٢٤)، كلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە. چاپی یەكەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

– خۆشناو، سەرباز مەجید (٢٠١٩)، سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەكانی (نەوزاد ڕەفعە)دا، چاپی یەكەم، هەولێر، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە .

– سەجادی، د. بەختیار (٢٠٢٢)، فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی، چاپی سێیەم، هەولێر، لە بڵاوكراوەكانی ماڵی وەفایی .

– لەتیف، حسێن (٢٠١٦)، تیۆری دەقئاوێزانی ئەدەبی ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە و چامەی كۆچ) بە نمونە، چاپی یەكەم، هەولێر، چاپخانەی كارۆ .

– محەمەد، ئەنوەر قادر (٢٠١٨)، لیریكای شاعیری گەورەی كورد مەولەوی، بەرگی یەكەم و دووەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە .

– محەمەد، عەتا (٢٠١٦)، خواجە نەسرەدین كە لە پێناو پێكەنینێكدا دەكوژرێت (چیرۆكی ئەو كوژراوەی لە هەموومان دەچێت)، چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە .

– محەمەد، عەتا (٢٠١٦)، ئافاتەكانی بنەماڵەی مێخەک (لە بەشە نادیارەكانی سەفەری دوایەمین نەوەی ئەفسانە)،چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.

- محەمەد، عەتا (٢٠١٩)، پاسەوانانی خودا (مێژوویەکی تر بۆ بینینی خۆمان)، چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.

- محەمەد، عەتا(٢٠١٩)، ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان(عەبدولخالق خەونی بە کتێبێکی ترەوە دەبینی) چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.

- مەنتك, محەمەد (٢٠١٧)، سیمۆلۆژیای ناونیشان، ناونیشانی ڕۆمانی کوردی بە نمونە. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری .

- عەزیز، سامان جەلال (٢٠١٤)، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح. ب، کامەران)، تێزی دکتۆرا: بەشی کوردی، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمان.

به عەرەبی

- الادریس، یوسف (٢٠١٥)، عتبات النص في التراث العربي والخطاب النقدي المعاصر، الطبعة الاولى، بيروت، الدار العربية للعلوم ناشرون .

- البقاعی، د. محمد خير(١٩٩٨)، دراسات في النص والتناصية، الطبعة الاولى، حلب، مركز الانماء الحضاري

- بلعاد، عبد الحق (٢٠٠٨)، عتبات (جيرار جينيت من النص الى المناص) الطبعة الاولى، الجزائر: الدار العربية للعلوم ناشرون.

- بنيس، د. محمد (١٩٨٩)، الشعر العربي الحديث، بنيايه وابدالاتها التقليدية، ط١، الدار البيضاء دار توبقال للنشر،

- القاضي، اشراف محمد(٢٠١٠)، معجم السرديات. الطبعة الاولى، لبنان، دار محمد على للنشر.

- بوعلاق، يونس ميلودي (٢٠٢٠)سيميائية العتبات النصية في الرواية النسوية العربية/ روايتي" بغداد وقد انتصف الليل فيها لحياة الرايس" و "كذبة ابريل لسمر المقرن" انموذجا. رسالة ماجستير، الجزائر: قسم الادب واللغة العربية، كلية الاداب واللغات، جامعة الشهيد حمه لخضر- الوادي.

البقاعي، محمد خير(١٩٩٦)، أزمة المصطلح في النقد الروائي العربي، مجلة الفكر العربي، السنة ١٧، العدد ٨٣، بيروت.

زاوي, آ/ لعموري(٢٠٠٥)، في تلقي المصطلح النقدي الاجرائي، مجلة الاثر، عدد ٩، الجزائر.

به فارسی

مطلق, بهمن نامور(١٣٨٦)، ترامتنيت." پژوهشنامه، علوم انسان، شماره ٥٦ (پژوهشنامه علوم انسانی، شماره ٥٦).

٤- به زمانی تورکی:

- Aksöz, Munise.(2018) "YANMATiN(PARATEXTE) NE-DiR? METiN ÇEVRESiNDEKi YAZILI ÖĞELER(PERITEXTE)NELEDiR." Turkish Studies, Ankara

- Can, Dr. Sağlam. (2023)"PARATEXT VE ROMAN: HÜSEYİN RAHMİ GÜRPINAR'IN KOKOTLAR MEKTEBİ ÖN SÖZÜ ÜZERİNE BİR İNCELEME,." Türkbilig

- Ekinci, Mehtap.(2023) Mark Twaının tom Sawyerın Maceraları ROmanının Türkçeye ilk ve Yeniden Çevirilerinde Yanmetinsellik Eşiği. Ankara, :

## ملخص:

الباراتكست مفهوم نقدي استخدمه وطوره الكاتب والناقد الفرنسي (جيرار جينيت). ويشمل جميع العناصر التي تحيط بالنص وتقدم للقارئ في إطار كتاب، مثل: اسم المؤلف، العنوان الرئيسي، العنوان الداخلي، التصدير، المقدمة، الإهداء، الهوامش. لذا؛ فإن عناصر الباراتكست لها دورها وأهميتها في تعريف القارئ بالنص وإلمامه به، ولا يمكن لأي عمل أن يصبح كتابا ويقدم للقارئ بدون عناصر الباراتكست. هذه الدراسة بعنوان: (باراتكست عتبة النص في روايات عطا محمد)، هي محاولة لتعريف التصدير وتطبيقها، وفقا لرؤية (جيرار جينيت) لمفهوم الباراتكست، بهدف إبراز وظيفة وأهمية باراتكست التصدير، الذي يقدم للقارئ فكرة أولية عن محتوى النص ورسالته منذ البداية.

الكلمات المفتاحية: باراتكست، التصدير، روايـة، أفق توقعات القارئ، عطا محمد.

## Abstract:

Para text is a critical concept coined and developed by the French author and critic Gérard Genette. It encompasses all the elements surrounding a text that are presented to the reader within the framework of a book, such as: the author's name, main title, internal titles, epigraphs, forewords, dedications, and footnotes. Therefore, paratextual elements play a significant role in introducing and familiarizing the reader with the text, and no work can become a book and be presented to the reader without paratextual elements. This research, titled "The Para text of Epigraphs in Ata Mohammad's Novels," is an attempt to introduce and practically apply the concept of epigraphs according to Gérard Genette's view of Para text. The aim is to highlight the function and importance of the Para text of epigraphs, which, from the outset, provides the reader with an idea about the content and message of the text.

Keywords: Para text, Epigraph, Novel, Reader's Horizon of Expectation, Ata Mohammad

وەرگرتن ٢٠٢٥/٩/٢٨
پەسەندکردن ٢٠٢٦/١/٤

# ڕەهەندی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا (یاریی زمانی) بە نموونە.

فؤاد صالح رشيد
وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر
fuadsalhrasheed@gmail.com

پوختە

زمانەوانیی پەروەردەیی وەکو زانستێکی نوێی تایبەت بە بواری فێرکردنی زمان، بە جۆرێک گرنگی بە هەڵبژاردنی پرۆگرامەکانی فێرکردنی زمان داوە، کە بتوانێت توانستی بەکارهێنانی زمان بۆ فێرخواز فەراهەمبکات. ئەم گرنگیدانەش وای کردووە، بیر لە پیادەکردنی ڕێبازی پراگماتیکی لە بەدەستهێنانی زمانی دایک، یان فێربوونی زمانی بێگانەدا بکرێتەوە، لەم ڕووەوە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە: ڕەهەندی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا (یاریی زمانی) بە نموونە، بۆ توێژینەوە لەسەر چەند تەوەرێکی ئەم بابەتە تەرخانکراوە. لە تەوەری یەکەمدا، باس لە پەیوەندیی زمانەوانیی پەروەردەیی بە پراگماتیک و میکانزمەکانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا کراوە. لە تەوەرێ دووەمدا باس لە سودەکانی پراگماتیک و گرنگی توانستی پراگماتیکی و تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی ئەم توانستە لەپۆلدا کراوە. لە کۆتا تەوەریشدا لێکدانەوە بۆ ڕەهەندە پراگماتیکییەکان لە بونیادی یارییە زمانییەکان و ئامانج و سود و پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئەم یارییانە و ڕۆڵیان لە گەشەدان بە کارامەییە سەرەکییەکانی زمان کراوە، لەکۆتاییشدا ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو، کە لە توێژینەوەکەدا بەدەستهاتوون.

کلیلەوشە: زمانەوانیی پەروەردەیی، یاریی زمانی، توانستی پراگماتیکی، کارامەییەکانی زمان، ڕەهەندی پراگماتیکی.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لەلایەکەوە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن ئەو یارییە زمانییانەی بۆ فێرکردنی زمان بەکاردێن، لەلایەکی تریشەوە هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و لێکدانەوەی ئەو تەکنیک و ستراتیژانەی توانستی پراگماتیکییان لێبەرهەمدێت. لە زمانەکانی تردا ڕێبازی پراگماتیکی لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا سودی زۆری لێوەرگیراوە، کەچی لە زمانەوانیی کوردیدا بەپێی پێویست گرنگی بە ڕۆڵی ئەم ڕێبازە لەم پرۆسەیەدا نەدراوە، بۆیە دەکرێ ئەم توێژینەوەیە وەکو هەوڵێک بۆ زیاتر دەرخستنی ڕەهەندی پراگماتیکی لەم بوارەدا لێکبدرێتەوە ئەم توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفی، شیکاری، لێکدانەوەی بۆ ڕۆڵی یارییە زمانییەکان لە گەشەدان بەکارامەییەکانی زمان کردووە. کەرستەی توێژینەوەکە خۆی لەو یارییە زمانییانە دەبینێتەوە، کە لە زمانەکانی تردا سودیان لێوەگیراوە، یاخود لەلایەن توێژەرەوە بەپێی پێویست بۆ گەشەدان بە هەر چوار کارامەییە سەرەکییەکانی زمان داڕێژراون، بۆیە بەپێی پێویست بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ئاماژە بەم یارییانە کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، ئەو ڕەهەندە پراگماتیکییانە دەستنیشانبکات، کە لە بونیادی یارییە زمانییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، هاوکات ڕۆڵ و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەکەشیان ڕوونبکاتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: یاریی زمانی چییە؟ بۆ چ مەبەستێک بەکاردێت؟ بۆچی لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا پەنا بۆ پەیڕەوکردنی ڕێبازی پراگماتیکی دەبرێت؟ توانستی پراگماتیکی چۆن بەرهەمدێت؟ لەڕێگەی چ جۆرە تەکنیک لە پۆلدا بەرهەمدێت؟ بۆچی کۆمەڵێک ڕەهەندی پراگماتیکی لە بونیادی یارییە زمانییەکاندا خۆیان حەشارداوە؟ چۆن ئەو ڕەهەندانە دەستنیشاندەکرێن؟

## ١-پەیوەندیی زمانەوانیی پەروەردەیی بە پراگماتیک

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمانەوانیی پەروەردەیی و پراگماتیکدا هەیە و تەواوکەری یەکترن، زمانەوانیی پەروەردەیی پشت بە پراگماتیک دەبەستێت لە فێرکردنی زمان بە شێوەیەکی کاریگەر و باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی.

### ١-١- زمانەوانیی پەروەردەیی و پرۆگرامی فێرکردنی زمان:

زمانەوانیی پەروەردەیی وەکو بوارێک لە بوارەکانی زمانەوانیی کارەکی، ((زانستێکە لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی فێرکردنی زمان و تەکنیکەکانی و شێوازەکانی ڕێکخستنی بارودۆخی فێربوون دەکات، زمانەوانیی پەروەردەیی بە بوارێکی نێوان زانستەکان دادەنرێت، کە کار لەسەر ئاوێتەکردنی زانیاریی نێوان زانستەکانی زمان و پەروەردە دەکات، ڕۆنان و پەیوەندیکردن بەیەکەوە گرێدەدات و فێرکردن لەسەر بنەمای توانستەکان بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی ئەم زانستە دادەنرێت)). (الشمس،٢٠٢١: ٢٩) زمانەوانیی پەروەردەیی بەشێوەیەکی سەرەکی توێژینەوە لەو کێشە و بابەتە پەروەردەییانە دەکات، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە، بۆیە لەڕێگەی پەیڕەوکردنی شێوازی جیاواز لە وانەوتنەوەدا، کار لەسەر چۆنیەتی فێربوونی زمان و کوالێتییەکەی دەکات، هەموو هەوڵێکی ئەم زانستە بۆ ئەوەیە، کە جگە لە کەرستەکانی زمان، فێرخواز فێری کارامەییەکانی زمانیش بکرێت.

زمانەوانیی پەروەردەیی کار لەسەر پەرەپێدانی پرۆگرامی فێربوون و فێرکردن و بەرزکردنەوەی کوالێتییەکەی دەکات، بەگرتنەبەری ئەم ڕێکارانە:

١- لەسەر بنەمای وانەوتنەوە بەپێی کارامەییەکان، شێکاری زمانەوانی بۆ بابەتەکانی دەرەوە و ناوەوەی زمان بکرێ.

٢- لە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی فێرکردندا تەمەن، قۆناغی خوێندن، کاتی تەرخانکراو و ئامانجی پەروەردەیی لەبەرچاوبگیرێت. (الشمس،٢٠٢١: ٣٥) لەوەدەچێت زمانەوانیی پەروەردەیی لە دەستنیشانکردنی ئەم ڕێکارانە سودی لە ڕێبازی پراگماتیکی وەرگرتبێت، چونکە پەیڕەوکردنی ڕێبازی پراگماتیکی، لە فێرکردنی زماندا، ((بۆتە پێویستییەکی هەنووکەیی و بەو ڕێکارە جێگرەوەیە دادەنرێت، کە گەرەنتی بەرەوپێشچوونی ئاستی فێرخوازانی زمان دەکات و جەخت لەسەر فێرکردنی زمان بەشێوازێکی پراکتیکی دەکاتەوە)). (بوفناز و بوکلوة، ٢٠٢٣:١٢٠) ئەمەش پێچەوانەی ڕێبازەکانی پێشووە، کە فێرکردنی زمانیان لە فێرکردنی یاساکانی زمانەوانی و پێکهاتە ڕێزمانییە دیاریکراوەکان چڕکردۆتەوە، کەواتە لەسایەی ئەم ڕێبازەوە ئامانجی فێرکردنی زمان لە تەنیا گرنگیدان بە فێرکردنی یاساکانی زمان، گۆڕاوە بۆ گرنگیدان بە فێرکردنی یاسا و کارامەییەکانی بەکارهێنانی زمان بە لەبەرچاوگرتنی تەمەن و ئاستی زانستی فێرخوازان.

١-٢- میکانزمەکانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە فێرکردنی زماندا:

زمانەوانیی پەروەردەیی وەکو بوارێکی تایبەت بە فێرکردنی زمان، لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا جەخت لەسەر ئەم میکانزمانە دەکاتەوە:

١-هەڵبژاردنی ستراتیژێکی باش و کاریگەر لە وانەوتنەوەدا.

٢-گرنگیدان بە چەمکە گرنگەکانی لە پرۆگرامی خوێندن، بەتایبەتی ئەو چەمکانەی ئامانجی وانەکەن.

٣- پشت بەستن بە زمانێکی سەرنجڕاکێش و شێوازێکی ڕوون، کە واقیعی فێرکردنەکە دەیسەپێنێت، (الشمس،٢٠٢١: ٣٥ ) کە مەست لێی ئەو زمان و شێوازەیە فێرخواز ڕۆژانە پێویستی پێدەبێت، بەڵام دەبێ ئەم میکانزمانە لەڕێگەی پەیڕەوکردنی شێواز و تەکنیک و ڕێگا تازەکانی وانەوتنەوەی وەک: (گروپات، یاریکردن، وروژاندنی مێشک، چارەسەرکردنی کێشە، دیالۆگی سوکراتی...) لە فێرکردنی زماندا جێبەجێبکرێت کە فێرخواز تێیدا سەنتەربێت و فێرکردنی زمان بەدەوروبەرەوە ببەستێتەوە.

١-٣-پراگماتیک:

پراگماتیک زانستی بەکارهێنانی زمانە، کە هەوڵدەدەین لە ڕێگەیەوە بەو واتایە دروستە بگەین، کە لەگەڵ دەوروبەرەکەدا دەگونجێت. (تۆماس) پراگماتیکی بە زانینی سیستەمی پراگماتیک و توانای بەکارهێنانی سیستەمەکە و توانای تێگەیشتنی مەبەستی قسەکەر و توانای بەرهەمهێنانی گوتارێکی گونجاو پێناسەکردووە. (حمو الحاج، ٢٠١٥: ٦٤) پراگماتیک بە یەکێک لە تیۆرە کاریگەرەکانی بواری شیکردنەوەی زمانەوانی دادەنرێت، چونکە جگە لە لێکۆڵینەوە لە فۆرمی زمان، بەرەو واتا یان ناوەڕۆکیش هەنگاودەنێت، تەنانەت واتای سیمانتیکیش تێدەپەڕێنێت، لە پەیوەندیی نێوان هێما زمانیەکان و وەرگر، یان وەرگر و ئەو دیاردە دەروونی و ژیاریی و کۆمەڵایەتییانەی کە هاوڕێی بەکارهێنانی ئەو هێمایانەن دەکۆڵێتەوە، بەدەر لەمانە پراگماتیک جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و شێوازی پەیوەندیکردنەکە و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر و ڕۆڵی ئەو

پەیوەندییە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەکاتەوە. (عبدالقادر ، ٢٠١٨: ١٦٩- ١٧٠) پراگماتیک کە بە دەرەنجامی ڕەوتە زمانەوانی و فەلسەفییەکانی پێش خۆی دادەنرێت، بەوە ناسراوە، کە تایبەتە بە توێژینەوە لە بەکارهێنانی زمان لە پەیوەندیکردن و بەدەسهێنانی مەعریفەدا، بۆیە لە چوارچێوەی هەر کردەیەکی پەیوەندیکردندا گرنگی بە لەیەکترگەیشتن و ئەو دیاردانە دەدات، کە کاریگەری لەسەر پەیوەندیکردنەکە دروستدەکەن.

### ١-٣-١-سودەکانی ڕێبازی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا:

توێژینەوەکانی پێشوو ئەوەیان سەلماندووە، کە پەیڕەوکردنی ڕێبازی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا، ئەم سودانەی لێکەوتۆتەوە:

١-کات وماندوبوونی کەمتری پێویستە. ٢- دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی بنەماکانی هاریکاری و یاساکانی گوتار. ٣-لە ڕێگەی کارلێکەوە سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردنی نێوان مامۆستا و فێرخواز مسۆگەردەکات. ٤- فێرخواز لەڕێگەی شێواز و تەکنیکە تازەکانی وانەوتنەوە توخمە ڕێزمانییەکان بەباشی فێردەبێت. ٥- گێڕانەوەی سەرنجی فێرخوازان بۆ سەر بابەتە ڕەوانبێژییەکان، لەڕێگەی لێکدانەوەی بابەتەکان لەچوارچێوەی دەوروبەردا. (بوفناز و بوکلوة، ٢٠٢٣: ١٢١) ئەم سودانە وایکردووە، بڵێین پەنا بردن بۆ ڕێبازی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا، هەوڵێک بووە بۆ چارەسەری ئەو کەموکوڕییانەی لە ڕێبازی بونیادگەری و ڕێزمانی گوێزانەوەدا هەبوون، کە زیاتر فێرخوازیان بە فێرکردنی ڕێزمان و لێکدانەوەی فۆرمی زمانەوە دوور لە دەوروبەر سەرقاڵکردووە، کەچی لەڕوانگەی پراگماتیکەوە زمان دەربڕینی هەست و کردەیەکی پەیوەندیکردنە، بەڵام لەژێر کاریگەری دەوروبەردایە، بۆیە دەبێ توانستی بەکارهێنانی زمان لای فێرخواز لە دەوروبەردا گرنگی پێبدرێت، کە دواتر بەنموونەوە ڕوونیدەکەینەوە.

### ١-٣-٢-توانستی پراگماتیکی :

داوی ئەوەی(هایمز) لە ساڵی (١٩٧٢) توانستی پەیوەندیکردنی وەکو مۆدێلێکی زمانەوانیی ئەرکی پێشنیارکردووە، دواتریش لە ساڵی(١٩٩٠) چەمکی توانستی پراگماتیکی لەلایەن (باگمان)ەوە پێشنیارکراوە، توانستی پراگماتیکی جگە لە زانیاری بەکارهێنانی زمان، زانیاری دەربارەی زمان و دیاردە پراگماتیکییەکان دەگرێتەوە. (حمو الحاج، ٢٠١٥: ٦٤) بەبڕوای (تۆماس) توانستی پراگماتیکی، توانای بەکارهێنانی زمانە بە شێوەیەکی کاریگەر، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو و تێگەیشتن لە زمان بەپێی دەوروبەر. (القحطاني، ٢٠١٧: ٢٥-٢٦) لەم بارەوە (هایمز) جەختی لەوە کردۆتەوە، کە هەبوونی توانستی پراگماتیکی، گوزارشتە لەوەی کە فێرخواز توانای دەربڕینی شێوازی ڕێزمانی دروست و شێوازی گونجاو لەگەڵ دەوروبەرەکەی هەبێت. (حمو الحاج، ٢٠١٥: ٦٧) سەبارەت بەوەش کە توانستی پراگماتیکی لە چەند جۆرە توانست پێکدێت، بە بڕوای (بیالیستۆک) و (تۆماس) لە دوو جۆر توانست پێکدێت:

١-توانستی پراگماتیکیی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە زانیاری بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەری جیاوازدا.

٢- توانستی زمانەوانیی پراگماتیکی: بریتییە لە زانینی دیاردە زمانەوانییەکان و ئامرازە جیاوازەکانی بەکارهێنانی ئەم دیاردانە. (سەرچاوەی پێشوو ٢٠١٥: ٦٤) بەگوێرەی ئەم دابەشکردنە توانستی پراگماتیکی دەبێتە یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی

توانستی پەیوەندیکردن. (القحطانی ٢٠١٧: ٢٣) ئەم بۆچوونانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی بەدەستهێنانی توانستی پراگماتیکی لەلایەن فێرخوازانی زمانەوە، پێویستییەکی حەتمییە و بەمانای ئەوە دێت، کە فێرخواز شارەزایی تەواوی دەربارەی بەکارهێنانی زمان و ڕەهەندە پراگماتیکییەکان و لێکدانەوەی ئەم ڕەهەندانەی لە دەق و گوتاردا بەدروستی هەبێت.

### ١-٣-٣- ئامانجی فێربوونی توانستی پراگماتیکی لەپۆلدا:

بەبڕوای توێژەرانی ئەو بوارە گرنگیدانی زمانەوانیی پەروەردەیی بە ئاڕاستەیەکی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا، چەندین ئامانجی لە دواوەیە، کە سەرەکیترینیان بریتییە لە: ((چاندنی یاساکانی زمان لە مێشکی فێرخوازدا، لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی دەربڕینەکانی زمانەکە لە دۆخێکی ڕاستەقینەدا))، (بصول٢٠٢٣: ١٤٠) لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی فێربوونی توانستی پراگماتیکی لە پۆلدا، بریتیدەبێت ((لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری توانستی پراگماتیکی فێرخوازان لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دابینکردنی بژاردەی گونجاو، تا لە کاتی بەشداریکردنیان لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاریبهێنن، نەوەک هەر پابەندبن بە هەندێ دەربڕینی تایبەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پۆل بە شوێنێکی گونجاو دەزانرێت، بۆ ئەوەی فێرخوازان تێیدا فێری میکانزمەکانی پراگماتیک و جێبەجێکردنیان ببن، بۆ نموونە دەتوانن لەناو پۆلدا فێری چەندان دەربڕینی وەک سڵاوکردن و چۆنیەتی دەستکردن و کۆتاییهێنان بە گفتوگۆ... ببن)). (القحطانی ٢٠١٧: ٣١) بەپێی ئەم بۆچوونانە ئامانجی فێربوونی توانستی پراگماتیکی لە پۆلدا، خۆی لە کۆمەڵێک زانیاریی پراگماتیکی دەبینێتەوە، بەبێ ئەوەی فێرخواز ڕاستەوخۆ لەپۆلدا بیانخوێنێت، لەوانە: گەشەدان بە درککردن و ناسینەوەی ڕەهەندە پراگماتیکییەکان لە بەکارهێنانی زمان و بەرزکردنەوەی توانای فێرخواز لە هەڵبژاردنی دەربڕینێکی گونجاو بۆ هەر چالاکییەکی پەیوەندیکردن و لێکدانەوەی مەبەستی ئاخاوتن بەپێی دەوروبەر.

### ١-٣-٤-تەکنیکەکانی بەدەستهێنانی توانستی پراگماتیکی لەپۆلدا:

بۆ ئەوەی فێرخواز بتوانێت بە زمانی ئامانج و بە سەرکەوتوویی پەیوەندیکردن ئەنجامبدات، پێویستی بە بەدەستهێنانی توانستی پراگماتیکیی هەیە لەپۆلدا، ئەم تەکنیکانەشی کە یارمەتیدەرن لە بەدیهێنانی ئەم توانستە، بریتین لە:

١-گرنگی بە فێرخواز بدرێ و بکرێ بە سەنتەر و هاوبەش لە پرۆسەی فێرکردن-فێربووندا.

٢- ڕەخساندنی ژینگەیەکی زمانەوانی لەبار و ڕاستەقینە یان نیمچە ڕاستەقینە، کە تێیدا فێرخواز بەشێوەی (قسەکردن، نووسین، خوێندنەوە، گوێگرتن) کارلێک لەگەڵ زمانی ئامانجدا بکات، (مصلوحي ٢٠٢١: ٣٧٢) ئینجا ئەگەر ئەم دوو تەکنیکە لەڕێگەی ڕاهێنانی فێرخوازان لەسەر یارییە زمانییەکان جێبەجێبکرێت، بێگومان ئەوە چاوەڕوانی ئەنجامی باشتری لێدەکرێت.

### ١-٣-٥-کەی فێرخواز پێویستی بە گەشەدان بە توانستی پراگماتیکی دەبێت؟

توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەیان بەوە داوە، کە پشتبەستن تەنیا بە فێربوونی زمان، هۆکارە بۆ ئەوەی جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان توانستی پراگماتیکی فێرخوازانی زمانی دایک و زمانی دووەمدا دروستبێت، یاخود جیاوازی لە نێوان ئاستی توانستی

فێرخوازانی زمانی دووەمدا هەبێت، بوونی ئەم جیاوازیە، وادەکات فێرخواز پێویستی بە گەشەدان بە توانستی پراگماتیکی هەبێت، لە بوارەکانی: بەکارهێنانی زمان، بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە هەندێک کردەی قسەیی، جێبەجێکردنی ئەرکەکانی زمان، بەڕێوەبردنی گفتوگۆ. (القحطانی ٢٠١٧: ٢٩-٣٠) لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێن، پێویستە فێرخواز لەکاتی ڕاهێنان لەسەر یارییە زمانییەکان لەپۆلدا گرنگی بەو زانیارییانە بدات، کە یارمەتیدەدەن، بۆ ئەوەی تێبگات، کە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا چی گونجاوە و چی نەگونجاوە بۆ گوتن.

٢-یارییە زمانییەکان و ڕۆڵیان لە فێرکردنی زماندا

یارییە زمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە فێرکردنی زماندا دەبینن، بۆیە هەوڵدەدەین لێرەدا باسی جۆر و چۆنیەتی دارشتن و بەکارهێنانی یارییەکان بکەین.

٢-١-یارییە پەروەردەییەکان:

چەمکی یارییە پەروەردەییەکان وەکو ئامرازێکی بواری پەروەردە و فێرکردن کە کۆمەڵێک یاری جۆراوجۆری پەروەردەیی لەخۆدەگرێت، بەوە پێناسە کراوە، کە((چالاکییەکی ڕەفتارییە، پەرە بە توانا دەروونی و جەستەیی و ویژدانییەکانی فێرخواز دەدات، هاوکات تێکەڵ بەکۆمەڵگای دەکات و جگە لە کات بەسەربردن سودیشی پێدەبەخشێت)). (عبدالقادر ٢٠١٨: ٢٠٣) هەروەها سەبارەت بەو ڕۆڵەی یارییەکان لە پرۆسەی گەشەی دەروونی منداڵدا دەیبینن، دەروونناسی بەناوبانگ (ژان پیاژێ) دەڵێت: ((یاریکردن بە پلەی یەکەم ئامرازێکە بۆ فێربوون، دەروونی منداڵ گەشە ناکات، لەڕێگەی یاریکردنەوە نەبێت، لە کۆتاییشدا دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی تواناکانی فێربوون)). (بوجمعة ،٢٠٢٣: ٩٤) بەدەر لەوەی یاریکردن ئامرازێکی پەروەردەییە و کار لەسەر بەدەسهێنانی زانیاری دەکات، ئامرازێکی کۆمەڵایەتیشە، بەشدارە لە بونیادی کەسایەتی منداڵ و یارمەتیدەدات لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا کارلێکبکات و خۆی بگونجێنێت.

٢-٢-چەمک و پێناسەی یارییە زمانییەکان:

یارییە زمانییەکان کە بەشێکن لە یارییە پەروەردەییەکان و تایبەتن بە فێرکردنی کارامەییەکان زمان، لەلایەن توێژەرانەوە پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە:

١-یارییە زمانییەکان بریتین لەو چالاکییانەی ناو پۆل، کە لە کاتی فێربوونی کەرستەکانی زمان (دەنگەکان، وشە، پێکهاتەکان) چێژ و جۆشوخرۆش بە فێرخواز دەبەخشن و لە چوارچێوەی ئەو یاسانەی کە بۆیان دیاریکراوە، لە ژێر چاودێری مامۆستادا ئەنجامدەدرێن. ( Öğr. 2020:89)

٢- بەبۆچوونی (فلۆوەر -Flower)، یارییە زمانییەکان جۆرێکن لە یاریکردن، لە دەربڕینیاندا هێما و دەنگ و وشە بەکاردەهێنرێن، لەسەر بنەمای یاریکردن بە وشەکان و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەنگ و دارشتنی ڕستە بونیاددەنرێن. (الصویرکي،٢٠٠٥: ٢٧)

٣-یارییە زمانییەکان چالاکیەکی پەروەردەیی ڕێکخراوە، کە تیایدا فێرخوازان بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان کارلێک لەگەڵ یەکتردا دەکەن، کێبڕکێ بە گرنگترین هۆکاری ئەم کارلێکە دادەنرێت. (عبدالقادر٢٠١٨: ٢٠٣)

لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی وردی ئەم پێناسانەی سەرەوە، دەکرێ بڵێین، یارییە زمانییەکان کۆمەڵێک چالاکیی زمانەوانی چێژبەخش و ڕێکخراون، کە مامۆستا لەسەر بنەمای کێبڕکێ ئامادەیان دەکات،

لە لایەن فێرخوازانیشەوە بە ئامانجی گەشەدان بە کارامەییەکانی زمان بە شێوازێکی پەروەردەیی سەرنجراکێش ئەنجامدەدرێن، ئەم یارییانە تێکەڵ بە پرۆسەی فێربوونی زمان دەکرێن و ژینگەیەکی فێرکردنی نزیک لە واقیعی ژیانی ڕۆژانە بۆ فێرخواز دەڕەخسێنن، بۆیە ڕۆڵێکی کاریگەر لە فێرکردنی کەرستەکانی زمان و کارلێکی فێرخواز لەگەڵ ناوەڕۆکی وانەکە و ژینگەی دەوروبەردا دەبینن، بڕوانە:(٢-١) و (٣-٢).

## ٢-٣-پێوەرەکانی هەڵبژاردنی یارییە زمانییەکان:

بۆ ئەوەی یارییە زمانییەکان کاریگەری لەسەر فێرخواز دروستبکەن، پێویستە مامۆستا لە کاتی هەڵبژاردنی هەر یارییەکدا ئەو پێوەر و تایبەتمەندییانە لەبەرچاو بگرێت:

١-لەگەڵ ئاستی زانستی فێرخوازاندا بگونجێت. ٢- زۆرترین ژمارەی فێرخواز بەشداری تێدابکات.٣- گەشەی زیاتر بە کارامەییەکانی زمان بدات. ٤- لەگەڵ نارەڕۆکی وانەکەدا بگونجێت. ٥- ورووژێنەر و چێژبەخش و کاریگەربێت. ٦-کێبڕکێ دروستبکات. (عبدالعزیز،١٩٨٣: ١٧-١٨) ٧- پەیوەندی بە ئامانجە پەروەردەییەکەوە هەبێت. ٨- ئامانجی یارییەکە ڕوون و دیاریکراوبێت. (الصویرکي،٢٠٠٥: ٢٩) ٩- یاساکانی جێبەجێکردنی یارییەکە سادە و ڕوونبن. ١٠-لەگەڵ ژمارەی فێرخوازان و ژینگەی پۆلدا بگونجێت. (Hanifah 2012:286))

## ٢-٤-گرنگی یارییە زمانییەکان لە فێرکردنی زماندا:

هەستکردن بە گرنگی یارییە زمانییەکان لە فێرکردنی زماندا، وای لە توێژەران کردووە، کە چەندان توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ئەم یارییانە لە بەدەستهێنانی زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی وەکو زمانی یەکەم یان فێربوونی زمانی دووەم ئەنجامبدەن. (الصویرکي،٢٠٠٥ :٣٥-٤١) زۆرێک لەو توێژەرانە پێیانوایە، یارییە زمانییەکان لە فێربوونی زماندا ڕۆڵی گرنگ دەبینن، لەوانە:

١-فێرخواز دەکەن بەسەنتەر و مامۆستاش بە سەرپەرشت. ٢- فێرکردن بە ژینگەی دەوروبەرەوە گرێدەدەن. ٣-گرنگی بە کاری گروپات و بەشداریکردنی فێرخواز و فێرکردنی کارامەییەکانی زمان بەشێوازێکی پراکتیکی دەدەن.(البري ،٢٠١١: ٣) ٤-لەڕێگەی چالاکی هەمەجۆر فێربوون ئاسان و جێگیردەکەن. ٥-توانای هزری و بەهرەی داهێنانی فێرخواز چالاکدەکەن. ٦-گەشە بە لایەنی کۆمەڵایەتی و جوڵەیی دەدەن. ١٠- زمان لە پەیوەندیکردنە جۆراوجۆرەکاندا چالاکدەکەن. ١١- وشکی بابەتەکە و بێزاری فێرخواز کەمدەکەنەوە. Öğr.2020:90))

## ٢-٥-سودی یارییە زمانییەکان:

ئەگەرچی فێربوونی زمان کارێکی ئاسان نییە، کەچی توێژینەوەکان ئاماژەیان بە چەندان سودی ئەم یارییانە لە فیرکردنی زمان داوە، کە بریتین لە:

١-توانای پەیوەندیکردن و داهێنان و سەرنجدانی فێرخواز بەهێز دەکەن. ٢- ئارەزوی بەشداریکردن و پاڵنەرەکانی فێربون لای فێرخواز زیاددەکەن. ٣-کارامەییەکانی زمان تێکەڵ بەیەکتر دەکەن. ٤- ژینگەیەکی فێرکاری هەرەوەزی دروستدەکەن. (بوجمعة،٢٠٢٣: ٩٦-٩٧) ٥-هەردوو کردەی فێربوونی زمان و کات بەسەربردن بەیەکەوە گرێدەدەن. ٦-پەرە بە توانا معریفی و کارامەییە زمانییەکانی فێرخواز دەدەن. ٧-هەر پێنج هەستەکە لە پرۆسەی فێرکردندا بەشداری پێدەکەن. ٨- توانا

و بەهرە کەسییەکان ئاشکرادەکەن. ٩- ئارەزوی فێرخواز بۆ کارلێک لەگەڵ هاورێکانی زیاددەکەن. (عبدالعزین،١٩٨٣: ٧٣) ١٠- شەرم و دڵەڕاوکێ و گۆشەگیری فێرخواز دەرەوێننەوە.

٢-٦-قۆناغەکانی جێبەجێکردنی یارییە زمانییەکان لە پۆلدا:

١-قۆناغی دیاریکردنی ئامانج: واتە دیاریکردنی ئەو کارامەییانەی، کە مامۆستا هەوڵدەدات، فێرخوازانی فێربکات.

٢-قۆناغی هەڵبژاردن و دیزاین کردنی یارییەکە: مامۆستا ئەو یارییانە هەڵدەبژێرێت، کە بۆ فێرکردنی ناوەڕۆکی وانەکە گونجاون.

٣- قۆناغی ئامادەکردنی یارییەکان: لەم قۆناغەدا مامۆستا بەپێی یارییەکە پۆلەکە رێکدەخات و ئامراز و کەرستەکانی یارییەکەش ئامادەدەکات.

٤- قۆناغی وتنەوەی وانەکە: لەم قۆناغەدا مامۆستا رۆڵی سەرپەرشتیکردن دەبینێت، بەڵام لەکاتی پێویستدا دەستوەردان دەکات.

٥- قۆناغی هەڵسەنگاندن: ئەم هەڵسەنگاندنە بە دوو هەنگاو ئەنجامدەدرێت:

یەکەم- هەڵسەنگاندنی سەرەتایی: لە کاتی یاریکردندا مامۆستا تێبینی و هەڵەکانی فێرخوازان تۆمار دەکات و رێنماییان دەکات.

دووەم-هەڵسەنگاندنی کۆتایی: دوای تەواوبوونی یارییەکە مامۆستا دەگاتە ئەنجامی کۆتایی و بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر ئاستی فێربوون و بەکارهێنانەوەی ئەو زانیارییانە لە دەوروبەری تردا دەدات. (Öğr. 2020:92 )

٢-٧-ئەرکی مامۆستا لە جێبەجێکردنی یارییە زمانییەکاندا:

بەدەر لەوەی مامۆستا رۆڵی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی پۆل و ئامادەکردنی یارییە زمانییەکان بەپێی پێداویستی فێرخواز دەبینێت، کۆمەڵێک ئەرکی تریشی هەیە، لەوانە:

١-پلانێکی تیروتەسەل بۆ ئەنجامدانی یارییەکە دابنێت. ٢-یاساکانی ئەنجامدانی یارییەکە بۆ فێرخوازان ڕوونبکاتەوە. ٣- شارەزایی تەواوی لەسەر ئەنجامدانی یارییەکە هەبێت. ٤-لەکاتی پێویستدا دەستوەردان بکات و هاوکاری فێرخوازان بکات. ٥-هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی فێربوونی فێروخوازان و کاریگەریی یارییەکان بکات. ٦-هەڵبژاردنی یارییەک لەگەڵ ئاستی فێرخوازان و ژینگەی پۆل و ئامانجی وانەکە بگونجێت. ٧-ناوی براوە و کاتی دەستپێکردن و کۆتایی بۆ هەر یارییەک دیاریبکات. ٨-فێرخوازان بۆ یارییەکە ئامادەبکات و بەشداری بە سەرجەمیان بکات. ٩-یارییەکان بە ژینگەی فێرخوازەوە ببەستێتەوە. ١٠-فێرخوازان هانبدات، تا متمانەیان بەخۆیان بێت. (عبدالعزیز١٩٨٣: ٣٥) ١١- دەتوانێت بەپێی پێویستی فێرخوازان دەستکاری یارییەکان و یاسای یارییەکان بکات، یان یاری نوێ دابرێژێت. ١٢- بەپێی یارییەکە پۆلەکە رێکبخات.

٢-٨-ئەرکی فێرخواز لە ئەنجامدانی یارییە زمانییەکاندا:

لەم پرۆسەیەدا فێرخواز ئامانجە و ئەم ئەرکانە دەبینێت:

١-بەرپرسە لە فێربوونی خۆی. ٢- کارەکتەری سەرکییە لە ئەنجامدانی یارییەکاندا. ٣-توانا و بەهرەی خۆی بۆ دەردەکەوێت. ٤-بە یاساکانەوە پابەندبێت. ٥- رۆڵی فێرخواز لە هەڵگرتنی زمانەوە، دەگۆڕێت بۆ بەکارهێنەری زمان . ٦- باشتر فێری زمانەکە دەبێت، چونکە بە کرداری فێریبووە، نەوەک بە تیۆری.

٢-٩-ڕەهەندی پراگماتیکی لە یارییە زمانییەکاندا
یارییە زمانییەکان سروشتێکی پراگماتیکییان هەیە و لە پشتیانەوە چەندین ڕەهەندی پراگماتیکی جیاواز خۆیان حەشارداوە، لەوانە:

٢-٩-١-تیۆری کردە قسەییەکان(Speech acts):

تیۆری کردە قسەییەکان بە کرۆکی پراگماتیک دادەنرێت، دەشێ کردەی قسەیی بەو کردارە پێناسە بکەین، کە قسەکەرێک بە گوتن ئەنجامی دەدات. (Yule,2010:130) کردە قسەیی پرۆسەی گۆڕینی گوتەی زمانیە لە دەوروبەری جیاواز بۆ کردەی جیاواز، جەخت لە مەبەستی قسەکەر و ئەنجامدانی کردەکە دەکات.بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان ئەرکی ڕستەکانی هەواڵدان و زانیاری تەنیا هەواڵدان نییە، بەڵکو دەشێ بەپێی دەوروبەر و مەبەستی قسەکەر جگە لە هەواڵدان بۆ ڕاپەڕاندنی کردەی جیاواز لە شێوەی فەرماندان، نارەزایی، هەڕەشەکردن... بەکاربهێنرێن.

ئۆستن چەند جۆرێک کردەی قسەیی دەستنیشانکردووە، لەم دابەشکردنەیدا هەمیشە کرداری کردووە بەسەرچاوە، کردەکانیش ئەمانەن:

١-کردەی قسەیی ڕاپەڕاندن: ئەو جۆرە وتنانە دەگرێتەوە، کە خودی وتنەکە بریتی دەبێت لە ئەنجامدانی و ڕاپەڕاندنی کردەیێک، کە زیاتر کردەی(بەڵێن، پەیمان، سوێندخوارن، سوپاسکردن، بڕیاردان...)دەگرێتەوە، وەک: بەڵێندەدەم، هەرگیز لەبیرت نەکەم.

٢-کردەی قسەیی ڕانەپەڕاندن: لە کرداری ڕانەپەڕاندندا قسەکەر ڕاستەوخۆ کردەکە ئەنجامنادات، ئەم جۆرە کردانە زیاتر مەبەستەکانی (سزادان، هیوا و کۆشش و هەواڵدان...)دەگەیەنن، (محمد،٢٠١٢: ٦٧-٧١) وەک: هیوادارم، بەئاوات بگەیت.

٣- کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ:
لەم جۆرە کردەیەدا مەبەستی کردەکە و مەبەستی قسەکەر هەمان شتن، وەک: پەرتووکەکانتان دەربهێنن.

٤- کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ:
لەم جۆرە کردەیەدا مەبەستی کردەکە و مەبەستی قسەکەر یەکناگرنەوە، دەکرێ گوێگر لەرێگەی بنەماکانی هاریکارییەوە بە مەبەستی قسەکەر بگات. (نحلة،٢٠٠٢: ٥٠-٥١) واتە جیاوازی هەیە لەنێوان جۆری ڕستەکە و مەبەستی ڕستەکە، مەبەستەکە بەپێی دەوروبەر دەگۆڕێت، بۆ نموونە ڕستەی(کێشەکەی تۆ هەر تەواونەبوو؟) ڕستەیەکی پرسە، بەڵام مەبەستی قسەکەر پرسیار نییە، بەڵکو نارەزایەتی دەربڕینە.

دەکرێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم جۆرە کردانە، لێکدانەوە بۆ ئەم یارییە زمانییانەی خوارەوە و سودی یارییەکان بۆ فێرخواز بکەین:

١-ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەوە، پاشان بیانگۆڕە بۆ شێوازی داخوازی و فەرماندان.

-بەیانیان زوو وەرزش دەکەین.

-ئەوان ڕێز لە دایک و باوکیان دەگرن.

٢- یاریی دارشتنی وشە و ڕستە: بۆ هەر یەک لەم پیتانە(ر، ش، د) وشەیەک دابڕێژە، بەمەرجێک پیتەکان لەسەرەتای وشەکان بەکارهاتبن، دواتریش لە وشەکان ڕستەیەکی فەرماندان دابڕێژە، بەڵام مەبەستی هەڕەشەکردن بگەیەنێت، بۆ نموونە:

-ق ، ز ، م ← قسەی زیاد مەکە.

٣-مەبەستی ئەم پەند و ئیدیۆمانە لێکبدەرەوە:

-دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.

- ئاسنی سارد دەکوتێت.

٤-ئەم دەقە بخوێنەوە، پاشان وەڵامی داواکارییەکانی خوارەوە بدەرەوە:

(کاتێ ڕژێمی بەعسی ڕوخاو شاری هەڵەبجە و دێهاتەکانی کوردستانی کیمیاباران کرد، هەر بەتەنها گەلەکەی کۆمەڵکوژ نەکرد، بەڵکو شار و دێهاتەکان ئەو ناوچانەشی وێرانکرد و دابونەریت و کلتوری دانیشتوانەکەشی لەناوبرد...).

١-ناونیشانێک بۆ دەقەکە پێشنیاربکە. ٢-ناوەڕۆکی دەقەکە بەکورتی باسبکە. ٣-بەکورتی مەبەستی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەقەکە دەستنیشانبکە. ٤- لەڕوانگەی دەوروبەرەوە واتای کەرستەکەکانی ناو دەقەکە لێکبدەرەوە...

٥- ئەم ڕستانە بخوێنەوە، پاشان ئەم وەلامانە دیارییکە، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕستەکەدا ناگونجێن:

-هەموو کارێکی گران بە........ ئاساندەبێت.

(دووبەرەکی، هەرەوەزی، هەوڵدان، نووستن)

٦-ئەم دەربڕینانەی خوارەوە بۆ چ مەبەستێک بەکاردێن:

ئاساییە کەمێک لەکاتت بگرم؟ چۆن یارمەتیت بدەم؟ دەتوانم پەیوەندیتان پێوە بکەمەوە؟

لە ڕوانگەی کردە قسەییەکانەوە بەگشتی ناونیشانی یارییەکان کردەیەکی قسەیی ڕاستەوخۆن و لەشێوەی فەرماندادان، بۆیە هەر دوای خوێندنەوەی ناونیشانەکان ڕاستەوخۆ یارییەکان لەلایەن فێرخوازانەوە جێبەجێدەکرێن، بەڵام ناوەڕۆکی یارییەکان لە پاڵ مەبەستە ڕاستەوخۆکەیان هەندێجار مەبەستێکی ناڕاستەوخۆ لە شێوەی (ئاگادارکردنەوە، بەبیرهێنانەوە، درککردن و ناسینەوەی زانیارییەکان) لەخۆدەگرن، چونکە مەبەستی سەرەکی یارییەکان تەنیا فێرکردنی کارامەییەکانی زمان نییە، بەڵکو فێرکردنی بەکارهێنانی کارامەییەکانی زمانە، وەک ئەوەی لەم نموونانەی سەرەوە بەدیدەکرێت، لە نموونەی یەکەم و دووەمدا فێرخواز فێری ناسینەوە و جیاکردنەوە شێوازەکانی دەربڕین، چۆنیەتی داڕشتنی وشە لە پیتەکان و لێکدانی وشەکان لە داڕشتنی ڕستەدا بۆ دەربڕینی مەبەستی جیاواز بەپێی دەوروبەر. لە نموونەی سێیەمدا فێری لێکدانەوەی ئەو مەبەستە شاراوانە دەبێت، کە لەپشت پەند و ئیدیۆمەکانەوە بە ناڕاستەوخۆ دەربڕاون. لە نموونەی چوارەمدا بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەر، فێری هەڵێنجانی واتا و مەبەستی دەق و کەرستەکانی دەبێت. لە نموونەی پێنجەم و شەشەمیشدا فێری درککردن بە گونجانی نێوان کەرستەکانی زمان و مەبەستی بەکارهێنانی کەرستەکان دەبێت، دواجار هەموو ئەو زانیارییانەی فێرخواز دەربارەی کردە قسەییەکان بەدەستیاندەهێنێت، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان لەسەر گەشەدان بە توانستی پراگماتیکی فێرخواز دەبێت.

## ٢-٩-٢-تیۆری پێشگریمانە (presupposition):

پێشگریمانەی پراگماتیکی کە یەکێکە لە جۆرەکانی پێشگریمانە، پشت بە زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر دەبەستێت. (Levin-son,1997:204) قسەکەر لەکاتی ئاڕاستەکردنی قسەکانیدا گریمانەی ئەوە دەکات، کە ئەو زانیارییانە لای وەرگر هەیە، بۆیە پێشگریمانە لای ئاخێوەرانە، نەک لە ڕستەکاندا. (Yule ,2000:25) کەواتە پێشگریمانەی پراگماتیکی ئەو زانیارییانە دەگریتەوە، کە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هاوبەشن و دەبنە هۆی لەیەکترگەیشتن، ئەو زانیارییانە لە دەوروبەری قسەکردن، یان لە پێکهاتەی قسەکردن هەڵدەهێنجرێن، لەگەڵ گۆڕانی دەوروبەریشدا دەگۆڕێن.

لەبواری فێرکردنیشدا ئەگەر زانیاریی پێشینەی فێرخواز نەکرێت بە بنەما، ناتوانرێت فێری زانیاریی

نوێ بکرێت. (صـحـراوي،٣٢:٢٠٠٥) جگە لەمانە دەکرێ بڵێین بڕیاری هەڵبژاردنی یارییە زمانییەکان بۆ فێرکردنی زمان لەسەر بنەمای پێشگریمانە دراوە، چونکە وا پێشبینی کراوە، کە ئەم یاریانە وەکو میکانزمێکی جێگرەوە فێربوونی زمان لای فێرخواز ئاساندەکەن، هەروەها هەڵبژاردنی جۆری یارییەکان و ناوەڕۆکەکانیان و گونجانی یارییەکان لەگەڵ تـەمـەن و ئاستی تێگەیشتنی فێرخوازان دیسان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنەی مامۆستا ڕۆژانە بۆ فێرخوازان دەیکات، گریمانە دەکات فێرخوازان پێویستیان بە ڕاهێنان لەسەر ئەم جۆرە یاریانە هەبێت، بۆیە مامۆستا لە هەڵبژاردن و داڕشتنی ئەم یاریانەی خوارەوەدا گریمانەی ئەوەی کردووە، کە فێرخوازان زانیاریی سەرەتاییان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو یاریانە هەیە، بەڵام دەبێ باشتر فێربکرێن:

١-ئەرکی ئەم ئامێرانە بڵێ: هەر یەک لەم ئامێرانە ( پێنوس، فڕۆکە، بەفرگر ...) بۆ چ مەبەستێک بەکاردێن، بە زارەکی ئەرکەکەیان بڵێ.

٢--یاریی کورتە چیرۆک: ئەم ڕستانە بخوێنەوە، پاشان بەشێوەیەکی لۆژیکی لە داڕشتنی چیرۆکێکی کورت ڕێکیانبخەرەوە.

( بـۆیـە خـەڵـکـی لـەم وەرزەدا ئـــارەزووی گـەشـتـوگـوزار دەکـەن، لـە بـەهـــاردا سروشتی کوردستان زۆر جوان دەبێت، ئێوارەش جارێکی تر بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژانی پشوو ڕوو لە سەیرانگاکان دەکەن...).

٣-یاریی وشەی نامۆ: چ وشەیەکی نامۆ لەناو ئەم گروپە وشانەدا هەیە، دەستنیشانییکە، بۆ نموونە:

-مرۆڤ، کۆمەڵگا، شێر، منداڵ، بەڕێوەبەر.

٤-یاریی بە یەکگەیاندنی چەمک و پێناسەکان: هەر یەک لەم چەمک و پێناسانەی خوارەوە بەیەکتر بگەیەنە:

– ئەندازیار خزمەتی دار و درەخت دەکات.

– بـاخـەوان سـەرپـەرشتی دروستکردنی خانووبەرە دەکات.

٥- یاریی پیت و وشە:

بۆ هـەر یـەک لـەم پیتانەی نـاو خشتەکە پێنج نـاو بنووسە، بەمەرجێک نـاوەکان بەهەمان پیت دەستپێبکەن:

| پیتەکان | ناوی مرۆڤ | ناوی میوە | ناوی ئاژەڵ | ناوی شار |
|---|---|---|---|---|
| ک | | | | |
| د | | | | |

٦- زۆرتـریـن ژمـارەی ئـاوەڵـنـاو بنووسە، کە وەسفی هەر یەک لەم ناوانە (زەوی، نەخۆشخانە، منداڵ، میوە، باڵندە) بکەن، بۆ نموونە:

زەوی← خڕە، پانە، گەورەیە، ڕەقە...

٢-٩-٣-لێکەوتەی ئاخاوتەیی(implicature):

لێکەوتەی ئاخاوتەیی بریتییە لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ئاخاوتن، بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی بـەشـێـوەیـەکـی نـاڕاسـتـەوخـۆ لـە ئـاخـاوتـنـەکـە دەردەکـەون.(فاخـوري،١٩٨٩: ١٤٦) واتە گوێگر لە ئەنجامی لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان بەهۆی گەڕانەوە بۆ دەوروبەر، لێکەوتە هەڵدەهێنجێت، بۆیە ((لەگەڵ گۆڕانی دەوروبـەر مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێ و لێکەوتەی ئاخاوتنەکەش دەگۆڕێت)).(عكاشة٢٠١٣: ٩٠) خاڵی دەستپێکی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لای گرایس ئەوەیە، کە ئاخێوەران لە گفتوگۆکانیاندا ئەوە دەڵێن، کە مەبەستیانە، لەوانەیە مەبەستیان زیاتربێت لەوەی کە دەیڵێن، لەوانەشە مەبەستیان پێچەوانەی ئەوەبێت، کـە دەیـڵـێـن، بـۆیـە هەموو هەوڵێکی بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان گوتن

و مەبەستی گوتنەکە بووە، بۆ چارەسەری ئەم جۆرە گرفتەش، بیرۆکەی بنەمای هاریکاری لا دروستبوو. (نحلة ،٢٠٠٢: ٣٣) بنەمای هاریکاری بە پرەنسیپێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بەڕێوەبردنی گفتوگۆی نێوان ئاخێوەران دادەنرێت.(عكاشة٢٠١٣: ٩٠) بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی ئاسایی، گرایس چەمکی بنەمای هاریکاری لە چوار بنەمادا دیاریکردووە، کە بریتین لە بنەمای:( چەندێتی، چۆنیەتی، پەیوەندی، شێواز). (Grice,1975:45) بنەمای چەندێتی، واتە بەپێی پێویست بەشداری لە زانیارییەکاندا بکە. بنەمای چۆنیەتی: ئەوە مەڵێ، کە پێتوایە ڕاستنییە، یان ناتوانی بیسەلمێنیت. بنەمای پەیوەندی، بەشداریکردنەکەت پەیوەندی بە ناوەڕۆکی گوتارەکەوە هەبێت. بنەمای شێواز، پەیامەکەت ڕوون و ڕێکخراوبێت. (صحراوي،٢٠٠٥: ٣٣-٣٤) بێگومان جێبەجیکردنی ئەم بنەمایانە پەیوەندیکردن چالاکتر دەکات و یارمەتی وەرگر دەدات، تا ئاسانتر لەواتای مەبەست تێبگات، بەپێچەوانەشەوە لە ئەنجامی بەزاندنی یەکێک، یان زیاتر لە بنەمایەکی هاریکاری لێکەوتەی ئاخەوتەیی دێتەئاراوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی بنەماکانی هارێکارییەوە سەیری یارییە زمانییەکان و پرۆسەی وانەگوتنەوە بکەین، ئەوا بەگشتی بنەماکانی هاریکاری لە کاتی وانەگوتنەوەدا جێبەجێدەکرێت، چونکە مامۆستا لە قۆناغەکانی خوێندنی پێش زانکۆ، بەتایبەتیش قۆناغی سەرەتایی ڕەچاوی ئەوە دەکات، کە ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی ئاراستەی فێرخوازانی دەکات، شێوازەکەی ڕوون و ڕێکخراوبێت، بڕی پێویست زانیاری لەخۆبگرێت و پەیوەندی بە ناوەڕۆکی وانەکەوە هەبێت، هەروەها یارییەکە لەگەڵ تەمەن، قۆناغی خوێندن، ئاستی زانستی، باری کۆمەڵایەتی و کلتوری و دەروونی فێرخوازان بگونجێت، تاوەکو سەرنجیان ڕابکێشێت و بەئاسانی لە بابەتەکە تێبگەن، دواتر فێرخوازانیش بتوانن لەکاتی پەیوەندیکردندا ئەو بنەمایانە بەدروستی جێبەجێبکەن، داڕشتنی ئەم یارییانەی خوارەوەش بەشێوازێکی سادە و ڕوون و ڕەوان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن:

١-ئەم ڕستانە بخوێنەوە، پاشان وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارانە دیارییبکە:

-ساڵ چەند وەرزە؟ (یەک، دوو، سێ، چوار)

-مانگ چەند ڕۆژە؟ (حەوت، پازدە، سی، چل)

٢-یاریی لە تەنیشت هاوڕێکەت ڕابوەستە: ئەم وشانە بخوێنەوە، پاشان ئەو وشانەی دژواتان بەیەکتریان بگەیەنە: (بەرز، بچووک، نزم، تەڕ، ئاسودە، جوان، گەورە، خەمبار، وشک).

٣-یاریی وروژاندنی مێشک لەگەڵ وشەکان: زۆرترین ژمارەی وشە بنووسە، کە پەیوەندییان بە هەریەک لەم بوارانە(وەرزش، کشتوکاڵ...)هەبێت، بۆ نموونە:

وەرزش ← یاریگا، تۆپ، یاریزان، هاندەر...

٤-یارییە دەنگییەکان: بەرامبەر وشەی(کانی) پێنج وشەی تر بنووسە، کە وەکو ئەم وشەیە کۆتاییان بە پیتی (ی) هاتبێت، بۆ نموونە:

-کانی: شایی، جوانی، دیاری، یاری...

٥-یاریی ڕێکخستنەوەی ڕستە: ئەم وشە پەرشوبڵاوانە لە داڕشتنی ڕستەدا ڕێکبخەرەوە:

-بینی، زانام، لە سەیران، من .

٦-یاریی جیاکردنەوەی دەنگەکان: گوێ لەم دەنگانەی خوارەوە بگرە، کە مامۆستا دەیانخوێنێتەوە، کامە دەنگت لابوو، دووبارەی بکەرەوە: (ب، پ، چ، ح، خ، د...).

بەدەر لەم بنەمایانەی سەرەوە بنەمای ڕێزگرتنێش هەیە لە قسەکردندا، مەبەستی ئەم

بنەمایە ئـەوەیـە، کـە دەبـێت ئـاخـێـوەران لەکاتی گفتوگۆدا ڕێز لەیەکتر بگرن و بەئەدەبەوە قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن. (لیتش٢٠١٣: ١٤٧) ئەم بنەمایە بە فراوانکردنی چوارچێوەی بنەماکانی هاریکاری دادەنرێت، بـەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەبین بەپێی دەوروبـەر، واتە بەپێی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا دێت، گرنگی ئەم بنەمایە بۆتە هۆی ئەوەی فێرخواز لەناو ئـەم یارییانەی خـوارەوەدا ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە لە گفتوگۆدا بکات:

١-هـەر فێرخوازێک ناوی کێشـەیەک بنووسێت، دواتـر بەیەکەوە لەگەڵ مامۆستا گفتوگۆ لەسەر کێشەکان بکەن.

٢-یاریی بە هاوڕێکەت بڵێ: لەگەڵ هاوڕێکەت ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی یەکتر بکەن: (ناوی سیانیت چییە؟ ساڵی چەند لەدایکبوویت؟ لـەچ گەڕەکێک دادەنیشن؟ ژمارەی مۆبایلت چەندە؟...).

٣- یاریی چی دەکـەیـت؟ یـان چـی دەڵێیت؟: بەزارەکی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

-ئەگەر کەمئەندامێک داوای یارمەتیکرد، چی دەکەیت؟

-ئەگەر برادەرێکت یارمەتیدایت، چی پێدەڵێیت؟

٤-یاریی گفتوگۆ: مامۆستا بابەتێک بۆ گفتوگۆ پێشنیاردەکات، پاشان فێرخوازەکان لەگەڵ مامۆستا بیرورا لەسەر بابەتەکە ئاڵوگۆڕدەکەن، بۆ نموونە: ( پاکوخاوێنی، وەرزی بەهار...).

٢-٩-٤-ئەرگۆمێنت:

لەهەر شوێنێک پەیوەندیکردن هەبێ، ئەرگۆمێنت هەیە، ئەمەش ئـەوە دەسەلمێنت، کە ئەرگۆمێنت لە هەموو جـۆرە دەق و گوتارێکدا هەیە، بەڵام دەرکەوتن و سروشت و پلەکەی لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر، یان لە گوتارێکەوە بۆ گوتارێکی تر دەگۆڕێت. (العزاوي،٢٠١٠: ١١-١٢) لێرەدا مەبەست لـە پەیوەندیکردن تەنها گواستنەوەی زانیاریی نییە، بەڵکو ئەو پەیوەندیکردنەیە، کە ڕەهەندێکی ئەرگۆمێنتی هەیە. بە بـڕوای شـارەزایـان بابەتی ئەرگۆمێنت و مەبەستەکەی بریتییە لە: ((توێژینەوە لەو تەکنیکانەی گوتار، کە وا لە وەرگر دەکـەن، ڕازی ببێت بەو بۆچوونانەی پێشکەشیدەکرێت)). (صولة،٢٠١١: ١٣) بەپێی ئەم بۆچونە ئەرگۆمێنت خۆی لە ژمارەیەک تەکنیکی کارلێکردن لە گوتار، یان نووسیندا دەبینێتەوە، کە نێرەر هـەوڵـدەدات لەڕێگەیانەوە ڕەزامـەنـدی وەرگـر بەدەستبهێنێت، لەسەر ئەو پەیامەی کە پێشکەشیدەکات.

پێشـکـەشـکـردنـی ئـەرگـۆمـێـنـت لـە پـرۆسـەی فێرکردنی زمـانـدا زۆر گرنگە، چونکە مامۆستا بۆ ئەوەی فێرخواز ڕازیبکات گوێ لە وانەکە بگرێت و گرنگی بە زانیارییەکان بدات، لەڕێگەی کۆمەڵێک ستراتیژەوە کار لەسەر دواندنی هزر و وروژاندنی پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی دەکات، بـەڵام لـە پـرۆسـەی فێرکردنی زمـانـدا مامۆستا ئەرگۆمێنت بۆ مەستی گفتوگۆ و مشتومڕ پێشکەش ناکات، بەڵکو وەکو ئەرگۆمێنتێکی پێداگۆجی یان فێرکاری بە ئامانجی ڕازیکردنی فێرخواز بە ڕاستی و دروستی یاسایەک، یان گۆڕینی ڕەفتاری زمانی، یان هاندانی لەسەر فێربوون پێشکەشدەکات، ئەو ئەرگۆمێنتانەش کۆمەڵێک ستراتیژن و بەسەر چوار جۆردا پۆلێن دەکرێن:

١-ئەرگۆمێنتی دەســەڵات: چونکە مامۆستا سەرچاوەی زانیارییە، کەواتە فێرخواز متمانەی بە بیروڕاکانی هەیە، بێئەوەی داوای بەڵگەی لۆژیکی لێبکات.

٢- ئەرگومێنتی لۆژیکی: ئەم شێوازە لەلایەن

مامۆستایانەوە لە کاتی فێرکردنی وشەسازی یان ڕستەسازی پێشکەشدەکرێ لەڕێگەی: لێکچوون، کە بریتییە بەراوردکردنی ڕستەیەک لەگەڵ ڕستەیەکی تر، کە فێرخواز پێشتر دەیزانێت، یان لەڕێگەی هەڵێنجان، کە بریتییە لە خستنەڕوو و لێکدانەوەی کۆمەڵێک نموونە بەمەبەستی هەڵێنجانی یاسایەکی گشتی، یان لەڕێگەی ڕاڤەکردن، کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکارێکی لۆژیکی بۆ دیاردەیەکی زمانەوانی.

٣-ئەرگۆمێنتی سودمەندی: واتە تیشکخستنسەر سود و ئەنجامەکان، بۆ ئەوەی فێرخواز ئەوەی لا گرنگبێت کە فێریبووە.

٤-ئەرگۆمێنت بە بەڵگە و نموونە هێنانەوە: واتە ڕازیکردنی فێرخواز بە وەرگرتنی بەڵگە لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە بۆ سەلماندنی دروستی بەکارهێنانەکانی زمان، یان هێنانەوەی نموونەی زیندوو لەسەر چۆنیەتی گۆکردنی وشەیەک، یان بەکارهێنانی دەربڕینێک بۆ ئەوەی فێرخوازیش ئەنجامی بدات.

سەبارەت بە کردە قسەییەکانیش، لە کاتی خوێندنی کردە قسەییەکاندا، مامۆستا ئەرگۆمێنت بۆ مەبەستی گواستنەوەی سەرنجی فێرخواز لەسەر پێکهاتەی ڕستە بۆ سەر ئەرکی ڕستە بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی گرنگی بدات بە دەوروبەر و مەبەستی قسەکەر لە ڕستەکەدا، نەک پێکهاتەی ڕستەکە. هاوکات مامۆستا هەوڵدەدات لەڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیکی وەک: گونجاندنی ناوەڕۆکی وانەکە لەگەڵ ئاست و خواست و پێداویستی فێرخواز، بەستنەوەی وانەکان بە دەوروبەر، ڕیزکردنی زانیارییەکان لەئاسانەوە بۆ گران، ڕوونکردنەوەی ئامانجی وانەکە، شێوازی وانەوتنەوە و بەڕێوەبردنی پۆل، بەکارهێنانی ڕێگا تازەکانی وانەوتنەوە، بەتایبەتی ڕێگای: (یاریکردن، گروپات، وروژاندنی مێشک، دیالۆگی سوکراتی...) سەرنجی فێرخواز بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی ناو پۆل ڕابکێشێت، بەمەش هەم ناوەڕۆکی بابەتەکە لای فێرخواز ئاساندەکات، هەمیش چێژی پێدەبەخشێت و ئارەزووی بۆ فێربوون زیاتر دەکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەش دەکرێ سود لەم نموونانەی خوارەوە وەربگیرێت:

١-یاریی بەبیرهاتنەوە: بەگروپ گوێ لەم وشە و دەستەواژانە (منداڵ، ئەستێرە، ڕۆژی هەینی، کۆتر، کۆلێژی زمان، سەمونخانە...) بگرن، کە مامۆستا دەیانخوێنێتەوە، پاشان چەند لەو کەرستانەتان لەبیرمابوو لەسەر کاغەزێک بیاننووسنەوە.

٢- یاریی دارشتنی وشە: بە گروپ لەم پیتانە: (ڕ، ف، ڵ، ە، ی، ێ، و، ۆ، ب، د، خ) زۆرترین وشە دابڕێژن.

٣-یاریی ڕۆڵبینین: لەچوارچێوەی ئەو ڕۆڵەی کە مامۆستا لە شانۆگەرییەکە بۆت دیاریدەکات، لەگەڵ فێرخوازانی هاوڕێت گفتوگۆ لەسەر بابەتی جۆراوجۆر لەگەڵ یەکتردا بکەن، بۆ نموونە شانۆگەری: (ڕێزگرتن لە یاسا، بازاڕکردن...).

٤-یاریی پرسیار و وەڵام: بەگفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا (سود یان زیان یان هۆکاری) ڕوودانی ڕووداوێکی دیاریکراو شرۆڤەبکەن، بۆ نموونە:( زیانەکانی زۆر سەیرکردنی شاشەی زیرەک چیین؟)

٥-یاریی ئەوە چییە؟: بە گروپ پرسیاری جۆراوجۆر ئاراستەی یەکتر بکەن، بۆ نموونە:

گروپی ١: ئەوە شتە چییە، کە چوار پێچکەی هەیە و لەسەری دادەنیشین؟

گروپی٢: ئەمە کورسییە.

گروپی ٢: ئەوە شتە چییە، کە باری لێباردەکرێ و بە ئاسمانیشدا دەفرێت؟

گرووپی١: ئەمە فرۆکەیە.

٦-یاریی بەبیرهێنانەوەی سەربەست: بە گروپ زۆرترین ناو بنووسن، ئەم سیفاتانەیان: (خڕ، گەرم، دڵسۆز، شیرین) تێدابێت، بۆ نموونە:

خڕ←تۆپ، گندۆرە، سێو، زەوی، مانگ، ڕۆژ...

٢-١٠-پۆلێنکردنی یارییە زمانییەکان:

بەگشتی یارییە زمانییەکان لەو توێژینەوانەی لەو بوارەدا ئەنجامدراون، لەسەر چەند بنەمایەک پۆلێنکراون، لەوانە: بەپێی تەمەن و قۆناغی خوێندن، یان بەپێی ئاستەکانی زمان...، بەڵام ((باوترین پۆلێنکردن، پۆلێنکردنی یارییەکانە بەپێی چوار کارمەییە سەرەکییەکەی زمان، کە یارییەکانی(گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین) دەگرێتەوە)). (عبدالعزیز،١٩٨٣: ٣٣) لەم توێژینەوەیەشدا سود لەم جۆرە پۆلێنە وەرگیراوە، بەڵام مامۆستا دەتوانێ دەستکاری شێواز و ناوەڕۆکی یارییەکان بکات، بۆئەوەی لەگەڵ ئاستی زانستی و تەمەن و قۆناغی خوێندنی فێرخوازدا بیانگونجێنێت.

٣-کارامەییەکانی زمان

کارامەییەکانی زمان بەکارهێنانی زمانە بە وردی، لێهاتوویی، خێرایی و تێگەیشتنەوە بە لەبەرچاوگرتنی یاسا زمانەوانییەکانی قسەکردن و نووسین. (بوغرارة و موسی، ٢٠١٨: ٢٠٥) ئامانجی سەرەکی لە فێربوونی زماندا، فێربوونی کارامەییەکانی زمانە، چونکە ئەم کارامەییانە بە پایە سەرەکییەکانی زمان دادەنرێن، بەبێ فێربوونی ئەو چوار کارامەییە، نە فێربوونی زمان و نە توانستی پراگماتیکی بەدەستناهێت.

٣-١-پەیوەندیی کارامەییەکانی زمان بە توانستی پراگماتیکییەوە:

گرنگیدانی پراگماتیک بە هەڵێنجانی واتا لە دەق دەبێتە هۆی گەڵاڵەبوونی چەندین واتا لای فێرخواز، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پەرەپێدانی کارامەییەکانی زمان پاراوییە. (عبدالقادر، ٢٠١٨: ٢١٨) سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان توانستی پراگماتیکی و کارامەییەکانی زماندا هەیە، توێژەرانی ئەو بوارە پێیانوایە، (( توانستی پراگماتیکی بەتوندی وابەستەیە بە هونەری وەرگرتنی زمان (گوێگرتن و خوێندنەوە)و هونەری ناردنی هێمای زمانی (قسەکردن و نووسین)، چونکە لەم چوارچێوەیەدا گوێگر پێویستی بەوەیە لە مەبەستی ئەو گوتارە تێبگات، کە ئاراستەی دەکرێت، خوێنەریش پێویستی بە لێکدانەوەی ئەو پەیامانە هەیە، کە بۆی نووسراوە)). (القحطانی ٢٠١٧: ٢٥-٢٦) لەم ڕووەوە دەکرێ بڵێین هەموو ئەو چالاکییە هزری و زمانەوانییانەی لە پرۆسەی فێربوونی زماندا ڕوودەدەن، ڕەهەندێکی پراگماتیکییان هەیە، چونکە هەموویان پەیوەستن بە بەکارهێنانی زمانەوە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، لەم نێوەندەشدا توانستی پراگماتیکی پەیوەندیەکی پتەوی بە کارامەییە سەرەکییەکانی زمانەوە هەیە، چونکە هەردووکیان یەک مەبەستیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کار لەسەر سەرکەوتنی پەیوەندیکردن و ڕوونکردنەوەی مەبەستی قسەکەر لای گوێگر و دروستکردنی کارلێک لەنێوانیاندا دەکەنەوە، بەڵام یەکەمیان لە ئەنجامی کارابوونی دووەمیانەوە بەرهەمدێت، چونکە هەر گەشەسەندنێک لە کارامەییەکانی زمانی فێرخوازدا ڕووبدات، لە ئەنجامی ڕاهێنانی فێرخواز لەسەر یارییە زمانەوانییەکان، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەسەندنی توانستی پراگماتیکی دەبێت.

٣-٢-جۆرەکانی کارامەییەکانی زمان:
بەگشتی کارامەییەکانی زمان دابەشی سەر چوار جۆری سەرەکی کراون، کە بریتین لە:

٣-٢-١-کارامەیی قسەکردن:
قسەکردن، یان دەربڕینی زارەکی، بریتییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامێکی زارەکی بە بەکارهێنانی هێما دەنگییەکان، یاخود بە توانای قسەکردن و گۆکردنی وشەکان و بڕگەکان بە شێوەیەکی دروست و ڕەوان دادەنرێت. (بوغرارة و موسی،٢٠١٨: ٢٠٨) سەرەتای فێربوونی زمان بە قسەکردن دەستپێدەکات، بەهۆیەوە فێرخواز دەتوانێت بیروبۆچوونەکانی بە کەسانی تر بگەیەنێت.
قسەکردن بۆ چارەسەری ئەم کێشانەی فێرخواز بەکاردێت:
١- گۆکردنی دەنگەکانی زمان بەدروستی. ٢- بەکارهێنانی زمان بە خێرایی و بە متمانەوە. ٣- هەڵبژاردنی ئەو دەربڕینانەی لەگەڵ دەوروبەرەکە دەگونجێن. ٤- ڕیزکردنی بیرۆکەکان بە بەشێوەیەکی واتادار. ٥- لەبەرچاوگرتن و بەکارهێنانی هێز و ئاوازە لە قسەکردندا. (سەرچاوەی پێشوو،٢٠١٨: ٢٠٩)

٣-٢-١-١-یارییەکانی قسەکردن:
کارامەیی قسەکردن لەڕێگەی ئەو تەکنیکانەی خوارەوە فەراهەمدەبێت :
١-یاریی نواندن بەزمانی جەستە: هەر فێرخوازێک ناوەڕۆکی یەکێک لەم ڕستانە(من ماندووم، مامۆستا هات...) بە زمانی جەستە بۆ فێرخوازەکانی گروپەکەی بنوێنێ، ئەوانیش نواندنەکە بگۆڕن بۆ قسەکردن.
٢-یاریی ڕوونکردنەوە بە پرسیارکردن: پرسیار لە مامۆستا بکە، تا مەبەستەکەی ڕووندەبێتەوە، (عبد العزیز١٩٨٣: ٨٥) بۆ نموونە:
مامۆستا: من پەرتووک دەخوێنمەوە.
فێرخوازی١: پەرتووکەکان دەربارەی مێژوون؟
مامۆستا: ببورە، نەخێر.
فێرخوازی٢: ئەی چیرۆک و ڕۆمان دەخوێنیتەوە؟
مامۆستا: بەڵێ، ڕاستەدەکەیت.
٣-یاریی شتە بزربووەکان: بە بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵکارە شوێنیانە (لەسەر، لەژێر، لەناو...)پرسیار لە شوێنی بزربوونی ئەو شتە بکەن، کە فێرخوازەکە بزریکردووە، بۆ نموونە:
فێرخوازی١: پێنووسێکم بزرکردووە.
فێرخوازی٢: لەناو پەرتووکەکانت نەبوو؟
فێرخوازی١: نەخێر.



٤- بە بەکارهێنانی ئەم وشە پرسانە: (کام، چی، چۆن، لەبەرچی...)، زۆرترین ڕستەی پرسیار لەسەر ئەم وێنەیە بە زارەکی دروستبکە.

٥-یاریی چیت لەسەر ئەم شتانە لەبیرە؟: سەیری وێنەی شتەکان بکە، بۆ نموونە:مامۆستا وێنەی (گۆی زەوی) پیشانی فێرخوازان دەدات و ئەم پرسیارانەیان لێدەکات: (عبد العزیز،١٩٨٣: ٩٥)
-ئەمە وێنەی چییە؟ بۆچی بەکاردێت؟ کێ بەکاریدەهێنێت؟ ...

٦-یاریی زنجیرەی وشە: بە وشەیەک بەشدارییکە، بەمەرجێک وشەکەت پەیوەندی بەو وشەیەوە هەبێت، کە فێرخوازەکەی پێش تۆ دەیڵێت.

فێرخوازی١: گوڵ

فێرخوازی٢: باخچە

فێرخوازی٣: رواندن

مامۆستا: بۆ دەڵێیت ڕواندن؟

فێرخوازی٣: چونکە گوڵ لە باخچە دەڕوێنرێت.

### ٣-٢-٢- کارامەیی خوێندنەوە:

خوێندنەوە بە پرۆسەی ناسینەوەی پیتەکان و لێکدانیان لە وشەی نووسراو و تێگەیشتن لێیان و بەستنەوەیان بە قسەکردنەوە دادەنرێت. (بوغرارة و موسى ،٢٠١٨: ٢٠٨) خوێندنەوە بە یەکێک لە گرنگترین کارامەییەکانی زمان دادەنرێت، چونکە بە ئامرازی فێربوونی زانیاری و ڕۆشنبیری دادەنرێت.

یارییەکانی خوێندنەوە چەندین ئامانجیان هەیە:

١-ڕاهێنانی فێرخواز لەسەر گۆکردنی کەرستەکانی زمان. ٢-ئاسانکاریکردن بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین. ٣- ڕەخساندنی کەشێکی باش بۆ گەشەدان بە خود. ٤-پەرەدان بە توانای خوێندنەوە و ناسینەوەی کەرستەکانی زمان لای مندالّ.(الصويركي،٢٠٠٥: ٥٣)

### ٣-٢-٢-١-یارییەکانی خوێندنەوە :

کارامەیی خوێندنەوە لەرێگەی ئەو تەکنیکانەی خوارەوە فەراهەمدەبێت :

١- یاریی لەگەڵ گروپەکەتدا ڕابوەستە: ئەم وشانە (ژیر، زۆر، زیرەک، ژەنگ، درێژ، ئاواز...) بخوێنەوە، پاشان ئەو وشانەی پیتی (ز)یان تێدایە، جیایانبکەرەوە لەو وشانەی پیتی (ژ)یان تێدایە.

٢-ئەو وشانە بەیەکتر بگەیەنە، کە واتایان لەیەکتر نزیکە: (ئاسودە، زیرەک، بەپیت، ژیر، دڵخۆش، بەسود...). (الصويركى ٢٠٠٥: ٥٤)

٣-یاریی ڕستەی نووسراو لەسەر کارت: ڕستەی سەر ئەو کارتە بخوێنەوە، کە مامۆستا پێتدەدات، پاشان ئەو کردارە ئەنجامبدە، کە لەسەر کارتەکە نووسراوە، بۆ نموونە:

- ئازاد تەختەکە بکوژێنەوە. - ئازاد هەڵدەستێت تەختەکە دەکوژێنێتەوە.

٤-ئەو وشانە بەیەکتر بگەیەنە، کە بە لێکدانیان وشەیەکی لێکدراو دروستدەکەن:

( سەرۆک، چاو، هەنار، پەرلەمان، دار، بەرز، شین...)

٥-یاریی هاوتاکردن: ئەو وشانە بەیەکتر بگەیەنە، کە پیتە دیارییکراوەکەیان لە نووسین و خوێندنەوەدا لەیەکتر نزیکن، بۆ نموونە:(هەژار، مل، یاری، هەزار، گرێ، ڕەنگ، دیار، دڵ...).

٦- ئەم دەقە بخوێنەوە، پاشان نیشانەی ڕاست( √) و چەوت (X ) بەرامبەر ڕستەکانی خوارەوە دابنێ، هەڵەکانیش ڕاستبکەرەوە:

(لە وەرزی بەهاردا سروشتی کوردستان زۆر جوان دەبێت، ئەمەش وادەکات خەڵکی کوردستان بە گەورەوە و بچووکەوە ئارەزوی گەشتوگوزار بکەن...).

- لە وەرزی پایزدا سروشتی کوردستان زۆر جوان دەبێت.

٧-لە ناو ئەم وشانەدا (ئەوان، ئێواران، گەورە، ژیان، زیرەک، ئێستا، تۆ) ناو و ئاوەڵناو و جێناو و ئاوەڵکار لەیەکتری جیابکەرەوە.

٨-یاریی کار و ئاوەڵکار: ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەوە، پاشان یەکێک لەم ئاوەڵکارانە (دوێنێ، ساڵێکی تر)بۆ ڕوودانی کاری ڕستەکان هەڵبژێرە: (Hanifah 2012:298)

- شەماڵ......هات.

-لاڤە....... دەچێت بۆ زانکۆ.

٣-٢-٣-کارامەیی گوێگرتن:

گوێگرتن پرۆسەیەکی هزریی هۆشیاریی بە مەبەستە، بریتییە لە وەرگرتنی دەنگ و گەیشتنی بە گوێچکە بە مەبەستی سەرنجلێدان.(علیان١٩٩٢: ٤٩) گوێگرتن توانای بیرهێنانەوە و لێکدانەوەی ناوەڕۆکی کەرستە بیستراوەکانە، هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی کارامەییەکانی تر، بەو پێیەی گوێگرێکی باش، قسەکەرێکی ڕەوان و خوێنەرێکی بەسەلیقە و نووسەرێکی بەتوانای لێبەرهەمدێت، سودەکانیشی بریتین لە:

١-سەرنجدان و جەختکردنەوە لەسەر بابەتە بیستراوەکان زیاتر دەکات. ٢-گەشە بە سەلیقەی گوێگرتن و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خێرا و خوێندنەوە دەدات. ٣-ئارەزوی خوێندنەوە و فێربوون زیاتر دەکات. ٤-دەنگ و پیت لەیەکتری جیادەکاتەوە .(عبدالقادر٢٠١٨: ١٨٦).

٣-٢-٣-١-یارییەکانی گوێگرتن:

کارامەییی گوێگرتن لەڕێگەی ئەو یارییە زمانەوانییانە فەراهەمدەبێت :

١-یاریی کارتەکەت بەرزبکەرەوە: گوێ لەم دەنگانە(ی، ڤ، س، گ، م، ڕ... ) بگرە، ئەگەر وشەکەی سەر کارتەکەی لای تۆ ئەو دەنگەی تێدابوو، کارتەکەت بەرزبکەرەوە، وشەکانیش ئەمانەن:

( گەلا، هەست، مرۆڤ، ڕاهێنان، یانە... )

٢-مامۆستا بەچەند ڕستەیەک وەسفی ئەم وێنەیەی خوارەوە دەکات، تۆش گوێ لە ڕستەکان بگرە، ئەگەر وەسفەکە ڕاستبوو، بڵێ، بەڵێ، ئەگەر ڕاستنەبوو، بڵێ نەخێر، بۆ نموونە:

-ئەو مرۆڤەی کەوتۆتە ناو ئاوەکە گۆرانی دەڵێت.

-مرۆڤەکانی تر یارمەتی ئەو کەسە دەدەن، کە کەوتۆتە ناو ئاوەکە.




٣- یاریی ئاگاداری هەڵەکان بن: گوێ لەو ڕستانە بگرە، کە مامۆستا دەیانخوێنێتەوە، ئەگەر هەڵە لە زانیاری ناو ڕستەکاندا هەبوو، چاکیبکەرەوە، (عبد العزیز،١٩٨٣: ٧١)بۆ نموونە:

-مامۆستا: کەرکوک پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

-فێرخوازی١: ببورە، هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

٤-یاریی ئەوەی بیستت لەبیرتبێت: گوێ لەم دەقە بگرە، کە مامۆستا دەیخوێنێتەوە، پاشان وەڵامی پرسیارەکانی خوارەوە بدەرەوە. (الصویرکی ٢٠٠٥: ٩٢)

(هێمن شاخەوان فێرخوازێکی زیرەکی پۆلەکەیەتی، کە ژمارەیان ٣٥ فێرخوازە لە پۆلەکەدا، ساڵی ڕابردوو بەشداری تاقیکردنەوەی بەهرەدارانی کردووە ...).

-باوکی هێمن ناوی چیبوو؟

-فێرخوازانی پۆلەکە ژمارەیان چەندبوو؟ ...

٥- یاریی مامۆستا چی گوت ئەنجامیبدن: گوێ لە مامۆستا بگرن، داوای چی لێکردن ئەنجامیبدەن، بۆ نموونە:

( دەستی ڕاستتان بەرزبکەنەوە، پەرتووکی زانست دەربهێنن...).

٦-گوێ لەم ڕستە و پەندانە بگرن، کە مامۆستا دەیخوێنێتەوە، پاشان هەریەکەتان هەوڵبدەن، لەبەر بیانڵێنەوە.

-پارکی شارکەیان نۆژەندەکەنەوە.

-نان بۆ نانەواو، گۆشت بۆ قەساب.

٣-٢-٤-کارامەیی نووسین:

نووسین بریتییە لە توانای نووسینی بیرۆکەکان و وێناکردنیان بە پیت و وشە و پێکهاتەی ڕێزمانی دروست، یاخود تۆمارکردنی بیرکردنەوە و قسەکانی مرۆڤە بە هێمای نووسراو. (بوغرارة و موسی ٢٠١٨: ٢٠٨-٢٠٩)

نووسین ئەم پرسانەی خوارەوە لای فێرخواز چارەسەردەکات:

١-کۆنترۆڵکردنی جوڵەی دەست. ٢- دیاریکردنی ئاڕاستەی نووسین. ٣- ڕەچاوکردنی یاساکانی ڕێنووس و هێماکانی خاڵبەندی، (لطمن و بن عمیور،٢٠٢٢: ٦٧) ٤-چۆنیەتی نووسینی پیتەکان و لێکدانیان لە داڕشتنی وشە و بەستنەوەیان بەو کەرستانەی کە لە دوایانەوە دێن. (عبدالعزیز١٩٨٣: ٢٥)

نووسین بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و هەستەکانی مرۆڤ بەکاردێت، نووسین چوارەم و کۆتا کارامەیی زمانە، چونکە تێگەیشتن و گۆکردن و خوێندنەوە لە پێش نووسین دێن.

٣-٢-٤-١-یارییەکانی نووسین:

کارامەیی نووسین لەڕێگەی ئەم یارییانەی خوارەوە بەرهەمدێت:

١- یاریی تەواوکردنی وشەکان: ئەم وشە ناتەواوانەی خوارەوە بەیەکێک لەم پیتانە (ر، ڵ، و، ش) تەواوبکە: دا_، شۆڕ_، هە_اڵ، مندا_

٢-یاریی داڕشتنی وشە: لەم پیتانە زۆرترین وشە دابڕێژە: (ڕ، د، ە، م، ێ، س، ۆ...).

٣-یاریی شوێنەکەت بدۆزەرەوە: لەم کەرستە زمانیانە زۆرترین ڕستە دابڕێژە.

(هێنا، وەرگرت، لە، خەڵاتەکەی، ئەکتەرەکە، سەرۆکی حکومەت، بۆ، ئاهەنگەکە، هات)

٤-یاریی چیرۆکی ناو وێنەکە: بە گروپ چیرۆکی ناو ئەم وێنەیە بنووسنەوە.






٦- ئەو پیتانە بنووسە، کە خاڵەکانیان لەسەریان دادەنرێت، هەر پیتێکیش لە داڕشتنی دوو وشە بەکاربهێنە.

٧-لەم وشانەی خوارەوە هەر پیتێک پێویستی بە خاڵ یان هێما هەبێت بۆی دابنێ:

(حزمەتکردن، پیسدەکەوێت، گولدان، باخحە،دەفروسێت...)

٨-بۆ هەر پیتێک لە وشەی(کوڕ)، ڕستەیەک دابڕێژە، بەمەرجێک پیتەکە لەسەرەتای ڕستەکە

بەكارهاتبێت ( Öğr. 2020:95) بۆ نموونە:

(ك) ←كۆترەكە نیشتەوە. (و) ← وەرە ژوورەوە. (ڕ) ← ڕزگار هات.

٩-یاریی زیادكردنی ئاوەڵكار بۆ ڕستەكە:

لەبری ئەم ئاوەڵكارەی هێڵی بەژێردا هاتووە، ژمارەیەك ئاوەڵكاری تر بنووسە، كە وەسفی هەمان كار بكەن:

- گەشتیارەكان لە كەنار دەریا دانیشتوون.

١٠-بەكورتی باسی ڕووداوێك بكە، كە لە ڕابردوودا بیستوتە یان بینیوتە ڕوویداوە.

١١-ئەم پێشگر و پاشگرانە لە دارشتنی زۆرترین وشەی داڕێژراو بەكاربهێنە: (دەر، هەڵ، ڕا، دا، ەوە، وەر...)

١٢-پیتە بزوێنە درێژەكان و كورتەكان بەجیا بنووسە و هەر یەكەشیان لەداڕشتنی وشەیەكدا بەكاربهێنە.

١٣-ئەم كاتانە بنووسەوە: 7: 20 AM 11:45 AM PM 5:30

١٤- یاریی درككردن بە پەیوەندییەكان: هەریەك لەم كردارانە (ڕاكردن، چارەسەركردن، كاركردن) پەیوەندی بەكام لەم ناوانەی خوارەوە هەیە، لە تەنیشتی بینووسە: -كرێكار............ -یاریزان.......... -پزیشك ..............

٤- ئەنجام:

یاریی زمانی كۆمەڵێك چالاكی جۆراوجۆری زمانەوانیی چێژبەخش و ڕێكخراوە، كە مامۆستا لەسەر بنەمای كێبركێ ئامادەیدەكات و وەكو میكانزمێك بۆ ئاسانكردنی پرۆسەی فێركردنی زمان و ڕاكێشانی سەرنجی فێرخواز بۆ ناوەڕۆكی وانەكە بەكاریدەهێنێت. بەپێی ڕێبازی پراگماتیكی فێرخواز لە پۆلدا هەر تەنها فێری یاساكانی داڕشتنی ڕستە ناكرێت، بەڵكو فێری توانستی پراگماتیكی دەكرێت، كە خۆی لە هۆشیاری بەكارهێنانی زمان بەشێوەكی دروست و كاریگەر بەپێی دەوروبەر و درككردن بە ڕەهەندە پراگماتیكییەكان لە دەق و گوتاردا دەبینێتەوە. ڕاهێنانی فێرخواز لەسەر یارییە زمانییەكان دەبێتە هۆی گەشەدان بە كارامەییەكانی زمان، هەر گەشەسەندنێكیش لە كارامەییەكانی زماندا ڕوودەدات، ڕاستەوخۆ توانستی پراگماتیكی لێبەرهەمدێت. توانستی پراگماتیكی لەڕێگەی تەكنیكی بە سەنتەركردنی فێرخواز لە پۆل و ڕەخساندنی ژینگەیەكی لەبار، كە تێیدا ڕێگا بە فێرخواز بدات بەشێوەی (قسەكردن، نووسین، خوێندنەوە، گوێگرتن) كارلێك لەگەڵ دەوروبەرەكەیدا بكات، بەرهەمدێت. هەڵبژاردنی یارییە زمانییەكان بۆ فێركردنی زمان بەڕێكەوت نەبووە، بەڵكو پلان بۆ داڕێژراوبووە، ئەم یارییانە بەكارهێنانی زمانە بەشێوازی جۆراوجۆر، بۆیە سروشتێكی پراگماتیكییان هەیە و لە بونیادیاندا چەندین ڕەهەندی پراگماتیكی جیاواز خۆیان حەشارداوە، لەوانە:

ئا- كردە قسەییەكان: بەگشتی ناونیشانی یارییە زمانییەكان كردەیەكی قسەیی ڕاستەوخۆن لەشێوەی فەرماندان، بەڵام ناوەڕۆكی یارییەكان لە پاڵ مەبەستە ڕاستەوخۆكەیان هەندێجار مەبەستێكی ناڕاستەوخۆش دەگەیەنن، چونكە مەبەستی سەرەكی یارییەكان تەنیا فێركردنی كارامەییەكانی زمان نییە، بەڵكو فێركردنی بەكارهێنانی كارامەییەكانی زمانە.

ب-بنەمای هاریكاری: بۆ ئەوەی فێرخواز بەئاسانی لە ناوەڕۆكی یارییە زمانییەكان تێبگات، مامۆستا بەپێی پێویست لە كاتی داڕشتنیان و ڕاهێنانی فێرخوازان لەسەریان بنەماكانی هاریكاری و بنەمای ڕێزگرتن جێبەجێدەكات.

پ-پێشگریمانە: بڕیاری هەڵبژاردنی یارییە

زمانییەکان و جۆرەکانیان و داڕشتنی ناوەڕۆکەکەیان لەسەر بنەمای پێشگریمانە دەدرێت، چونکە مامۆستا گریمانە دەکات، فێرخواز پێویستی بە فێربوونی ئەو جۆرە زانیارییانە هەبێت.

ت-ئەرگۆمێنت: لە پڕۆسەی فێرکردنی زماندا مامۆستا ئەرگۆمێنتی پێداگۆجی بە ئامانجی ڕازیکردنی فێرخواز بە ڕاستی و دروستی یاسایەک، یان گۆڕینی ڕەفتاری زمانی، یان هاندانی لەسەر فێربوون دەهێنێتەوە، نەوەک بۆ مشتومڕ و گفتوگۆکردن ، بۆ ئەم مەبەستەش لەڕێگەی کۆمەڵێک ستراتیژی ئەرگۆمێنتی وەک: ئەرگۆمێنتی ( دەسەڵات، لۆژیکی، سودمەندی، بەڵگە و نموونەهێنانەوە) کار لەسەر دواندنی هزر فێرخواز دەکات.

## سەرچاوەکان


به کوردی

-محمد، دارا حمید،(٢٠١٢)، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی- سکوڵی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان

بە عەرەبی

-البري، قاسم، (٢٠١١)، أثر استخدام الألعاب اللغوية في مناهج اللغة العربية في تنمية الأنماط اللغوية لدى الطلبة المرحلة ألأساسية، المجلة الأردنية في العلوم التربوية، مجلد ٧، عدد١ (٢٠١١) ص٢٣-٣٤.

- بوجمعة، علجية أيت، (٢٠٢٣)، اهميه الالعاب اللغويه في تعليم اللغات، المجلة الممارسات اللغويه ،المجلد ١٤- العدد ٢، ٢٠٢٣،ص٩٣-١٠٢.

- بصول، خديجة، (٢٠٢٣)، الاتجاه التداولي في تعليمية النحو العربي في المرحلة الابتدائية وفق طريقة حل المشكلات، مجلة الأداب والعلوم الأنسانية، المجلد ٦-العدد١-مارس٢٠٢٣، ص١٣٩-١٥٧.

-بوغرارة، عزيزة و موسى، جمال،( ٢٠١٨)، المنهج التداولي في تعليمية اللغة العربية، مجلة الحكمة للدراسات الأدبية واللغوية، المجلد٦ ، العدد ١٦، ( ٢٠١٨)، ص٢٠٢- ٢١٨ .

- بوفناز، حسين و بوكلوة، مراد، (٢٠٢٣)، استثمار الاستراتيجيه التداويه في تعليم اللغات وتعلمها نحو (مقاربه تداولية)، مجلة الاداب واللغات والعلوم الانسانيه، المجلد ٦، العدد ١، ٢٠٢٣.

-حمو الحاج، ذهبية، (٢٠١٥)، إشكالية تعليم اللغة العربية لغير الناطقين بها في اللسانيات التداولية، مجلة كلية التربية، جامعة واسط، العدد العشرون، (٢٠١٥)، ص٤٣-٧٧.

-الشمس، خالد حوير، (٢٠٢١)، اللسانيات التعليمية: دراسة في المفهوم والتصورات،المجلة الدولية للعلوم الأنسانية والأجتماعية، العدد(٢٦)، اوكتوبر ٢٠٢١،ص٢٩-٤٤.

- صحراوي، مسعود، (٢٠٠٥)، التداوليه عند العلماء العرب- دراسه تداوليه لظاهره الافعال الكلاميه في تراث اللساني العربي، دار الطليعه، بيروت لبنان، ط ١.

- صولة، عبدالله، (٢٠١١)، فى نظرية الحجاج (دراسات والتطبيقات)،مسكيلانى للنشر والتوزيع ،تونس.

- الصويركى، محمد علي حسن، ( ٢٠٠٥)، الالعاب اللغويه ودورها في تنميه مهارات اللغه العربيه، دار الكندي للنشر والتوزيع، عمان.

-عبدالقادر، محمود هلال عبد الباسط، (٢٠١٨)، نموذج تدريسي قائم على النظريه التداوليه في تدريس اللغه العربيه للتنميه مهارات الاستقبال اللغوي والطلاقه اللغويه لدى تلاميذ المرحله اعداديه، مجله كليه التربيه- جامعه عين شمس، العدد الثاني والاربعون، الجزء الثالث-٢٠١٨، ص١٥٩-٢٣٢.

-عبدالعزيز، ناصف مصطفى، (١٩٨٣)، الالعاب اللغويه في تعليم اللغات الاجنبيه، دار المريخ، الرياض المملكه العربيه السعوديه.

- العزاوي، أبوبكر، (٢٠١٠)، الخطاب والحجاج، مؤسسة الرحاب الحديثة، بيروت-لبنان، ط١.

- عكاشه، محمود، (٢٠١٣)، النظرية البراجماتية اللسانية(التداولية)، ط١، مكتبة الاداب-القاهرة.

-عليان، احمد فؤاد، (١٩٩٢)، المهارات اللغويه ماهيتها وطريقه تدريسها، دار المسلم.

- فاخوري، عادل، (١٩٨٩)، الاقتضاء في التداول اللساني، مجلة عالم الفكرة، العدد الثالث، المجلد الثاني، ص١٤١-١٥٦.

-القحطاني، سعد بن محمد، (٢٠١٧)، نحو تدريس الكفاية التداولية في برامج تعليم اللغة الثانية: دراسة تحليلية، مجلة الدراسات اللغوية والآدبية، العدد الثاني، السنة التاسعة،( ٢٠١٧)، ص٢٢-٥٥.

- لطمن، احمد و بن عميور، خالد، (٢٠٢٢)، اهميه الالعاب اللغويه في تنميه مهارتي القراءه والكتابه لدى تلاميذ السنه الاولى ابتدائي، مجله اشكالات في اللغه والادب، مجلد١١،عدد ١، (٢٠٢٢)، ص٥٧-٧٤. EISSN: 2600-6634 / ISSN:2335-1586

-ليتش، جيوفري، (٢٠١٣)، مبادىء التداولية، ت: عبدالقادر قينيني، الطبعة الاولى، أفريقيا الشرق، الدار البيضاء، المغرب.

- مصلوحي، سميره ابراهيم، (٢٠٢١)، اكتساب اللغه الثانيه من منظور وظيفي، السنه الخامسه، المجلد العاشر، العددان التاسع عشر والعشرون، ٣٥٣-٣٧٩.

- مقران، يوسف، (٢٠١٣)، مدخل في اللسانيات التعليميه، دار كنوز الحكمه، الجزائر .

- نحلة، محمود أحمد، (٢٠٠٢)، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، دار المعرفة الجامعية.

-Hanifah, Umi، (٢٠١٢) ، أهمية اللعاب اللغوية في تعليم اللغة العربية، -Jurnal Ilmu Tarbiyah "At-Tajdid", Vol. 1, No. 2, Juli 2012-p279-305

-) Öğr, Üyesi Mariam TEKELİ،(٢٠٢٠) ، مدى أهمية أللعاب اللغوية في زيادة تحصيل المفردات لدى لالاب اللغة العربية للناطقين بغيرها، -Akademik Sosyal Araştırmalar Dergisi, Yıl: 8, Sayı: 102, Mart (2020) .86-96

ئینگلیزی:

GRICE, H. P, (1975), Logic and conversa-- tion, in pater Cole and Jerry Morgan(eds) Syn-tax and Semantics, 3: Speech acts (New York;) ,(academic press, pp:41-68.

LEVINSON, S. C- ,(1997), Pragmatics. Cambridge University Press, London.

YULE, G - ,(2010), The Study of Language, Fourth edition, Cambridge University Press.

YULE, G, (2000), Pragmatics, Oxford uni-- versity press.

## الملخص

لقد اهتمت اللغويات التعليمية،

باعتباره علما جديدا في مجال تعليم اللغات، باختيار برامج تعليم اللغات، التي يمكن أن توفر الكفاءة على استخدام اللغة للمتعلمين، وقد أدى هذا الاهتمام إلى التفكير في تطبيق المناهج التداولية في تعليم اللغات، وفي هذا الصدد، خصص محتوى هذا البحث ((البعد التداولي في تعليم اللغة (الألعاب اللغوية) أنموذجا)) لمناقشة هذا الموضوع، لذا نوقشت في البداية العلاقة بين علم اللغة التعليمية و التداولية وآليات علم اللغة التعليمية في عملية تعليم اللغة، ثم في المحور آخر نوقشت فوائد التداولية وأهمية الكفاءة التداولية والتقنيات اللازمة لإنتاج هذه الكفاءة في الفصل الدراسي. في المحور الأخير، فسرت الأبعاد التداولية لبنية الألعاب اللغوية مع الاستشهاد ببعض الأمثلة، ثم سلطنا الضوء على الأهداف والفوائد ومعايير اختيار هذه الألعاب ودورها في تطوير مهارات اللغة الأساسية، وأخيرا استعرضنا النتائج التي توصلت إليها في الدراسة.

الكلمات المفتاحية: اللسانيات التعليمية، الألعاب اللغوية، االكفاءة التداولية، مهارات اللغة، البعد التداولي.

## Abstract

Pragmatic Aspects in language Teaching (language Games) as a Sample Educational linguistics, as a new and specific field in language teaching, has focused on selecting language teaching programmers, which can provide learners with the competence to use language. This importance has led to thinking about applying pragmatic approaches in language teaching, In this regard, the content of this research ((Pragmatic Aspects in language Teaching (language Games) as a Sample)). was devoted to discussing this topic. Thus, the relationship between educational linguistics and pragmatics and the mechanisms of educational linguistics in the language teaching process were discussed at the beginning. Then, in the last section, the benefits of pragmatics, the importance of pragmatic competence, and the techniques necessary to produce this competence in the classroom were discussed. In the final section, the pragmatic Aspects of the structure of language games were explained, with examples. Then, we highlighted the goals, benefits, and criteria for selecting these games, as well as their role in developing basic language skills, and finally, the results obtained in the study were presented.

Key Words: Educational Linguistics, Language Games, Pragmatic Competency, Language Skills, Pragmatic Aspects.

وەرگرتن ٢٠٢٥/٩/٢٥
پەسەندکردن ٢٠٢٥/١٢/٤

# ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە "خولێک بۆ فێربونی گریان" ی قوبادی جەلیزادەدا

**د. نعمە قرەنی اسماعیل**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین
Neamah.ismail@su.edu.krd

پوختە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە "خولێک بۆ فێربونی گریان" ی قوبادی جەلیزادە)دا. توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی بنەما و ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە دەقە شیعرییەکانی (خولێک بۆ فێربونی گریان)دا. ئیکۆلۆژی وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی نوێ ئەو بوارە زانستییەیە، کە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جۆرەکانی ڕووەک و گیانەوەر و پەیوەندیان بە جیهانی فیزیکیان دەکۆڵێتەوە، واتە ئەو بابەتە ڕەخنەییانە هەڵدەبژێرێت، کە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ژینگەی بایۆلۆژی و فیزیکی دەکۆڵنەوە. ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لقێکە لە لقەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵ و دەرخستنی ئاژەڵان لە دەقی ئەدەبیدا. ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بەرباس خستنی چۆنیەتی وێناکردنی ئاژەڵە لە شیعرە هەڵبژێردراوەکانی "خولێک بۆ فێربونی گریان" دا، بەمپێیە توێژینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی و یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان، لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن شاعیر- قوبادی جەلیزادە- لە ئاژەڵ ڕادەمێنی لە دەقە شیعرییەکانیدا. توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی لە دوو بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم دەروازەیەکی تیۆرییە سەرەتا تیشک دەخاتە سەر ناساندنی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، دواتر جەخت دەکاتە سەر مێژوو و زاراوە و پێناسەی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی. لە بەشی دووەمیشدا بنەما و ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە شیعرە هەڵبژێردراوەکاندا پراکتیزە کراوە.

کلیلە وشە : ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ، ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی، ئاژەڵ، پاراستنی مافی ئاژەڵان، خولێک بۆ فێربوونی گریان.

## پێشەکی

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ( ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە خولێک بۆ فێربوونی گریان ی قوبادی جەلیزادە)دا، توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی بنەماو ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسی لە دەقە شیعرییەکانی (خولێک بۆ فێربونی گریان) و شیکردنەوەیان بە گوێرەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و پاراستنی مافی ئاژەڵان. لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕەخنەی شیکاری بە سوود وەرگرتن لە زانستی ئاژەڵناسی و پاراستنی مافەکانیان بەکارهاتووە. سەرەتا ناساندنێک بۆ ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی بەشێوەیەکی تیۆری کراوە، دواتر لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی و یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵانەوە دەقە شیعریەکانی "خولێک بۆ فێربوونی گریان" شیکردنەوەی پێویستیان بۆ کراوە.

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدایە و لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسییەوە لێکدانەوە بۆ شیعرەکانی "خولێک بۆ فێربوونی گریان" وەکو کەرەستەی پراکتیکی توێژینەوەکە دەکات. ئەو پرسیارنەی لەم توێژینەوەیە وەلام دەدرێنەوە بریتین لە: ئایا پەیوەندی نێوان ئەدەب و گیانەوەران چۆنە؟ چ جۆرە گیانلەبەرێک بەکارهاتووە؟ ئایا مەزراندنی ئاژەڵ لەلای قوبادی جەلیزادە تا چ ڕادەیەک لەگەڵ یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان دێتەوە؟ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵان و ڕەنگدانەوەیان لە دەقە ئەدەبییەکان بە گشتی و لە دەقی "خولێک بۆ فێربوونی گریان" دا بە تایبەتی. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی پێشکەش کراوە، بەشی یەکەم دەروازەیەکی تیۆرییە، چەند بابەتێک لە خۆ دەگرێ، ئەوانیش(ڕەخنەی ئیکۆلۆژی- زاراوە و پێناسە، ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی- مێژوو و زاراوە و پێناسە، ماف و ئەرکی ئاژەڵان لە ڕووی ئاینییەوە، ڕەنگدانەوەی ئاژەڵ لە ئەدەبی کوردیدا). لە بەشی دووەمیشدا تیشک خراوەتەسەر بابەتەکانی(پاراستنی مافی ئاژەڵان "ئازارنەدانی ئاژەڵان، ڕاوەکردن و ئازادبوونی ئاژەڵان، ڕێزگرتن لە ئاژەڵان، شوێن و پەناگەی ئاژەڵان"، ئاژەڵ وەک بەشێک لە نیشتیمان، خۆزگە خواستن بە ژیانی ئاژەڵان) و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەیان لە دەقە شیعرییەکانی " خولێک بۆ فێربوونی گریان "دا.

### پێشینەی توێژینەوە

لە ئەدەبیاتی کوردیدا تەنیا چەند توێژینەوەیەکی کەم لەبارەی ڕەخنەی ئیکۆلۆلۆژیەوە نوسراون، بۆ نموونە: د.سۆران مامەند عەبدوللا/ ٢٠٢٣ "ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا- بەنموونە شیعرەکانی- شێرکۆ بێکەس و سەباح ڕەنجدەر" لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی- شیکارییە، توێژەر سوودی لە زانستی ژینگەناسی وەرگرتووە، تێیدا جەختی کردۆتە سەر ئیکۆلۆژی و ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و جۆرەکانی، ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسیش وەکو یەکێک لە جۆرەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی خراوەتەڕوو.

لە توێژینەوەیەکی تریشدا کە لەلایەن م.عومەر محەمەد سالح، د.هێرۆ عەبدولرەحمان مستەفا ، د. سافیە محەمەد ئەحمەد بەناوی "ڕەخنەی ژینگەیی لە نامیلکەی شیعری (منداڵ و ژینگە)ی (محەمەد داریـــاس)دا" بڵاوکراوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە

پشت بە میتۆدی ڕەخنەی ژینگەیی بەستووە، بە تێكەڵكردنی بواری پەروەردەیی لە ئەدەبی منداڵاندا هەوڵدراوە شیعرەكانی (محەمەد داریاس) لەو نامیلكەیەدا لێكبدرێتەوە، لەم توێژینەوەیەدا ڕەخنەی ئیكۆئاژەڵناسی وەكو بەشێك لە ڕەخنەی ئیكۆلۆژی باسكراوە.

بەپێی زانیاری توێژەر هیچ توێژینەوەیەكی سەربەخۆ و تایبەت لەبارەی ڕەخنەی ئیكۆئاژەڵناسیەوە لە ئەدەبی كوردیدا نەنوسراوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ پڕكردنەوەی ئەم بۆشاییە.

١-١ڕەخنەی ئیكۆلۆژی :زاراوە و پێناسە

لێكۆڵینەوە لە ژینگە(ئیكۆلۆژیا)، بەمەبەستی ئاشكراكردن وڕونكردنەوەی هەڵوێستی مرۆڤ بەرانبەر بە دیاردە ژینگەییەكان و كاریگەرییەكانی پەیدابووە، ئیكۆلۆژیا (ژینگەناسی) (( ئەو زانستەیە كە پەیوەندییەكانی نێوان گیانلەبەران و سروشت و لەلایەكی دیكەشەوە لە كاریگەری نێوان گیانلەبەران دەكۆڵێتەوە)) (حبیب،٢٠١١:٥٠٤)، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو پێكهاتەكانی ژینگە پەیوەندی و كاریگەری لە نێوانیاندا هەیە. بابەتی ژینگەناسی پەلی هاوێشتووە بۆ لێكۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەكان، بۆیە ڕەخنەی ئیكۆلۆژی لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە لە بابەتی ژینگەناسییەوە هاتۆتە ئاراوە، چونكە(( لە قۆناغی دوای نوێخوازییەوە -post modern ism" كە زیاتر ساڵانی حەفتاكان و نەوەدەكانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە- بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیی گۆڕانكارییەكی گەورەی بەخۆوە بینی و چەندان تیۆر و میتۆد و ئاراستەی ڕەخنەیی نوێ هاتنە ئاراوە. لەمانە ڕەخنەی ئیكۆلۆژی))(محەمەد، ٢٠١٨ :٤٣١). ڕەخنەی ئیكۆلۆژی تەنیا لێكۆڵینەوە نییە لە سروشتی لایەنە جوانەكانی ڕووەك و گیانەوەران وەكو ئەوەی لە ئەدەبدا هاتووە، بەڵكو سروشت لێرەدا((مانای تەواوی ژینگەی فیزیكییە كە لە مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ پێكهاتووە))(Mishra, 2016: 168). سیستەمی ژینگەی تەندروست ئەوەیە كە هاوسەنگی نێوان مرۆڤ و جیهانی سروشت بپارێزێت، كە هەردەم لە پەیوەندیدان، بۆیە پێویستە هەماهەنگیەكی تەواو لە نێوان هەموو پێكهاتەكانی سروشدا هەبێ و هیچیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ نەبن.

ڕەخنەی ئیكۆلۆژی-( النقد البیئي --Eco criticism) لە لێكۆڵینەوەكاندا بە چەندین زاراوە و دەستەواژە ناونراوە، وەكو( ڕەخنەی سەوز، شیعریەتی ژینگەیی، ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی،لێكۆڵینەوەی كلتووری سەوز، ئەدەبی سەوز ، ئیكۆلۆژی ئەدەبی)(عەبدوللا ، ٢٠٢٣: ٩٣).

ڕەخنەی ئیكۆلۆژی چەندین پێناسەی بۆ كراوە، بۆ نمونە لە فەرهەنگی "كلیلدان"دا بەم شێوەیە هاتووە، كەوا ڕەخنەی ئیكۆلۆژی ((ئەو ڕەخنەیەی كە لە پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب و گرفتی "مرۆ- سروشتی" دەكۆڵێتەوە و دەیكات بە بنەمای سەرەكی))(بەرزنجی و بەرزنجی،٢٠٢٤: ٢٤١). هەروەها لە گشتگیرترین پێناسەشدا ئەوەیە كە دەڵێت: ((ڕەخنەی ئیكۆلۆژی ئەو جۆرە ڕەخنەیە، كە لەبەر ڕۆشنایی تیۆرێكی ژینگەیی، گرنگیی بە لێكۆڵینەوەی تێكست و گوتارە ئەدەبییەكان دەدات، واتە لەنێو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەكاندا، لە پێگەی ژینگە و سروشت و زەوی و شوێن دەكۆڵێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی خستنەڕووی ڕوانینی نووسەر و هونەرمەندان دەربارەی كێشەو بابەتەكانی ژینگە))(محەمەد، ٢٠١٨: ٤٣٣).

ڕەخنەی ئیكۆلۆژی گەلێك جۆر وبواری لە

ئەدەبدا هەیە، (د.سۆران مامەند) لە تێزی دکتۆراکەیدا بەمشێوەیەی خوارەوە دەستنیشانی کردوون:

١-ئیکۆلۆژیای قووڵ/فەلسەفەی ئیکۆلۆژی

٢-ئیکۆ فیمینیزم/ فیمینیزمی ژینگەیی

٣- ڕەخنەی ئیکۆ شوانکارەیی/ ژینگەیی شوانکارەیی

٤- ڕەخنەی ئیکۆپۆست کۆلۆنیالیزم/ ژینگەیی قۆناغی دوای داگیرکاری

٥-پەیوەندی پۆست کۆلۆنیالیزم بە ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە

٦- ڕەخنەی ئیکۆسایکۆلۆژی/ ژینگەیی دەروونی

٧-جەنگ و ئیکۆلۆژی(ئیکۆلۆژیای جەنگ)

٨- ئیکۆ مارکسیزم/مارکسیەت و ڕەخنەی ئیکۆلۆژی

٩- ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی

١-٢ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی(مێژوو و زاراوە و پێناسە):

ئاژەڵ[1] بە درێژایی مێژوو سوود و گرنگی بۆ مرۆڤ هەبووە، وەکو پێویستیەکانی خواردن و پۆشین و کارکردن، تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئەوکات لەبارەی ئاژەڵانەوە جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ بیرکردنەوەی ئێستا. دوای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لەسەر پشتی زەوی ڕوویاندا، مرۆڤەکان لە کۆمەڵگایەکی شوانکارەیی بەرەو کۆمەڵگایەکی بازرگانی چوون، کە ئەمەش بووە هۆی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ژیانی ئاژەڵان و بە کاڵاکردنیان، هەر لەبەر ئەم مەبەستەش چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی ئاژەڵان لەبوارە جیاجیاکانەوە کراوە. بۆ نموونە لەبواری ڕەخنەی ئاژەڵاندا کتێبی(The Animalizing Imagination) کە لەلایەن(Alan Bleakley)نوسراوە. نوسەر(( لەو کتێبەدا جیاوازی لە نێوان دەرکەوتنی ئاژەڵان دەکات لە سێ کایە یان ڕیزبەندی جیاوازدا: وەک بایۆلۆژی(وشەیی)، دەروونی(خەیاڵی) و چەمکی( ڕەمزی، هێمایی، دەقی)، ئەمە کارێکی جەوهەری بوو بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەخنەی ژینگەیی، چونکە نوسەر زیاتر سەرنجی نەخستوتە سەر بوونی بایۆلۆژی و دەروونی ئاژەڵان، بەڵکو بە تەواوی مانا و هێماکانی ئاژەڵانی لە دەق ، زمان، گوتار و دەروونی لەبەرچاو گرتووە. ڕێبازێکی لەم شێوەیە ڕێگەی بە خوێنەر دا، کە ئاژەڵەکان وەکو پێکهاتەیەکی کلتووری ببینێت و جیاوازی لە نێوان بوونی بایۆلۆژی و مانا ئەدەبییەکانی ئاژەڵ بکات)). (Birzo, 2019: 25)

هەر لەبارەی بابەتی پەیوەندی نێوان ئاژەڵ و ئەدەبدا (Graham Huggan، Helen Tiffin ) ەە کتێبی (Postcolonial Ecocriticism: Literature, Animals, Environment)(ڕەخنەی ئیکۆلۆژی سەردەمی دوای کۆلۆنیالیزم: ئەدەب، ئاژەڵ و ژینگە)دا. کار لەسەر ئەو دەقە ئەدەبییانە کراوە کە لەدوای سەردەمی کۆلۆنیالیزم نوسراون، باس لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە دەکەن، بۆچوونەکانیان لەبارەی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسیەوە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

ا- تاک و کلتوورەکانی مرۆڤ لە ئاست و سەردەمی جیاوازدا لەلایەن گروپە باڵادەستەکانەوە وەک "ئاژەڵ" مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و دەکرێت، کە جینۆسایدی مرۆڤ و بەکۆیلەکردنیان لەهەندێ حاڵەتدا بەردەوامە.

ب- مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵان لەسەر کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ژیان لە پێشبڕکێدان.

پ- هەر هەوڵێک بۆ لێپرسینەوە و بەدواداچوونی

[1] – لەم توێژینەوەیەدا ئاژەڵ بە مانا گشتیەکەی وەرگیراوە، واتە مەبەست لێی سەرجەم زیندەوەران جگە لە مرۆڤ دەگرێتەوە.

جۆرەکانی ئاژەڵان لە دەقەکانی دوای سەردەمی کۆلۆنیالیزم، ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئاژەڵان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، یان پێگەیەکی تایبەتیان پێدراوە کە لە هەندێک حاڵەتدا لە پێگەی مرۆڤ بەرزتر بووە. بۆ نموونە کۆچبەران لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا بە کەمتر لە ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

ت- ئەو منداڵانەی کە برسی دەکران یان ئەو کەسانەی کە دەکوژران، زیاتر دەبنە هۆی نیگەرانی لەچاو نیگەرانی بەرانبەر ئاژەڵان(Huggan and Tif-fin, 2010: 135-137)..

توێژینەوە ڕەخنەییەکانی ئاژەڵان جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ژیانی ئاژەڵان و شێوازی ژیانیان بەردەوام لە گۆڕاندایە. (( "Steven Best" لە وتارەکەیدا بەناوی "سەرهەڵدانی توێژینەوەی ڕەخنەی ئاژەڵان" پێی وایە کە توێژینەوەی لەبارەی ئاژەڵان وەک بوارێکی ئەکادیمی دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا لە ڕێگەی بە خۆماڵیکردنی سروشتی هەرەشەئامێزی ڕەخنەی باڵادەست بوونی مرۆڤ و چەوساندنەوەی ئاژەڵ لەلایەن مرۆڤەکانەوە))(El Kashlan, 2016:609).

زاراوەی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە زمانی عەرەبیدا(النقد الحيواني او النقد اللاانساني) پێ دەگوترێت و لە زمانی ئینگلیزیش زاراوەی (Zo-ocriticism)ە، کە بۆ یەکەمجار لەلایەن( Hel-Graham Huggan، en Tiffin)لە پێشەکی کتێبەکەیان بەکاریانهێناوە.

ئاژەڵ و زیندەوەران وەکو بەشێک لە ژینگە هەر لەکۆنەوە بونەتە سەرچاوەی ئیلهامی نوسەران و ئەدیبان بۆ مەبەستی جیاجیا وەکو ڕەمز یاخود پاڵەوان لەنێو دەقەکان بەکاریانهێناوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە ئاژەڵ وەکو میتۆدێکی ڕەخنەیی کارێکی نوێیە، بەو واتایەی کە ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسی شێوازێکی نوێیە بۆ بابەتێکی کۆن لەناو ئەدەبیاتدا. سەبارەت بە مێژووی دەرکەوتنی (( ڕەخنەی ئاژەڵناسی ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژینەوانەی پەیوەندی بە ئاژەڵانەوە هەیە، ئەم توێژینەوانەش لەسەر فەلسەفە، ئاژەڵناسی و ئایین بنیادنراون))(عەبدوڵڵا، ٢٠٢٣: ١٣٤).

ڕەخنەی ئاژەڵان (( سەرهەڵدانی ڕەوتێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، ڕێبازێکە بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە پەیوەندی مرۆڤ و ئاژەڵ بەیەکەوە لە میانەی دەقێکی ئەدەبیدا. ڕێبازێکی لەم جۆرە دیدگایەک لەبارەی سروشت پێشکەش دەکات لە ڕێگەی گرنگی دانێکی تایبەت بە ئاژەڵان و چۆنیەتی ژیانکردن لەگەڵ مرۆڤەکاندا)) (Limbu, 2020: 4).

ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسی- لە پەیوەندیدا بە سروشتەوە-، ئەوا(( لقێکە لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و بە پلەی یەکەم باسی ڕۆڵ و دەرخستنی ئاژەڵان دەکات لە دەقەکاندا، بە تایبەتی لە دەقە ئەدەبییەکاندا، هەربۆیە ڕەخنەی ئاژەڵناسی وێنەی ئاژەڵان دەخاتە بەردیدی خەڵک و ئاژەڵان زەقدەکاتەوە))(Sen-gupta, 2015: 10). ئەم جۆرە ڕەخنەیە کار لەسەر هەموو بوار و ڕەهەندەکانی وەک( ماف، سوود، جوانی، درندەیی، ئەرک، میهرەبانی و ... هتد)ی ئاژەڵان دەکات.

بایەخدان بە ڕەخنەی ئاژەڵان بەو ڕاستییە ڕوون دەکرێتەوە کە پرسی ئاژەڵ یەکێکە لە کێشە ئەخلاقییە سەرەکیەکان، کە ڕووبەڕووی سەدەی ئێستا دەبێتەوە) (Birzo, 2019: 20، هەر بۆیە نوسەرانی ئەو سەردەمە وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتیمانی بۆ پاراستنی مافی ئاژەڵان بە

ڕوانین و دیدێکی جیاوازەوە ئاژەلان لە دەقەکانیان دەمەزرێنن، کەواتە دەکری بوتریَ ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی کاریگەری لەسەر دەقی ئەدەبیدا هەیە و ئەدەب پەیوەست دەکا بە بابەتێکی زۆر گرنگ ئەویش گرنگیدان و پاراستنی مافی ئاژەڵانە.

١-٣ماف و ئەرکی ئاژەڵان لە ڕووی ئاینییەوە:

لە ئاینی ئیسلامدا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵان هاوسەنگ کراوە، لەبارەی سوود گەیاندنی ئـاژەڵان بۆ مرۆڤەکان و سۆزو بەزەیی و ماف پێدانیان .

هـەنـدێک لـە ئـاژەڵان لـە قـورئـانـی پـیـرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) باسکراون، بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆزدا چەند سورەتێک بە ناوی ئاژەڵان هەیە وەکو سورەتەکانی(البقرة، النمل، النحل، العنکبوت، الفیل، الانعام)، جگە لەمەش لە چەند ئایەتێک وەسف و باسی چەند ئاژەڵێک کراوە، هـەروەک لە سورەتی (النمل) خوای گەورە باسی چەندین زیندەوەر دەکات هەروەک مێروو(مێروستان)، کەوا مێرووەکان وەکو مرۆڤەکان توانای بەڕێوەبردن و چاودێری و ڕێکخستنی مێرووەکانی دیکە و شانشینەکەیان هەیە، هەروەکو شانشینی هەنگەکان بـەووردی ڕێکخراوە و ئەرکەکانیان جیـاوازە. هـەروەهـا لـەم ئایەتانەدا ئاماژە بـەوە دەکـات کە مـێرووەکـان خـاوەن زمـانـی خۆیانن و لەیەکتر تێدەگەن، بۆ نموونە کاتێ پێغەمبەر سولێمان(ر.خ) گوێی لە یەکێک لە مێرووەکان دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی تردا دەکات، کە ئەمەش لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَوَرِثَ سُلَيْمَٰنُ دَاوُۥدَ ۖ وَقَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيْءٍ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْمُبِينُ (16) وَحُشِرَ لِسُلَيْمَٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ وَٱلطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ (17) حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْا۟ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُوا۟ مَسَٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ)(النمل:١٦-١٨). واتە((سولەیمان جێنشینی داودی باوکی بوو،ڕۆژێک وتی: ئەی خەڵکینە ئێمە فێری زمانی باڵندە کراوین و لە هەموو شتێکمان پێ دراوە، بەڕاستی ئەمە هەر فەزڵ و ڕێزێکی ئاشکرایە (لەلایەن خواوە پێمان بەخشراوە)- هەرچی سەرباز و لەشکری سولەیمان هەبوو لە پەری و ئادەمیزاد و باڵندەکان کۆکرانەوە و نمایشیان کرد بەریز و ڕێک و پێکی هەموویان، سەرەتا و کۆتایی یەکیان گرت- هەتا گەیشتە دۆڵی مێروولە، مێروولەیەکیان هاواری کرد و وتی : (بچنەوە ناو ماڵەکانتان، سولێمان و سەربازەکانی با نەتانپلیشێنن لەکاتێکدا ئەوان هەستتان پێ ناکەن) )(محمدامین،٢٠٠٤: ٣٧٨). هەروەها لە سورەتی ئەنعام خوای گەورە دەفەرموێ: ((وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ))(الانعام: ٣٨)، واتە (هیچ زیندەوەر و گیانلەبەرێک نییە بەسەر زەویـدا بـڕوات و هیچ باڵندەیەک بەباڵەکانی بفڕێت، ئەوانیش ئوممەت و گەلێک نەبن وەک ئێوە( لەڕوی دروستبونەوە دڵنیا بن) هیچ شتێک نییە پشت گوێمان خستبێت لە کتێبە(تایبەتیەکەی لوح المحفوظ)دا لـەوەودوا هەر هەموو ئەوانە کۆدەکرێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان (بۆ ئەوەی دادگـایی بکرێت و هـەمـوو کـەس مافی خۆی وەربگرێت، یـان تۆڵەی ڕەوای لێ بسەنرێت) (محمدامین،٢٠٠٤: ١٣٢).

پێغەمبەر(د.خ) لە فەرموودەکانیدا باسی چەند ئاژەڵێکی کـردووە، هـەروەک ئاشکرایە پێغەمبەر مـوحـەمـەد(د.خ) کەسێکی ئـاژەڵـدۆسـت بـووە و ئامۆژگاری خەڵکی کردوو، کە ئەشکەنجەیان نەدەن ونەیانکوژن و برسی و تینوو و زیندانی نەکرێن، هـەروەهـا پێغەمبەر(د.خ) ئـەمـری پێکردووین بە

چاکی و باشی سواری ئەو ئاژەڵانە ببن و نابێ باری زیادیان پێ هەڵبگرن ، چاکەیان لەگەڵ بکەن و ڕێز لە هەستەکانیان بگیرێت، هانی موسوڵمانانی داوە کەوا بە بەزەیی و میهرەبان بن بەرانبەریان، زیندانی کردن و پێنەدانی نان و ئاو بە تاوانێکی گەورە دادەنێت و بە پێچەوانەشەوە چاکەکردن لەگەڵیان دەبێتە هۆی لێخۆشبوون. هەرووەک لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ: ((بَيْنَمَا كَلْبٌ يُطِيفُ بِرَكِيَّة قد كَادَ يَقْتُلُهُ العَطَشُ إذ رَأَتْهُ بَغِيٌّ مِنْ بَغَايَا بَنِي إِسْرَائِيلَ، فَنَزَعَتْ مُوقَهَا فَاسْتَقَتْ له بهِ فَسَقَتْهُ فَغُفِرَ لها بِهِ))(https:// com.hadeethenc )، واتە ئەو ژنە ئیسرائیلیەی کە سەگێکی تینووی ئاوداو چاکەی لەگەڵ کرد، خوا گەورەش لەپای ئەو چاکەیە لێی خۆشبوو، واتە ڕەحم و میهرەبانی مرۆڤەکان بۆ ئاژەڵان، چاکەیەکە خودای گەورە پاداشتی دەداتەوە.

تێڕوانینە ئاینییە- گرنگیدان بە ئاژەڵان- لە دەقە ئەدەبییەکانی نوسەر و شاعیرانی هاوچەرخیش ڕەنگیداوەتەوە.

## ١-٤ ڕەنگدانەوەی ئاژەڵ لە ئەدەبی کوردیدا:

پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئاژەڵ هەر لە کۆنەوە هەبووە، بەگشتی شاعیران ئیلهامیان لە سروشت وەرگرتووە، ئاژەڵانیش وەکو بەشێک لەو سروشتە بۆ چەندین مەبەستی جیاجیا لە شیعرەکانیاندا بەکار هاتووە. لە ئەدەبی کوردیدا هەر لەگەڵ یەکەمین بەرهەمەکانی فۆلکلۆرەوە، ئاژەڵ بۆتە بەشێک و کەرەستەیەکی ئەدەب، بۆ نموونە لە پەندی پێشینانی کوردیدا قسە و باس لەسەر چەندین ئاژەڵ و باڵندە و مێرووەکان کراوە، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێک لەدوای ڕوودانی ئەو چیرۆکەی پشت ئەو پەندەدا، هەرچەندە پەندەکان لەڕواڵەتدا سادەو ساکار دەردەکەون، بەڵام لە قسەی ئاسایی ڕۆژانە جیاوازە، بۆ نموونە لە پەندی:

(هەموو گیاندارێک گۆشت خۆرە بەس ناوی گورگ بەدە)(خاڵ، ؟ : ٤٤).

واتە لەناو کۆمەڵگادا کەسی خراپ زۆرە، بەڵام بەشی زۆری خراپەکان بەسەر کەسی بێبەخت دەشکێتەوە. لەو پەندەدا گورگ سیفەتی مرۆڤی بەدبەختی دراوەتەپاڵ.

نالی وەکو شاعیرێکی کلاسیکی کوردی لەو شیعرەی کە بۆ کەرەکەی نوسیووە بەیەکێک لە سەرەتاکانی دەقی شیعری کوردی دادەنرێت کە هەستی ئاژەڵدۆستی تێدابێ، کە دەڵێ:

هەر کەرێکم بوو چ پەیکەر؟ تەی کەری هەوراز و لێژ
سینە پان و مووچە کورت و شانە بەرز و گوێ درێژ
بن زگ و جەبهەت سپی کلک بژ و دامەن سیاە
یەک کەناس و سێ بڕ و دوو باد و وشەش دانگ و درێژ
کەللە وەک جەررەی شەراب و پڕ نەشات و تەڕ دەماغ
شێری نەڕ ، ئاهوویی بەڕ، گورگی سەفەر قەمچی نەچێژ
مل عەلەم، شیرین قەڵەم، ئاهووشکەم مەیموون قەدەم
سم خڕ و کلک ئێستر و مەنزل بڕ و عارەق نەڕێژ
زەرق و زەراقی وەکو خاکستەر ئەمما بێ غوبار
بەرق و بەراقی وەکو پیرۆزە ئەمما بێ کرێژ
هێندە پێم خۆش بوو زمانی حاڵی دەیگوت (نالی) یا!
هەردوو حەیوانین ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ
درێژ(دیوانی نالی، ١٩٧٦ :٢٢٤-٢٢٨)

لەو شیعرەدا نالی سەرەتا وەسفێکی ڕووکەشی کەرەکەی دەکات، دواتر باسی کەڵک و وەفا و چاکییەکانی دەکات و بەراوردی دەکات لەگەڵ مرۆڤی بێ کەڵک، کە نەک هەر بێ کەڵک بن، بەڵکو زیانیش بە دەوروبەرەکەی دەگەیەنێ. لە کۆتا دێری ئەم شیعرەدا کەرەکە وەڵامی نالی دەداتەوە و دەڵێ: هەردووکمان ئاژەڵین، تەنیا ئەوە هەیە تۆ گوێت کورتە، منیش گوێم درێژ.(خەزنەدار، ٢٠٠٣ : ١٠٩).

كەواتە لێرەدا قسەكردنی كەر و خۆبەراوردكردنی لەگەڵ نالی، شاعیر سیفەتی مرۆڤی داوەتە پاڵی و بەچاوێكی بەرزەوە سەیری دەكات.

هەرچی شیعری نوێ و هاوچەرخی كوردیە، گرنگی دان بە ئاژەڵ و باڵندەكان لە دەقی شیعری شاعیراندا بە ڕوانین و تێگەیشتنێكی جیاوازتر پێشكەش دەكرێن، ئەمەش دوا بـەدوای هەوڵی یونسكۆ بووە كە لەبارەی جاڕنامەی مافی ئاژەڵان كە لە ساڵی ١٩٨٩ لـەلایـەن یەكێتی نێودەوڵەتی مافەكانی ئـاژەڵان داڕێـژراوە و لـە ساڵی ١٩٩٠ بڵاوكرایەوە، كە مەبەستی سەرەكی ئەو جاڕنامەیە ڕێكخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرانی دیكەیە، كە بوە هۆی زەق كردنەوە و زیادبوونی هەستی ئاژەڵدۆستی. بۆیە هێنانەوەی ناوی ئاژەڵ وباڵندەكان بەرگێكی تری پۆشی، بۆ نموونە لە شیعری (دەفتـەری سـوور)ی عەبدوڵڵا پەشێودا، شاعیر پێشنیازی پاراستنی خۆی دەكات لەلایەن یونسكۆوە، هـەروەک چۆن ئـاژەڵان دەپارێزێ و دەڵێ:

وڵاتانی تێری جیهان
دەفتەرێكی سووریان هەیە،
بۆ ئەو مەل و گیاندارانەی
كە كوشتنیان قەدەغەیە.

تكا دەكەم لە یونیسكۆ،
لە دەفتەرە سوورەكەیدا
ناوی منیش تۆمار بكا.
لە ڕاوكەر و بازرگانان
كەوڵ و پێستم ڕزگار بكا.

ئەمن چ بكەم!
نە خزۆكم، خشپەیەک هات،
بۆ زەنۆڵێک تێتەقێنم،
وەک با تەی خەرەند و هەڵدێر و تەلان.
نە دەعباشم،
بە كەڵبە بێچوو هەڵگرم،
كونەشاخێک بكەم بە لان!

ئەمن چبكەم!
نە باڵندەم
دەرگەی ئاسمان ڤەكەم بە باڵ.
نە ماسیشم
ناخی دەریا پەنام بدا و
پەی پێم نەبا چاوی خەیاڵ...
من هەم و نیم دووپێیەكم،
كەچی ئەوا زەردەواڵەی دووپێ دەمخۆن،
تێم ئاڵاون
لە ڕاست و چەپ، لە خوار و ژوور.
سەرتاپام هەمووی برینە،
پەنام بدە،
دەخیلت بم، دەفتەری سوور! (پەشێو، ٢٠١٤: ٢٩-٣٠)

لەو شیعرەدا پەشێو ئاماژە بە بابەتەكانی ماف و بازرگانی كردن بە ئاژەڵان دەكات، خۆی دێنێتە ڕیزی گیانلەبەران و داوای مافی پاراستنی ژیانی دەكات، كەوا دەیبەستێتەوە بە بابەتەكانی سیاسی و نیشتیمان پەروەری و پاراستنی ژیانی لەدەست دوژمنانی میللەتی كورد.

بەمپێیە ڕەخنەی ئیكۆ ئاژەڵناسی كار لەسەر ئەو دەقانە دەكات، كە كاریگەری لەسەر خوێنەر بەجێدەهێڵێت، تاكو ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریان بەرز بكاتەوە و بەچاوێكی جیاوازتر لە پێشتر لە ئاژەڵان بڕوانن، چونكە ڕەخنەگرانی ئەم جۆرەی ڕەخنە پێیان وایە لەمەودوا ئەدەب دەبێ لە ئاستی

قڕکردنی ئاژەڵان و پێشێل کردنی ماف و ئازاردان و بە بازرگانی کردنیان بێ دەنگ نەبن و هەڵوێست وەربگرن.

شاعیرانی هاوچەرخی کوردیش بە پەرۆشی و هەستکردن بەو مەترسیانە و گۆڕانی ڕوانینیان لەسەر ئەو بابەتە بەشێوەیەکی جیاوازتر ئاژەڵ و گیانلەبەر و زیندەوەران لە شیعرەکانیاندا دەمەزرێنن. قوبادی جەلیزادەش یەکێکە لەو شاعیرە بە توانایانەی لەو بوارەدا گەلێک شیعری هۆنیوەتەوە، لە بەشی دوومی ئەم توێژینەوەیەدا بەوردی و لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسییەوە شیعرەکانی (خولێک بۆ فێربوونی گریان)دەخرێتە بەرباس.

## ٢ - بەشی دووەم: بنەما و ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە(خولێک بۆ فێربوونی گریان)ی قوبادی جەلیزادەدا:

ئاژەڵان بە هاوبەشی ڕاستەقینەی مرۆڤ و بە پێکهاتەیەکی سەرەکی دادەنرێت لە سروشت و ژینگەدا. ژیانکردنی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵاندا، زۆرجار بۆتە یارمەتیدەری مرۆڤ و سوود وەرگرتن بۆ بەردەوامبوونی ژیانی پشتی پێ بەستووە، لە بەرانبەریشدا هەندێ ئاژەڵی دیکە هەن بونەتە سەرچاوەی ترس و تۆقین بۆ مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە ژیانە لەنێوان ئاژەڵەکانیشدا هەیە، کەواتە ئاژەڵ ئامادەییەکی زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، هەربۆیە کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتیشدا دەبێت، چونکە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤەکانە، بۆیە هەموو جۆرەکانی ئاژەڵ لە ڕووی ناو و سیفەت و ڕەمز و... لە ئەدەبدا بەرچاو دەکەوێت.

(خولێک بۆ فێربوونی گریان) یەکێکە لە بەرهەمەکانی قوبادی جەلیزادە لە (١٧١)دەق پێکهاتووە، تایبەتمەندی ئەو بەرهەمە ئەوەیە کە هەر شیعرێک لە شتێکدا دەدۆزێتەوە و دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە خودی شیعرسازی زیاتر پرۆسەی دۆزینەوەیە نەک ئیلهام وەرگرتن لە پەیامهێن، بەڵکو دەبێ شاعیر شوون هەڵگربێت و جێ پێی شیعر هەڵگرێت و خاوەن بیبین و چاویلکەی تایبەت بێت. شاعیر لەو دەقانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵگری جیهانبینی ژینگەییە و زۆر گرنگی بە سروشت و ژینگە و مەسەلەی بابەتی ژینگەدۆستی داوە، هەموو بەش و پێکهاتەکانی ژینگە ئامادەیی لە شیعرەکانیدا هەیە. لەم توێژینەویەدا ئەو شیعرانەی پەیوەندی بە ماف و ئەرکی ئاژەڵ و ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسییەوە هەیە دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پشت بەو بابەت و ڕەهەند و تێکچڕژانەی نێوان ئەدەب و ئاژەڵ ببەستین و کار لەسەر جاڕنامە و مادەدە و یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان بکەین.

### ٢-١ پاراستنی مافی ئاژەڵان:

جاڕنامەی جیهانی مافی ئاژەڵان لە ساڵی ١٩٨٩ لە پاریس جاڕدرا. لە دەقی جاڕنامەکەدا ژیانی هاوبەشی گیانلەبەران و فرەچەشنی بونەوەران و دۆخ و پەرەسەندنیان لەبەرچاو گیراوە، کە ئەوانیش خاوەن مافن و ئەم جیهانە هەر تەنیا هی مرۆڤ نییە، بەڵکو بونەوەرانی دیکەش مافی خاوەنداریەتیان لەسەر ئەم زەویەدا هەیە. لەپەرلەمانی کوردستانیش چەند جارێک پرسی ماف و پاراستنی ئاژەڵان خراوەتە بەرنامەی کار و یاسای پێ دەرچووە، کۆتا یاسا، یاسای ژمارە(١٤) لە ساڵی ٢٠٢٢ دەرچووە لەچەند ماددەیەک پێکدێ و پاراستنی هەموو جۆرەکانی غەیرە مرۆڤ و بەتایبەتی ئاژەڵی ماڵی و بێلانەکان خراوەتە بەرباس ، تەوەرەکانیش بریتیبوون لە ( پاراستن، تەندروستی،

شوێن و پەناگە، بازرگانیکردن، ئازاردانی بە ئەنقەست، ژەهراویکردن، کوشتنی بەشێوەی دڕاندانە، زیندانیکردن، زۆر خۆراک پێدان بە مەبەستی زیادبوونی کێش، شێوازی گواستنەوەیان، بەکارهێنانی ئاژەڵ لە تاقیکردنەوەکاندا بۆ مەبەستی پزیشکی،... هتد)بوو. پێشێلکردنی هەر ماددەیەک لەو یاسایە سزای خۆی هەیە.

ئەو بابەتانەی سەرەوەو چەند بابەتێکی دیکەش کە پەیوەندی بە نەمانی نەژادی جۆرە دەگمەنەکان و پاراستنی مافی ئاژەڵ و گیانلەبەر و زیندەوەرانی کێویە، تەوەری گرنگی داکۆکیکردنە لە دەستەبەرکردنی ماف و ئەرکی ئاژەڵان، چونکە (مافی ئاژەڵان بنەمایەکی ئەخلاقییە لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە ئاژەڵەکان شایەنی ئەوەن بەو شێوەیە بژین کە دەیانەوێت، بەبێ ئەوەی ملکەچی خواستەکانی مرۆڤ بــن(zaniary.com)) شنە شەماڵ ١٥/١١/٢٠٢٣) پێویستە مرۆڤ ئەوە قبوڵ بکات کە بەشێکە لە سروشت و دوورکەوێتەوە لە قۆرخکاری.

قوبادی جەلیزادە وەکو شاعیرێکی هاوچەرخ و نوێخوازی کوردی، بە پەرۆشی و هەستکردن بەو مەترسیانە و گۆڕانی ڕوانینیان لەسەر ئەو بابەتە بەشێوەیەکی جیاوازتر ئاژەڵ و گیانلەبەر و زیندەوەران لە شیعرەکانیدا دەمەزرێنێ. لە خوارەوە هەندێک لەو بنەما و مافانە لە دەقە شیعریەکانی(خولێک بۆ فێربوونی گریان)دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.

۲-۱-۱ ئازارنەدانی ئاژەڵان :

ئازارنەدانی ئاژەڵان و پاراستنیان و مافی مانەوەیان لەژیان و ژینگەی سروشتی خۆیاندا، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسی، کە ئەمەش خۆی لە چوارچێوەیەکی گشتگیرتر دەبینێتەوە ئەویش ڕەخنەی ئیکۆلۆژییە، بۆیە لە ئەدەبیاتی کوردی و بەتایبەت لە شیعرەکانی "قوبادی جەلیزادە" ئەم مەسەلەیە نرخ و بەهایەکی زۆری پێدراوە و بە خەم و ئازارێکی زۆرەوە؛ ئەم ئازار و ئەشکەنجانەی بەرامبەر ئاژەڵان دەکرێت خستوویتەڕوو، ئەگەر سەیری دەقی شیعری (قرووسکە) بکەین، کاتێ دەڵێ:

هەریەکەو دارلاستیکی بەدەستەوەیە،
چۆلەکە پێ دەکوژێ و
گلۆپی سەر دارتێلەکان پێ وردوخاش
دەکا
کە سەگێک،
پشیلەیەک
بە کۆڵانەکەماندا، تێدەپەڕێت
بەرد بارانی دەکەن.

ئەگەر لەناونیشانی دەقەکەوە دەست پێ بکەین شاعیر وشەی ( قرووسکە) ی هەڵبژاردووە و کردوویەتی بە ناویشانی دەقەکەی، هەڵگری مانا و دەلالەتی ژینگەییە و دەچێتە ئاراستەی ئیکۆ سەنتەر و گوزارشت لە ئێش وئازاری ئاژەڵان دەکاتەوە، کە بە واتای نوزانەوەو ناڵاندنی سەگ دێتن لەکاتی ئازاردان، شاعیر لەناو دەقەکەدا باس لە کۆمەڵێک ئاژەڵ دەکات، دەیبەستێتەوە بە ڕابردوو و ئێستایی ژیانییەوە، ئەویش ئازاردانی ئاژەڵەکانە لەلایەن منداڵانی گەڕەکەوە هەر لە کۆنەوە وەک دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگەی کورد بوونی هەیە و بەردەوامیشە، بۆیە قوباد دەیەوێت لەڕێگە ئەم جۆرە شیعرانەوە هۆشیاری ژینگەیی و فێری کلتووری پاراستن و خۆشویستنی ئاژەڵەکانمان بکات، پەیامێکیشە بۆ ئەوەی منداڵەکانمان پەروەردەیەکی کلتوری ژینگەیی و بەتایبەتی هەستی خۆشەویستی و ئاژەڵدۆستیان

بکەین. ناوبراو بۆیەش ناوی ئەم ئاژەڵانی (چۆلەکە، سەگ، پشیلە) هێناوە، تەنانەت ئەم ئامراز و ئامێرەشی دەسنیشانکردووە، کە ئاژەڵەکانی پێ ئازار دراوە، ئەویش( دارلاستیکە و بەردە) بەژینگە و واقیعیی کۆمەڵگەی کوردییەوەی گرێداوەتەوە، چونکە لە کۆلانەکان و کۆمەڵگەی کوردی زیاتر ئەمانە دەبیندرێن و لەلایەن مرۆڤەکانەوە ئازاروئەشکەنجە دەدرێن. شاعیر وەک ئاژەڵدۆستێک و مافپەروەرێکی ئاژەڵان، ب هەستێکی قووڵ و خەمێکی ئیکۆلۆژییەوە ئەم دەقەی نووسیوە، بەمەش دەقەکە دەبێتە دەقێکی تەواو ئیکۆئاژەڵناسیی و دەچێتە خانەی ئیکۆسیستەمەوە، کە ئامانجی دادپەروەری ژینگەیی و مانەوەی سوڕی ژیانە.

شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێ:

ئێمە بیرمان چوو بە منداڵەکانمان
بڵێین؛
خودا،
پشیلەی خۆشگەرەکە،
هەر بۆیە؛
مشکی بۆ خولقاندووە.
سەگ برای ئێوەیە،
خودا لەنگۆی خۆشتر ویستووە،
بۆیە؛
سەگاندویەتی و
سەررێژی کردووە لە وەفا! (جەلیزادە٢٠٢٢: ١٣٥)

قوباد لەم دەقەدا، دەربڕینی (خودا پشیلەی خۆشگەرەکە)هێناوەتەوە، شاعیر خۆشەویستی خودا بۆ پشیلە پیشاندەدات، یان لە دەربڕینی(سەگ برای ئێوەیە)دا، سەگی وەکو هاوەڵی مرۆڤ پیشانداوە، بگرە خودا سەگی لە مرۆڤەکانیشی خۆشتر ویستووە و جوانترین سیفەتی پێ بەخشیووە ئەویش (وەفا) یە. شاعیر وەکو ئاژەڵدۆستێک دەیەوێ بڵێ: پێویستە ئێمەی مرۆڤ تا ئەو ئاستە ڕۆشنبیربین کەوا منداڵەکانمان فێربکەین و وشیاریان بکەینەوە و ئامۆژگاریان بکەین، کە لەڕووی ئەخلاقی و ئایینیەوە نابێ ئاژەڵان ئازاربدەین، هیچ ئاژەڵێک بۆ ئەوە دروست نەکراوە تا ئازاری بدەین و هیچ ئاژەڵ و باڵندەو گیانلەبەرێک زیاد نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ هاوسەنگی سروشت پێویستن، چونکە ئەوانیش مافی ژیانیان لەسەر ئەم زەوییەدا هەیە.

### ٢-١-٢ ڕاونەکردن و ئازادنەبوونی ئاژەڵان:

گرتن و ڕاوکردنی ئاژەڵان لەلایەن مرۆڤەکان و ڕێگە نەگرتنی سیستەم و سیاسەتی دەسەڵاتی وڵات بۆ ئەو دیاردەیە بۆتە هۆی ترس و سەندنەوەی ئازادی لە ئاژەڵەکان، هەرچەندە بە پێی ماددەکانی یاسایی پاراستنی مافی ئاژەڵان بەتایبەتی ئاژەڵی کێوی و دەگمەنەکان ئەمە تاوانە و سزای یاسایی لەسەرە. جێبەجێنەکردنی سزاکەش مەترسییەکی گەورەترە لەسەر ژیانی ئەو ئاژەڵانە. ئاژەڵ وەکو بەشێک لە ئیکۆ سیستم، لەناوبردن و ڕاوکردنیان، تەنانەت پشتگوێ خستنیشیان دەبێتە هۆی لاسەنگ بوونی ژینگە و مەترسی لەدواوەیە. ڕاوکردنی ئاژەڵان لەلایەن مرۆڤەوە بۆ چەند مەبەستێکەوەیە، وەک( بازرگانی، پێویستی خۆراک، بۆ خۆشی گەیاندن، بەکارهێنانیان لە تاقیکردنەوەکان، ...هتد)، قوباد لەبارەی ڕاوکردن و هۆی ڕاوکردنەکەی لە شیعری(یەکەم جار)دا دەڵێ:

پۆڕێکی قەڵەوم ڕاوکرد
و
لەسەر ئاگردانێدا برژاندم
منداڵێک،
لەبرسانا زگی دەگوشی
یەکەم جارم بوو باڵندە ڕاو بکەم (جەلیزادە٢٠٢٢: ٢٠٠)

لەم دەقەدا شاعیر ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ڕاوکرنی باڵندەی پۆڕ کردووە، کە بۆ مەبەستی ڕزگاربوونی منداڵێک بووە لە برسیەتی وەکو جۆرێک لە سوود گەیاندن هاتووە، بە واتایەکی دیکە مرۆڤ و ئاژەڵ تەواوکەری یەکترن لە پێکهێنانی سروشتدا، بۆیە ئەمەش تا ڕادەی پێویستی ڕێگە پێدراوە و لە ڕووی ئایینییەوەش خوای گەورە گۆشتی هەندێک ئاژەڵی حەلاڵ کردووە، شاعیر هەرچەندە وەکو کارێکی مرۆڤانە باسی دەکات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لەگەڵ ڕاوکردنی ئاژەڵاندا بێ، چونکە هەر لە ناونیشانی دەقەکەوە نیاز پاکی خۆی ڕادەگەیەنێ و لە کۆتا دێریشدا دووبارەی دەکاتەوە ، کە یەکەم جاریەتی ڕاوی ئاژەڵ بکات.

شاعیر لە شیعری (هەڵفرین)دا دەڵێ:

لەگەڵ پیاوە جوانەکاندا، مەستبووین
شەو زۆر درەنگ گەڕاینەوە شار
داروو بەرد،
وێنەی ژن و پیاوە پالاوتەکانی پەرلەمان بوو
پڕ بووین لە؛
بێتاقەتی و
هێڵنج.
پێچم کردەوە بۆ باخچەی ئاژەڵان
ملوانکەیەکم کردە گەردنی خاتوو مەیمونێک، کە
مۆزێکی بەدەستەوە بوو
بەکارمامزێکی دیلم گوت، بۆ تا هەنووکە نەخەوتووی
کیژۆڵەی چاوڕەش
دەستم بە بژی ئەسپێکی سپی داهێنا دەتگوت ئاوریشمە
بە بێجامەی میلمیلەوە پاڵکەوتبوون- ڕەوە کەرێکی
زێبرا
پۆلێک کۆتری پەڕ لەپێ، خەونیان بە هەڵفرینەوە دەبینی.
کەڵەشێرێکی ڕەنگاوڕەنگ ژێیەکانی قورگی دۆزان
دەکردو خۆی گیف کردبووەوە بۆ بانگدان.
(جەلیزادە٢٠٢٢: ١٠١)

شاعیر لەم شیعرەدا کۆمەڵێک ئاژەڵی کێوی و ماڵی لە شوێنێکی تایبەتی دروستکراوی دەستی مرۆڤەوە مەزراندووە، خودی ناو هێنانی- باخچەی ئاژەڵان- واتە سەربەخۆنەبوونیان. ئاژەڵدۆستان بەردەوام داکۆکی لەسەر یاسای ئازادبوونی ئاژەڵان دەکەنەوە، کە ئەمەش خاڵێکی بەهێزە لە یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان و لە ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسییەوە گرنگی تەواوی پێدەدرێ، بابەتی ڕاوکردن و دەست بەسەرداگرتنی هەر یەک لەو ئاژەڵانە لەلایەن مرۆڤەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەواوی سیستەمی ژینگەیی و ژینگەی ئاژەڵان دەبێت، چونکە بوونی ئاژەڵان لە سیستەمی ژینگەدا پێویستیەکی حەتمییە، هەرچەندە باخچەی ئاژەڵان وەکو شوێنێکی گەشتوگوزاریی دروست دەکرێت و خەڵک کاتێ سەردانی دەکات و لە نزیکەوە دەیانبینێ چێژ لە سەیرکردنیان وەردەگرێ، بەڵام پاراستنی مافی شوێنی حەوانەوە و خواردن و مامەڵەکردن لەگەڵیان ڕەنگە وەکو پێوست نەبێ. شاعیر لەو شیعرەدا خۆی- مرۆڤ- سەربەخۆ و ئازادە کە مەست و بێ خەم و دڵخۆشە، ڕوو لە باخچەی ئاژەڵان دەکات کە پێچەوانەیەتی، ئەمەش ڕێک دژی بیروبۆچونەکانییەتی، بۆیە قوبادی جەلیزادە لەو ڕوانگەیەوە دەیەوێ ئەگەر نەشتوانێ ڕێگری لەو مەترسی وێرانکارییەی بەسەر سروشت بە گشتی و ژینگەی ئاژەڵان بە تایبەتی دێ بکات، ئەوا لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە پەیامی سەربەخۆبوونی ئاژەڵان

و خۆشەویستی بۆ تـەواوی پێکهاتەکانی ژینگە بڵاوبکاتەوە، جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئـاژەڵان پیشان بدات، چونکە ئاژەڵ و مرۆڤ لە ژینگەدا دوو پێکهاتەی گرنگن.

### ٢-١-٣ ڕێزگرتن لە ئاژەڵان:

ڕێزگرتن لە ئاژەڵان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسییەوە، هەروەها یەکێکە لەو خاڵانەی کە لە یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان جەختی لەسەر کراوەتەوە، لەلای شاعیر ڕێزگرتن لە چۆلەکەیەکی مردارەوەبوو ئەو پەڕی ماف پێدانە، چونکە( ڕەگەزی باڵندەکان بەهۆی ڕەنگاو ڕەنگی پەڕیان و ئـاوازی دەنگیان هەمیشە جوانییەکی تایبەت بەم گەردوونە دەبەخشن، ئەمە جگە لەم سـوودەی کە بۆ گواستنەوە و گەیاندنی تۆوی گوڵەکان و خزمەتکردنی دار و درەخت ئەنجامی دەدەن)(عەبدوڵڵا، ٢٠٢٣: ٣١١). بۆیە باڵندەکانیش وەکو بەشێک لە ژینگەوە شاعیر لە شیعری(پرسە) دا بەم جۆرە ڕێزی لێ دەگرێ و دەڵێ:

لەناو باخەکەماندا،
چۆلەکەیەک مردار ببۆوە
ئاوسابوو.
مێرووله گۆشتەکەیان دەکێشایەوە شار.
بەپەلە؛
مێرولەکانم لێ دەرکردو
کفنێکم بۆ بڕی لە قوماشی گیا
بە تەنیشت بنکە گوڵێکەوە گۆڕێکم بۆ هەڵکەندو
ناشتم.
لە گەڵای ڕۆبینیا خێوەتێکم بۆ هەڵدا
هەرچی باڵندەو
هەنگ و
پەپولەبوو،
بۆسەرەخۆشی هاتن.
بۆ پێشوازی،
پۆلێک قومری بەپێوە وەستابوون
هەرسێ ڕۆژی پرسەکەش
کەناری ئاوازی دەخوێند.(جەلیزادە٢٠٢٢: ١٠٤)

شاعیر لەم شیعرەدا باس لە ماتەمینی و پرسەی مردوان دەکات، هەروەک چۆن مەراسیمی ناشتن و دانانی پرسە وەکو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەیە. ئەمەش بۆ ڕێزگرتن و دوایـین وەفـایە بۆ کەسی مـردوو و دڵنەوایی کەسە نزیکەکانیەتی، شاعیر دەیـەوێ ئەو ڕێز و وەفایە لە کۆمەڵگەی ئاژەڵانیشدا بەرجەستە بکات. لەم دەقەدا هەموو پێکهاتەکانی ژینگە لە خزمەتی یەکتردان. کفنی چۆلەکە لە قوماشی گیایە و خێوەتی دانانی پرسە لە گەڵای ڕۆبینیایە و بەڕێوەبردنی مەراسیمی پرسە لەلایەن چەند باڵندە و زیندەوەرێک بەڕێوە دەبرێت. ئەم شیعرە لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیەوە پڕیەتی لەو وشە و دەستەواژانەی کە دەلالـەت لە ژینگە و سروشت دەکـەن. پەیامی سەرەکی شاعیر لەم دەقەدا خستنەڕووی هەستی ڕێزگرتنە لە ئـاژەڵان هـەروەکو مرۆڤەکان، واتە یارینەکردن و بریندارنەکردنی هەستی ئاژەڵانە لەبەر ئەوەی هەندێکجار ئەو ڕێزنەگرتن و یاری کردنە کاردانەوەیەکی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە و ڕەنگە ئاژەڵەکان ئازاری مرۆڤەکان بدەن، بۆیە شاعیر وەکو کەسێکی ئاژەڵدۆست و مافپەروەرێکی ئـاژەڵان ، ئـاژەڵان هاوتایی مرۆڤەکان دەکـات و ئامانجی پاراستنی مافەکانیانە، چونکە ئاژەڵیش وەکو مرۆڤ مافی خۆی هەیە و دەبێت مافەکانی پارێزراوبن.

٢-١-٤ شوێن و پەناگەی ئاژەڵان:

هەموو ئاژەڵێک چ ماڵی بێ یان کێوی پێویستی بە شوێنێکی مانەوەی شیاو هەیە. ئینجا سەر لق و پۆپی دارێک بێ یان کولانە و درزێکی ژێر زەوی بێ، یاخود دارستان و ڕووبار و چیا و پیدەشت و بیابانەکان بێ. پێویستە مافی شوێنی حەوانەوەیان پێ بدرێت، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی و خاڵێکی گرنگە لە یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان. لەم بارەیەوە شاعیر لە شیعری(متمانە)دا دەیەوێ لە ڕێگەی هاوشوێنبونیان متمانەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵان بگەڕێنێتەوە و دەڵێ:

لەسەر لقی درەختێک هەڵنیشتم
بەنیازبووم،
لەنێو دارستانەکەدا لانەیەک چێبکەم،
درەختێک پێی گوتم؛
بڕۆ مۆڵەت لە کۆتر وەرگرە

لەقەراخ ڕووبارێکدا،
حەزم کرد کوختێک دروست کەم و
تیایدا بحەویمەوە.
قرژاڵێک پێی گوتم
پێشەکی بڕۆ،
بۆقێک بکە هاوڕێت.

ویستم لەبن کەپری مێوێکدا،
سەرخەوێ بشکێنم.
هەنگ پێی گوتم؛
جارێ بچۆ،
دەستبکەرە ملی گوڵ و
دڵی پەپوولە ئاشت کەرەوە ( جەلیزادە٢٠٢٢: ٧٥)

هەستی ژینگەدۆستی و ئاژەڵدۆستی شاعیر پڕاو پڕە، دەیەوێ بە شێوەیەکی ئاشکرا بیروبۆچونی خۆی نیشانبدات، لە ڕێگەی ئەو دەقەوە متمانەی لەگەڵ یەکتری ژیانکردن بۆ مرۆڤ و گیانلەبەرەکان دروست بکات، کە ئیتر مرۆڤەکان هیچی دیکە ئاژەڵان ئازارنادەن و مافیان لێ زەوت ناکەن، لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان خۆی و ئەواندا پەیامی داگیرنەکردن و زەوتنەکردنی شوێنی ژیانیان بەگوێی مرۆڤەکاندا دەچرپێنێ و بە مافی ڕەوای ئاژەڵانی دەزانێ کە لە شوێنێکی گونجاودا بژین. لەم شیعرەدا جگە لە ناو هێنانی کۆمەڵێک ئاژەڵ، چەند شوێنێکی تایبەت بەو ئاژەڵانە هاتۆتەوە، ئەم شوێنانەش(سەر لقی دار، لانە، قەراخ ڕووبار، دارستان، کوختێک، بن کەپر) کە دەلالەتێکی ژینگەییان هەیە و بە سروشت و ژینگەی کوردستانی بەستۆتەوە. بەمەش دەقەکە دەبێتە دەقێکی تەواو ئیکۆ ئاژەڵناسی و ئامانجی چەسپاندنی ماف و دادپەروەری ژینگەییە.

٢-٢ ئاژەڵ وەک بەشێک لە نیشتیمان:

نیشتیمان بە چەمکە گشتییەکەی مرۆڤ و سروشت لەخۆدەگرێت. سروشتیش هەموو پێکهاتەکانی(ئاو و هەواو خاک و زیندەوەران) دەگرێتەوە. ئاژەڵانیش وەک بەشێکی دانەبڕاو لەو نیشتیمانە لە هەرچی ڕوداووی خۆشی و ناخۆشییە تیاییدا بەشدارن، هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو جۆرێک لە هاوڕێیەتی و سوود گەیاندن لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا هەیە، ئەم پشکداربوونەی ئاژەڵان لەم نیشتیمانە خاڵێکی بنەڕەتییە بۆ پاراستنی تەندرووستی و سەقامگیربوونی ئیکۆسیستەم. قوباد لە شیعری (دارشەق)دا، بە هەستێکی پڕاوپڕی ئیکۆلۆژیانەوە دایڕشتووە، کە ئەنجامی جەنگە جیهانییەکان چەند

كاریگەرییەكی خراپ و زۆریان لەسەر ژینگە و سروشت و ئاژەڵاندا دەبێ. جەنگەكانی لەیەكتر جیاكردۆتەوەو بەسێ مەوداو كاتی جیاواز و سێ كاریگەری و ئاكامی جیاواز باسیان دەكات و دەڵێ:

لەشەڕی یەكەمدا
تەنیا مرۆڤەكان
كەم
ئەن
دام
دەبوون.
لەشەڕی دووەمدا
باخ و
پەپوولەو
كەروێشكیش.

لەم دوو پارچە شیعرەدا شاعیر ئاماژە بۆ جەنگی یەكەم و دووەمی جیهان دەكات، كە لە سەدەی ڕابوردوو ڕوویانداوەو چ ئەنجامێكی خراپی لەسەر مرۆڤ و گیانلەبەران هەبووە، قوباد ئەوەندە بە شارەزایی و وردییەوە باسی ئەم جەنگانەی كردووە، تەنانەت بە دیوێكی شاراوە و دەلالەتی پشت وشەكان پێمان دەڵێت: ئەگەر جەنگی یەكەم كاریگەری كەمبووە لەسەر جیهان، ئەوا جەنگی دووەم بەهۆی بەرەوپێشچوونی تەكنەلۆژیا و دروستكردنی ئامێری پێشكەوتووی جەنگی و چاوچنۆكی وڵاتانی زلهێز بۆ داگیركاری و فراوانكردنی سنووری جوگرافی لە ڕووی ئابووری و سەربازی و پیشەسازی...تاد، زەرەوزیان و وێرانكارییەكان زۆر لەوەی زیاتر بوو، بەجۆرێك ئاژەڵانیش لێبەدەر نەبوون، بۆیە شاعیر گیانلەبەرانی وەكو بەشێكی گرنگ و تەواوكەری مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییەدا هێناوەتەوە. پێمان دەڵێ ئەوانیش گرنگن و نابێ ببنە هۆی قوربانی جەنگی مرۆڤەكان و پاراستنیان لە ئەستۆی ئەواندایە.

لە كۆتاییشدا ئاماژە بۆ جەنگی سێیەمی جیهانی دەكات كە ڕەنگە لەداهاتوودا ڕوبدات و دەڵێ:

لە شەڕی سێیەمدا
دەبێ بیر بكەینەوە لە سازكردنی،
كورسییەكی كەمئەندامی بۆ هەتاو
دارشەقێك بۆ هەواو
دوو چاوی شووشەش بۆ ئاو.(جەلیزادە٢٠٢٢ : ٨٥)

شاعیر پێشبینیەكانی خراپتر دەبێ و زەنگێكی مەترسیدارتر لێدەدات، بەوەی ئەگەر جەنگی سێیەمی جیهانی ڕوووبدات، ئەوا بەهۆی جۆرەها چەكی ئەتۆم و ژەهراوی كە بەشێوەیەكی پێشكەوتوو دروستكراون و بەرهەم هاتوون . لە ئەگەری بەكارهێنانیاندا دەبێتە هۆی ئیفلیج بوونی هەموو جومگەكانی ژینگە و كاریگەریەكی دوور مەودا لەسەر تەواوی پێكهاتەكانی( هەتاو- هەوا- ئاو) ی سەر زەوی دروست دەكات. ئەم وێران بونەی ژینگەش دەخاتە ئەستۆی وڵاتانی زلهێز.

شاعیر لە شیعری(بیابان)دا دەڵێ:

گوندێك و
كەڵەشێرێك و
مێگەلە مەڕێك و
شوانێك و
سەگێك هەبوون.
لێ؛
لەپڕ بزربوون.
پێدەشتێك هەبوو
ئەسپێكی سپی یاڵ ڕەش،
تیایدا،
دەلەوەڕاو غاردانێی دەكروو
دەیحیلاند
لێ لەبەرچاو بزربوون.

.....
لێرە؛
ڕووبارێک هاژەی دەکرد،
ماڵی؛
ماسی و
قرژاڵ و
بۆق و
کیسەڵ بوو.
لەپڕ وشکی کرد.
....
کۆترێک گەبوو سپی سپی
لە ئینجانەی هەموو بانیژەیەک
زەیتونی دەلەوەڕاند،
باڵی شکاو بەربۆوە خوارێ و مرداربووەوە.
لەبن سواندەی ماڵی بێوەژنێک
دوو پەرەسێلکە،
بەدوو هێلکەوە، هێلانەیان چۆڵ کردوو
هەڵفڕین
بەرە بەرە
هێواش هێواش وردە وردە
چۆڵ و هۆڵ دەبێ- نیشتیمان (جەلیزادە٢٠٢٢: ١٩٠-١٩١)

کاتێ سەیری ناونیشان و کۆتا دێڕی شیعرەکە دەکەین، شاعیر وشەی(بیابان)ی بۆ ناونیشانەکە داناوە کە بە مانای شوێنێکی وشک و ژینگەیەکی سەختی دژە ژیان دێت، لەگەڵ(چۆڵ و هۆڵ دەبێ- نیشتیمان) کۆتا دێڕە، شاعیر جۆرە پێکچوونێکی لە نێوانیاندا کردووە، لەوانەیە لەڕووی ئەو بارودۆخە سەختە بێت کە نیشتیمان ڕووبەڕووی بۆتەوە. قوبادی جەلیزادە مەبەستی بارودۆخی سیاسی کوردستانە کە چەندین ساڵ خەڵکەکەی بە دەستی دوژمنانی گەلی کورد تووشی نەهامەتی و دەربەدەری بوونە، واتە مەبەستی لەو زوڵم و ستەمەی ڕژێمی پێشووی عێراقە کە حزبی بەعس بەرانبەر میللەتی کورد کردوویەتی و ئاماژە بە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و چۆڵکردن و سوتاندنی گوندەکان و ڕاگواستن و وشک بوونی کانیەکانی کوردستان دەکات. ئەمانە بونەتەهۆی کوشتن و بریندابوونی هەزاران کوردی بێ تاوان ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە بەهۆی بەشداربوونی ژینگە و سروشتی باخ و گوند و کانی و کێڵگە و تەواوی ئاژەڵان لەو نیشتیمانە، بێگومان ئەوانیش بێ بەری نەبوونە لەو کارەساتانە، شاعیر بە کارەکانی(بزربوون، وشکی کرد، مرداربوو، چۆڵکرد)و ناوهێنانی کۆمەڵێک ئاژەڵ ئەو کارەساتانە پیشان دەدات، کە مەبەستی چۆڵبوونی ناوچەکەیە چ گیانیان لەدەست دابێت، یان کۆچیان بۆ ناوچەیەکی دیکە کردبێت، قوباد پەیامی ئەوەیە دەیەوێ لە ڕێگەی ئەو شیعرەوە باس لە پاراستنی ژینگەی سروشتی و ژینگەی مرۆڤایەتی بکات، کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و بەیەکەوە سوڕی ژیان تەواو دەکەن.

## ٢-٣ خۆزگە خواستن بە ژیانی ئاژەڵان:

بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی بە دید و تێڕوانینی جیاواز ئاژەڵان لە دەقە شیعریەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام لای شاعیرانی هاوچەرخ و بەتایبەتیش قوبادی جەلیزادە بەشێوەیەکی جیاوازتر دەمەزرێنرێت، چونکە ئەو لەڕوانگەیەکی ژینگە دۆستی و ئاژەڵدۆستیەوە دەقەکانی دەهۆنێتەوە و ئەم بابەتە لەلای ئەو گرینگیەکی زۆری پێدراوە. هەرچەندە لەلای زۆربەی مرۆڤەکان وا باوە کە بەچاوێکی کەمتر سەیری ئاژەڵ دەکرێت و زۆربەی جار دەچەوسێنرێنەوە، بەڵام شاعیر تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە و لە ژیانی مرۆڤبوونی خۆی بێزارەو

خۆزگە بە ژیانی غەیرە مرۆڤ( زیندەوەر و ئاژەڵ وپەلەوەر و گیانلەبەران) دەخوازێ و لە شیعری (مارمیلۆق)دا دەڵێ:

حەزدەکەم ببم بە قالۆنچە،
پشقلێکی زل بدەمە پێش خۆم و بیگەیەنمە ماڵەکەم
تا زستان بەسەر دەچێ،
من و بێچووەکانم نەیەینە دەرەوەو
لەو قاورمە خۆشە بخۆین

شاعیر لەم پارچە شیعرەیدا دەیەوێ ژیانی ئاژەڵەکان بەرجەستە بکات، تا هەست بە خۆشی و ناخۆشیەکانیان بکات. ئەم کۆپلەیە هەر ئەوە نییە وێنەیەکی ژیانی قالۆنچە بکێشێ، بەڵکو مەبەستی دیکەی لەناخیدا هەڵگرتووە و دەلالەت لە کۆبونەوەی خێزان و یەکگرتنی ئەندامەکانی دەکات. لەهەمان کاتدا پەیداکردنی خۆراک بۆ بەردەوامی ژیان و ئارامی و دوور لە دەردەسەریەکانی جیهانی دەرەوە پیشان دەدات.

شاعیر خۆی دەخاتە ژیانی کەڵەشێر و دەڵێ:

حەز دەکەم
ماوەیەک ببم بە کەڵەشێر
لەناو پۆلێک مریشکدا قرتە قرتم بێ، کاتێک دەنکە گەنمێک
دەدۆزمەوە بۆیان
باڵەکانم پێک دادەم و سینگم دەرپەڕێنم
پەڕە ڕەنگاو ڕەنگەکانم بدەمە بەر هەتاو
سەرم بەرز کەمەوەو بانگ بدەم
کەی ئارەزووم بوو بەسەر یەکێکیانا دافسم
تا بزانم
چ شکۆیەک لەو خۆگیف کردنەوە و قوقاندنەدا هەیە
فرەژنی چ سەروەریەکی پێیە
دافسین چ لەزەتێک دەبەخشێت

لێرەدا شاعیر دەیەوێ لە ڕێگەی بوونی بە کەڵەشێر وەک سەرۆکی خێزان ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، لەلایەکی دیکەش هەستی خۆ بەزلزانی و باڵادەستی خۆی بسەلمێنێ و وەکو ڕەگەزێکی نێر دەسەڵاتەکانی بەسەر ڕەگەزی مێدا بسەپێنێ و حەز و ئارەزووەکانی تێربکات. شاعیر ژینگەی ئاژەڵان دەکاتە وەسیلەیەک بۆ ئەوەی هاوتابوونی مافی ژیانی ئاژەڵان لەگەڵ مرۆڤەکان پیشان بدات.

لە کۆپلەیەکی دیکەدا خۆزگە بە ژیانی بۆق دەخوازێ و دەڵێ:

دەخوازم ببم بە بۆق و
ڕۆژانە بێمە سەر بەردێکی کەنار ڕووبار و
لەسەر پەلکە هەنجیری وەریودا، یادەوەریم بنوسمەوە
ئاشکرای بکەم کە،+++
لافاو چەند جار ڕایماڵیوم
ماسی چەند جاران گازی لێگرتووم
منداڵ چەند خڕکە بەردی تێگرتووم
چەند جار لاقەی کردووم – کیسەڵ
چەند جار لە ماڵەکەی خۆمانا دەری کردووم- قرژاڵ

شاعیر خۆی دەخاتە ناو ژیانی بۆق و سیفەتی مرۆڤیشی پێ دەبەخشێ، بۆق وەکو تاکێکی ڕۆشنبیر، یادگارییەکانی دەنوسێتەوەو باسی ئێش و ئازارەکانی دەکات، کە لەلایەن هاو کۆمەڵگاکانیەوە توشی بووە، لێرەدا قوباد گەیشتۆتە ترۆپکی لەیەکگەیشتنی موعاناتی مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ (گیانلەبەر)، کە لەگەڵ یەکتر هاوتەریب هاتوون. وەک(دەربەدەری و لاقەکردن و ئازاردان).

لە کۆتایی ئەم شیعرەدا دان بەوە دادەنێت کە لە مرۆڤ بوونی خۆی بێزارە و دەڵێ:

له مرۆڤ بوون بێزار بووم
حەزدەکەم ببم بە،
مارمیلۆق(جەلیزادە٢٠٢٢: ١٥٠-١٥١)

حەزکردنی شاعیر بۆ بوون بە مارمیلۆق ، دەیەوێ ئەوە بڵێ کە ئەگەر ببێتە زیندەوەرێکی بێ سوود و تەنانەت ئەگەر زیندەوەرێکی زیان بەخشیش بێ ، هەر حەزدەکات لە مرۆڤ بوونی خۆی دەرچێ.

قوباد وەکو کەسێکی ئاژەڵدۆست و شارەزا و خاوەن ڕۆشنبیری لەسەر ژیانی ئاژەڵان، لە هەندێک شیعرەکانیدا دەیەوێ لە مرۆڤ بوونی خۆی دەرچێ و ببێتە غەیرە مرۆڤ، کەوا لەو جۆرە شیعرانەدا سیفاتی مرۆڤەکان بە غەیرە مرۆڤەکان دەبەخشێ و تینوی ژیانی ئەوانە. لێرەدا سەنگ و بەها بۆ ئاژەڵان دادەنێت و ڕێزی ژیانیان دەگرێت.

ئەنجام:

١- تێڕوانینی نوسەر و شاعیرانی کورد بەرانبەر ئاژەڵان هەر لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە تا ئەدەبی نوێ تا ڕادەیەک بۆ هەمان مەبەست هاتووە، بەڵام لە دوای دەرچوونی یاساکانی پاراستنی مافەکانی ئاژەڵ و زیادبوونی هەستی ئاژەڵدۆستی و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی ئاژەڵانەوە کراوە، ئەم تێڕوانینە گۆڕاوە، ئەگەر سەرەتا تەنیا باسی جوانی و سوودیان کردبێ، ئەوا لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا بەتایبەتی لەدەقە شیعرییەکانی قوباد بەرەو ئاراستەیەکی قووڵتر و ڕەهەندێکی ژینگەیی بچێت و قڕکردنی ئاژەڵان و پێشێل کردنی ماف و ئازاردان و بە بازرگانی کردن و ئەرکەکانیان خراوەتە بەرباس. قوبادی جەلیزادە وەکو شاعیرێکی نوێخوازی ڕێچکە شکێن پەیامی مرۆڤدۆستی و ئاژەڵدۆستی هەیە. یەکێکە لەو شاعیرانەی (دەکرێ بڵێین تاکە شاعیرە) کە بە شێوەیەکی جیاواز ژینگە و زیندەوەر و شتی بێگیان لە شیعرەکانیدا وەکو کەرەستەیەک بەکارهێنابێ. شاعیر بە تێڕوانینێکی سەردەمیانە و هاوتەریب لەگەڵ یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەلان، وەکو هاوڵاتیەکی جیهانی دەقەکانی چنیوە. قوباد زیاتر لە ٨٥ جۆری ئاژەڵی( کێوی و ماڵی) لەم دیوانەدا بەکارهێناوە، زۆرترین ڕێژەی بۆ ( پەپولە، چۆلەکە، سەگ، کۆتر، بۆق و پشیلە)یە. زیاتر گرنگی بە مافی یەکسانی نێوان ئاژەڵان خۆیان و لەگەڵ مرۆڤدا و ئازارنەدانیان دەدات. شاعیر لە دیوانی "خولێک بۆ فێربوونی گریاندا"لە بەشی زۆرینەی شیعرەکانیدا گەلێک جۆری زیندەوەر و گیانلەبەرانی سەر ئەم زەوییە و تایبەت بە سروشتی کوردستانیشی تەوزیف کردووە، لە کۆی ١٧١ دەقی شیعری ١١٦ دەق بە ڕێژە و شێوەی جۆراو جۆر ئاژەڵی بەکارهێناوە.

## سەرچاوەکان

-قورئانی پیرۆز

- بە کوردی :

- بەرزنجی و بەرزنجی/عەبدوڵڵا تاهیر و د.عەلی تاهیر(٢٠٢٤)، کلیلدان( فەرهەنگی ئەدەب و رەخنە)، سلێمانی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چاپی یەکەم.

-پەشێو/ عەبدوڵڵا(٢٠١٤)، هەسپم هەورە رکێفم چیا شیعری (١٩٨٠- ٢٠٠٥)، کوردستان ، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم.

- جەلیزادە/ قوباد(٢٠٢٢)، خولێک بۆ فێربوونی گریان، سلێمانی ، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم.

- خاڵ/ شێخ محەمەد(؟)، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان.

- خەزنەدار/ مارف(٢٠٠٣)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم.

- عەبدوڵڵا/ سۆران مامەند(٢٠٢٣)، رەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی شیعرەکانی(شێرکۆ بێکەس و سەباح رەنجدەر)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم.

- محمدامین/بورهان(٢٠٠٤)، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتن لە قورئان، پێداچونەوەی لیژنەیەک، سلێمانی، کتێبخانەی رۆشنبیر،چاپی دووەم.

- محەمەد/ فوئاد رەشید(٢٠١٨)، شیعری ( وەسیەتنامەی زەوی)( کەژاڵ ئەحمەد) لەبەر رۆشنایی رەخنەی ئیکۆلۆژی)دا، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ساڵی پێنجەم، ژمارە(١٥) ،ژمارەی لاپەرە(٤٣١-٤٤٤).

- مودەریس/ عەبدولکەریم(١٩٧٦)، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس- فاتیح عەبدولکەریم، بەغدا، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، چاپی سێیەم.

-بە عەرەبی :

-حبيب/ زينب منصور(٢٠١١)، المعجم البيئي، الاردن، دار أسامة، الطبعة ١.

-بە ئینگلیزی :

-BIRZO/ ABDULKADIR MOHAMMAD 2019. The Ecocritical Roots from Shakespeare to the present, PHD, Salahaddin University-Erbil.

-El Kashlan/ Mayada Mahmoud Saad 2016. The Relation between Ecocriticism, Critical Animal Studies and Theater, Annals of the Faculty of Arts, Ain Shams University- Volume 44(April-June), Egypt.

-HUGGAN, G. AND TIFFIN, H 2010. Post-colonial Ecocriticism, London: Routledge.

- Limbu, Manoj Kumar 2020. Zoo critical Perspectives on Two Novels: Black Bruty and White Fang, In Partial Fulfillment of the Requirement for the Degree of Master of Philosophy, Sikkim University, Gangtok.

-Mishra, Sandip Kumar 2016. Ecocriticism: A Study of Environmental Issues in Literature, BRICS Journal of Educational Research.

-Sengupta. T 2015. A Zoo critical Reading of R.K.Narayan s “The Guide”, “ A Tiger for Malgudi” The Man-eater of Malgudi”. New man International Journal of Multidisciplinary Studies,2(7).

- سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:

(15-11-2023- شەماڵ/ شنە )

٢٠٢٥-٦-١

https://:hadeethenc.com

https://zaniary.com/blog/65551a9878df8

یاسای رێکخستنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵە ماڵی و بێلانەکان ٢٠٢٢.

https://:legislation.krd/law-detail?/id5833=

.٢٠٢٥-٥-٥

## ملخص

عنوان هذه الدراسة هو "النقد الحيواني في "دورة تعلم البكاء" للكاتب قوباد جليزاده. البحث هو محاولة لتقديم مبادئ وأبعاد النقد الحيواني في النصوص الشعرية للقصائد المختارة من "دورة تعلم البكاء". الإيكولوجيا كأسلوب نقدي جديد هي مجال علمي ، يدرس العلاقة بين البشر وأنواع النباتات والحيوانات وعلاقتها بالعالم المادي، أي أنها تختار مواضيع نقدية تحقق في العلاقة بين الأدب والبيئة البيولوجية والمادية. النقد الحيواني هو فرع من فروع النقد الإيكولوجي الذي يركز على دور وتمثيل الحيوانات في الأدب. الهدف من هذه الدراسة هو وصف تصوير الحيوانات في القصائد المختارة من "دورة تعلم البكاء"، بناء عليه، تدرس هذه الدراسة، في ضوء منهج النقد الحيواني وقوانين حقوق الحيوان، كيف ينظر الشاعر قوبادي جليزاده إلى الحيوانات في نصوصه الشعرية. تتكون الدراسة من جزئين، الجزء الأول هو منفذ نظري يركز أولا على تعريف النقد البيئي، ثم يركز على تاريخ ومصطلحات والتعريفات المتعلقة بالنقد الحيواني. في الجزء الثاني، يتم تطبيق موضوعات وأبعاد منهج النقد الحيواني على قصائد مختارة.

الكلمات المفتاحية: النقد البيئي، النقد الحيواني، الحيوانات، حماية حقوق الحيوانات، دورة لتعلم البكاء.

## Abstract

The title of this research is “Eco-Zoological Criticism in ‘A Course in Learning to Cry’ by Qubadi Jalizadeh.” The research is an attempt to reveal the foundations and aspects of eco-zoological criticism in the poetic texts of “A Course in Learning to Cry.” Ecology as a new critical method is that scientific field which examines the relationship between humans and species of plants and animals and their connection to the physical world, meaning it selects those critical subjects that examine the relationship between literature and the biological and physical environment. Eco-zoological criticism is a branch of ecological criticism that emphasizes the role and representation of animals in literary texts. The aim of this research is to discuss the manner of depicting animals in selected poems from “A Course in Learning to Cry.” Accordingly, the research, in light of the method of eco-zoological criticism and the laws of animal rights protection, examines how the poet—Qubadi Jalizadeh—draws upon animals in his poetic texts. The research consists of two parts: the first part is a theoretical framework that initially sheds light on introducing ecological criticism, then emphasizes the history, terminology, and definition of eco-zoological criticism. In the second part, the foundations and aspects of eco-zoological criticism are practiced in the selected poems.

Keywords: Ecological criticism, eco-zoological criticism, animals, animal rights protection, A Course in Learning to Cry.

وەرگرتن ٢٠٢٥/١٠/٩
پەسەندکردن ٢٠٢٥/١٢/٤

# ڕۆلێ گیرەکێن ڕێزمانی د دیارکرنا پۆلێن ڤەکرییێن ئاخڤتنێدا، د ئاخڤتنا خەلکێ دهۆکێدا

کردستان کمال محمد
کولیژا پەروەردە و بنیات، زانکۆیا دهۆک
kurdistankemal@gmail.com

پ. ە. د. دیمەن عەبدوللا عومەر
پشکا زمانێ کوردی، کولیژا پەروەردە و بنیات، زانکۆیا دهۆک
Deman.omar@uod.ac

پۆختە:
ئەڤ ڤەکۆلینە ب ناڤونیشانێ (ڕۆلێ گیرەکێن ڕێزمانی د دیارکرنا پۆلێن ڤەکرییێن ئاخڤتنێدا، د ئاخڤتنا خەلکێ دهۆکێدا) ل دویڤ دیتنا (فنجی-finch)ێ هاتییە ئەنجامدان، پێکۆلێ دکەین ل دویڤ ناڤونیشانێ ڤەکۆلینێ دیاربکەین کا گیرەکێن ڕێزمانی سەر ب کیژ پۆلا ڤەکری یا ئاخڤتنییە؟، ئەڤ ڤەکۆلینە ل دویڤ ڕێبازا وەسفی شیکاری هاتییە ئەنجامدان، گرنگیا ئەڤێ ڤەکۆلینێ ل دویڤ ناڤونیشانێ ڤەکۆلینێ ل دەمێ زێدەکرنا گیرەکێن ڕێزمانی بۆ سەر قەد و ڕەگ و بنیاتێ پەیڤان د شیاندایە پۆلێن ئەوان ب هاریکاریا ئەڤان گیرەکان بهێنە دیارکرن، ئەرێ د شیانێن گیرەکێن ڕێزمانیدا هەیە، ڕۆلێ د دیارکرنا پۆلێن ئاخڤتنێ یێن ڤەکریدا بگێریت؟ و ژ پۆلێن دیتر بهێنە ژێکجوداکرن؟ ئەنجامێن دویماهیکێ یێن ئەڤێ ڤەکۆلینێ دیاردبیت کو گیرەکێن ڕێزمانی ڕۆلەکێ بەرچاڤ د دیارکرنا پۆلێن ڤەکری یێن ئاخڤتنێ هەنە، ئانکو هەر پۆلەکا ئاخڤتنێ گیرەکێن تایبەت هەنە کو ل دەمێ دیتنا ئەڤان گیرەکان پۆلا ئاخڤتنێ دیاردبیتن، هەروەسا ئەڤ ڤەکۆلینە ژ دوو پشکان ب خۆڤە دگریت پشکا ئێکێ هاتییە تەرخانکرن بۆ گیرەکێ و پۆلێن ئاخڤتنێ و پشکا دوویێ بۆ پراکتیکرنا گیرەکان و تایبەتکرنا ئەوان ب پۆلێن ڤەکری یێن ئاخڤتنێ (ناڤی، هەڤالناڤی،کاری و هەڤالکاری).
کلیلا ڤەکولینێ: گیرەکێن ڕێزمانی، پۆلێن ڤەکری یێن ئاخڤتنێ، پۆلێن گرتی یێن ئاخڤتنێ، گیرەکێن واتادار، گیرەکێن نیمچە واتادار.

## پێشەکی

